(زهران، ١٩٨٦) پلانێکی دارێژراوە لە بەر ڕۆشنایی دامەزراوە زانستییەکان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە تاکی، یان بە کۆمەڵ بە ئامانجی یارمەتیدانی گروپی ڕاهێنان بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانیان بۆ شێوەیەکی باش و گونجاو. (شبيب، ٢٠١٩: ١٩)

پێناسەی تیۆری پرۆگرامی ڕاهێنان: بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێکار و ڕێنمایی و چالاکی و ڕاهێنانی کرداری ڕێکخراو بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێکی دیاریکراو.

پێناسەی ڕێکاری پرۆگرامی ڕاهێنان: بریتییە لە کۆمەڵێک دانیشتن بە شێوەیەکی زانستی دارێژراون بۆ هەر دانیشتنێک بابەت ئامانج و ماوە و ڕێکار و هەڵسەنگاندن دیاری دەکرێت، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی هەر دانیشتنێک ستراتیژی و تەکنیکی دیاریکراو بە کار دەهێنرێت.

### دووەم: فێربوونی چالاك:

(لينا، ٢٠١٤) فەلسەفەیەکی پەروەردەییە کە پشت دەبەستێت بە بەشداری چالاك و پۆزەتیڤانەی فێرخواز لە دۆخی فێرکاری و فێربووندا و هەموو ڕاهێنانە پەروەردەییەکان و ڕێکارەکانی فێرکردن دەگرێتەوە کە ئامانج لێی چالاك کردنی ڕۆڵی فێرخواز و ئەو شوێنەیە کە فێربوون لە ڕێگەی کار و تاقیکردنەوە و توێژینەوە و پشتبەستن بە فێرکار لە بەدەستهێنانی زانیاری و بەدەستهێنانی لێهاتوویی و پێکهێنانی بەها و


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئاڕاستەکان زیاد دەکات. (المصري، ٢٠١٤: ٢٤)

پێناسەی تیۆری فێربوونی چالاك: پرۆسەیەکی وانە ووتنەوەی پەروەردەییە کە پێك دێت لە جۆرەها چالاکی، کە پشت دەبەستێت بە بەشداری چالاکانەی فێرخواز لە پرۆسەی فێربوون و فێرکارییدا، کە فێرخواز سەنتەری سەرەکی پرۆسەی فێربوونە.

پێناسەی ڕێکاری فێربوونی چالاك: سەرجەم ئەو چالاکی و یاری و چیرۆکانەیە کە منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە دەیخوێنن و جێ بەجێی دەکەن لە کاتی ئەنجامدانی پرۆگرامی ڕاهیناندا.

**سێیەم: بەها ئابووریەکان:**

(البلخي،١٩٩١) یەکێك لە جۆرەکانی بەهاکانە کە خۆشەویستی تاکەکانە بۆ کاری بەرهەمهێن و چالاکییە ئابوورییەکان کە بەشدارن لە باشتر کردنی بارودۆخی تاك وکۆمەڵگا. (الحمود، ٢٠١٠: ١٠)

پێناسەی تیۆری بەها ئابوورییەکان: کۆمەڵێك بەهایە کە پێویستە پەرەی پێ بدرێت لە لایەن پەروەردەکارەوە و چاندنی وگەشە کردنی لە لای منداڵ.

پێناسەی ڕێکاری بەها ئابوورییەکان: ئەو نمرەیەیە کە منداڵی باخچەی ساوایان بەدەستی دەهێنێت لە ڕێگەی وەڵامەکانییەوە لەسەر پێوەری وێنەیی بەها ئابوریەکان ، کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە.

**چوارچێوەی مەعریفی توێژینەوەکە**

یەکەم: چەمکی فێربوونی چالاك : Active Learning

لە پەروەردەی هاوچەرخدا فێرخواز ڕۆڵی ناوەندی دەگێڕێ و ئەکتیڤە، واتە چالاکی وگەڕان و پرسیار و ئاخاوتن لای فێرخوازە، لە بەرامبەردا مامۆستاش ئاڕاستە و ڕێنیشاندەر و ڕاست کردنەوەی هەڵە و دروست کردنی پاڵنەری فێرخوازە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پەروەردەی هاوچەرخ پێویستی بە مامۆستایەکە ئامادە کرابێت لە ڕووی زانستی و پیشەییەوە، چەندە شارەزایی زانست و بابەتەکە بۆ مامۆستا پێویستە، ئەوەندەش پێویستی بە شارەزایی و شیاوی و لێهاتوویەکانی وانە ووتنەوە هەیە. (عزیز، ٢٠١٤: ٦)

**ئامانجەکانی فێربوونی چالاك:**

**ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك:**

توێژەر لێرەدا جەخت دەکاتە سەر هەندێك لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك و باس لەوانە دەکات لە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەیدا بەکاریاندەهێنێت، کە ستراتیژییەکانیش پێکدێن لەمانەی خوارەوە:

**١.ستراتیژی فێربوونی هەرەوەزی : Cooperative Learning Strategy.**

فێربوونی هەرەوەزی بریتییە لە بەکارهێنانی وانەوتنەوە لە گروپە بچووکەکان کە بە سادەیی تایبەتمەندن، وەك چۆن ئەندامانی پۆلەکە دابەش دەبن بەسەر گروپی دوو، یان چوار ئەندام دوای وەرگرتنی وانەکە لە مامۆستا، دواتر هەموو گروپەکان کار لەسەر ئەو ئەرکانە دەکەن کە بۆ هەریەکەیان دیاری کراوە، بەجۆرێك ئەندامەکان لە هەموو گروپەکان لێیان تێدەگەن و تەواویان دەکەن و خوێندکاران دەبێت جیاوازییە کەسییەکانیان چارەسەر بکەن و پێکەوە کار بکەن، ئەوان تێدەگەن کە هەریەکەیان ڕۆڵی هەیە لە سەرکەوتنی ئەوانی تردا، و بەرپرسیارێتی یەکتریان هەیە. (العازمي، ٢٠٠٢: ٥)

**٢.ستراتیژی ڕۆڵبینین: Role Playing**

ئەم ستراتیژە لەسەر ئەوگریمانەیە دەگەڕێتەوە کە فێرخوازێك ڕۆڵی هەیە لە پێگەیەکی دیاریکراودا گوزارشت لە خۆی، یان هەر کەسێکی تر بکات، بۆ ئەوەی ئەمە لە ژینگە و هەلومەرجێکی پارێزراودا بکرێت کە فێرخوازان هاوکار و خۆڕاگرن و بەنیازن یاری بکەن.(هنداوي، ٢٠٢١: ١١٢)

**٣.ستراتیژی گفتوگۆ: Strategy of Discussion**

یەکێك لە ڕێگا باوەکان بۆ بەرزکردنەوەی فێربوونی چالاك باشترین میتۆدی وانە هەموارکراوەکانە ئەگەر وانەکە مەبەستی لە بیرهێنانەوەی زانیاری زیاتر بێت و هانی فێرخوازان بدات کە بەردەوام بن لە فێربوون و زانستی ڕۆشنبیر لە حاڵەتی نوێدا جێبەجێ بکەن و شارەزایی بیرکردنەوە لە شێوازی دیالۆگ و گفتوگۆ، داوا لەمامۆستایان دەکات کە شارەزایی و زانیاری تایبەت بەشێوازی گونجاوی پرسیارکردن و بەڕێوەبردنی گفتوگۆکان هەبێت، هەروەها زانیاری و شارەزایی هەبێت لە دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ گفتوگۆکردنی فێرخوازان. (علي، ٢٠١٠: ٢٤٦)

٤.ستراتیژی بیرپژان: Brainstorming Strategy بیرپژان یەکێکە لە شێوازەکانی گفتوگۆی بەکۆمەڵ کە بەهۆیەوە ئەندامانی کۆمەڵێك لە تاکەکانی (٥_١٢). لە ژێر چاودێری مامۆستادا هاندراون بۆئەوەی گەورەترین ژمارەی بیرۆکەی هەمەجۆری نوێخواز بە شێوەیەکی خۆڕسك لە کەش و هەوایەکی کراوەدا بەرهەمبهێنن. (خيري, ٢٠١٨: ١٦١).

**٥.ستراتیژی چارەسەرکردنی کێشەکان: Strategy of Solving Problem**

ستراتیژی چارەسەرکردنی کێشەکان کارامەییەکی عەقڵییە کە دەتوانرێت ڕابهێنرێت و پەرەی پێبدرێت، بەڵام کارامەییەکە کە پەیوەندی بە پرۆسەی عەقڵی تاکەکەسەوە هەیە و ئاستی ئەو چارەسەرانەی کە لەدۆخی کێشەکەدا بەکاردەهێنرێن، تاکەکان جیاوازییان هەیە لە ڕادەی کۆنترۆڵکردنی پرۆسە عەقڵییە لێهاتووییەکانیان لە بەرامبەر کێشەیەکدا، بەهۆی هۆکارە جیاوازەکانی پەیوەست بە تاك و ئەرکەکەوە. ( المعنونة، ٢٠١٥: ٣٢)

**٦.ستراتیژی دۆزینەوە: Discovery Strategy**

توێژینەوە پەروەردەییەکانی ئەم دواییە جەخت لەسەر پێویستی بەکارهێنانی شێوازی دۆزینەوە دەکاتەوە لەوانە وتنەوەدا، چونکە ڕێگە بە فێرخوازان دەدات بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە پرۆسەی فێربووندا بکەن ئەم دۆزینەوەیە وەك ئەو پرۆسەیەی کە فێرخواز دەگاتە چارەسەر لەوانەیە دەرهاویشتە، یان گەیشتن بە زانیاریەکی دیاریکراو ڕووبدات دۆزینەوەی کاتێك فێرخواز تووشی گرفت دەبێت، بەدوای ڕێگاکانی چارەسەرکردن یان دووبارە چارەسەرکردنەوەدا دەگەڕێت، کە توانای بیرکردنەوە زیاد دەکات و دۆزینەوەیش یارمەتی زانیاری کۆگاکردنی فێرخوازان دەدات بەشێوەیەك کە وای لێبکات ئەو دەتوانێت بە ئاسانی بیگێڕێتەوە هەرکاتێك بیەوێت. (القيسي، ٢٠١٨: ١٢٤)

**٧.ستراتیژی فێربوون بە یاری : Play Strategy**

کۆمەڵێك چالاکی فێرکارییە کە ئامانجیان پێشکەشکردنی ئەزموونی فێرکارییە، لەڕێگەی پێشکەشکردنی کات بەسەربردن و خۆشی و کارلێککردن و کردنی خوێندکار بە ئەرێنیتر و چالاکتر و کارلێکتر لەگەڵ مامۆستا و لەگەڵ فێرخوازەکان و زیاتر ئارەزووی بکات.

( الغوالبي، ٢٠١٢: ٦٧٩)

**٨.ستراتیژی گێڕانەوەی چیرۆك : Story Strategy**

کۆمەڵێك ڕێکارە کە تێیدا زانیارییەکان بە شێوەی گێڕانەوە پێشکەش دەکرێن کە بە جێگەی سەرنج ڕاکێشان و تایبەتمەندە بە مەبەستی گەیشتن بە هەندێك ئامانج. (محمد، ٢٠١٥: ٨٢_٨٥)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## دووەم: گەشەکردنی هۆشیاری بەها ئابوورییەکان:

## چەمکی بەها ئابوورییەکان:

کۆمەڵێك زانیارییە کە پەیوەندییان بە لایەنە ئابوورییەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، و بەشدارە لە ڕەفتاری ئابووری بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی منداڵ، لەوانەش ئەم چەمکانە (پاشکەوتکردن، خەرجکردنی مامناوەند، هۆشیاری بەکاربردن، ڕێزگرتن لە کار و قازانجی ئابووری، پلاندانانی ئابووری. (شرف، ٢٠١٧: ١٥)

بەها ئابوورییە پەیوەندیدارەکان:

**١. بەهای بەکارهێنانی ئاو:**

هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو یەکێکە لەو بابەتانەی کە ڕای گشتی نێودەوڵەتی داگیر دەکەن و نابێت پشتگوێ بخرێت، هەمووی بەرپرسیارەتی لە ئەستۆی ئێمەیە کە پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان و پراکتیزەکردنی شێوازە شارستانییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو و گونجاندنی خووەکانی ڕۆژانەمان. (جواد، ٢٠١٧: ١_٤)

**٢. بەهای بەکارهێنانی خۆراك:**

خۆراك لەم قۆناغەدا بە مانای دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی منداڵ لە خۆراکەوە نییە، بەڵکو خۆراك دەکات بە کلتوری خۆراکی خۆیان ، بۆیە دایك و باوك دەبێت یارمەتی منداڵەکان بدەن بۆ بەدەستهێنانی خووی خواردنی تەندروست. (آل غيهب، ٢٠١٩: ٧٧)

**٣. بەهای بەکارهێنانی ووزە (کارەبا):**

سووتاندنی سووتەمەنی بەردینی کە لە بەرهەمهێنانی کارەبادا بەکاردەهێنرێت دەبێتە هۆی برێکی زۆر لە پیسبوون بە بەرگەهەواوە و دزەکردنی نەوت بۆ خاك یان ئۆقیانوسەکان زیانێکی زۆری هەیە و ئەم مەترسییە ژینگەییانە هۆکاری گرنگن بۆ هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبا.

**٤. بەهای بەکارهێنانی کات:**

کات توخمێکی بنەڕەتییە لە بەدیهێنانی زۆربەی کارەکان، کە گرانترین توخمە لە ژیانی مرۆڤدا و بەنرخترین شتە کە مرۆڤەکان لە ژیاندا خاوەنین، چەندە مرۆڤ گرنگی کات و بەهای کات لەبیر دەکات، بۆیە تاك دەبێت ئاگاداری هەموو ساتێك و خولەك و کاتژمێرێك لە کاتژمێرەکانی ژیان بێت و کاری زۆر بکات بۆ دامەزراندن و سوودمەندبوونیان بۆ ئەوەی لەدەستی نەچێت بەبەفیڕۆدانی. (الفقی، ٢٠٠٩: ٢٥)

**٥. بەهای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا:**

ئێمە بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان و زانیارییەکان گەیشتوینەتە ئەو خاڵەی کە هیچ گەڕانەوەیەکمان نییە، واتە ئێمە بە خێرایی و بەردەوام بە پێ دەڕۆین بۆ پەرەپێدان و دامەزراندن و بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە و چیتر ناتوانین بگەڕێینەوە، ئەمەش بارگرانییەکی قورس بە پەروەردەکاران دەبەخشێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکانی فێرکردن و فێربوون لە سەردەمی گۆڕانکاریدا، چەندین پێشکەوتن و داهێنان. (الجابري، ٢٠١١: ١)

**٦. بەهای پاشەکەوتکردن:**

پاشەکەوتکردن ئامرازێکە بۆ بەرهەمهێنان و هۆشیاری بەکاربردن پێکەوە، چونکە زیادبوونی بەرهەمهێنان بەهۆی بەرهەمهێنانەوەیە، کە بڕێکی زیاتر لە پێداویستییەکانی بەکاربردن بەدەست دەهێنێت، بێگومان ئەمەش بە میانڕەوی لە بەکاربردن و عەقڵانیکردندا بەدەست دێت. (الخضر، ٢٠٢١: ٢٤٧)

## سێیەم: پرۆگرامی ڕاهێنان:

### چەمکی پرۆگرامی ڕاهێنان:

کۆمەڵێك ئەزموون و چالاکیی و ڕووداوی پلان بۆ دارێژراو و بەرنامە بۆ دارێژراو، کە بە پشتبەستن بەو تیۆریانەی فێربوون و پەروەردە ڕاست دەکرێنەوە کە فێرخواز بەرکەوتووە و پراکتیزە دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت زانیاری و لێهاتوویی و شێوازی ڕەفتار و ڕەوتەکان بەدەستبهێنێت کە بەدەستهێنانیان دەبێتە هۆی دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕاهێنانی کارەکە بۆ تاکەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان بۆ ڕێکخراوەکان. (النجار، ٢٠١١: ٤٦)

## پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

١. توێژینەوەی زینب (٢٠١٨): کاریگەری بەرنامەی چیرۆکی بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە.

ئامانجی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە کاریگەری بەرنامەی چیرۆکی بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە، میتۆدی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە میتۆدی ئەزموونی، دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە منداڵانی باخچە تەمەن (٥_٦) ساڵ، نموونەی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە (٢٤) کوڕ و کچ لەباخچە حکومییەکانی شاری بغداد/ ناوچەی کرخ، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە تاقیکردنەوەی بەها ئابورییەکان بۆ بەهاکانی بەکارهێنانی (ئاو، کارەبا، پاشەکەوت). کە هەریەکەیان لە (٩) برگە پێکهاتبوو، پرۆگرامی چیرۆك (ئامادەکردنی توێژەر) کە پێکهاتبوو لە (١٢) دانیشتن، ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە ڕێژەی سەددی، هاوکۆلکەی جیاکاری و گرانی، هاوکێشەی پەیوەندی بوینت بای سیریل، هاوکێشەی ألفا کرونباخ، مربع کای، ناوەندی ژمێرەیی، بەرنامەی SPSS، لادانی پێوەری، t,test .

### گرگنترین ئەنجامی توێژینەوەکە:

_ هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان نمرەکانی گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو بۆ تاقیکردنەوەی بەها ئابوورییەکان (پێشەکی و پاشەکی)

٢.توێژینەوەی هناء (٢٠١٩): پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر چالاکییە هونەرییەکان بۆ گەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە.

ئامانجی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە ١. دیاریکردنی بەها ئابوورییەکان کە گونجاون بۆ منداڵی باخچە، ٢. ئامادەکردنی پێوەرێك بۆ بەها ئابوورییەکان کە پێویستن بۆ منداڵی باخچە، ٣. ئامادەکردنی پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر چالاکییە هونەرییەکان بۆ گەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابورییەکان بۆ منداڵی باخچە، ٤. دیاریکردنی کاریگەری پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر چالاکییە هونەرییەکان بۆ گەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە، میتۆدی توێژینەوەکە بریتی بوو لە میتۆدی وەسفی لە جۆری پشکنین و شیکاری، میتۆدی ئەزموونی، دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو گروپ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە منداڵانی باخچە ئاستی دووەم تەمەن ( ٥_٦) ساڵ، نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٦٠) کوڕ و کچ لە شاری منصورە لە پارێزگای الدقهلیە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە فۆڕمی دیاریکردنی بەها ئابوورییەکان کە گونجاون بۆ منداڵی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر)، پێوەری وێنەیی بەها ئابوورییەکان (ئامادەکردنی توێژەر) بۆ بەهاکانی (کەمکردنەوەی بەکاربردن، خەرجکردن، پاشەکەوتکردن، کار، ڕێزگرتن لە خاوەن پیشەکان)، ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە هاوکێشەی پەیوەندی پیرسون، الفا کرونباخ، لادانی پێوەری، هاوکێشەی هوفستاتر، بەرنامەی SPSS، چوارگۆشەی ئیتا.

### گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە جێبەجێکردنی پاشەکی بۆ پێوەری بەها ئابوورییەکان لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی.

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لەجێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی بۆ پێوەری بەها

ئابوورییەکان لەبەرژەوەندی جێبەجێکردنی پاشەکی.

٣.توێژینەوەی فایزة (٢٠٢٠): کارامەیی پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر فێربوونی چالاك بۆگەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە.

ئامانجی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە ١. دیاریکردنی هەندێك لە بەها ئابوورییەکان کە دەتوانرێت پەرەی پێبدرێت لای منداڵی باخچە بەبەکارهێنانی فێربوونی چالاك، ٢. ئامادەکردنی پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر فێربوونی چالاك بۆگەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە، ٣. زانینی کارامەیی فێربوونی چالاك بۆگەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە، ٤. ئامانجی توێژینەوەی ئێستا گەشەپێدانی هۆشیارییە بە بەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە، میتۆدی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە نیمچە ئەزموونی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە منداڵانی باخچە تەمەن (٤_٦) ساڵ ئاستی یەکەم، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (١٦) کوڕ و(١٥) کچ لەشاری سادات لە پارێزگای المنوفیە، ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە فۆڕمی بەها ئابوورییەکان (ئامادەکردنی توێژەر، کارتی تێبینی ئەدای منداڵانی باخچە بۆ بەها ئابوورییەکان (ئامادەکردنی توێژەر)، تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر) بۆ بەهاکانی بەکارهێنانی (ئاو، خۆراك، کات، پارە، کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، پاشەکەوتکردن، پارێزگاریکردن لە کەلوپەلی گشتی، پارێزگاریکردن لە کەلوپەلی تایبەتی، ڕێزگرتن لە کرێکار و خاوەن پیشەکان، کڕین و فرۆشتن)، پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر فێربوونی چالاك بۆگەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر)، ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە لادانی پێوەری، ناوەندی ژمێرەیی، t,test.

## گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکە:

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە پێوانەی پێشەکی و پاشەکی لەسەر پێوانەی بەها ئابوورییەکان دوای خستنەڕووی پرۆگرامی پێشنیارکراو لەبەرژەوەندی پێوانەی پاشەکی.

## ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە :

لە توێژینوەکەدا توێژەران پشتیان بە میتۆدی ئەزموونی بەستووە، میتۆدی ئەزموونی لە نێو میتۆدەکاندا وردترین میتۆدی توێژینەوەیە و ڕەنگە لە هەموویان ئاڵۆزتر و قورستر بێت، لەم ڕێبازەدا توێژەر بە تەنها دۆخەکە وەسف و دیاری ناکات و چالاکییە زانستییەکەی هەر ئەوەندە نییە کە تێبینی ئەو ڕەوشە بکات کە هەیە، بەڵکە لەوەش زیاترە و هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی فاکتەرەکانی توێژینەوەکەی. (بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٠١).

### دووەم: دیزاینی ئەزمونی :

توێژەران پشتیان بەستووە بە دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو (لە پێوانەی پێشەکی و پاشەکی).

### سێیەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە منداڵانی باخچەی تەمەن (٥_٦) ساڵ ئاستی (سەرەتایی) لە هەردوو ڕەگەزی (کوڕ و کچ) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢_٢٠٢٣) کە ژمارەیان بریتییە لە (٣٥٨٧) منداڵی باخچە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی قەزای ڕانیە/ حاجیاوا، جێبەجێکردنی لە باخچە حکومییەکان.لەخشتەی (١) خراوەتەڕوو

خشتەی (١)

کۆمەڵگەی توێژینەوە

| بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە | ژمارەی باخچە | ژمارەی منداڵ |
|---|---|---|
| ڕانیە | ١٣ | ١٧٥٣ |
| حاجیاوا | ٦ | ٩٥٠ |
| چوارقوڕنە | ٨ | ٨٨٤ |
| کۆی گشتی | ٢٧ | ٣٥٨٧ |

## چوارەم: نمونەی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٢٤) منداڵی (کوڕ و کچ) بەشێوەی یەکسان لە باخچەی منداڵانی خونچە لە حاجیاوا، (١٢) منداڵ بۆ گروپی ئەزموونی (٦ کوڕ) و (٦) کچ. (١٢) منداڵ بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو (٦ کوڕ) و (٦) کچ ، نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردرا.

پێنجەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە : بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە کە بریتییە لە زانینی کارامەیی پرۆگرامێکی ڕاهێنانی بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە تەمەن (٥_٦) ساڵ یەك پێوەری بەکارهێناوە کە بریتیە لە:

١.پێوەری بەها ئابوورییەکان: توێژەران هەستان بە ئامادەکردنی پێوەرێك بە پشت بەستن بە چەند پێوەرێکی زانستی و کتێب و توێژینەوە زانستییەکان، وەك (زينب ٢٠١٨، هناء ٢٠١٠، فايزة ٢٠٢٠)، پێوەرەکە پێکهاتووە لە (٣٠) برگە، سەرەتا توێژەران بوارەکانی دیاریکردووە کە پێکهاتبوون لە (شەش) بوار کە بریتین لە بوارەکانی (ئاو، خۆراك، کارەبا، کات، تەکنەلۆژیا، پاشەکەوتکردن) کە هەریەکە لە بوارەکانی (ئاو، کارەبا، پاشەکەوتکردن) توێژەران برگەکانیان ئامادەکردووە بە سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو بە دەستکاریکردنێکی کەمەوە، بەڵام هەریەکە لە بوارەکانی (خۆراك، کات، تەکنەلۆژیا) توێژەران ئامادەیان کردووە و دایانڕشتووە بە سوود بینین لە سەردانیکردنی باخچەکان و مامەڵکردنی بەردەوامی ڕۆژانە لە گەڵ منداڵدا کە بە پێویستی زانی ئەم (سێ) بوارەش زیاد بکات لە توێژینەوەکەیدا، لەسەرەتادا توێژەران بۆ هەریەکە لە بوارەکان (٦) برگە و پرسیاریان دانابوو کە بۆ هەر برگە و پرسیارێك جێگرەوەکانی بریتی بوون لە (بەڵێ، نەخێر)، پێدانی نمرەی (١، سفر) بۆ جێگرەوەکان، لە پاش گفتوگۆکردن نێوان توێژەران، بە گونجاوییان زانی بۆ هەر بوارێك (٥) برگە و پرسیار دابنرێت کە دەگونجێت لەگەڵ ئاستی تەمەنی منداڵ، چونکە پێیوابوو منداڵ زوو بێزار دەبێت و توانای وەڵامدانەوەی پرسیاری زۆری نییە.

ڕێکارەکانی پێوەری بەها ئابوورییەکان: بۆ ئەوەی پێوانەی توێژینەوەکە سەرکەوتوو باوەڕ پێکراو بێت و پشتی پێ ببەسترێت ئەوە دەبێت هێزی جیاکاری و ڕاست و دروستی و جێگیری بۆ دەربهێنرێت

### أ-ڕاستی و دروستی (الصدق):

چەند جۆرێک لە ڕاستی هەن، یەکێک لەو جۆرانە ڕاستی ڕواڵەتییە، توێژەران لەم توێژینەوەدا ڕێگای ڕاستی ڕواڵەتی بەکارهێناوە.

توێژەران بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی و دڵنیابوون لە ئاستی پێوەرەکە و گونجانی لەگەڵ ئاستی تەمەنی منداڵەکان و تا چەند برگەکان بەشێوەیەکی ورد و ئەکادیمی داڕێژراوە و لە توانایدا هەیە پێوانەی ئاستی منداڵەکان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/٧) هەستان بە دابەشکردنی فۆڕمی پێوەرەکە، کە پێکهاتبوو لە (٣٠) برگە بەسەر (١١) شارەزا لە بوارەکانی دەروونزانی و پەروەردە و ڕێگاکانی وانەووتنەوە.

داوایان لە شارەزاکان کرد کە ڕاوو و بۆچوون و تێبینیە زانستییەکانی خۆیان لەسەر گونجاوی و نەگونجاوی پێوەرەکە بخەنەڕوو.

پاشان توێژەران لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/٢٤) کۆتا فۆڕمیان وەرگرتەوە، ڕێژەی سەدی بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکە،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

توێژەران کۆدەنگی پسپۆڕ و شارەزاکانی بۆ ئاستی گونجاوی بوار و برگەکانی پێوەرەکە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٩٠,٣٪) ی کۆ دەنگی پسپۆڕ و شارەزاکان، دەرکەوت کە سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە پەسەندن بەپێی بوارەکانی پێوەرەکە کە سەرجەم برگەکان مانەوە تەنها (٧) برگە لە ڕووی دارشتنی ڕێزمانی چاککران. لە خشتەی (٢) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٢ )**

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان**

| بوارەکان | برگەکان | ژمارەی شارەزا | ڕای شارەزا | | ڕێژەی سەدی | ئەنجام | چاککردنی دارشتنی ڕێزمانی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | گونجاو | نەگونجاو | | | |
| ئاو | 1 | 11 | 9 | 2 | 81.8% | مایەوە | - |
| | 2 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| | 3 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 4 | 11 | 8 | 3 | 72.7% | مایەوە | - |
| | 5 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| خۆراك | 1 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | چاککرا |
| | 2 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 3 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | چاککرا |
| | 4 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 5 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | چاککرا |
| کارەبا | 1 | 11 | 9 | 2 | 81.8% | مایەوە | چاککرا |
| | 2 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 3 | 11 | 9 | 2 | 81.8% | مایەوە | - |
| | 4 | 11 | 10 | 1 | 100% | مایەوە | - |
| | 5 | 11 | 9 | 2 | 81.8% | مایەوە | - |
| کات | 1 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 2 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | چاککرا |
| | 3 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 4 | 11 | 9 | 2 | 81.8% | مایەوە | - |
| | 5 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| تەکنەلۆژیا | 1 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | چاککرا |
| | 2 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| | 3 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 4 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| | 5 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| پاشەکەوتکردن | 1 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| | 2 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| | 3 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| | 4 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | چاککرا |
| | 5 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |

**ب-جێگیری پێوەرەکە(ثبات المقیاس):**

بۆ دۆزینەوەی زانینی ئاستی جێگیری ئامرازی توێژینەوە چەند ڕێگایەک هەیە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەران جێگیری پێوەرەکەیان بەرێگای (دووبارە تاقیکردنەوە) ی بەکارهێنا.

ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە: توێژەران لەم ڕێگایەدا بە مەبەستی دڵنیا بوون لە جێگیری تاقیکردنەوەکە هەستا بە وەرگرتنی (٢٠) منداڵی باخچە و تاقیکردنەوەیان، لەپاش (٢١) ڕۆژ لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی یەکەم، تاقیکردنەوەی هەمان ئەو منداڵانە کرایەوە. لەدوای دەرهێنانی ئەنجامەکان فۆرمەکانی هەردوو تاقیکردنەوەکە، هاوکۆلکەی پەیوەندی (پێرسۆن) لە نێوانیان دەرهێندرا، کە ئەنجامەکەی بریتی بوو لە (٠,٨٧) کە ئەمەش ئەنجامێکی باش و گونجاوە بۆ جێگیری تاقیکردنەوەکە و تاقیکردنەوەی لەسەر نموونەی توێژینەوەکە.

٢. توێژەران بە سوود بینین لە توێژینەوەی ( بولا، ٢٠١٤) ، ( هیة، ٢٠١٨) ، (زینب ، ٢٠١٨) چەند پرۆگرامێکی ڕاهێنانی پرۆگرامەکەیان ئامادە کرد ، وە دیاریکردنی بابەتەکان و ئامانجەکان و کەرەستەکانی پرۆگرامەکە کە گونجاوە بۆ منداڵانی باخچە، سەرەتا پێویستی بە دەستنیشانکردنی پێداویستی و هۆکارەکانی پرۆگرامەکەیە، توێژەران بابەتەکانی بە پێی بوارەکانی تاقیکردنەوەکە و سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو دەستنیشان کرد کە بۆ هەر بوارێك دوو بابەت ئامادە کراوە. لە خشتەی (٣) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣)**

**دەستنیشانکردنی بابەتەکانی پرۆگرامی ڕاهێنان**

| بوارەکانی بەها ئابوورییەکان | بابەتەکان |
|---|---|
| هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو | ١. گرنگی ئاو لة ژیانماندا.<br>٢. چۆنیەتی پاراستنی ئاو بۆ یارمەتیدانی زەوی. |
| هۆشیاری بەکارهێنانی خۆراك | ١. بەهای خۆراکەکان بزانە.<br>٢. خۆراك بەفیڕۆ مەدە. |
| هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبا | ١.کارەبا ژیانمان بەردەوام دەکات و پەرەی پێدەدات.<br>٢. شانۆیی دادگاییکردنی مرۆڤ لەسەر زیاد بەکارهێنانی کارەبا. |
| هۆشیاری بەکارهێنانی کات | ١. کات بە نرخە.<br>٢. کاتە بەتاڵەکانم بەیاری بەسەر دەبەم. |
| هۆشیاری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا | ١.گرنگی تەکنەلۆژیا لە ئاسانکردنی کارەکاندا.<br>٢. دییە چاوی سووربۆتەوە. |
| پاشەکەوتکردن | ١. بە پاشەکەوتککردنی پارە کاتی خۆش بەسەر دەبەین.<br>٢. دەخیلەی بیرۆکەکان. |

لەدوای دەستنیشانکردنی بابەتەکەنی بەرنامەی ڕاهێنانی توێژەران دەستیان کردووە بە پێویستەکانی دارشتنی بەرنامەکە کە پێویستە بە چەند هەنگاوێکدا تێپەڕت بەم شێوازەی لای خوارەوە:

**أ.دیاریکردنی ئامانجی پرۆگرامەکە :**

_ئامانجی گشتی: ئەو ئامانجانەن کە لەلایەن توێژەرانەوە دانراون لە پرۆگرامەکەدا بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە تەمەن (٥_٦) ساڵ و زیاد کردنی زانیاری منداڵ و سوود بینینی منداڵ لە ژیانی داهاتوویدا.

**_ئامانجی ڕەفتاری :**

١. بەشداری کردنی منداڵ لە دانیشتنەکاندا.

٢. دیاریکردنی کاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە.

٣. بەدەستهێنانی منداڵ بۆ وەرگرتنی بەها ئابوورییەکان و جێبەجێ کردنی لە ژیانی ڕاستەقینەدا لە کات و بارودۆخی جیاوازدا.

ب. شێوازی ڕاهێنانەکان :

لەهەر دانیشتنێکدا چەند شێواز و ستراتیژییەك بەکارهاتووە بە پێی ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك کە پێکهاتوون لە ستراتیژییەکانی ( فێربوونی هەرەوەزی ، گفتوگۆ ، ڕۆڵبینین، چارەسەر کردنی کێشەکان ، بیرێژان ، فێربوون بە دۆزینەوە ، فێربوون بە یاری ، گێڕانەوەی چیرۆك).

**ج. وەسفی پرۆگرامەکە :**

پرۆگرامە پێکهاتووە لە (١٤) دانیشتن ، لە هەفتەیەکدا (٢) دانیشتن جێبەجێکراوە و هەر دانیشتنێك ماوەی (٣٠) خولەکی خایاندووە.

ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پرۆگرامەکە :

مەبەست لەوەیە کۆمەڵێك لە پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆگرامەکە دەکەن تاوەکو بڕیار لەسەر گونجاوی و نەگونجاوی ڕاهێنان و ئامانج و چالاکییەکانی پرۆگرامەکە دەدەن کە تا چەند لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتی دانیشتنەکان یەکدەگرێتەوە و گونجاوە.

توێژەران پڕۆگرامەکەیان لەگەڵ پێوەرەکەدا هاوپێچ کرد و بەسەر (١١) لە شارەزاکان لە بواری (پەروەردە و دەروونناسی و ڕێگاکانی وانەووتنەوە) دابەش کرد تا ڕای شارەزاکان وەربگرێن سەبارەت بە کۆ دەنگی پسپۆڕانی بوارەکە لە بارەی گونجاوی ڕاهێنانەکان لەگەڵ بابەتی دانیشتنەکان. پاشان توێژەران وەڵامی شارەزاکانیان وەرگرتەوە و توێژەر (ڕێژەی سەددی ) بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی جێگیری پرۆگرامەکەی ، بە کۆدەنگی شارەزاکان ڕاستگۆیی بۆ پرۆگرامەکە دەرکرد کە گەیشتە (٪١٠٠) واتە هەموو شارەزاکان کۆ دەنگ بوون لەسەر پرۆگرامەکە ، ئەمەش واتای ڕاستگۆیی پرۆگرامەکە دەگەیەنێت.

**هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکە :**

لە پرۆگرامی ڕاهێناندا پێویستە توێژەر هەڵسەنگاندن بکات تا بزانێت ڕادەی فێربوون و تێگەیشتن و فێربوونی فێرخوازەکان لە چ ئاستێکدا یە، کە ئەویش سێ جۆر هەڵسەنگاندن دەگرێتەوە کە ئەمانەن :

هەڵسەنگاندنی پێشەکی : بە تاقیکردنەوەی فێرخوازەکان لەسەر تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان پێش جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکە، وە هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازەکان پێش دەستپێکردنی هەر دانیشتنێك.

هەڵسەنگاندنی پێکهاتەیی: هەڵسەنگاندنی هەر چالاکییەك لە کاتی جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکەدا.

هەڵسەنگاندنی کۆتایی: لە کۆتایی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەدا دووبارە تاقیکردنەوەی پێوەری وێنەیی بەها ئابوورییەکان دەکرێت.

**جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە :**

دوای ئەنجامدانی ڕێکارییەکان و دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ پێوەرەکە و دەرهێنانی ڕاستگۆیی بۆ پرۆگرامەکە و، دیاریکردنی ئەو باخچەیەی کە پرۆگرامەکەی تێدا جێبەجێدەکرێت، پاش دیاریکردنی نمونەکە و دیزاینی ئەزمونی و دیاریکردنی کەرەستە و ئامرازی پێویست بۆ چالاکی و ڕاهێنانەکان، توێژەران هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

١. توێژەران داوایان لە بەڕێوەبەری باخچەکە کرد کە پێویستی بە دوو گروپە کە هەر گروپێك پێویستە (١٢) منداڵ بێت، گروپی ( ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو ) کە پێویستە هەر گروپە و بە جیا لە پۆلێك بێت هەر گروپێك پێکهاتبێت لە (٦ کوڕ و ٦ کچ).

٢. توێژەران ڕۆژێك پێش دەسپێکردنی پرۆگرامەکە تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ هەردوو گروپ ئەنجامدا (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو).

٣. توێژەران هەوڵیاندا ژوورێك بەکاربهێنن کە داتاشۆوی تێدا بێت هەروەها گونجاو بێت لەگەڵ دانیشتنەکان و ڕاهێنانەکان، ژووری هەنگ بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێردرا چونکە داتاشۆوی تێدا بوو وە گەورەش بوو گونجاو بوو بۆ ڕاهێنانەکان، وە جگە لەوەی کە هەندێ کات هۆڵی شانۆ و باخچەی باخچەکە بەکاردەهات بۆ چالاکییەکان.

٤. توێژەران (٢٠٢٢/١٠/١٥) تاقیکردنەوەی پێشەکیان ئەنجامدا.

٥. توێژەران (٢٠٢٢/١٠/١٦) یەکەم دانیشتنیان ئەنجامدا کە بریتی بوو لە دانیشتنی یەکتر ناسین کە توێژەران خۆیان بە منداڵەکان ناساند و وە زانینی ناوی منداڵەکان ، توێژەران لە هەمان ڕۆژدا هەردوو گروپیان دەبینی بەڵام گروپی کۆنترۆڵکراو تەنها بابەتەکەیان بە (شێوازی تەقلیدی) پێدەوترا و ڕاهێنانەکانیان پێنەدەکرا.

٦. توێژەران کۆتا دانیشتنیان لە (٢٠٢٢/١٢/١٤) کرد .

٧. توێژەران لە (٢٠٢٢/١٢/١٥) تاقیکردنەوەی پاشەکیان ئەنجامدا.

**شەشەم: ئامرازە ئامارییەکان :**

_تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ (Two Independent Sample T_test) بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی و گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو.

_هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(Pearson)

بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکە بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە.

_تاقیکردنەوەی (مربع کاي) (Chi –Squared test)

بۆ دۆزینەوەی هاوتایی نێوان گروپەکان لە ڕووی گۆڕاوی (ڕیزبەندی منداڵ لە خێزاندا ، دەستکەوتی خوێندنی دایك و باوك ، پیشەی دایك و باوك).

## بەشی چوارەم

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

### ١. خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی یەکەم:

گریمانەی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە : (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لەنێوان نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو لە سەر پێوەری بەها ئابوورییەکان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (کوڕ وکچ) لە تاقیکردنەوەی پێشەکی).

بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە توێژەران تاقیکردنەوەی (T) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە (Two Independent Samples T_test) لە خشتەی (٤) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤)**

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونە (Two Independent Samples T_test) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بەها ئابوورییەکان

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێری | ناوەندی گریمانی | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد | بەهای ت: هەژمارکراو | بەهای ت: خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزمونی | 12 | 13.2500 | 15 | 3.74469 | 22 | 0.126 | 2.074 | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 13.4167 | | 2.64432 | | | | |

وەك لە خشتەی (٤) دەردەکەوێت کە بەهای (T) هەژمارکراو یەکسانە بە (٠,١٢٦) وە بەهای خشتەیی یەکسانە بە (٢,٠٧٤) ، وە پلەی ئازادی بریتییە لە (٢٢) ، لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ،لەبەر ئەوە بەهای (T) هەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشتەیی ، وە ناوەندی ژمێرەیی هەردوو گروپی( ئەزمونی وکۆنترۆڵکراو) یەکسانن ، دەردەکەوێت کە جیاوازی نییە لە نێوان نمرەکانی گروپی (ئەزمونی وکۆنترۆڵکراو ) لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بەها ئابورییەکان.

توێژەران ئەم دەرئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە منداڵی باخچە گرنگی بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەدات ، دیارترینیان یاریکردن و خود سەنتەرییە ، وە سەبارەت بە بابەتی ئابوری و بەها ئابوورییەکان گرنگی پێنادات ئەمەش بەندە بە ڕۆشنبیری خێزانی ئەو منداڵانەی تاقیکردنەوەیان کراوە ، هەروەها بەکارنەهێنانی ووشەی (بەهای ئابووری ) لەلای منداڵ ، وە لەوانەش گرنگتر جێبەجێنەکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانە کە لەوانەیە کاریگەری هەبێت یاخود نەبێت، کەواتە بە پێی ئەو ئەنجامەی پێیگەیشتووین ئەم گریمانەیە پەسەند دەکرێت.

### ٢. خستەڕووی ئەنجامی گریمانەی دووەم :

گریمانەی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە : (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراو لەسەر پێوەری بەها ئابوورییەکان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز( کوڕ و کچ) لە تاقیکردنەوەی پاشەکی).

بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە توێژەران تاقیکردنەوەی (T) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە (Two Independent Samples T_test) لە خشتەی (٥) خراوەتەڕوو.

### خشتەی (٥)

### ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونە (Two Independent Samples T_test) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بەها ئابوورییەکان

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێری | ناوەندی گریمانی | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد | بەهای ت | | ئاستی بەڵگەداری ۰,۰٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونی | 12 | 26.6667 | 15 | 1.49747 | 22 | 16.781 | 2.074 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 13.3333 | | 2.30940 | | | | |

وەك لە خشتەی (٥) دەردەکەوێت کە بەهای (T) هەژمارکراو یەکسانە بە (١٦,٧٨١) وە بەهای خشتەیی یەکسانە بە (٢,٠٧٤) ، وە پلەی ئازادی بریتی یە لە (٢٢) ، لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، لەبەرئەوەی بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی ، وە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی گروپی (گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بەها ئابورییەکان ، دوای ئەوەی کە گروپی (ئەزمونی) پرۆگرامەکەی لەسەر جێبەجێکرا وە گروپی (کۆنترۆڵکراو) یش بۆ شێوازی ئاسایی بە جێهێڵدرا بۆیە دەرکەوت کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی (پێشەکی و پاشەکی ) لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی.

ئەم ئەنجامەش لەگەڵ بۆچوونی (پیاجێ) دا هاوتەریبە کە جەخت لەسەر دوو پرۆسەی تەواوکاری گەشەکردنی مەعریفی منداڵ دەکاتەوە کە ئەوانیش (مژین و خۆگونجاندنن) کە بەرپرسیارە لە ناساندنی ژینگە و توخمەکانی بۆ ناو نەخشەی ڕەفتاری ئێستای تاك وەك خۆی ، وە گۆڕین و ڕێکخستنەوەی نەخشەی مەعریفی تاك بۆ گونجاندنی لەگەڵ پێداویستییەکانی ژینگەی دەرەکیدا.

لێکدانەوەی توێژەر بۆ ئەم دەرئەنجامە ئەوەیە کە پێشکەشکردنی کارامەیی بەها ئابوورییەکان بۆ گروپی ئەزمونی کە لەڕێگەی پرۆگرامەکەوە ئەنجامدرا کە هاندان و پاداشتی باش و فیدباك گرنگی خۆی هەبوو لە پەرەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی گروپی (ئەزمونی)، کە ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە ڕاهێنان و چالاکی یارمەتیدەر بۆ چڕکردنەوەی سەرنجی منداڵان لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەدا، واتە بە پێی ئەو ئەنجامە ئەم گریمانەیە ڕەفز دەکرێت.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

### توێژەران گەیشتنە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١. ئاستی منداڵانی باخچە سەبارەت بە زانیاری دەربارەی بەها ئابوورییەکان لە ئاستێکی خراپدایە.

٢. تاقیکردنەوەی پاشەکی بەها ئابوورییەکان دەرخەری ئەو ڕاستییە کە پرۆگرامەکە کاریگەری هەبووە لەسەر گروپی ئەزمونی.

## ڕاسپاردەکان :

لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان ، توێژەران چەند ڕاسپاردەیەك دەخەنە ڕوو ، کە ئەمانەن:

١. داواکارن لە وەزارەتی پەروەردە کە سوود ببینێت لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەی ئێستا کاری پێبکات و پرۆگرامی ڕاهێنان لە سەر ستراتیژییای فێربوونی چالاك بخاتە ناو پرۆگرامی باخچەکانەوە ، تا ببێتە هۆکارێك بۆ بەهێزکردنی توانا و لێهاتوویەکانی منداڵ و زانینی منداڵ بۆ گرنگی بەها ئابوورییەکان و جێبەجێکردنی لە ژیانی ڕاستەقینەیدان کە گرنگە بۆ بنیادنانی نەوەیەکی تەندروست بۆ داهاتووی خۆی و خێزان و وولاتەکەی.

٢. کردنەوەی خولی فێرکاری بۆ مامۆستایانی باخچە لەبارەی پرۆگرامە چالاکەکانەوە لەهەر جۆرێك بێت (ڕاهێنانی ، فێرکاری ، هتد...) کە بە شێوازێك بێك چالاك بێت و بەدوور بێت لە شێوازی (تەقلیدی) ، کە بتوانێت گرنگی بەکارهێنانی شتەکانی چواردەوری منداڵ ڕوونبکاتەوە ، تا منداڵ لە ڕێیەوە بەها و گرنگی ئەو شتانە بزانێت کە بەکاریاندەهێت وە پاراستنی ماڵ و سامانی گشتی.

## پێشنیازەکان:

ئەم بابەتە بابەتێکی فرە ڕەهەندە و پێکداچوو گرنگە، هەربۆیە پێشنیار دەکەین : توێژەرانی دیکە لەم بوارەدا کاربکەن و توێژینەوەی دیکە لەلایەنە جیاوازەکانی تری ئەم بابەتە بکەن.

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە قۆناغەکانی دیکەی خوێندن.

٢. کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی لەسەر ستراتیژیای فێربوونی چالاك بۆ زانینی منداڵ دەربارەی گرنگی ژینگە.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


١. بۆکانی ، سابیر بەکر ، (٢٠٢٠) ، میتۆدی توێژینەوەی زانستی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی.

٢. عەزیز ، کەریم ئەحمەد ، (٢٠١٤ ) ، بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانەووتنەوە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نارین ، هەولێر.


### سەرچاوە عەرەبییەکان:


١. ابن یاسین ، ثناء محمد و احمد ، ( ٢٠١٣) ، استراتيجيات التعلم النشط وتنمية عمليات العلم ، : الأهمية والمعوقات من وجهة نظر معلمات العلوم ، بحوث ومقالات ، دراسات تجريبية في التربية وعلم النفس السعودية ، مجلد ٤٤ع ، ج٢.

٢. آل غيهب ، حصه عبداللطيف ، (٢٠١٩) ، ممارسات معلمات رياض الأطفال في اكساب الثقافة الغذائية لطفل الروضة أثناء فترة الوجبة ، مجلة العلوم التربوية و النفسية ، العدد الرابع – المجلد الثالث.

٣. الجابري ، نهيل ، ( ٢٠١١) ، طفل الروضة في عصر التكنلوجيا المعلومات ، جامعة البترا.

٤. جمعه ، فايزة احمد محمد ، (٢٠٢٠) ، فعالية برنامج قائم على التعلم النشط لتنمية بعض القيم الأقتصادية لدى طفل الروضة ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية التربية ، جامعة مدينة السادات.

٥. جواد ، شيماء محمد ، (٢٠١٧) ، ترشيد استهلاك الماء واجب ومسؤولية وطنية ، كلية التربية الأساسية ، الجامعة المستنصرية.

٦. الحمود ، هناء قاسم ، (٢٠١٠) ، دور معلمة الروضة في بناء القيم الاقتصادية لدى أطفال الرياض ما بين سن (٥-٦) سنوات ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية التربية ، جامعة دمشق.

٧. الخضر ، خلود بنت فهد ، (٢٠٢١) ، واقع دور الأسرة السعودية في التربية الأقتصادية للأولاد في ضوء تداعيات العولمة ، كلية التربية ، جامعة أسيوط ، المجلد السابع والثلاثون ،العدد الرابع.

٨. خيري ، لمياء محمد أيمن ، (٢٠١٨) ، التعلم النشط ، ط١ ، مؤسسة يسطرون للطباعة و النشر و التوزيع ، الجهزة.

٩. دور رياض الأطفال في توعية طفل الروضة بمفاهيم الثقافة الصحية من وجهة نظر المعلمات وأمهات الأطفال في ضوء بعض المتغيرات ، (٢٠١٦)، مجلة كلية التربية ، جامعة الأزهر ، العدد : (١٦٩ الجزء الأول).

١٠. رمضان، هناء احمد فؤاد، (٢٠١٩)، برنامج قائم على الانشطة الفنية لتنمية بعض القيم الاقتصادية لطفل الروضة ، مجلة العلمية لكلية رياض الاطفال، جامعة المنصورة، المجلد الخامس، العدد الثالث.

١١.شبيب ، محمود محمد ، (٢٠١٩) ، البرامج التدريبية في البحوث التربوية (بنائها _ تطبيقاتها ) ، ط١ ، عالم الكتب ، القاهرة.

١٢. شرف ، ايمان عبدالله ، (٢٠١٧) ، فاعلية برنامج تعليمي الكتروني في تنمية الثقافة البصرية والمفاهيم الأقتصادية لأطفال الروضة ، المجلة العلمية كلية رياض الأطفال ، جامعة المنصورة ، المجلد الثالث، العدد الرابع.

١٣. العازمي ، عائش ساير ، (٢٠٠٢) ، أثر طريقة التعلم التعاوني في الاستيعاب القرائي لدى طلاب الصف السادس الابتدائي في المملكة العربية السعودية ، رسالة ماجستير منشورة ، قسم المناهج والتدريس.

١٤. عطية ، سعدي جاسم واخرون ، (٢٠١٨) ، الخبرات والأنشطة لآطفال التمهيدي KG٢ ، ط٥ ، وزارة التربية ، المديرية العامة للمناهج.

١٥. علي ، فاتن أحمد ربيع ، (٢٠٢١) ، فاعلية برنامج متعدد الأنشطة لتنمية بعض أبعاد التربية الأقتصادية للطفل بمرحلة الطفولة المبكرة في ضوء رؤية مصر ٢٠٣٠ ، المجلة العلمية لكلية رياض الأطفال ، جامعة بورسعيد.

١٦. علي ، محمد السيد ، (٢٠١٠) ، اتجاهات وتطبيقات حديثة في المناهج و طرق التدريس ، ط١ ، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة ، عمان ، الأردن.

١٧. الغوالبي ، نشوى عبدالحميد على، (٢٠١٢) ، فعالية استخدام برنامج من الألعاب التعليمية في تنمية ميل تلاميذ الصف الرابع الابتدائي (البنين) نحو مادة الأقتصاد المنزلي ، رسالة ماجستير منشورة ، مجلة كلية التربية ، جامعة بورسعيد ، العدد الحدي العشر.

١٨. الفقى ، ابراهيم ، (٢٠٠٩) ، ادارة الوقت ، ابداع وقلوب للأعلام والنشر ، القاهرة.

١٩. القيسي ، ماجد أيوب ، (٢٠١٨) ، المناهج وطرائق التدريس ، ط١ ، دار أمجد للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن.

٢٠. كاطع ، زينب محمد ، (٢٠١٨) ، أثر البرنامج القصصي في تنمية القيم الأقتصادية لدى اطفال الرياض ، كلية الآداب ، جامعة عين شمس ، المجلد ٤٦.

**گۆڤاری عەرەبی:**

١. محمد ، عايده ذيب ، ( ٢٠١٥) ، درجة فاعلية استراتيجية القصة في تنمية بعض المهارات الحياتية لدى الأطفال ، المجلة الدولية للبحوث الاسلامية والانسانية المتقدمة ، المجلد ٥ – العدد ٩.

٢. المصري ، لينا أحمد سليم ، (٢٠١٤) ، أثر تطبيق استراتيجيات التعلم النشط على تصميم الغرف الصفية في مدارس التعليم الأساسي بقطاع غزة ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية الهندسة ، الجامعة الاسلامية_ غزة.

٣. المعنونة ، مي أبو عواد ، (٢٠١٥) ، أثر استخدام استراتيجية حل المشكلات في الطلبة في مادة علم الأحياء والارض واتجاهاتهم نحوها ، رسالة ماجستير منشورة ، قسم المناهج وطرائق التدريس.

٤. النجار ، عفاف أحمد ، (٢٠١١) ، البرامج التدريبية وأثرها على أداء موظفي وزارة التربية والتعليم الفلسطينية في محافظة الخليل : واقع وطموحات ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية الدراسات العليا و البحث العلمي ، جامعة الخليل .

٥. هنداوي ، صفوت توفيق ، (٢٠٢١) ، استراتيجيات التدريس ، المحاضرة ، الفصل الثاني.

# مەلای گەورەی کۆیە و ڕۆڵی لە پێشخستنی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەی کوردیدا
# الملا كبير الكويي و دوره في تطوير وعي المجتمع الكردي
# Malay Gawra and his role in enhancing the awareness level in Kurdish society

جەمال فەتحوڵلا تەیب[١]

[١] بەشی مێژوو،فاکەڵتی پەروەردە،زانکۆی کۆیە، شاری کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: jamal.fathulla@koyauniversity.org

## پوختە

مەلای گەورە (محەممەد جەلیزادە) یەکێك بووە لە مەلا دیار و بەرچاوەکانی کوردستان، کە هاوشێوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە باشووری کوردستان و ناسر سوبحانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەعید نەورەسی لە باکووری کوردستان ناوی دەهێنرێت، کە دەور و ڕۆڵی کاریگەری لە پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردی بینیوە، بەتایبەتی لە چاکسازی لە بواری ئایینی و هزریدا. مەلای گەورە، لە دوای پێگەیشتن و وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لە لایەن مەلا عەبدوڵلای باوکییەوە، بە هۆی دید و ڕوانییە جیاوازەکانی بووە جێی سەرنجی خەڵکی کوردستان، چونکە لەو سەردەمە بە هەموو شێوەیەك دژی خورافیات و ئەفسانە بووە، هەروەها بە توندی لە دژی شێخ و دەروێشەکانی کۆمەڵگە وەستاوەتەوە، کە بەردەوام دینیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە، هەم لە ڕێگەی پەیام و نووسینەکانییەوە، هەمیش لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هەوڵیداوە کۆمەڵگەی کوردی هۆشیار بکاتەوە و بیر کراوە بن.

**کلیلە وشە:** (مەلای گەورە، کۆیە، جەلیزادە، ئایین، چاکسازی، هۆشیار کردنەوە)

## ملخص

الملا الكبير (محمد جليزاده) احدى العلماء المشهورين في كردستان ذاعت شهرته كعبدالكريم المدرس فى جنوب كردستان و ناصر سبحاني في شرق كردستان، و سعيد نورسى في شمال كردستان، هولاء لعبوا دورا مميزا في تقدم المجتمع الكردي و خاصة في كتابة تفسير القران الكريم باللغة الكردية و الاصلاحات الدينية، الفكرية و والاجتماعية. عندما اكمل الملا الكبير الدراسة الدينية، منح والده الملا عبدالله الاجازة العلمية، نظرا لما يتميز به من الاراء الفكرية المختلفة وكان محل اعجاب ابناء أقرانه، لانه حارب الاسطورة والخرافيات وكذلك وقف ضد الشيوخ و الدراويش (التصوفية الخرافية) الذين استغلوا الدين لصالحهم دوما عن طريق اجرائاته وكتاباتة، وكذلك عن طريق الشعر، بذلك حاول نشر الوغي الفكري الانفتاحي في المجتمع الكردي.

**الكليمات المفتاحية:** (الملا الكبير، كوية، جليزاده، الدين، الاصلاحات، التوعية)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانكۆی هەڵەبجە:گۆڤارێكی زانستی ئەكادیمیە زانكۆی هەڵەبجە دەری دەكات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10493 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٢/١٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٢/٢٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | jamal.fathulla@koyauniversity.org |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ پ. ی. د. جەمال فەتحوڵلا تەیب، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

The Malay Gewre was one of the well-known and prominent Mullah's in Kurdistan, that looks like Mullah Abdulkarim Mudaris from Southern Kurdistan and Nasir Subhani from eastern Kurdistan and Saeed Norasi from Northern Kurdistan his name is clear to everyone who played a big role in developing Kurdish community more particularly, in the field of Reform in religion. Mullah the great, proceeding his growth and awarding the license of being a Mullah, from his father (Mullah Abdullah) by his different vision and perspectives became the focal center of the people of Kurdistan as during that era he was entirely against all types of superstitions, and myths and severely stood against the Sheikhs and Monks of the society who persistently used religion for their benefits. Thus, he did his best to enlighten the people via his writings and poems.

Key words: (Malay Gewra, Koya, Jalizadeh, religion, reform and awareness)

## پێشەکی

لە کوردستان بە دەیان بنەماڵەی زانستی دیار و بەرچاو هەیە، کە توانیویانە خزمەتی گەورە بە هونەر و ئەدەب و کولتور و فەرهەنگی کوردی بکەن، یەکێک لەوانە بنەماڵەی جەلی زادەیە لە شاری کۆیە، کە لە سنوری کۆیە و ناو شاری کۆیە نیشتەجێ بوونە. کەسایەتییەکانی نێو بنەماڵەی جەلی زادە توانیویانە خزمەتێکی بەرچاو بە کۆمەڵگەی کوردی بکەن، لە بوارەکانی زمانەوانی، ئەدەب، هۆشیاری، کوردایەتی، ئایین و هزر و فەلسەفە و چەندین بواری دیکە، لە نێویاندا مەلای گەورە بە سەرقافڵەی سەردەمەکەی خۆی دادەنرێت، کە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی بیری دواکەوتوو لە خورافیات و ئەفسانە داوە.

مەلای گەورە لە سەردەمی خۆیدا بە هەموو شێوەیەك هەوڵی هۆشیار کردنەوەی خەڵکی داوە، دژی بیر و رەفتاری نابەجێی هەندێ لە شێخ و دەروێشەکان بووە، خەڵکی لە ئەفسانە و خورافیات بە ئاگا هێناوەتەوە، بایەخی زۆری بە خوێندن و زانست داوە، باوەڕی وا بووە لە ڕێگەی خوێندن و خوێندەوارییەوە دەتوانرێت کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و هۆشیار دروست بکرێت، لەم سۆنگەیەوە نەجیبەی کچی ناردووەتە قوتابخانەی کوڕان، لە کاتێکدا لەو کاتەدا خوێندن بۆ کوڕانیش بە دروست نەدەزانرا، ئەمانە هەموو هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکەمان بوو بە ناونیشانی: ڕۆڵی مەلای گەورەی کۆیە لە پێشخستنی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەی کوردیدا.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تیشك خستنە سەر هەوڵە ڕیفۆرمخواز و پێشکەوتووخوازەکانی مەلای گەورەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەروەها هەنگاوەکانی مەلای گەورە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی زانستی مێژوویی بەستراوە، لەسەر بنەمای شرۆڤەکردن و بەراوردکاری و هەڵهێنجانی ڕاستی ڕووداوەکان و بەراوردکاری سەرچاوەی گرتووە. توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و دەروازە و دوو باس پێکهاتووە، دەروازە بە ناونیشانی: بنەماڵەی جەلی زادە و مەلای گەورە، کە تێیدا بە کورتی باس لەو بنەماڵەیە و ڕۆڵیان کراوە، هەروەها ژیاننامە و بەرهەمەکانی مەلای گەورە خراوەتە ڕوو، لە باسی یەکەمی توێژینەوەکە تیشك خراوەتە سەر: هەوڵەکانی مەلای گەورە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی، باسی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ: هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە.

## دەروازە: بنەماڵەی جەلی زادە و مەلای گەورە

### یەکەم: بنەماڵەی جەلی زادە

شاری کۆیە یەکێکە لەو شارانەی کوردستان کە پێشینەیەکی مێژوویی دەوڵەمەندی دێرینی هەیە، چونکە شوێنێکی گونجاو بووە بۆ ژیان و خاکی بە پیت و ئاوی هەبووە، هەر لە کۆنەوە جێگەی نیشتەجێبوون بووە، مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ چاخە کۆنەکان، لەگەڵ هاتنی لەشکری مووسڵمانەکان بۆ کوردستان کۆیە ناوی هاتووە، هەروەها لە سەردەمی حوکمڕانی ئەمەوی و عەباسییەکاندا کۆیە ناوەندێکی ئاوەدان بووە، لەگەڵ هاتنی عوسمانییەکان بۆ عێراق، کۆیە بووەتە سنجاق و سەر بە ویلایەتی موسڵ بووە، لە کاتی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکاندا، سەرەتا کۆیە سەر بە میرنشینی ئەردەڵان بووە، لە پاشاندا کەوتوەتە نێوان ململانێی میرنشینی سۆران و بابان، لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکاندا، ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان (صالح، ٢٠١٩، ١٤٢). بە درێژایی مێژووی شاری کۆیە چەندین بنەماڵە و کەسایەتی دیار و بەرچاو هەبوون، کە ڕۆڵیان لە پێشخستن و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی کوردی هەبووە، یەکێك لەوانە بنەماڵەی جەلیزادەیە.

بنەماڵەی جەلی زادە، یەکێکە لە بنەماڵە زانستییە دیارەکانی کوردستان، کە لە ماوەی نیشتەجێبوونیان لە باشووری کوردستان و سنووری کۆیە، ناوبانگیان لە ڕێی کەسایەتییەکانی نێو بنەماڵەکەوە دەرکردووە، لەوانە: مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە، مەلای گەورە، مەسعوود محەممەد، نەجیبە جەلی زادە و... لەو ماوەیەشدا ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕەوتی ڕۆشنبیری و هزری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و خوێندنی ئایینیدا لە مێژووی شارەکە بەتایبەتی و کوردستان بە گشتی هەبووە.

لە ڕاستیدا بنەماڵەی جەلیزادە خزمەتی زۆریان بە بواری خوێندن و ڕۆشنبیری کۆیە کردووە، ئەو بنەماڵەیە درێژکراوەی خێزانێکی زانستین کە بۆ چەند سەدەیەک خزمەتی زانست و ئەدەب و ڕۆشنبیریان کردووە (صالح، ٢٠١٩، ١٤٥).

ڕەچەڵەکی بنەماڵەی جەلی زادە، دەگەڕێتەوە بۆ جەزیرە و بۆتان، کە لە نەوەی شێخ برایمی جەزیرین، لە باکووری کوردستان، تاکوو ئێستا هۆکاری جێهێشتنی باکوور و هاتنیان بۆ باشوور، بە نادیاری ماوەتەوە (جەلی زادە، ٢٠١١، ٣٧).

لە دوای هاتنی بنەماڵەی جەلیزادە بۆ باشووری کوردستان، ڕوو دەکەنە پشدەر و لە ناوچەی بێگەڵاس دەگیرسێنەوە (گورژی، ٢٠٠٩، ٩٢)، هەریەک لە مەلا ئەبووبەکر ناسراو بە (حاجی گەزۆ)، مەلا حەسەنی کوڕی مەلا ئەبووبەکر، مەلا برایمی کوری مەلا حەسەن، مەلا حەسەنی کوری مەلا برایم و مەلا برایمی کوری مەلا حەسەن کە پێنج پشت دەکات، لە بێگەڵاس ماونەتەوە . لە دواتردا و لە سەردەمی مەلا برایمی کوری مەلا حەسەن ڕوو دەکەنە بناری کۆسرەت و لە گوندی شیواشان نیشتەجێ دەبن، لەوێدا کوڕێکی مەلا برایم بە ناوی محەممەد ناسراو بە مەلازادەی شیواشان لە ناوچەکەدا ناوبانگی بڵاوبووەتەوە، کە بە کەسێکی دیندار و خواناس ناسراوە. لە دواتردا کوڕە گەورەی مەلازادەی شیواشان بە ناوی عەبدوڵلا، کە دە برای لە خۆی بچووکتری هەبووە، لە شیواشانەوە دەچێتە گوندی جەلی نزیک کۆیە لە بناری شاخی ئاوەگرد (محەممەد، ٢٠٠٩، ٣- ٥).

مەسعوود محەممەد لە بارەی بنەماڵەی جەلیزادە لە کتێبی (گەشتی ژیانم)دا دەڵێت: "پێنج پشت لە باپیرانمەوە بە جەلیزادە ناسراون، بەڵام پشتی شەشەم نازناوی کاکی جەلیان هەبووە، نەک جەلیزادە." (محەممەد، ٢٠٠٩، ٤).

وردتر بڵێین لە ساڵی ١٧٩٥ لە سەر داوای عەبدولڕەحمان میری بابان چوونەتە کۆیە و مزگەوت و خوێندنگەی بۆ کردوونەتەوە، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی بتوانن وەکوو پێویست خوێندنگە و پرۆسەی خوێندن گەشە پێبدەن گوندەکانی (جەلی، پیبازۆک، چنارۆک، قەسرۆک، هیزۆب و گەلی گولان)یان بۆ وەقف دەکات، ئەم بنەماڵە زانست پەروەرە دوای نیشتەجێ بوونیان لە شاری کۆیەدا، دەیان مەلا و شاعیر و ڕووناکبیر لە خوێندنگەکانیاندا پێگەیشتوون، لە دوای تەواو کردنی خوێندن لە کۆیە و هەموو کوردستاندا خزمەتی زانست و ڕۆشنبیریان کردووە (صالح، ٢٠١٩، ١٤٥).

هەر یەک لە مەلا عەبدوڵلا و مەلا عەبدولڕەحمان لە گوندی جەلی ژیانیان بەسەربردووە. لە پاشان مەلا ئەسعەدی کوڕی مەلا

عەبدولڕەحمان، مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەد ناسراو بە کاکی جەلی، مەلا محەممەدی کوری مەلا عەبدوڵلا و مەسعوودی کوڕی مەلا محەممەد لە سنووری جوگرافی کۆیە نیشتەجێ دەبن. لە ماوەی ژیانیاندا هەر یەک لە ئاست خۆیەوە ڕۆڵی گرنگیان بۆ کورد و کوردستان هەبووە، بە تایبەتی لە رووی فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەوە. چونکە هەریەک لەو کەسایەتییانە بە هۆی پێگە و لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە کاریان بۆ هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی کردووە و هانی کوردپەروەریی و نیشتمان دۆستیان داوە (مودەڕیس، ٢٠١٠، ٤٣١- ٤٣٣؛ جەلی زادە، ٢٠١١، ١١).

هەروەها سەبارەت بە بنەماڵەی جەلیزادە، حاجی قادری کۆیی لە ئەستەنبوڵەوە بۆ پەسنی بنەماڵەی جەلی زادە پارچە شیعرێکی بۆ مەلا عەبدوڵڵای باوکی مەلای گەورەی هاوڕێی ناردووە، کە تێیدا دەڵێت:

بە غەیری جەددی ئێوە کێیە دانا

لە کوردستان بناغەی عیلمی دانا (علاءالدين، ٢٠٠٩، ١٥).

ئەمەش گەواهیدەری ئەو ڕاستییەیە کە بنەماڵەی جەلیزادە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان لە پێشخستنی ڕەوتی ڕۆشنبیری کوردی لە کوردستاندا هەبووە. لە لایەکی دیکەوە دەرخەری ئەوەیە کە بزاڤی خوێندن و خوێندەواری لە کۆیە بە بەراورد بە شوێنەکانی دی کوردستان لە ئاستێکی باشدا بووە، شاری کۆیە لە سەرەتای سەدەی هەژدە و نۆزدەدا بوژانەوەیەکی زانستی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە (صالح، ٢٠١٩، ١٤٢).

بەو پێیە دەردەکەوێت کە مێژووی بنەماڵەی جەلیزادە پڕیەتی لە کەسایەتی دیار و بەرچاو، هەمووان لە پێناو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵك کاریان کردووە، دواجار تێکڕا بە یەکەوە بوونەتە هۆکارێك بۆ پێشخستنی کوردستان بە گشتی و کۆیە بەتایبەتی.

## دووەم: ژیاننامە و بەرهەمەکانی مەلای گەورە

مەلا محەممەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەدی کوری مەلا عەبدولڕەحمانی کوری مەلا عەبدوڵڵای کوری مەلا محەممەدی کوری مەلا ئیبراهیمی کوری شێخ حەسەنە، ساڵی ١٨٧٦ لە نێو بنەماڵەی جەلیزادە لە شاری کۆیە لەدایك بووە. دایکی ناوی عائیشەی کچی حاجی بەکر ئاغای حەوێزییە (حاجی، ٢٠٠٨، ٣٢).

عائیشەی دایکی مەلای گەورە، ساڵی ١٨٨١ کۆچی دوایی کردووە، دووو ساڵ دواتر و لە تەمەنی حەوت ساڵیدا مەلای گەورە لە سوختەخانەوە دەست بە خوێندنی ئایینی دەکات و هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە، کاتێکیش تەمەنی دەبێتە ١٨ ساڵ لە لایەن باوکییەوە ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، بە هۆی زیرەکی و بە توانایی لە ماوەیەکی کەم بووەتە مەلایەکی ناسراو لە ناوچەکەدا، بە شێوەیەك خەڵك لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ڕوویان لە شاری کۆیە کردووە تا لای مەلای گەورە خوێندن تەواو بکەن، دەیان کەس لە سەر دەستی مەلای گەورە ئیجازەی مەلایەتییان پێ دراوە (الجوم حيدري، ٢٠٠٦، ١٠٦؛ علاءالدين، ٢٠١٤، ٣٣).

مەلا عەبدوڵڵای باوکی مەلای محەممەدی کۆیی، لە ساڵی ١٩٠٨ کۆچی دوایی کردووە، ئەمەش وادەکات زیاتر ئەرک بکەوێتە سەر شانی مەلای گەورە. هەروەها مەلای گەورە لە ماوەی ژیانیدا چەندین ئەرك و بەرپرسیارییەتی پێ سپێردراوە (عەلاءالدین، ٢٠١٤، ٣٥).

مەلای گەورە، ساڵی ١٩١٦ بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی لیوای موسڵ، لەو کاتەدا هەوڵی زۆری داوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد، یەکێک لەو کارە گرنگانەی هەوڵی بۆ داوە و لە کاری پێشەوەی خۆی داناوە، کردنەوەی قوتابخانە بووە لە شاری کۆیەدا، کاتێک مەلای گەورە وەک کەسایەتییەکی ئاینی داوای کردنەوەی قوتابخانەی نوێی کردووە، لای زۆربەی پیاوانی ئاینی کوردستان کردنەوەی قوتابخانەی نوێ کارێکی نەشیاو نادروست بووە (سالح، ژ ٧١٤٨، ٢٠١٦، ١). لە سەر داواکاری مەلا محەممەد، والی سلێمان نەزیف بڕیاری داوە قوتابخانە لە شاری کۆیە بکاتەوە، بە ناوی (کویسنجاق ئولا- قوتابخانەی یەکەم(١)) (عەلاءالدین، ٢٠١٤، ٣٥). دیارە مەلای گەورە هەردەم لە خەمی هاووڵاتییانی کورد بووە، لە بری ئەوەی داوای کەسی هەبێت لە بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەی، بەرژەوەندی گشتی

لەبەرچاوگرتووە و زانیویەتی چارەی بریني کورد خوێندنە.

لە لایەکی دیکەوە مەلای گەورە لە نێوان ساڵانی ١٩١٩- ١٩٢٨دا قازی شەرعی و دادوەر و دادنووسی کۆیە بووە (عەبدولحەمید، ژ ١٣٣، ٢٠٠٨، ١١٨). لە دادگاش ڕۆڵی گەورەی بینیوە لەوەی نووسینەکانی دادگا بە زمانی کوردی بێت. چونکە بەر لەوەی مەلای گەورە بچێتە دادگای سەرەتایی کۆیە (محكمة بداءة كويسنجق)، سجلەکان بە زمانی تورکی نووسراوە، چونکە زمانی سەرەکی ئەوکاتە تورکی بووە، بەڵام مەلای گەورە لە تۆمارکردنی زانیارییەکانی دادگا زمانی کوردی و عەرەبی بەکارهێناوە، ئەمەش لەوکاتەدا بۆ خۆی شۆڕشێك بووە، تەنانەت حوجەی ژمارە ٥١ لە (سجل الحجج الشرعية)ی ساڵی ١٩١٩ بە زمانی کوردی نووسراوە، یەکەم حوجەش لە ٢ی نیسانی ساڵی ١٩١٩ لە لایەن مەلای گەورە تۆمارکراوە (عبدالحميد، ٢٠١٥، ٩- ١٠).

لە ساڵی ١٩٢٠یشدا مەلای گەورە و جەمیل ئاغای حەوێزی یادداشتیان بۆ حاکمی سیاسی بەریتانی بەرزکردووەتەوە و داوای دروست کردنی دەوڵەتی کوردییان کردووە (عەلاءالدین، ٢٠١٤، ٣٥). هەروەها لە ساڵی ١٩٢٤ بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، لەو پۆستەدا هەوڵی زۆریداوە بۆ چەسپاندنی مافی میللەتەکەی و پەیوەندییەکی سیاسی بەهێزی لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکانی ناوخۆ و دەرەوە و بەریتانیای ئەوکاتەدا هەبووە (ساڵح، ژ ٧١٤٨، ٢٠١٦، ١).

مەلای گەورە، بایەخێکی زۆری بە خوێندنەوەی کتێبی ئایینی و زانستی و سیاسی و مێژوویی داوە، هاوکات بایەخی بە زمانی کوردی داوە، لەگەڵ ئەوەی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بە باشی زانیوە (بابانزادە، ٢٠١٢، ١٤٦). هەروەها لە پەراوێزی مەلایەتیدا شاعیریش بووە، زۆربەی شیعرەکانی هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردەواری سەردەمی خۆی بووە، زۆرجار لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هەوڵیداوە پەیامەکانی بگەیەنێت (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٥- ١٦).

مەلای گەورە، لە ماوەی ژیانیدا ژمارەیەکی زۆر نووسین و کتێبی نووسیوە، زۆربەی کاتەکانی بۆ زانست و زانیاری تەرخان کردووە، سەرجەم بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی و زمانی کوردی نووسیوە، کە ئەمانەن:

کتێبە کوردییەکان: (کەلامی خوداوەند/ تەفسیری قورئان، دە بەرگ- فری فری قەل فرێ- عەقیدەی کوردی- نوێ کەرەوە- دیاری مەلا محەمەدی کۆیی/ شیعر- حیکایەت، خەون، کەرامەت).

کتێبە عەرەبییەکان: (التكميل في وجوب الفرق بين الممكن و والمستحيل-ضياعان: ضياع الحياة، ضياع الدين (دين الاسلام)- ابهى المأرب في اثبات الواجب- الألة وطبيعة العقل و النبوة- حقيقة الاسلام و الايمان والاحسان- الحدس سلم الارتقاء- خراب العالم- ستة اشخاص- غايتي واملي في علمي وعملي- القائد الي العقائد- الكلام الجديد- مسالة الاختيار- المشاهد- المعجزات والكرامات- مقالة في تحقيق صفة الكلام- المصقول في علم الاصول).

ئەو کتێبانەی کە لەلایەن مەلای گەورەوە نووسراوە، لەسەردەمی خۆی بڵاونەکراونەتەوە، بە هۆی کەمی و نەبوونی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەددەی بیستەم بەشێکیان بڵاوکرایەوە، لە ماوەی دە ساڵی ڕابردووشدا زۆربەی کتێبەکانی چاپکرا و خرایە بەردەستی خوێنەران، بە تەفسیری کەلامی خوداوەندەوەش (ئەحمەد، ژ ٧، ٢٠١٦، ١٣٥- ١٣٦). جێی ئاماژەیە کە ساڵی ١٩٣٠ بە دواوە بە وادەی پێگەیشتنی تەواوی فیکری و فەلسەفی مەلای گەورە دادەنرێ، چونکە لەو سەردەمەدا زۆربەی زانستە دینییەکانی بە باشی زانیوە، بۆیە دەستی کردووە بە تەفسیری قورئان (کۆیی، ٢٠٠٩، ٧).

مەلای گەورەی کۆیە لە ساڵی ١٩٣٣وە دەست دەکات بە نوسینی تەفسیری قورئانی پیرۆز (تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی)، مەلای گەورە یەکێکە لەو مەلایانەی کە تەفسیری قورئانی پیرۆزی بە کوردی نووسیوە، هەتا ئەوکاتەش لای زۆرێک لە مەلای کورد بە کوردی کردنی تەفسیری قورئان نادروست و نەشیاو بووە، بەڵام مەلای گەورە وەک مەلایەکی نوێخواز و کراوە هەر زوو ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی ڕەتکردووەتەوە و بڕوای پێیان نەبووە (ساڵح، ژ ٧١٤٨، ٢٠١٦، ١).

ئەگەرچی مەلای گەورە تەفسیری قورئانی کردووە، بەڵام کاتی خۆی بڵاونەکراوەتەوە، پاش کۆچی دوایی مەلای گەورە، سێ جزمی تەفسیرەکەی

لە ساڵەکانی ١٩٦٨ و ١٩٧٠ لە لایەن نەجیبە خانی کچییەوە لە بەغدا لە چاپ دراوە (ڕەسووڵ نەژاد، ژ ٤، ٢٠١٨، ١٢٨).
مەلای محەممەدی کۆیی، لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣ و لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی برینی گەدە (قورعەی گەدە)، لە شاری کۆیە گیانی لەدەستدا و لە گۆڕستانی دەروێش خدر بە خاك سپێردرا (ڕۆڤار، ٢٠١٢، ٧).

## باسی یەکەم: هەوڵەکانی مەلای گەورە بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی

مەلای گەورە لە ڕۆژگاری خۆیدا شێخ محەممەد عەبدەی کوردستان بووە، لە یەک کاتدا سیاسی و زانای ئاینی و شاعیر و ڕیفۆرمخواز بووە، لەگەڵ هاتنی بەریتانیا بۆ کوردستان مەلای گەورە دەستی بە خەباتی سیاسی کردووە و لە ڕێگەی نامە و خەباتی دیبلۆماسیەوە هەوڵی دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی کوردی داوە، هەروەها لە ڕێگەی نامەیەکی مێژوویەوە داوای لە ئەفسەری بەریتانی کردووە کە گەلی کورد پشتگوێ نەخەن و دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد دروست بکەن، هەتا کوردیش لە گەلانی ناوچەکە دوانەکەوێت و نەبێتە سوتەمەنی خواستی ناڕەوای کەسانی دیکە (ساڵح، ژ ٧١٤٨، ٢٠١٦، ١).
مەلای گەورە بەشداری بەشێکی باش و کارای کردووە لە قسە کردن لەگەڵ نوێنەرانی بەریتانیا و حکومەتی عێراق، لەگەڵ بنەماڵەی مەلا ئەفەندی لە هەولێر هاوکار و هاوئاهەنگییەکی گەورە بووە بۆ قسە کردن لە سەر چارەنووسی مووسڵ و بۆ قسە کردن لە سەر گەشەپێدانی ئابووری و ڕێگەوبان و بواری ڕۆشنبیری کوردستان، لە لایەکی دیکەوە مەلای گەورە پەیوەندی گەورەی هەبووە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان (بابانزادە، ٢٠٢١، ٤٠).
لە ڕاستیدا مەلای گەورە دژایەتی ئەو شتە ناعەقڵانی و پڕوپوچانە دەکات کە تێکەڵاو بە ئاین کرابوو، لە هەمان کاتدا دژایەتی توندی ئەو بیرە دواکەوتووە دەکات کە دژی پێشکەوتن و دروستکردنی فڕۆکە و داهێنراوە زانستییەکانە، یەکەم هەنگاوی ڕیفۆرمخوازی ئایینییە لە ناوەندی ئاینداری کوردستاندا بەرەو ڕیفۆرم و پاکردنەوەی ئاین لە خورافە و شتی بێبەما (ساڵح، ژ ٧١٤٨، ٢٠١٦، ١).
مەلای گەورە لە ژیانیدا بە هەموو شێوەیەك هەوڵی داوە چاکسازی و ڕیفۆرم لە سەرجەم بوارەکاندا بکات، وەك مەلا کە کاریگەری زیاتری بەسەر کۆمەڵگەوە هەیە، کۆمەڵگە لە زۆر ئەفسانە و خورافیات و شتی ناجۆر لە ڕێی گوتاری ئایینی و شیعرەوە هۆشیار بکاتەوە، هەڵبەتە زۆر دژی زۆردار و ئەفسانەپەرست و مێشك وشك و دوژمنی ناحەزانی کوردایەتی بووە، بە تایبەت ئەوانەی هەوڵیان داوە ئاین بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بەکار بێنن، بۆ نموونە: شێخەکان خەڵکیان بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشا و بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بەکاریان دەهێنان و دەیانکردنە دەروێش و موریدی خۆیان، لە لایەکی دیکەوە بەردەوام دژی هەموو ئەو مەلایانە بووە کە دژی پێشکەوتن بوون و هەوڵی چاندنی خورافەیان لە دەماغی خەڵکی داوە (ئەحمەد، ژ ٧، ٢٠١٦، ١٣٦).
مەلای گەورەی کۆیە کۆمەڵێک هەوڵ و چاکسازی کردووە، چونکە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە مەلای گەورەی کۆیە دەکەوێتە ژێر کاریگەری و بۆچوون و تێزەکانی (مەدرەسەی ئیسلاحی ئیسلامی) لە میسر و بۆچوونەکانی جەمال الدین ئەفغانی و شێخ محەممەدی عەبدە و محەممەد ڕەشید ڕەزا، کە داوای چاکسازی لە بیری ئیسلامی دەکەن، لەو سەردەمەشدا کە سەردەمی هاتنی داگیرکەری بەریتانی و ڕۆژئاوایی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ناوچەکاندا بوو، بە تایبەتی لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەوڵەتی عوسمانی، بەشی زۆری نەتەوە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵات دەبن بە خاوەن دەوڵەت، مەلای گەورە دەیەوێت لە ڕێگای دینەوە و لە ڕێگای مەلایەتییەکەی خۆیەوە چەمکی دینداری و چەمکی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری بە یەکەوە گرێ بدات، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر دەدا، ویستویەتی دین لەو قۆناغە تەقلیدی و چەق بەستوەی کە ساڵانێکە و چەند سەدەیە پێیدا دەڕوات، لە کوردستانیش بەو ڕێڕەوە تەقلیدییە تێپەڕێنێت و لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ دین بکات و لەگەڵ ژیانی دونیادا و ژیانی کوردایەتی و نیشتمان پەروەریدا و خزمەت کردن بە نەتەوە کە زۆرێک لە گەلانی دراوسێ ئێمە لە ڕێگەی دینەوە دەتوانن ببن بە خاوەن دەوڵەتی خۆیان (ساڵح، ٢٠٢١، ٥١- ٥٢).
دیارە نووسینەکانی مەلای گەورە لە کوردستان بڵاوبووەتەوە، ئەمەش وای کردووە کردووە بە تەنیا لە کۆیە مەلای گەورە نەبێت، بەڵام

کاریگەری نووسین و مەلایەتییەکەی بە زۆری لە کۆیە چڕبۆوە، بەڵام کاتێک کە مردووە لە مهاباد پرسەنامە و پرسەی بۆ دانراوە، تەنانەت لە گۆڤاری نیشتمان بە ستونێکی زۆر گەورە بە پیاهەڵدان و سەنایەکی زۆر گەورە هەواڵی کۆچی دوایی مەلای گەورەیان بڵاوکردووەتەوە، هەڵبەتە ئێستاش لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە بەشەکانی کوردستان دەبینین ئەم بەسەرهاتانەی مەلای گەورە لە بواری قەزاوەت و دادگەری، لە بواری دین و تێروانینەکانی بە زارەکی بڵاوبووەتەوە، واتە لە ناو مەلایەکانی کوردستان کاریگەری قسە و کاریگەری قەزاوەت و هەڵوێستەکانی هەر ماوە (بابانزادە، ٢٠٢١، ٤٤- ٤٥)

مەلای گەورە دەیان چامە شیعری بۆ هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکەی لە خەوی بێئاگایی و نەزانی نوسیوە، شیعرەکانی زۆر سادەن و هەموو کەس دەتوانێت لێیان تێبگات، ناوەرۆکی شیعرەکانی دەچنەوە بە گژ بیری دواکەوتووی کۆمەڵایەتی و خورافیاتی دەروێشی و فێڵ درۆ و دەستبڕینی خەڵکی هەژاردا، لە هەمان کاتدا داوای خوێندن و خوێندەواری و زانست و پێشکەوتن دەکەن (سالح، ژ ٧١٤٨، ٢٠١٦، ١). هەروەها بە هۆی شیعرەوە هەوڵی داوە خەڵك لە فێڵ و تەڵەکەبازی شێخ و دەروێشەکان و ئەوانەی دین بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەکار دێنن بە ئاگا بێنێتەوە.

لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری کۆیە یادی نەورۆز کراوەتەوە، مەلای گەورە سوودی لەم بۆنەیە وەرگرتووە، کە نەورۆز بۆنەیەکی کورد و کوردانەیە، لە هەمان کاتیشدا سوودی لە کۆبوونەوە و ئاپۆڕا جەماوەرییەکە وەرگرتووە، لەوێدا پەیامەکەی خۆی گەیاندووە، کە پەیامی پەروەردەیی کوردانە و زانستیانە بووە، بۆ تەجاوزکردنی کۆمەڵگاکەی خۆی لەو نەفامیە و نەخوێندەوارییەی، دیوێکی تری مەلای گەورە کە پێی وایە دامەزراندنی دەوڵەت و دامودەزگا و حکومەت و پێشکەوتن لە ڕێگەی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەوە دەبێت لە ڕێگەی فیزیا و کیمیا و زانستی فەلەک و قوتابخانەوە دەبێت، جگە لەوانە پێی وایە دەوڵەت لەسەر بنەمایەکی زانستی و ئابوورییەکی سەربەخۆ و لە سەر بنەمای ئاوەدانی و ڕێگەوبان دادەمەزرێت، مەلای گەورە ڕوونیایەکی زۆر گەورەی هەبووە بۆ دەوڵەتداری بۆ ئاوەدانی و حوکمڕانی (بابانزادە، ٢٠٢١، ٤٥- ٤٦). مەلای گەورە داوا دەکات کە گەلی کورد بە گشتی و بەتایبەتی خەڵک و چینی خوێندەوار دەتوانن سوودێکی زۆر لە شارستانییەتی نوێی ئەورووپا وەربگرن، منداڵان بخرێنە بەر خوێندن و قوتابخانەی نوێ بکرێتەوە (سالح، ٢٠٢١، ٥٢- ٥٣). دیارە قوتابخانەی بە گرنگترین بنەمای پێشکەوتنی کۆمەڵگە داناوە، لێرەدا کەسیەتی مەلای گەورە بە دیار دەکەوێت، کە لەو سەردەمەدا هەستی بە ئێش و ئازاری نەتەوەکەی کردووە، چارەسەری گونجاویشی بۆ دەستنیشان کردوون، کە خوێندن و زانستە.

ڕووبەڕووبونەوەی شێخ و تەکیە و خانەقا، لەلایەن مەلای گەورەوە، یەکێکە لە چاکسازییەکانی کە بۆ کۆمەڵگەی کوردی کردووە، هەوڵیداوە کە خەڵکی هۆشیار بکاتەوە و تێیان بگەیەنێ، کە ئەمەی دەکرێ تەنیا کرداری دونیایین و بۆ مەبەست دەکرێت. لە هەڵوێستێکی لەم شێوەیەدا، ئەگەر پێگە کۆمەڵایەتی و پێگە زانستیی و ناسراوی بنەماڵەی جەلی زادە نەبووایە، دوور نەبووە مەلای گەورە لە شارەکە دەربکەن، چونکە شێخەکان لەو سەردەمدا خەڵکی زۆریان لەگەڵ دابووە. لە پێشوتریش لەسەردەمی مەلا عەبدوڵلای باوکی مەلای گەورە بۆ ماوەیەك دوورخراوەتەوە، هەروەها حاجی قادری کۆیی، لە کۆیەوە ئاوارەی ئەستەنبوڵ کراوە (ئەحمەد، ژ ٧، ٢٠١٦، ١٣٧).

مەلای گەورەی کۆیە وەك کەسایەتییەکی ئایینی هەمیشە جەختی لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی کردووەتەوە و هەموو هەڵسووکەوتە نەشیاوەکانی بەرانبەر بە مەسیحی و جوولەکەکانی کۆیە ڕەتکردووەتەوە، تەنانەت لە مانگی ڕەمەزاندا دانیشتووانی کۆیە بە جیاوازی چین و توێژەکانەوە دەچوونە مزگەوت بۆ گوێ گرتن لە وتارەکانی، کە خەڵکی مەسیحیشی تێدا بوو، چونکە مەلای گەورەی کۆیە جگە لە وتاری ئایینی زۆر جار باسی بابەتی زانستی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی دەکرد، تەنانەت هەندێ لە مامۆستایانی مەسیحیش ئامادەی ئەو دانیشتنانە دەبوون (تەیب و شێخ بزێنی، ژ ٣٣، ٢٠١٤، ٩٢- ٩٣). هەروەها ڕێزی زۆری لە مەسیحییەکان و جوولەکەکان گرتووە، بە شێوەیەك کاتێك دەچوونە مەجلیسی مەلای گەورە لە سەری مەجلیس دایدەنان، کاتێکیش کارەکەیان تەواو دەبوو هەتا بەر قاپی بەڕێی دەکردن، تەنانەت زۆر لەگەڵ قەشە دادەنیشت و لە هەموو بۆنە و جێژنەکانیش سەردانی مەسیحییەکانی کردووە، لەم بارەیەوە گوتوویەتی: "هیچ جیاوازییەك نییە، ئەوانە هەمووی دینی سەماوین، پێغەمبەری خۆیان هەیە و خودا دەناسن." (صلیوە، ٢٠١٧، ١٧٧).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

تەنانەت مەلای گەورەی کۆیە داکۆکی لە جوولەکە و مەسیحییەکان کردووە و هاوکاریان بووە، بۆ نموونە: جارێک چەند کەسێکی تێنەگەیشتووە هەوڵیان داوە هەڵکوتنە سەر ماڵی فەرەجە جوو و جوەکانی دیکە، لەم کاتەدا مەلای گەورەی کۆیە ڕێگری کردووە. هەروەها جارێک مەسیحییەک سەردانی مەلای گەورە دەکات، مەلای گەورەش پێشوازییەکی گەرمی لێ دەکات و لە سەری مەجلیس دایدەنێت، کەسێکی مووسڵمانیش پێی ناخۆش دەبێت، مەلای گەورەش تووڕە دەبێت و ڕوو لە مووسڵمانەکە دەکات و پێی دەڵێت: "هەر تۆ نەبووی دوێنێ کرنۆشت بۆ لاینی (بەرپرسێکی ئینگلیز بووە لە کۆیە، لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٩- ١٩٢١) ئینگلیز دەبرد، تاکو ببینی ئەدی ئەویش مەسیحی نەبوو؟ ئیدی کابرای مووسڵمان دەردەکات." (ئەحمەد، ٢٠٢١/ ب، ٤٣).

مەلای گەورە، مەلایەکی جیاواز و ڕوانگە و هزر باڵا بووە، لە چاو تاکەکانی سەردەمی خۆی، ئەمەش کاریگەری زۆری بە سەر منداڵەکانی و دەوروبەرییەوە هەبووە. لەو سەردەمدا، خەڵک کوڕیان نەدەنارده بەر خوێندن، بەڵام مەلای گەورە، بە پێچەوانەوە نەجیبە(٢)ی کچی لە ساڵی ١٩٢٤ ناردە قوتابخانە و لەگەڵ کوڕاندا خوێندوویەتی، ئەمەش بە ڕیفۆرم و چاکسازییەکی گرنگی کولتوری و فەرهەنگی ناوبراو ئەژمار دەکرێ، چونکە لەو سەردەمەدا پرسی ناردنی منداڵان بە تایبەتی کوڕ بۆ قوتابخانە، لە لایەن بەشێک لە مەلاکانەوە پەسند و ڕەوا نەبووە، بۆ کچانیش بە هیچ شێوەیەک ڕێگە پێدراو نەبووە (ئەحمەد، ٢٠٢١/ أ، ٨٦). دیارە مەلای گەورە بە تاکە کەس دادەنرێت لە کوردستانی عێراق کە لەو سەردەمەدا کچی خۆی ناردووەتە بەر خوێندن تا لەگەڵ کوڕاندا بخوێنێت، بێ گوێدانە تانە و توانجی خەڵکی نەزان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دواتر خەڵکی دیکەش کچی خۆیان بنێرنە بەر خوێندن.

نەجیبە بە یەکەمین کچ دادەنرێ کە لەگەڵ کوڕاندا لە قوتابخانە خوێندوویەتی و بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام بووە، ئەمەش بووە ڕچە شکێن و دواتر خەڵکانی دیکە منداڵەکانیان ناردە بەرخوێندن. ئەگەرچی لەوسەردەمدا زۆربەی خەڵک جەختیان لە خوێندنی  حوجرە دەکردەوە (ئەحمەد، ٢٠٢١/ أ، ٨٧)، بە هۆی چوونی نەجیبە بۆ قوتابخانە، قوتابخانەکە بووەتە یەکەمین قوتابخانەی تێکەڵاو، واتە کوڕان و کچان بە یەکەوە خوێندوویانە لە هەرێمی کوردستان (کانی کوردەیی، ٢٠٢١، ٢٠).

دیارە مەلای گەورە یەکێک بووە لەو زانایانەی کە لە کاتی خۆیدا شۆڕشێکی ڕۆشنبیری بۆ ژنان بەرپا کردووە، ئەمەش بە هۆی ناردنی نەجیبەی کچی بووە، بێ ئەوەی گوێ بداتە لۆمەی لۆمەکاران، هەرچەندە کە ئەوکات هەرایەکی زۆری لە ناوچەی کۆیە لێ کەوتەوە، پێیان سەیر بوو کە زانایەکی ئاوا گەورە کچەکەی بنێرێتە قوتابخانەی کوڕانی کۆیە، دیارە ڕێزی ژن لای مەلای گەورە پێگەیەکی تایبەتی هەبووە، بەردەوام هەوڵیداوە ژن بێتە ناو کایەکانی کۆمەڵگە (عەبدوڵلا، ٢٠٢١، ٧٥).

هەر ئەمەش بووەتە هۆکار کە نەجیبە بووە یەکێک لەکەسایەتییە دیارەکانی کۆیە و لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە تێکەڵ بە خەباتی سیاسی کوردی بووە و لایەنگر و هاوکاری پارتی هیوا بووە، لە دواتردا و لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە بە ئەندام لەو پارتە، هەروەها لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ١١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٢دا ڕۆڵی گرنگی بینیوە، بە نهێنی سەرۆکی لقی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە لە شاری کۆیە، لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ بە شێوەیەکی ئاشکرا بە سەرۆکی یەکێتی ئافرەتی کوردستان لقی کۆیە هەڵبژێردراوە و لە زۆربەی بۆنە و ئاهەنگە نیشتمانییەکان وتاری داوە (سەنگەسەری، ٢٠١٣، ١٠).

نەجیبە خان وەك ئافرەتێکی دیار و بەرچاو ڕۆڵی کارای خۆی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بینیوە و خاوەنی چەندین کتێبە، لەوانە: مێژووی شاری کۆیە و مێژووی جەلیزادە.

## باسی دووەم: هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە

شیعرەکانی مەلای گەورە بە زمانێکی سادە نووسراوە، بە شێوەیەك کاتێک شیعری مەلای گەورە دەخوێنێتەوە بە ئاسانی لێی تێدەگەیت، واتە شیعرەکانی بۆ چینی گشتی بووە، لەو ڕێگەیەوە ویستوویەتی خەڵکەکە هۆشیار بکاتەوە، بۆیە بە زمانێکی زۆر سادە سەرکۆنەی تاکەکانی میللەتی خۆی دەکات و ڕێگای ڕاستییان نیشان دەدات (بابانزادە، ٢٠٢١، ٤١)

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ گۆڤاری نیشتمان، کە لە مێژووی خۆیدا سێ کتێبی چاپ کرد، یەکێک لەو سێ کتێبەی چاپیان کرد، (دیاری مەلا محەممەدی کۆیی) بوو، کە شیعرەکانی لەوێ چاپ کراوە، واتە یەکەمین کتێبی چاپکراوی مەلای گەورە لە چاپ کراوەکانی گۆڤاری نیشتمانی سەر بە کۆمەڵەی ژێکاف بووە (بابانزادە، ٢٠٢١، ٤٤). هاوکات عبدالخالق علاء الدین لە کتێبی مەلای گەورە، زانا و ئەدیب و شاعیر، دیوانە شیعرییەکەی مەلای گەورەی خستۆتەوە بەردەستی خوێنەران.

مەلای گەورە، جگە لە نووسین و بەرهەمەکانی لەبواری کۆمەڵایەتی و زانستی ئایینی، لە بواری شیعریشدا دەستێکی باڵای هەبووە و گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و جێگای بایەخە، چونکە بەشێک لەو هەست و هەڵوێستانەی کە نەیتوانیوە لەڕێگەی نووسینەوە بیخاتە ڕوو، بە شێوەی شیعر دەری بڕیووە.

مەلا محەممەد کوردپەروەر و نیشتمان دۆست بووە، بەردەوام لە خەمی میللەتەکەیدا بووە و ئاواتی یەکبوونی بۆ گەلی کورد خواستووە و هانی داون بۆ ئەوەی یەکبگرن و پاڵپشتی یەکدی بن، بۆ ئەوەی بەرهەمیان هەبێ، لە شیعرێکدا بەم شێوەیە دەڵێ:

ئەگەر عیزت دەوێ، هەستی بە هیممەت

بە فیکر و سەبر و تەدبیر و کیاسەت

ئەبێ میللەت هەموو یەک بن لەگەڵ یەک

لە ئەربابی قەڵەم تا خاوەنی چەک (کۆیی، ٢٠٠٩، ٦٨).

مەلای گەورە، لە شیعرێکی دیکەدا هاوخەمی خۆی بۆ کوردان دەردەبڕێ و دەڵێ:

چ بکەم؟ چ بڵێم لە تاوی کوردان؟

ئاگر دەگرێ دڵم لە دەردان

چارەی چییە؟ خوایە تۆ دەزانی

خۆت عالیمی زاهیر و نیهانی (کۆیی، ٢٠٠٩، ٧٨).

مەلای گەورە، ئەوەی لە دەستی هاتووە بۆ کورد کردوویەتی، ئەگەرنا کوڵی دڵی خۆی بە شیعر ڕشتووە، لە شیعرێکدا کە بێ ئومێدی و دڵتەنگی نیشان دەدات و دەڵێ:

من یەخەی خۆم لە بۆیە دائەدڕم

ئێوە نابن بەهیچ و من دەمرم

دەبێ من کەیفی چیم بە دنیا بێ

قەومی من وا ڕەزیل و ڕیسوا بێ (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٠١).

هاوکات، لە شیعرێکی دیکەدا، دڵتەنگی و خەمباری بە مەلای گەورەوە دیارە، بە هۆی نەخوێندەواری و نارۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگە، کە بەم شێوەیە دەڵێ:

هەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەناڵم

عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم

بە زۆری جاهل و نەخوێندەوارن


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە لای نەوعێ بەشەرێ قەدر و خوارن (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٠٥).

هەروەها مەلای گەورە، لە شیعرێکدا، نارەزایەتی بەرانبەر بە هاتنی ولاتانی ئەوروپی بۆ کوردستان دەردەبرێ و داوا لە خەڵکی دەکا، کە هەڵوێستی هەبێ، بەم شێوەیە دەڵێ:

ئـەم خاکە دایکی تۆیە کەوتە دەستی ئەجنەبی

ئەی کوردی ساحیب غیرەت تۆ چلۆن رازی دەبی

بۆخۆت ئەوا دەبینی دوژمن ئەرزت دەکێڵێ

پاش چەند ساڵێکی دی هیچت بەدەست ناهێڵێ (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٣٨).

مەلای گەورە لە رێگەی شیعریشەوە هەوڵیداوە خەڵکی لە فێڵ و پیلانی شێخەکانی کوردستان هۆشیار بکاتەوە، بۆ نموونە لە شیعرێکدا دەڵێت:

هـەتا شێخی لە کوردستان بمێنێ

ئومێدی زیندەگانیت پێ نـەمێنێ

تەریقی قـادری و نەقشبەندی

بەبای دا رەونەق و ئاهەنگی کوردی (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٠٧).

هەروەها، لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:

شێخی ئەهلی سوننە و جەماعەت

بە هەموو فێڵ و تەدبیر و کیاسەت

هەر وەکوو پاپا بەهەشت دەفرۆشی

وەی قورت بەسەر گەلێ بێ هۆشی (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٤٨).

هاوکات مەلای گەورە لە شیعرێکی دیکە سەبارەت بە شێخ دەڵێت:

بەسیە بۆ خاتری خـوا بەسیە

تابەکەی بەزمی خانەقا و تەکیە

شێخە فەندی ئیتر بترسی لە خوا

میللەتی قورِ بەسەر چ حاڵ نەما (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٥٨).

لە لایەکی دیکەوە مەلای گەورە دەڵێت:

ئەڵێن باران بە ئەمری شێخ ئەباری

بە ئەمری (کن فکان) وەک ئەمری باری

خۆلاسە کاففەیی زەراتی عالەم

چ ئەفلاک و چ ئەملاک و چ ئەنجەم

بەئەمری حەزرەتی شێخە دەوامی

حەیات و مەوت و تەرتیب و نیزامی

مەلا گەر بێ و بڵێ نابێ وەها بی

دەڵێن ئەو فاسقە بۆتە وەهابی

وەهابیشیان بەجۆرێ کردووە تەڵقین

وەهابی یەعنی بێ ئیمان و بێ دین

مەلای گەورە لەم دێڕە شیعرانەدا زۆر بە ڕاشکاوی باس لە بیری دواکەوتووی دەروێشیزمی بە ئایینکراوی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە لە لایەن دەروێشەوە چەندە زیادەڕەوی کراوە لە گەورەکردنی شێخانی تەریقەتە سۆفیگەرییەکاندا، هەتا ڕادەیەک کە باران باراین و ژیان و مردن دراوەتە پاڵ دەسەڵاتی شێخەوە، مەلای گەورە کاتێک ویستوویەتی ئەو بیرە دواکەوتووە هەڵەیە ڕاست بکاتەوە بە تۆمەتی بێبنەمای وەهابیبوون تۆمەتباری دەکەن، بیری دواکەتوو توانای گفتوگۆی زانستی نییە و هەر کاتێک کەسێک ڕاستبووە و داوای ڕاستکردنەوەی لێکرد بە تۆمەتی بێبنەما تۆمەتباری دەکەن، ئەم دەردە دڵیەی مەلای گەورە لەم دێڕە شیعرانەدا دەری دەبڕێت، پیشاندانی ئاستی دواکەوتووی تاکی ئایینداری کوردی ئەو سەردەمەیە، لە هەمان کاتدا بەربەستی گەورەی بەردەم پرۆژە چاکسازییەکەی مەلای گەورەیە جگە لەم شیعرانە، لە چەند شوێن و شیعری دیکەدا هەیە و سەبارەت بە شێخەکان قسە دەکات، ئەمەش گوزارشتە لە زۆر بوونی شێخ و تا ڕادەیەک باڵادەستییان بەسەر کۆمەڵگەدا (ساڵح، ژ ٣٨، ٢٠١٧، ٧٤- ٧٥).

هەر وەك باسمان کرد مەلای گەورە یەکێک بووە لەو مەلایانەی کە داکۆکی لە مافی ئافرەتان کردووە و زۆر گرنگی بە یەکسانی نێوان نێر و مێ داوە، لە تەفسیرەکەشیدا زۆر باسی ئافرەتی کردووە، هاوکات لە ڕێگەی شعرەکانییەوە زیاتر جەختی لە سەر کردۆتەوە و بە شێوەیەک باسی کردووە، کە ئەوانیش مرۆڤن و خاوەن مافن لە ژیان و خوێندن و هەموو لایەنەکانی ژیان، یەکسانن لەگەڵ پیاوان و دەتوانن ئەرکی گەورە جێبەجێ بکەن. مەلای گەورە لە شیعرێکیدا دەڵێ:

بڵێن بە قەومی کوردان

دەستی من و دامێنیان

عەیبە بە هەق یەزدان

ژن هێنـان و تەڵاق دان (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١٤٤).

هەروەها لە درێژەی شیعرەکەیدا دەڵێت:

ژن زینـەتی دنیـایە

ئەمانەتی خـــودایە

حـەبیی موستەفایە

قـەڵاتن لە بۆ مێردان

دیارە مەلای گەورە زۆر پاڵپشتی لە ئافرەتان کردووە، هەوڵیداوە خەڵکی هۆشیار بکاتەوە، کە ئافرەتیش وەک پیاو مرۆڤە و مافی ژیان و بڕیاردانی هەیە، ناکرێ بە شێوەیەکی جیاواز لەگەڵ پیاوان سەیریان بکرێ. لەم شیعرەدا مەلای گەورە بە شێوەی پاڕانەوە دەدوێ و دەیەوێ بە هەر شێوەیەک بێ، خەڵکی گشتی ئەو بیرۆکە ناپەسەندەی بەرانبەر بە ژن هەیانە بیگۆڕن و وەکوو مرۆڤ لە ژن بڕوانن و جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا نەکەن. تەنانەت لەسەردەمی مەلای گەورە، ئافرەتان ڕێگایان پێدرا کە لەگەڵ هاوژین و برا و پیاوانیان لەسەر یەک سفرە نان بخۆن (محەممەد، فارووق، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٦/١١، هەولێر؛ خانەقا، نەجلە شێخ ڕەئووف، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٩/٢٥، هەولێر).

لە لایەکی دیکەوە مەلای گەورە سەبارەت بە گرنگی و پێویستی خوێندن و خوێندەواری لە شعرێکدا دەڵێ:

عیلمی تەبیعەت عیلمی خودایە

(قال) و (قول) گشتی هەبایە

عیلمی کیمیات گەر نەخوێندووە

بەخوا نازانی خوا چی کردووە (علاءالدین، ٢٠٠٩، ١١٤).

بە شێوەیەکی گشتی، شیعرەکانی مەلای گەورە پەیام و ڕۆشنبیری بۆ کوردان تێدایە، لەو شیعرانەی کە بە نموونە هێنراوەتنەوە، میانڕەوی

و یەکسانی مەلای گەورە نیشان دەدات، لەبەرانبەر ئافرەتان، هاوکات خەمخۆری و دڵتەنگی خۆی بەرانبەر بە کوردان نیشان دەدات و بەردەوام لەخەمی ئەوەدایە کە کورد هۆشیار بێت و یەک بگرێ و ئایندەیەکی رووناک و پرشنگداری هەبێ، ئامۆژگارییان دەکات، بایەخ بە خوێندن بدەن تا هەست بە رووداوەکان بکەن، لێکدانەوەی بابەتییانەیان بۆ هەلومەرجەکە هەبێت و لە قازانجی نەتەوەی کورد دەرفەتەکان بقۆزنەوە و لە کاتی پێویستیدا بەکاری بهێنن، دواجار کورد ببێتە یەکێک لە میللەتە سەرکەوتووەکانی جیهان.

## ئەنجام

١.بنەماڵەی جەلیزادە، رۆڵی گەورە و فراوانیان لە زۆربەی بوارەکانی ژیان هەبووە، بەتایبەتی لە هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی.

٢.مەلای گەورە، زۆربەی نووسین و بەرهەمەکانی لە پێناو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەی کوردی لە گشت ڕووەکەوە بووە.

٣.مەلا محەممەدی جەلیزادە کەسێکی بیرفراوان و دووربین بووە، خوێندن و زانستی بە هۆکاری سەرەکی پێشکەوتن داناوە، بۆیە نەجیبەی کچی لەگەڵ کوڕان ناردووەتە قوتابخانە.

٤.مەلای محەممەدی کۆیە، بە هەموو شێوەیەك دژی شێخ و دەروێشەکانی کۆمەڵگە وەستاوەتەوە و خەڵکی لە ئەفسانە و خورافیات ئاگادار کردووەتەوە.

٥.شیعرەکانی مەلای گەورە فرە ڕەهەندە و بە زمانێکی سادە نووسراوە، ئامانجی ئەوە بوو خەڵك لەو زمانە سادەیە تێبگات و ڕۆڵی بەرچاوی لە هۆشیاری کۆمەڵگەدا هەبێت.

## پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان

### پەراوێزەکان

(١) یەکەم قوتابخانە بە ناوی ئولای یەکەم، ساڵی (١٩٢٠)لە شاری کۆیە کرایەوە، ئەو قوتابخانەیە تایبەت بوو بە خوێندنی کوڕان و تاکوو ئێستا خوێندن تێیدا بەردەوامە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مام هەژار، ٢٠١٣، ١٤).

(٢) نەجیبە کچی مەلا محەممەدی کوری مەلا عەبدوڵلای کوری مەلا ئەسعەدی کوری مەلا عەبدولرەحمانی کوری مەلا عەبدوڵلای کوری مەلا محەممەدی کوری مەلا ئیبراهیمە، دایکی نێوی حەبیبە کچی شێخ ڕەزای کوڕی شێخ قادری سندۆلانە، لە هەشتی ئابی ساڵی ١٩١٧ لە گەڕەکی بایزاغا لە شاری کۆیە لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٢٤دا، لەلایەن مەلای گەورەی باوکی خراوەتە بەرخوێندن و دەستی کردووە بە خوێندن و لە قوتابخانەی (کۆیسنجاق ئولا) لەگەڵ کوڕان چۆتە خوێندن و تاکوو پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووە، بەیەکەم ئافرەتیش دادەنرێ کە بۆیەکەمجار لەگەڵ کوڕان لە قوتابخانە خوێندوویەتی. ناوبراو لە شەوی ١١/١٢ی حوزەیرانی ١٩٩٩ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی دەروێش خرد لە کۆیە بە خاك دەسپێردرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (شارەزا، ٢٠١٤، ٨٣).

## سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێبەکان:**

**أ- کتێبە کوردییەکان:**


ئەحمەد، زامدار، (٢٠٢١/ أ): ژنە هەڵکەوتووەکانی کورد، بڵاوکراوەی سارا، سلێمانی.

ئەحمەد، زامدار، (٢٠٢١/ ب): سێوە و دڵدار لە چەند دیدارێکدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

بابانزادە، کامەران، (٢٠٢١): مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد لە چەند دیدارێکدا، ئامادە کردنی: زامدار ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

جەلی زادە، نەجیبەخانی، (٢٠١١): مێژووی جەلی زادە، لە بڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوە و پەخشی كۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

ساڵح، ئاراس محەممەد (دكتۆر)، (٢٠٢١): مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد لە چەند دیدارێكدا، ئامادە كردنی: زامدار ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

شارەزا، كەریم، (٢٠١٤): ئافرەتی ڕووناكبیری هۆشیاری كورد نەجیبەخانی جەلی زادە، (قامووسی ناوە نەمرەكان)، ئامادەكردنی: مومتاز حەیدەری، ب١، هەولێر.

صلیوە، هاوژین، (٢٠١٣): مێژووی هەرمۆتە، چاپخانەی زانا، سلێمانی.

عبدالحمید، ئاراس عەبدولخالق (دادوەر)، (٢٠١٥): ئەرشیفی سجلە كۆنەكانی دادگای سەرەتایی كۆیە (١٨٩٤- ١٩٤٠)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

علاءالدین، عەبدولخاڵق، (٢٠٠٩): مەلای گەورە زانا و ئەدیب و شاعیر، چاپخانەی منارە، هەولێر.

علاءالدین، عەبدولخاڵق، (٢٠١٤): كۆیە... ناودارانی، دەزگای گۆڤار بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر.

عەبدوڵلا، هاوكار، (٢٠٢١): مەلای گەورە و مەسعوود محەممەد لە چەند دیدارێكدا، ئامادە كردنی: زامدار ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

كۆیی، مەلای موحەممەدی جەلی (مەلای گەورە)، (٢٠٠٩): فرێ فرێ قەل فرێ، بڵاوكراوەی پرۆژەی تیشك، هەولێر.

گورژی، مەلا حوسێنی، (٢٠٠٩): كوڵی دڵی مەلای گەورەی كۆیی، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوكردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر.

مام هەژار، (٢٠١٣): چەپكێ حاجیلەی دەشتی هاموون، لە بڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوە و پەخشی كۆیە، كۆیە.

مودەڕیس، مەلا عەبدولكەریمی، (٢٠١٠): بنەماڵەی زانیاران، بڵاوكراوەی كتێبی كانی، سنە.

**ب- كتێبە عەرەبییەكان:**

الجوم حیدري، جواد فقي رسول، (٢٠٠٦): محمد بن عبدالله الجلي وجهودة العلمیة، مكتب التفسیر، اربیل.

حاجی، مغدید، (٢٠٠٨): الملا محمد الكویي (مەلای گەورە)، مطبعە وزارة الثقافیة، طبعة ٢، اربیل.

**دووەم: نامەی زانكۆیی:**

كانی كوردەیی، هەورین عەلی، (٢٠٢١): ڕۆڵی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ژنانی كۆیە (١٩٥٨- ١٩٩١)، توێژینەوەیەكی مێژوویی- زارەكییە، ماستەرنامەیەكی بڵاونەكراوەیە و پێشكەشی بەشی مێژوو- فاكەڵتی پەروەردە كراوە.

**سێیەم: گۆڤارە زانستی و ئەكادیمییەكان:**

تەیب و شێخ بزێنی، جەمال فەتحوڵلا و قارەمان نادر، (٢٠١٤): مەسیحییەكانی كۆیە (١٩٥٨- ١٩٩١) توێژینەوەیەكی مێژوویی سیاسییە، گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژمارە ٣٣.

ڕەسووڵ نەژاد، عەبدوڵلا، (٢٠١٨): ڕۆڵی مەلای گەورە لە پەروەردە و گۆڕانكاری كۆمەڵایەتییدا، گۆڤاری قەڵای زانست، موجەلەد ٣، ژمارە ٤.

ساڵح، ئاراس محەممەد (دكتۆر) (٢٠١٧): هەوڵەكانی مەلای گەورەی كۆیە لە چاكسازی و نوێكردنەوەی بیری ئایینیدا، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژمارە ٣٧.

صالح، ئاراس محمد (دكتۆر)، (٢٠١٩): بزاڤی خوێندن و زانستی شاری كۆیە لە سەدەی نۆزدەدا، كۆنفرانسی كۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا،

چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ناودارانی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

**چوارەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

ئەحمەد، زامدار، (٢٠١٦): مەلای گەورە و هەوڵە ڕیفۆرمخوازییەکانی، گۆڤاری خاڵ، گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە، ژمارە ٧، تشرینی یەکەم.

ڕۆڤار، (٢٠١٢): مەلای گەورە رووناکبیرێکی پێشکەوتووخواز، ژمارە ٧١، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ساڵح، ئاراس محەممەد (دکتۆر)، (٢٠١٦): شاری کۆیە مەڵبەندی ڕێنیسانسی کوردستان، سێبەر و سایە- دووتوێی هەفتەنامەی کەلتوریی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێیە، ژ ٧١٤٨، سێشەممە، ١٢/٢٠.

عەبدولحەمید، ئاراس عەبدولخالق، (٢٠٠٨): حاکمی کوردستان و ئەرشیڤی دادگای کۆیە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٣٣، ٦/٥.

**پێنجەم: چاوپێکەوتنەکان:**

خانەقا، نەجلە شێخ ڕەئووف، چاوپێکەوتن، خێزانی مەسعوود محەممەد، ٢٠٢٢/٩/٢٥، هەولێر.

محەممەد، فارووق، چاوپێکەوتن، کوڕی مەلای گەورە، ٢٠٢٢/٦/١١، هەولێر.

# کاتی گێڕانەوە لە ڕۆمانی "هوتێل ئەوروپا"ی "فەرهاد پیرباڵ"دا لە ڕوانگەی (جیرارد جینێت)

# الزمن السردی في رواية (فندق أوروبا) لفرهاد بيربال، رؤية (جرارد جنيت) .

# “Narrative time in “Farhad Pirbal’s” novel “Europe Hotel from the Gérard Genette’s perspective

ڕەنجدەر ازاد عزیز[١]

[١] بەشی ژمێریاری،فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان وکۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، شاری کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: ranjdar.azad@koyauniversity.org

**پوختە**

گێڕانەوەسازی وەك زانستێك، کە شێوە و بنیاتی دەقی گێڕانەوە شیکاردەکات و لێیدەکۆڵێتەوە. "جیرارد جینێت" فەرەنسی، وەك ڕەخنەگر و تیۆرزانی ئەم بوارە، پێیوایە نوسەران بۆ گێڕانەوەی حیکایەت دەتوانن لە سێ ڕووەوە گۆڕانکاری بەدی بهێنن، کە ئەمانیش: "سستەمی ڕێکخستن"، "ماوە"، "دوبارەبوونەوە"ن. مەبەست لە ڕێکخستن، زنجیرەی بەدوایەکداهاتنی ڕووداوەکانی حیکایەتە کە دەشێ لەئاستی گێڕانەوەدا تێکبشکێنرێن. مەبەست لە ماوە، بڕی ماوەی کاتی ڕودانی ڕوداوێکە لە ئاستی حیکایەت و بڕی ئەو ماوەیەی کە لەئاستی گێڕانەوەدا هەیە، کە دەشێ یەکسان، یاخود زیاد یا کەمتربێت. هەرچی دوبارەبوونەوەیە، واتا دوبارەبوونەوەی ڕوداوە لەئاستی حیکایەت و چەند جارەی دوبارەبوونەوەی هەمان ڕوداو لەئاستی گێڕانەوەدا، یاخود بەپێچەوانەوە. توێژینەوەی بەردەست بەپشت بەستن بە میتۆدی "وەسفی شیکاری" هەوڵدەدات بنەما و پێوەری تیۆرەکەی "جیرارد جینێت" لەسەر ڕۆمانی "هوتێل ئەوروپا"دا پراکتیزە بکات. لەبەرئەوەی ڕەوتی کات و دەرهاویشتەکان لە نێو گێڕانەوەکانی ئەم ڕۆمانەدا نموونەیەکی زیندوون تا بەپێی پێوەرەکانی ئەم تیۆرە لێیان بکۆڵرێتەوە. توێژینەوەکە بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە، لەبەشی یەکەمدا: هەوڵدراوە لەبارەی گێڕانەوەسازی و کاتی گێڕانەوە و تیۆرەکەوە بدوێ. بەشی دووەمیشدا تەواوی تیۆرەکە بەسەر دەقی ڕۆمانەکەدا پراکتیزە کراوە.

**وشە کلیلیەکان:**(گێڕانەوەسازی، کاتی گێڕانەوە، جیرار جینێت، ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، فەرهادپیربال)


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10494 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/١/٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٢/٢٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | ranjdar.azad@koyauniversity.org |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ م.ڕەنجدەر ازاد عزیز، گەیشتن، بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## الملخص

إن السرديات كعلم يقوم بدراسة و تحليل البنى النصية وأساليبها ،وعند جرار جنيت فان الكاتب لكي يقوم بسرد الحكايات عليه أن يقوم بثلاث مهام رئيسة ،وهي " التنظيم" و"الوقت" و"الإعادة" ، ويقصد بالتنظيم تسلسل تعاقب أحداث الحكاية وليس شرطا ان تكون هذه الأحداث متسلسلا منطقيا ، ويقصد بالوقت حجم وقت الأحداث على مستوى الحكاية وحجم وقت مستوى السرد ،أما الإعادة فيقصد بها اعادة الحدث على مستوى الحكاية وعدد اعادة نفس الحدث على مستوى السرد أو بالعكس . هذا البحث استعان بالمنهج التحليلي الوصفي ويحاول تطبيق طريقة ومنهج "جرارجنيت" على رواية "فندق أوروبا" ،لأن عنصر الزمن وتمخضاته في سرد هذه الرواية واضحة وجلية . والبحث منقسم على فصلين ، في الفصل الاول تمت دراسة السرد وزمن السرد ومنهج جرار جنيت ، أما في الفصل الثاني فقد تطرق الباحث الى تطبيق هذا المنهج على نصوص الرواية .

**الكلمات المفتاحية :**(السرديات ، زمن السرد ، جيرار جينيت ، رواية هوتيل أوروبا، فرهاد بيربال )

## Abstract

Narrative as a science analyzes and studies the form and structure of narrative texts. French critic and theorist Gérard Genette believes that writers can change the storytelling in three ways: “arrangement system”, “duration”, and “repetition”. Arrangement system refers to the chronology of events in the story that can be broken down at the narrative level. Duration refers to the amount of time that an event takes at the story level and the amount of time at the narrative level, which can be equal, more or less. Repetition means the recurrence of an event at the story level and the repetition of the same event at the narrative level, or vice versa.

This study attempts to apply the principles and criteria of Gérard Genette’s theory by using the "analytical description" method on the novel Europe Hotel because the course of time and the outcomes in the narratives of this novel are typical examples to be examined by the criteria of this theory.

The research has been divided into two sections. In the first section, it attempts to discuss narrative structure, narrative timing and theory. In the second part, the entire theory has been applied to the whole text of the novel.

Keywords: ( Narrative, Narrative time, Gerard Genet, Europe Hotel, Farhad Pirbal)

## پێشەکی:

گێڕانەوەسازیی وەك زانستێكی تازە لە دونیای ئەدەبیدا، گرنگی بە بنیاتی گێڕانەوەی حیکایەت دەدات. لەم ڕوانگەوە كۆمەڵێك تیۆرزان بەبۆچوونەکانیان لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆیان تاوداوە، کە سەرتروٚپکی ئەو هەوڵانەش بۆ دوای بونیادگەری دەگەڕێتەوە لە توێژینەوەکەی "جیرار جینێت"دا، کە چەمکی کات بەرەگەزێکی کاریگەر دەزانێت بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان ئاستی حیکایەت و ئاستی گێڕانەوە؛ بۆ ئەم مەبەستە لەچەند لایەنێکەوە لە پەیوەندی نێوان کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوەی کۆڵیوەتەوە؛ کە ئەوانیش لەڕووی سیستمی ڕێکخستنی ڕوداوەکان و ماوەی ڕوودانیان و دوبارەی بوونەوەیانە لەنێو دەقدا. کەتیایدا بەسەر دەقی ڕۆمانی "هوتێل ئەورووپا"ی نوسەر "فەرهاد پیربال"دا پراکتیزەکراوە.

چوارچێوەی توێژینەوەکە: بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە، بەشی یەکەم تایبەتکراوە بەناساندنی چەمك و پیناسەی گێڕانەوە و گێڕانەوەسازی،لەگەڵ کاتی گێڕانەوە و تیۆرەکەی جێرارد جنێت لە گێڕانەوەسازیدا، هەرچی بەشی دووەمە تەواوی تیۆرەکە بەسەر دەق ڕۆمانەکەدا خراوەتەڕوو.

## ئامانج لەم توێژینەوەیە:

پیشاندان و دەرخستنی تیۆرە تازەکانی گێڕانەوەیە بۆ نوسەران و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە؛ بەتایبەت بۆچوونەکانی "جیرار جینێت" لەگێڕانەوەسازیدا. هەروەها بەپراکتیزەکردنی بەسەر ڕۆمانی کوردیدا دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو کە ڕۆماننوسی کوردیش لەبەکاربردنی ڕەگەزەکانی بنیاتی نووسینی ڕۆماندا بێئاگا نین و شارەزان.

## گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگیەکەی لەوەدایە، لەلایەکەوە بۆچوونەکانی جینێت ئاشنامان دەکات بەوەی، کە بەشیکارییەکی وردتر بپرژێینە سەر توێژینەوە، بەسەر ژانرەکانی گێڕانەوەدا؛ بەتایبەت ژانری ڕۆمان. لەلایەکی دیکەشەوە بۆ نوسەرانی گێڕانەوە هاوکارێکی باشە و ئاشنایان دەکات بە تەکنیکە تازەکان لەنووسینی ڕۆمان.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم میتۆدەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، میتۆدی (وەسفی-شیکاری)یە، کە وەك میتۆدێکی باو لەتوێژینەوە ئەدەبیەکاندا پشتی پێدەبەستری، بەسەر دەق ڕۆمانی "هوتێل ئەوروپا)دا پراکتیزەکراوە. ئەم میتۆدە لەڕێگەی خوێندنەوە و وەسفی ڕۆمانەکەوە دەمانگەیەنێت بەو لایەنانەی کە لەتیۆرەکەی جینیتدا تیشکیان خراوەتەسەر.

## بەشی یەکەم: گێڕانەوە و گێڕانەوەسازی لای جیرارد جنێت:

١-١ گێڕانەوە: لەڕووی زاراوەوە بنچینەکەی لە وشەی (Narration)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە کە بۆ (Narrate) لاتینی دەگەڕێتەوە، لە زمانی یۆنانیش (Gnarus)ی پێدەوگوترێت؛ کە بەواتای زانین، یا ناسین دێت. بەڵام لەدونیای ئەدەبیدا بەواتای "کۆمەڵێك ڕوداو دێت، کە لەڕووی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەوە خاوەنی ڕێکخستن و شێوازێکی تایبەت بەخۆیەتی "(بشری،١٣٩٣: ٨٦). هەرچی زمانی عەرەبییە زاراوەی (روایت)ی بۆ داناوە و زمانی فارسیش هەمان زاراوەی (روایت)یان بۆ ئەم چەمکە داناوە، کە لەزمانی عەرەبییەوە خزاوەتە ناو زمانەکەیانەوە؛ کە بەواتای "گەیاندنی قسە، یا هەواڵێکە لە لایەن کەسێکەوە" (دهخدا،١٣٧٧: ١٢٢٩٧). کوردیش بۆ ئەم چەمکە زاراوەی (گێڕانەوە) داناوە، کە لە"فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە"دا بەواتای "گێڕاندنەوە، گێڕاندنەوەش بەواتای باسکردنی قسەی گوتراو"(مەکریانی،١٣٨٥: ٧٤١). بێگومان ئەم چەمکەش تەنها ژانرەکانی چیرۆك و ڕۆمان ناگرێتەوە، بەڵکو، "بە واتای هەر شتێك دێت کە هەڵبستێ بەگێڕانەوە، یاخود خستنەڕووی حیکایەتێك –کە دەکرێ کتابێکی ئەدەبی، وێنەیەك، ڕۆژنامە یا فیلمێك بێت"(یعقوبی،١٣٩١: ٢٩١)، چونکە هەریەك لەمانە بەشێکی ڕەگەز و بنەماکانی گێڕانەوەیان لەخۆگرتووە، کەخۆیان لەو زانیارییانە دەبیننەوە، کەزادەی بیر و ئەزموونی مرۆڤن جارێکی دیکە بەشێوەیەکی جیاوازتر دادەڕێژرێنەوە.

بۆیە دەگوترێت مرۆڤ وابەستەیە بەو واقیعەی کەتیایدا دەژی و هەموو ئەو خۆشی و ناخۆشییانەی کە سەرچاوەکەی ڕوداوەکانی ژیانیەتی، ئەزموونیان دەکات و دەبن بەبەشێك لە ژیانی و لەیادگەیدا دەمێننەوە؛ لەبەرئەوەی مرۆڤیش لەخودی خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و هەمیشە وێڵە بەدوای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا، بۆیە "لەهەر شوێنێك مرۆڤ هەبێ گێڕانەوەش هەیە. کۆمەڵگەی بێگێڕانەوە بوونی نییە"(اخوت،١٣٧١: ١٠). بەمەش مرۆڤ لە پێناو دروستکردنی ئەم پەیوەندییەدا دوبارە هەموو ڕوداوەکانی ژیانی ڕابردووی دێنێتەوە بەرباس و خواس، بەڵام ئەمجارەیان بە فۆڕم و بەرگێکی تازەترەوە کەپەیوەستە بە لێهاتوویی کەسەکە خۆیەوە کە بە"گێڕەرەوە"

ناودەبرێ. لەم بارەوە "ریمون کنان" دەنووسێت:"بەدیهێنان و ئەفراندنی مرۆڤ لەگەڵ تەواوی ئەو ڕوداوانەشی کە لەژیانیدا ڕوودەدەن جۆرێکی گێڕانەوەیە، چونکە مرۆڤ لەسەرەتای دەسپێکی ژیانییەوە تا گەیشتن بەکۆتاییەکەی، قۆناغ و پلەی جۆراوجۆری بڕیوە و خودی گێڕەرەوەی حیکایەتی ژیانی خۆیەتی"(کنان،١٣٨٧: ١٠) ئەم پرۆسەیەش بە بەردەوامی لەنێوان "حیکایەت" و "گێڕەرەوە" دا دێت و دەچێت. بۆیە هەموو ڕوداوەکان کەلەواقیعدا بە زنجیرە بەدوای یەکدا دێن و دەبن بە حیکایەت و جارێکی دیکە لەلایەن کەسێکەوە کە بەگێڕەرەوە دەناسراوێت، بەبەرگێکی تازەوە کە جیاوازترە لەخودی حیکایەتەکە دەردەکەوێ و دەگێڕدرێتەوە. ئەم گێڕانەوەیەش کارێکی هەروا سانانییە، چونکە "چۆنیەتی گێڕانەوە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لەگۆشەنیگایەکەوە بۆ گۆشەنیگایەکی تر دەگۆڕێت. واتە گێڕانەوە هەر ئەوە نییەکە بەشێوەیەکی ئاسایی و زمانێکی ساکار ڕوداوێك بگێڕیتەوە، بەڵکو پێویستە گێڕەرەوە لەگێڕانەوەدا لێهاتووی بنوێنێت لە تەزنیفکردنی ڕەگەزی چێژ و خەیاڵ"(سەعید،٢٠٠٩: ٢٥). بۆیە دەگوترێ گێڕانەوە دەقێکە کە حیکایەتێك دەخاتەڕوو و گێڕەرەوەیەکی هەیە.

## ١-٢ گێڕانەوەسازی:

هەرچی گێڕانەوەسازییە، کە ئەمەش کار و ڕەوتی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی بواری گێڕانەوەیە، کە بەزمانی ئینگلیزی زاراوەی "Narrataligy" پێدەگوترێ زانستێکی تازەیە و لەبارەی هەموو جۆر و شێوە جیاجیاکانی گێڕانەوە دەکۆڵێتەوە،"بۆ یەکەمین جاریش تۆدۆرۆڤ ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە لەلێکۆڵینەوەیەکدا بەناونیشانی (لێکۆڵینەوە لە حیکایەت) مەبەستی لە بەکارهێنانی ئەم دستەواژەیەش، نەك بە تەنها بۆ لێکۆڵینەوە لە چیرۆك و ڕۆمان بەڵکو مەبەستی لە لێکۆڵینەوە لەهەموو جۆر و ژانرەکانی دیکەی گێڕانەوەی، وەك: ئەفسانە و فیلم و نمایش... بوو"(فاضلی،١٣٨٩: ١٠) لەگەڵ ئەوەشدا بەرلە تۆدۆرۆف بەشێوەیەکی سادە و ساکار ڕەگ و ڕیشەی ئەم بوارە لای یۆنانییە کۆنەکان بەدیدەکرێت، لەم بارەوە "ئەفلاتوون" لە کتێبی "کۆمار"دا لەبارەی گێڕانەوە دەڵێت: "هەموو گێڕانەوەیەك لەدوو بەش پێکدێت: گوتەکان و بەشە جیاوازەکانی نێو گوتەکان"، ئەرستۆش، کەوەك قوتابی ئەو سەیردەکرێ لەم بارەوە گێڕانەوە بە "پەیوەندی نێوان پیشاندانی چارەنووسێك لەڕێگەی گێڕانەوە و دوبارە گێڕانەوەی هەمان چارەنووس لەڕێگەی کەسایەتییەکانەوە، دادەنرێت"(شکری،١٣٩٥: ١١٩).کەواتە گێڕانەوەسازی "بریتییە لەوردبوونەوە لە فەلسەفەی حەقیقەت، پەیوەندی نێوان حیکایەت و گێڕانەوە ڕووندەکاتەوە"(مارتین،١٣٨٩: ١٤٢) دواتر وردە وردە بۆچوون و تیۆرەکان لەم مەیدانەدا دەردەکەون، کە بەسەر سێ قۆناغ و دەستەی جیاوازدا دابەشدەبن، لەوانە ڕۆڵی "فۆرمالیستە ڕووسییەکان" و "بوونیادگەرەکان" و "دوای بۆنیادگەری"یە.

قۆناغی یەکەم/فۆرمالیستە ڕووسییەکان: (١٩١٤-١٩٦٠) کە بەلێکۆڵینەوەکانی "بۆریس تۆماشفسکی" لەبواری گێڕانەوەدا دەستپێدەکات. فۆرمالیستەکان، گێڕانەوە بۆ دوو ئاست دابەشدەکەن، سیوژە "syuzhet" و فبیوڵا "fabula". بەلای ئەوانەوە سوژە خودی مادە خامەکەیە، کەلەبەر دەستی نوسەردایە و فبیولا، گێڕانەوەی ئەم مادە خامەیە(بشیری،١٣٩٣: ٨٧). ئەمەش بەسەرچاوەی جیاوازی نێوان حیکایەت و گێڕانەوە لەلایەن فۆرمالیستەکانەوە دانراوە.

قۆناغی دووەم/بونیادگەرەکان (١٩٦٠-١٩٨٠): کە پێکهاتوون لە "تۆدۆرۆف" و "کلۆبرمن" و " ڕۆلان بارت" ... .تۆدۆرۆف باوەڕی وابوو کە گۆڕانی بارودۆخ یەکێکە لەبنەما بنچینەییەکانی گێڕانەوە؛ چونکە بەگۆڕانی ڕوداوێك، ڕوداوێکی دیکە سەرهەڵدەدات و حیکایەت درێژەدەکێشێ و بەردەوام دەبێت(مکاریك،١٣٨٥: ١٤٩-١٥٠)، هەمان دوو ئاستی سیوزە و فبیولا کە لەلای فۆرمالیستەکان ئاماژەی پێکرا لەلای بۆنیادگەرەکان بەئاستی "حیکایەت" و "گێڕانەوە" ناوبراوە، کە دەڵێن: "حیکایەت خۆی لەکۆمەڵێك ڕوداو دەبینێتەوە کە گێڕەرەوە هەوڵدەدات پێشهاتەکەی بەخوێنەر بگەیەنێت"(بشیری،١٣٩٣:٨٧).

قۆناغی سێیەم/ دوای بونیادگەری دەگرێتەوە، سەردەستەی ئەم قۆناغە "جیرار جنێت"ە. جنێت لەکتێبی "گوتاری گێڕانەوەNarrative Discourse"دا گێڕانەوە بۆسەر سێ ئاستی جیاواز دابەشدەکات، ئەو جیاوازیانەی کە فۆرمالیستە ڕووسەکان لەنێوان حیکایەت و گێڕانەوە دایاننابوو؛ ئەم تیۆرەی جنێت کاملتری دەکات، لەڕێگەی ئەم سێ ئاستەوە، کە ئەمانەن: "حیکایەت Histoire" بە بۆچوونی جنێت

حیکایەت: بریتییە لەهەموو ئەو مادە خامانەی کەهێشتا نەهاتوونەتە سەر زمان، زنجیرە ڕوداوەکان لەوێدا ڕوودەدەن و دەتوانرێت ئەوان لەدەقەکەدا جێبکرێنەوە. "دەقی گێڕانەوە Recit هەر ئەو شتەیە کە لەبەر دەستمانە و بەشێوەیەکی وتراو، یا نووسراو کە گواستنەوەی ڕوداوەکانی لە ئەستۆدایە و پەیوەست نییە بەڕیزبەند و زنجیرەی کاتەوە(گریان،١٣٩١: ٧). هەرچی "گێڕانەوەگەرایی Narration" جنێت ئەم زاراوەیە بە داهێنانی کرداری گێڕانەوە دادەنێت. گێڕانەوەگەرایی "ئاماژە بە چۆنیەتی نووسین و گێڕانەوەی لەناو دەقدا دەکات. پرۆسەی نووسین کە گێڕانەوەگەرایی مەبەست لەوە، چەندین پێکهاتەو ڕێخۆشکەرێکی گێڕانەوەی هەیە، کەگشتیان بۆ بنیادی گێڕانەوە هاوکاری دەکەن"(شهبان،١٣٩٦: ٣٢). لەنێوان ئەم سێ ئاستەی گێڕانەوەدا کە جنێت دایناون، تەنها دەقە کە ڕاستگۆیانە دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەر. خوێنەر لە نێو دڵی دەق حیکایەت (ئامانجی حیکایەت) پەی پێدەبات و گێڕانەوەگەرایی (پرۆسەی داهێنانی حیکایەت)کە زانیارییەکان بەدەست دەهێنێت. لەلایەکی دیکەشەوە دەقی گێڕانەوە لەڕێگەی ئەم دوو ئاستەوە دەناسرێ: ئەگەر دەقی گێڕانەوەکە حیکایەت نەگوازێتەوە، ئیتر گێڕانەوە ڕوونادات و ئەگەر گێڕانەوەش نەچێتە بواری نووسینەوە، ئیتر دەق لەدایك نابێت(کنان،١٣٨٧: ١٢-١٣). جنێت لەکاتی لێکۆڵینەوە بە تایبەت لە ئاستی حیکایەت و گێڕانەوەدا، جەخت لەکات دەکاتەوە وەك ڕەگەزێکی سەرەکی گێڕانەوە سەیری دەکات بۆ جیاکردنەوەی هەردوو ئاستەکە.

## ٣-١ کاتی گێڕانەوە:

لێکۆڵینەوە لەچەمکی کات لەبواری گێڕانەوەسازیدا یەکێکە لە تازەترین ئەو لێکۆڵینەوانەی کە سەرنجی بەشێکی زۆری لێکۆڵەرانی گێڕانەوەسازی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، لەوانە تۆماشفسکی Tomashevski، پۆل ریکۆر Poul Ricoeur، ریمۆن کنان Rimmon Kenan، تیزڤیتان تۆدۆرۆڤ Tezvetan Todorov... . تۆدۆرۆڤ، یەکەمین لێکۆڵەری ئەم بوارەبوو کە جیاوازی لەنێوان کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوەدا کردووە؛ ئەم جیاوازیەش لەنێوان زنجیرەی ڕوداوەکان و زنجیرەی کاتی گێڕانەوەیاندا ئاشکرایە(تازەکند،١٣٩٦: ١٦٦). بەمەش تۆدۆرۆڤ لەڕیزی پێشەوەی هەموو ئەو لێکۆڵەرەوانەوە دێ کە لەم بارەوە دواون. بەڵام لەمەش گرنگتر لێکۆڵینەوەکەی جیرارد جینێت Gerard Genette بە ناونیشانی گوتاری گێڕانەوە Narrative Diecourse کە بەیەکێك لەگرنگترین ئەو هەوڵانە دادەنرێت لەبواری گێڕانەوەدا، تەنانەت بەلای زۆرێك لە ڕەخنەگران و تیۆرزانان ئەم لێکۆڵینەوەی جینێت بە کامڵترین لێکۆڵینەوەی ئەم بوارە سەیردەکرێ. جینێت پێیوایە کە ئاستی گێڕانەوە لەسایەی تێکشکاندنی زنجیرەی کاتەوەیە کە لەئاستی حیکایەت جیادەکرێتەوە. ئەم زنجیرەی کاتە لەگێڕانەوەدا بە دوو جۆر دەردەکەوێت، جۆری یەکەم: کاتی حیکایەت، هەمان کاتی بەردەوامی ژیانی ئادەمیزادە کەبە) کاتی ڕۆژمێری Chronological)یشی پێدەوترێت، کە لێوان لێوە لەڕوداو کە بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەدوای یەکدادێن. کاتی دەرەوەی دەقیشی پێدەگوترێ. جۆری دووەم: کاتی گێڕانەوەیە کە لەبەرامبەر کاتی واقعی دایدەنێت کە بەکاتی گێڕانەوە یاخود (کاتی دەروونی) ناوی دەبات(بهنام فر،١٣٩٣: ١٢٧). "جینێت ئەم کاتە بە(هاوشێوەی کات) دەزانێ. ئەو بەسودوەرگرتن لە بەهرەی زمانناس (دیسۆسێر) کاتی حیکایەت بەکاتی (مەدلول) و کاتی گێڕانەوەش بەکاتی (دال) دادەنێ"(طاهری-پیغمبرزادە،١٣٨٨: ٣٠). جینێت هەر بەوەش ناوەستێ ئەو باوەڕی وایە ئەوەی هۆکاری سەرنجڕاکێشانی دەقێکی گێڕانەوەیە چەند جارەی دوبارەبوونەوەی کاتە بەسەر ڕوداوەکاندا. ئەو حیکایەت بەزنجیرەیەك لە ڕوداو دەزانێ کە لەڕێگەی گێڕەرەوەوە دەگەیەنرێ بە خوێنەر و گێڕانەوەش بەشێکردنەوەی حیکایەت دەزانێ کە بەزمانی دەربڕین، یاخود نووسین بەچنینێکی تایبەت دەڕازێنرێتەوە.... ڕێچکەی ڕاستەقینەی کات تێکدەشکێنێ و لەسیستەمی دوبارەبوونەوەی ڕوداوەکان گۆڕانکاری دێنێتە ئاراوە(بهنام فر،١٣٩٣: ١٢٧).

جینێت لەکتێبی (گوتاری گێڕانەوە)دا بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی و ڕوگەی نێوان ئەم دوو کاتە (حیکایەت-گێڕانەوە) سێ تەکنیك دەخاتە بەرباس. بەشێوەیەکی گشتی ئەو پێی وایە نوسەران بۆ گێڕانەوەی حیکایەت دەتوانن لەسێ ڕووەوە گۆڕانکاری بەدی بێنن. ئەمانیش: ڕێکخستن و ڕێزبەندی، بڕی ماوەی کات، دوبارەبوونەوەی ڕوداوەکان.(Genette,٢١٥,١٩٩٧). ئەم سێ تەکنیکەش لەنێوان هەردوو ئاستی حیکایەت

و گێڕانەوەدا چەکێکە لەدەسەڵاتی نوسەری دەقدایە و بەئارەزووی خۆی یاریyان پێدەکات و تێکیان دەشکێنێ، کە مەبەست لەڕێکخستن و ڕێزبەندی خستنەڕووی زنجیرەی بەردەوامی کاتی ڕوداوەکانە لەحیکایەتدا کە دەشێ لەگێڕانەوەدا هاوکات بن، زۆرجاریش دەشێ دواکەوێت "ڕابردوو" یا پێشکەوێت "داهاتوو". هەرچی بڕی ماوەیە مەبەست لێی ئەوەیە، کە ڕوداوێك لەحیکایەتدا ڕوودەدات بەبەراورد بەو ماوەیەی لە ڕۆمانێکدا دەگێڕدرێتەوە کە زۆرجار نوسەر دەشێ ئەو ڕوداوەی لەساڵێکدا ڕوویداوە لەچەند خوولەکێك یا بەئاماژەکردن بە دەقیقە یا ساڵ ....دەربڕێت، ئەمەش تەکنیکێکە لەدەسەڵاتی نوسەردا لەڕێگەی وشە و زمانەوە ئەنجامی دەدات. بەڵام دوبارەبوونەوە کە مەبەست لێی چەند جارەی دوبارەبوونەوەی ڕوداوەکانە، جینێت ئەم تەکنیکە بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندی و هاوسەنگی نێوان دوبارەبوونەوەی ڕوداوێك لەجیهانی حیکایەت و چەند جارەی دوبارەبوونەوەی لەجیهانی گێڕانەوەدا دادەنێ(علیزاده-فرید،١٣٩٥: ٢٦٠). لێرەدا هەر سێ تەکنیکەکە بەڕوونی دەخەینە ڕوو و لەگەڵ ڕەوتی کارکردنیان بەسەر ڕۆمانی ((هوتێل ئەوروپا))ی ((فەرهاد پیرباڵ))دا.

## بەشی دووەم: کاتی حیکایەت و گێڕانەوە لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا:

٢-١ کات لەڕووی سیستەمی ڕێکخستنەوە: حیکایەت خستنەڕووی کۆمەڵێك ڕوداوە کە پێشتر ڕوویانداوە و پەیوەستن بەزنجیرەی کاتەوە، ناتوانن لەو زنجیرەیە دەربچن؛ بەڵام لەپرۆسەی گێڕانەوەیدا ئەو ڕوداوانە کاتێ دەگێڕدرێنەوە مەرج نییە نوسەر لەگێڕانەوەیدا ئەم یاسای زنجیرەی کاتە پەیرەوبکات. لەم ڕوانگەوە جینێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەم جیاوازییە، لەڕێگەی تەکنیکی ڕێزبەندی و ڕێکخستنەوە "لەپەیوەندی نێوان بەدوایەکداهاتنی ڕوداوەکانی حیکایەت لەگەڵ بەدوایەکداهاتنی گێڕانەوەی ڕوداوەکان لەدەق دەکۆڵێتەوە. ڕیزبەندی ڕوداوەکان لەگێڕانەوەدا دەکرێ لەگەڵ ڕێزبەندی ڕوداوەکان لەحیکایەتدا هاوکاتبن، یانیش دەکرێ لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و پێشبینی بۆ داهاتوو لەڕێڕەوی کات لابدات"(یعقوبی،٢٩٢،١٣٩١). کەواتە مەرج نییە ڕیزبەندی دەرکەوتنی ڕوداوەکانی حیکایەت و ڕوداوەکانی نێودەقی گێڕانەوە لەسەر یەك هێڵی هاوتەریب بن و هەمان ڕیزبەندی بەدوایەکداهتنیان هەبێ. بۆیە جینێت "هەرجۆرە ناهەماهەنگی و لادانێك لەڕیزبەندی و خستنەڕووی گێڕانەوەی ڕوداوەکان لەدەق و ڕیزبەندی دەرکەوتنی ڕوداوەکان لەحیکایەت بە "تێکشکاندنی کات" یاخود تێکدانی کات Anachronies ناودەبات؛ ئەم تێکشکاندنەش گێڕانەوەی پارچەیەك لەدەق کە زووتر یا درەنگتر لەکاتی سروشتی و لۆژیکی بەدوایەکداهاتنی ڕوداوەکانە" (تولان،١٣٨٣: ٥٥-٥٦) ئەمەش لەووەوە سەرچاوەدەگرێت، کە کاتی حیکایەت و دەرکەوتنی ڕوداوەکانی هەمیشە بەرلە گێڕانەوەیانن و بەپێی ئەو زنجیرەی کاتەوە دەچن بەڕێوە کە لەسروشتدا بەزنجیرە ڕوودەدەن؛ بەڵام لە گێڕانەوەیاندا "زۆرجار گێڕەرەوە لەئێستای گێڕانەوەدا دەستپێدەکات و لەجیاتی ئەوەی بەرەوە داهاتوو بڕوات، دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، دواتر بازدەدات بۆ داهاتوو و دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی دەسپێکردنی گێڕانەوە"(سەعید،٢٠٠٩: ٩٦).

دەتوانین بڵێین ژیانی هەمووومان لەخودی خۆیدا حیکایەتێکە، بەڵام هەر یەکەمان بەجۆرێك دەیگێڕینەوە، یەکێك لە منداڵییەوە هەنگاو بە هەنگاو دەستپێدەکات تاکۆتایی و پیربوون بەپێی زنجیرەی کات و بەدوایەکداهاتنی ڕوداوەکانی ژیانی. یەکێ لە گەنجیەوە دەست بەگێڕانەوە دەکات و لەپڕێك دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیی و هەندێك جاریش لهێئستای پیری خۆی دەدوێ. هەر ئەم تێکشکاندنی ڕیزبەندییە لەکات و ڕوداوەکان، کە چێژ و جوانی دەبەخشێ بە پرۆسەی ئەفراندنی ژانری گێڕانەوە.

جینێت پێیوایە تیکشکاندنی کاتیش "لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و پێشبینی لەگێڕانەوەی ئەو ڕوداوانەی کە لەداهاتوودا ڕوودەدەن. تێکدەشکێنرێن"(قاسم زادە،١٣٩٣: ١٥٠) کە لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

### ٢-١-١ گەڕاندنەوە: Analeps

پرۆسەیەیەکی گێڕانەوەیە، کە تیایدا گێڕەرەوە لەڕێڕەوی گێڕانەوەکەیدا دەوەستێت و ڕوداوێك دەگەڕێنێتەوە بۆ ئێستای گێڕانەوە کە پێشتر ڕوویداوە"(سەعید،٢٠٠٩: ٩٧). واتە گەڕانەوەیە بۆ ڕوداوێك کە لەزنجیرەی بەدوای یەکداهاتنی لەحیکایەتدا تێپەڕیوە؛ بەڵام گێڕەرەوە

بەمەبەست جارێکی دیکە دەیگەڕێنێتەوە کاتی ئێستای گێڕانەوە، ئەمەش سێ تەکنیکە لەتەکنیکێکدا:

١-گەڕاندنەوەی دەرەکی: ئەم تەکنیکە بەو واتایە دێت "کە گێڕانەوە بۆ خاڵێکی ناو حیکایەتی بەر لە سەرەتای گێڕانەوە دەگەڕێتەوە"(لوتە،١٣٨٦: ٧٣). واتە گێڕەرەوە بۆ رووداوێك دەگەڕێتەوە کە پێش دەسپێکی رووداوی بنچینەییە؛ لەبەرئەوەی پێویستی وا دەخوازێ چەند هەنگاوێك بگەڕێتەوە دوا بۆ زیاتر روونکردنەوەی و پیشاندانی رووداوەکانی نێو دەقەکەی.

لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا ئەم جۆرەی تەکنیکی گێڕانەوە زۆر بەدیدەکرێت، بەوەی کە نوسەر هەوڵدەدات لەبارەی کەسایەتییەکانی نێو دەقەکەی بدوێ بەمەش زۆرجار ناچاردەبێت بگەڕێتەوە بۆ بەر لەدەسپێکی ڕۆمانەکە، بۆنمونە لەو کاتەیدا کەلەبارەی بێکەسی میسیۆ لووسیانای جوولەکەوە دەدوێ، کە چۆن کەس و کارەکەی لەجەنگی جیهانی دووەمدا لەدەست داوە و تەنها خۆی و دایکی ماونەتەوە، بۆ روونکردنەوەی دۆخی ئەم کەسایەتییەی نێو ڕۆمانەکەی ناچاردەبێت بگەڕێتەوە بۆ بەرلە دەسپێکی رووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی، بەمەش کاتی ڕۆمانەکە ساڵانی هەشتاکانە، کەهێشتا جەنگی نەگریسی عێراق و ئێران تەواو نەبووە؛ بەڵام نوسەر پەنجا ساڵێك دەگەڕێتەوە بەرلە دەسپێك.))مسیۆ لووسیانا، تەنیا خۆی و دایکی لە ناو بنەماڵە جوولەکە بە ئەسڵ پورتوگالییەکەیاندا مابوونەوە. دوو مامی و خاڵێکی، هەروەها برایەك و خوشکێکی لەخۆ گەورەتریشی.. هەموویان..لە ئاخرین ساڵی شەڕی جیهانیی دووەمدا، بە دەستی نازییەکان-بە تاوانی جوولەکەبوونیان-قەتڵوعام و بێ سەروشوێن کرابوون. باوکی لووسیانا تەمەنی پەنجا ساڵ دەبێ، دایکیشی چل ساڵ، کاتێ لووسیانای تاقانە کوڕیان لەدایك دەبێ.((پیربال،٢٠١٠: ٩٦)

یانیش نوسەر باسی ئەو کاتەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەگەشتێك لەفەرەنساوە دەچێت بۆ ئیتالیا، لە ڤینیز کەل و پەل و پارەکانی لێدەدزن و دەڕوات بۆ بنکەی پۆلیس لەوێدا کەسێك بەهانایەوە دێت، کە لەخانەدانانی بنەماڵەی فیراریبوو لە ئیتالیا کە لەکاتی خۆیدا بەئەرکێك هاتۆتە کوردستان ماوەیەك لەشاری دهۆك سەرقاڵی کاری ئەندازیاری بووە، بەمەش نوسەر بەگێڕانەوەی ئەم رووداوە لەسەر زاری ئەندازیارە ئیتاڵییەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەرلە دەسپێکی رووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە: ((-کاتی خۆی، لە سەرەتای ساڵانی حەفتا، من ئەندازیار بووم، هاتمە کوردستان، لە ناوچەکانی دهۆك پرۆژەیەکی ئەندازیاریمان هەبوو. نۆ مانگ لە کوردستان، لە ناوچەکانی دەوروبەری دهۆك کارم کردووە.)) (ل٤٤)

ئەم تەکنیکەش جۆرێکە لە جۆرەکانی گەڕانەوە کە جینێت لەلێکۆڵینەوەکەیدا بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی حیکایەت ئاماژەی پێداوە.

٢-گەڕاندنەوەی ناوەکی: ئەمەیان لەگەڵ گەڕانەوەی دەرەکیدا لەمەدا جیاوازە کە "دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی پەیوەست بە سەرەتای ڕۆمانەکە و کەچی باسکردنی لەدەقەکەدا دواکەوتووە" (سەعید،٢٠٠٩: ٩٧). واتە نوسەر زۆرجار لەنێو ڕۆمانەکەیدا رووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەبوو پێشتر باسی بکردایە؛ کەچی بەسەریدا تێدەپەڕێت و لەهەنگاوەکانی دواتردا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی ئەم رووداوەی کە پێشتر بەسەریدا تێپەڕیوە.

لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا نوسەر زەمەنێکی دیاری کراومان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەئەوروپادا پەناهەندەبووە و لەوێدا چەند کەسێکی ناسیوە و لە بارەی ژیانی خۆی و ئەوانەوە دەدوێ، لەگێڕانەوەدا دەسپێکێکی هەیە، کە پەیوەستە بەسەرەتاکانی ژیانی لە فەرەنسا کە محەمەدی حاجی زادەی ناسیوە و دواتر ماوەیەکی زۆر بەسەر گێڕانەوەی رووداوەکان تێدەپەڕێت لەناکاو وادەخوازێت بۆ دووساڵ پێشتر بگەڕێتەوە، کە بەشێکە لەو زەمەنەی کە رووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی لەخۆگرتووە. کاتێك باسی گەشتەکەی خۆی دەکات بۆ ڤینیز، تیایدا لەڕێگەی دەستەواژەی کاتەوە (هاوینی ساڵی پێرارببوو) ئاماژە بەو رووداوە دەکات کە بەشێکە لە دەسپێکی رووداوەکان کەچی بەسەریدا بازدەدات و جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رووداوەی کە دەبوو پێشتر باسکرابا. ((هاوینی ساڵی پێراربوو، جانتایەکم بە شانی خۆمدا دا و لە پاریسەوە بەسواری شەمەندەفەر چووم بۆ ڤینیز. لەناو شەمەندەفەرخانەی ڤینیز، سپێدەیەکی تاریك و روون بوو کاتێ گەیشتم...))(ل٣٩) یاخود لەو کاتەیدا کە لەگەڵ محەمەدی حاجی زادە و مورتەزا و فەرحنازدا لەبارەی دۆخی نالەباری ئێران و عێراق دەدوێن، فەرهاد کە خۆی هەم نوسەر و


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

هەمیش وێنای کەسایەتییەکی نێو ڕۆمانەکەیە، بە گێڕانەوەی ڕوداوێکی دوای دەسپێکی ڕۆمانەکە جۆرێك لە گەڕانەوەی ناوەکی دێنێتەوە بەر باس، کاتێ دەڵێت: ((- من ڕۆژێك لە مەجلیسێکی فەرەنسیدا دانیشتبووم، لەناو ئەواندا نەژادپەرستێکی سەر بە حیزبی (ژان ماری لۆ پێن) یش دانیشتبوو، لە وەڵامی نیگارکێشێکی عەرەبی عێراقیدا گوتی: - ئێوە خۆتان بەرپرسن لەو هەموو ئەو ئەشکەنجەیەی بەدەست سەدامەوە دیوتانە.))(ل٥٩) ئەم ڕوداوەی کە فەرهاد دەیوروژێنێت بەشێکە لەو ڕوداوانەی کەلەماوەی ژیانی فەرهاددا ڕویانداوە کە لەپاریسبووە، واتە دوای دەسپێکە بەڵام گێڕەرەوە بەسەریدا تێپەڕیوە. یانیش هەر لەسەرزاری فەرهادەوە لەبارەی ژیانی محەمەدی مەلازادەوە ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە پەیوەستە بەدەسپێك و لەچوارچێوەی ماوەی ڕوودای ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەیە، دەڵێت: ((پێشتریش، لە شاری لیل، کە بە میترۆ سەعات و نیوێك لە پاریس دووربوو، لە ڕێستۆرانێکی کوردەکان بە ناوی (پۆل) لەوێش هەر قاپشۆر بوو. هەر لەناو ڕێستۆرانەکەشدا دەنوست..))(ل٦). لێرەشدا نووسەر باسی ڕوداوێك دەگێڕیتەوە کە پێشتر ڕوویداوە، بەڵام کاتی ڕووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوای دەسپێکی ڕۆمانەکەوە، کە نووسەر بەسەریدا تێپەڕیوە و جارێکی دیکە بۆی دەگەڕێتەوە. ئەمەش وەك نموونەیەکی زیندووی نێو ئەو ڕۆمانە لە گێڕانەوەی ناوەکییدا دەبینرێت.

٣-گەڕانەوەی تێکەڵ: بەشێك لە تیۆردانەران لەگەڵ گێڕانەوەی دەرەکی و ناوەکیدا ئاماژە بە جۆرێکی دیکە لە گەڕانەوە دەکەن بە "گەڕانەوەی تێکەڵ" ناوی دەبەن. ئەم جۆرە گەڕانەوەیەش بە ڕواڵەت دەرەکییە؛ بەڵام دواتر بە گێڕانەوەی بنچینەییەوە پەیوەست دەبێتەوە، واتا کاتێك دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی بەرلە دەسپێك گەڕاندنەوەی دەرەکییە، بەڵام لەقۆناغی دواتر بۆ سەرەتای حیکایەت دەگەڕێتەوە لەوکاتەدا بە گەڕاندنەوەی ((تێکەڵ)) ناودەبرێ(کنان،١٣٨٧: ٦٧). ئەمە هەر دوو جۆرەکەی گەڕاندنەوەیە لەیەك گێڕانەوەدا.

ئەم جۆرە گەڕانەوەیە لە ڕۆمانی هوتێل ئەورووپادا بەدی دەکرێت بەتایبەتیش لەوکاتەیدا کە نوسەر ئەو ساتەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە مۆنتماخت لە فەرەنسا لە شوێنی نیگارکێشە ئەرجەنتینی و چینی و یۆنانی و کوباییەکاندا لەجێگەی یەکێك لەهاوڕێکانیدا سەرقاڵی وێنەکێشانی پیاوێکی جەنتڵمەنی سعودی دەبێت کە ڕوخساری لە ئیمامی عەلی دەچێت؛ بەمەش نوسەر دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی منداڵی خۆی کە وێنای ئیمامی عەلی لەزۆرێك لەناو خانەوادە کوردییەکاندا هەڵواسرابوو، ئەمەش دەبێت بە بەشێك لەو ڕوداوانەی کە بەرلە دەسپێکی ڕۆمانەکە ڕوویانداوە، کەچی نوسەر لەپڕێك دەگەڕێتەوە بۆ ڕوداوی سەرەتای ناسینی محەمەدی حاجی زادە کە چۆن بۆیەکەمین جار چاوی پێی کەوتووە؛ کە ئەمیش ڕوداوێکە لەگەڵ دەسپێکی ڕۆمانەکەدا ڕوویداوە. لەسەر زاری فەرهاد: ((ئادگاری ئەو پرۆفیسۆرە سعوودییە لە ئیمامی عەلی دەچوو، ئەو ئیمامی عەلییەی کە من لە زەمانی منداڵیمدا بەسەر دیواری ماڵ و چایخانەکانەوە دیبووم و وێنەکەی لە خەیاڵمدا مابوو: ڕیشن، چاو و برۆ ڕەش، دەموچاوێکی گەش، قلنجێك بەدەستیەوە، چوارمەشقی .. شێرێك لەبەردەمی وەرکەوتبوو.

لەو دەمەی خەریکی وێنەکێشانی ئەو پرۆفیسۆرە عارەبە سعوودییە بووم کە لە ئیمامی عەلی دەچوو، دەنگێکی فارسی لەپشت سەرمەوە بە ئەسپایی گوتی: -چ جالب!

کاتێ ئاورم دایەوە و چاوم بە ڕوخسارەکە کەوت(سەرەڕای زمانە فارسییەکە) وام زانی خاوەنی ئەو دەنگ و ڕوخسارە مسیۆ لووسیانای خاوەن هوتێلەکەمە ))(ل٥١)، کە دەکرێ وەك تاکە نمونەی گەڕانەوە لەم ڕۆمانەدا سەیربکرێ، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا کە دەگەڕێتەوە یادی منداڵی گەڕانەوەیەکی دەرەکییە و بەشێك نییە لە ڕوداوە بنچینەیەکەی ڕۆمانەکە؛ بەڵام کاتێ دێتەوە سەر باسی ناسینی حاجی زادە لێرەدا گەڕانەوەیەکی ناوەکییە، کە دەبوو گێڕەرەوە پێشتر بیگێڕابواوە، چونکە بەشێك بووە لە ڕوداوەکانی دوای دەسپێك.

## ٢-١-٢ پێشکەوتن:

ئەمەش تەکنیکێکی دیکەیە، کە جینێت لەپاڵ گەڕاندنەوەدا پشتی پێدەبەستێت لەگێڕانەوەی ڕوداوەکاندا. کە "بریتییە لە پێشخستنی ڕوداوی داهاتوو ئەوانەی بە دڵنیاییەوە لەدووتوێی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا ڕوودەدەن"(الکساسبة،٢٠٠٦:١٢٨). بۆیە ئەم تەکنیکە بەپێشبینی ڕوداوەکانی داهاتو لای خوێنەر سەیرەکرێت. هەر ئەم پێشبینیکردنەیە زۆرجار سەرنجی خوێنەر تاکۆتایی دەقەکە ڕادەکێشێ. کە دەکرێت بە دوو بەشەوە:

١-پێشبینیکردنی ئەو ڕوداوانەی کە دێنەدی: مەبەست لێی ئەوەیە کە گێڕەرەوە زۆرجار لەکاتی ئێستای گێڕانەوەدا لە زنجیرەی کاتی ڕوداوەکان دەوەستێ و باس لە ڕوداوێك دەکات کە لەداهاتوودا ڕوودەدات و دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەر. نموونەی ئەم جۆرە تەکنیکە لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا چەند جارێك دەکەوێتە بەردیدی خوێنەر، بۆنمونە لەو جێگەیەی کە مسیۆ لووسیانا باسی تاقانەی خۆی و دایکی دەکات کە تاکە خوێنی بنەماڵەکەیانن کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمدا بەهۆی کۆمەڵکوژیەکانی هۆلۆکۆستەوە تەواوی خانەوادەکەیان لە ناوبراون، لەو کاتەدا مسیۆ لووسیانا لەگێڕانەوە دەوەستێ و پێش ڕوداوەکان دەکەوێ، ئاماژە بەوە دەکات کەدوای مردنی دایکی ئەو تاکە کەسێکە لەو خانەوادەیە دەمێنێتەوە: ((ئینجا لە ناکاو سەری هەڵبڕی و تەماشامی کرد:

-دایکم، تەمەنی درێژ دەبێ ئینشاڵڵا.

گوتم: ئینشاڵڵا.

زانیم مسیۆ لووسیانا کەمێك مەستە.

پەرداخەکانمان لەیەکتر دا.

لێوانەکەی دانایەوە.

-لە دووای دایکم، من ئاخرین کەسی بنەماڵەکەمان دەمێنمەوە.)) (ل١٤٦). بێگومان ئەمەش جۆرێکی پێشکەوتنە کە تیایدا گێڕەرەوە باس لە ڕوداوێك دەکات کە ئێستا ڕووینەداوە، بەڵام لەهەنگاوەکانی دواتردا دێتەدی، لەو پەیوەندیە تەلەفۆنییەکەی محەمەدی حاجی زادە بۆ فەرهاد لەپاریسەوە پێشبینیەکەی دێتەدی: ((هێشتا دوو هەفتە هەڵنەسووڕابووەوە، شەوێکی درەنگ، محەمەدی حاجی زادە تەلەفونێکی بۆ کردم بۆ ماڵەوە:

- ئاغای فەرهاد.. دایکی مسیۆ لووسیانا. ئەمرۆ بەیانی کۆچی دوایی کردووە. بۆ ئاگاداریت!)) (ل١٦٧). بۆیە بە مردنی دایکی مسیۆ لووسیانا، ئەو وەك تاقە کەسی خانەوادەکەیان دەمێنیتەوە. یاخود وا دادەنێت ڕوداوێك لەداهاتوودا بێتەپێشەوە، ئەم جۆرە تەکنیکە لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا بەزەق هەستی پێدەکرێت بەتایبەتی لەوکاتەیدا کە فەرهاد باسی ناسینی خۆیی و محەمەدی حاجی زادەمان بۆ دەکات، کە چۆن بۆتە هۆی گۆڕینی ژیانی ئەو، بەهۆی ئەوەوە ساقی گوڵچینی ناسیوە، لەپڕ دەوەستێت و چەند هەنگاوێك دەچێتە پێشەوە: ((بێنە پێش چاوت:

لە کافتریایەك دانیشتبیت بۆئەوەی قاوەیەك بخۆیتەوە و پاشان هەستیت بڕۆی؛ پیاوێك یان ژنێك لەو لاتەوە دانیشتووە و تۆ لەناکاو حەزدەکەی قسەیەك لەگەڵ ئەو کەسە بکەیت.. ئەگەر قسەکەت بکەیت و ئەو کەسە بناسیت؛ ئیتر ئەم ناسینە-هیچ دوورنییە-سەرتاسەری ژیانت بگۆڕێ!))(ل٣٨)، بێگومان پێشبینی کردنی ڕوواوێکی لەم جۆرە کە بەهۆیەوە کەسێك دێتە ژیانتەوە کاریگەری لەسەر ژیانت دەبێت کە لەڕوداوەکانی دواتری ئەم ڕۆمانەدا دێتەدی، وەك لەناسینی محەمەدی حاجی زادە و دەرکەوتنی ئەندازیارە ئیتاڵییەکە کە هەردووکیان دەبنە مایەی خێر و خۆشی بۆ فەرهاد کە کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە؛ ئەمەش پێشبینیکردنە لەهەنگاوەکانی دواتری ڕۆمانەکەدا دێنەدی.

٢-پێشبینیکردنی ئەو ڕوداوانەی کە نایەنەدی: ئەمە بەپێچەوانەی تەکنیکی پێشترە گێڕەرەوە پێشبینی بۆ ڕوداوێك دەکات لەداهاتوودا ڕوونادات. ژانری ڕۆمان ئەگەرچی گێڕانەوەی ئەو ڕوداوانەیە کە لەئاستی حیکایەتدا ڕوویانداوە، بەڵام زۆرجار نوسەر یاخود گێڕەرەوە لەگێڕانەوەدا دەوەستێت و پێش دەکەوێت و ئاستی گێڕانەوە جێدەهێڵێت ڕوداوێك لەبیر و هۆشی خۆیدا دروستدەکات، نوسەر لە گێڕانەوەی ڕوداوەکاندا لەنێو ڕۆماندا هەمیشە ناچارنییە درێژە بەگێڕانەوەکەی بدات زۆرجار لە زنجیرەی گێڕانەوەکان دەوەستێ، بۆیە زۆرجار پێش ڕوداوەکان دەکەوێ، ئەمەش بەڕوونی لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا بەدی دەکرێت، لەگفتوگۆی نێوان فەرهاد و مسیۆدا لەسەر دەسنووسەکانی باپیرەگەورەی کە لەسەدەکانی پێشوو لە ئەسفەهان ژیاوە، مسیۆ لووسیانا ئاماژە بەوە دەکات: ((-ئەگەر بمتوانیبا بچم بۆ ئێران، بێگومان دەمتوانی ئەو کەنیشتە ناودارەی باپیرە گەورەمی خۆم لە ئەسفەهان بدۆزمەوە و بکەومە سەر پەیداکردنی (هیچ نەبێ برێك

لەو کتێب و بەڵگەنامە گرینگانە.)) (ل٩١) یانیش هەر لەزاری مسیۆ لووسیاناوە لەو نامەیەی کە بۆ فەرهادی دەنێرێت لە پاریسەوە بە تایبەت دوای مردنی دایکی، کە تیایدا ئاماژە بەوە دەکات : ((لەوانەیە بچم بۆ ئورشەلیم لەوێ؛ تێکەڵ بە خاك و خوێن و ڕەچەڵەکی خۆم ببمەوە))(ل١٧٥) لەهەر دوو پێشکەوتنەکەدا گێڕەرەوە باس لەڕوداوێك دەکات کە ڕەنگە لە داهاتوودا بێتەدی، بەڵام مسیۆ نە لەگەیشتن بە دەستنووسەکانی باپیرەگەورەی سەرکەوتوودەبێ و نە بە یەکجاریش لە ئورشەلیم نیشتەجێ دەبێت. بەڵکو لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا لەزاری فەرهادەوە ئەوە ڕووندەکرێتەوە کە مسیۆ لووسیانا دوای ئەوەی ناسنامەی خۆی لەگەڵ محەمەدی حاجی زادە دەگۆڕێتەوە سەفەری وڵاتی ئێران دەگرێتەبەر و ئیتر بەیەکجاری بە ونی دەمێنێتەوە. ئەمەش پێشبینی ڕوداوێکی داهاتووە کە لەم ڕۆمانەدا نایەتەدی.

## ٢-٢ کات لە ڕووی ماوەوە:

ئەمەش دووەمین ئەرکی کاتە کە جینێت لەدوای ڕێکخستن و ڕیزبەندی کاتەوە لەبارەیەوە دواوە. کە مەبەست لێی ماوەی بڕی کاتە، کە لەپەیوەندی نێوان ڕوداوێك لەدونیای واقیعی کە درێژەی کێشاوە لەگەڵ ئەو بڕی ئەو ماوەیەدا کە لە دونیای گێڕانەوەدا هەیەتی(گریان،١٣٩١: ١١). یانیش دەگوترێت ئاماژەکردنە بە پەیوەندی نێوان بڕی ماوەی کاتی حیکایەت و بڕی ماوەی کاتی گێڕانەوە، بۆنمونە ڕوداوێك کە لەماوەیەکی زەمەنی دوور و درێژدا ڕوویداوە دەکرێ لە یەك ڕستەدا بگێڕدرێتەوە. یانیش گێڕەرەوە چەند لاپەڕەیەك بۆ ڕوداوێکی چەند خولەکی تەرخان بکات. بە بۆچوونی جینێت "ئەو پێوەرەی کە لە پەیوەندی نێوان بڕی ئەو ماوەیەی لە حیکایەت کە بە خولەك و سەعات و ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەپێورێت، لەگەڵ ماوەی خوێندنەوەی دەق کە بە دێڕ و وشە و ڕستە دەپێورێت، پەیوەستە بە بڕی ماوەی کاتەوە لە ڕووی سستی و خێرابیەوە(کنان،١٣٨٧: ٧٣). یانیش زۆرجار بڕی ماوەی نێوان ئەم دوو ئاستە یەکسان دەبن کە بە ماوەی نەگۆڕ (Constant) دادەنرێت. ئەم ڕەوتی گێڕانەوەیەش لە ڕووی خێرایی و سستیی و نەگۆڕییەوە لەڕێگەی چەند تەکنیکێکەوە بەڕێوەدەچێت. لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا، نوسەر وەك هەر نوسەرێکی دیکە لەڕۆمانەکەیدا لە ڕووی ڕەوتی گێڕانەوەوە، کەم و زیاد سودی لەهەر سێ ڕەوتەکە بینیوە، لەبەرئەوەی نوسەر بەشێکی زۆری ڕوداوەکانی لەڕێگەی گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەیەوە دەگێڕێتەوە ئەمەش گوزارشتە لەوەی کاتی ڕوداوەکانی حیکایەت و کاتی گێڕانەوەیان، تا ڕادەیەکی باش لەم ڕۆمانەدا لە ڕووی سستیی و خێراییەوە یەکسانە، یاخود نەگۆڕە. بەڵام زۆر جار وادەخوازێ گێڕانەوەکان خێرابکرێن بەوەی نوسەر پەنا بۆ کورتکردنەوە و لابردن دەبات، بەتایبەت لەو شتانەی کە بە پێویستی نازانێت باسیان بکات. هەندێك جار نوسەر گێڕانەوەی ڕوداوەکانی سستدەکاتەوە کە ئەمەیان لەپلەی سێیەمدایە، چونکە نوسەر لەگێڕانەوەدا کەمتر پرژاوەتە سەر وەسف.

## ٢-٢-١ ڕەوتی گێڕانەوە لەڕووی ماوەی نەگۆڕییەوە: Constant

لێرەدا ماوەی ڕوودانی حیکایەت و خوێندنەوەی لەدەقدا یەکسانە "جینێت نمایش یاخود گفتگۆ بە تاکە ڕێگەی چارەسەری یەکسانبوونی ماوەی نێوان ئەم دووکاتە دەزانێ"(بهنام فر،١٣٩٣: ١٣٨). کەواتە ئەم دوو ماوەیە کە خۆیان لە ماوەی ڕوداوی حیکایەت و ماوەی درێژی خوێندنەوە، کە پەیوەستە بە گێڕانەوەوە تەنها ئەوکاتە یەکسان دەبن کە گێرەرەوە لە گێڕانەوەدا دەپرژێتە سەر پیشاندانی قسە و گفتوگۆی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەی، لەبەرئەوەی "نمایش حالەتێکی گفتوگۆیە کە ماوەی ڕوداوەکانی حیکایەت و ماوەی گێڕانەوەی ڕوداوەکان بەرامبەر دەکات"(ژنیت،١٩٩٧: ١٠٨). لەم ڕێگەیەوە درێژە بەگێڕانەوە دەدات، بەمەش هەمان ئەو بڕەی بۆ گێڕانەوە و پیشاندانی گفتوگۆی کەسایەتییەکان پێویستە، هەمان بڕ و کاتیش بۆ خوێندنەوەی دەقەکەش پێویستە.

فەرهاد کە خۆی لە ڕۆمانەکەیدا هەم نوسەر و هەمیش کەسایەتی دیاری ڕۆمانەکەیە، هەر لەدەسپێکی گێڕانەوەکانیدا بە گفتوگۆیەکی چڕوپڕ دەستپێدەکات، ئەم گفتوگۆ درامییە هەر لەوێدا ناوەستێت، بەڵکو دەست بەسەر تەواوی ڕۆمانەکەدا دەگرێ. لەم ڕۆمانەدا نوسەر بەشێکی زۆری گێڕانەوەی ڕوداوەکان بە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەی دەسپێرێت، بەمەش پشتی بە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆی

درامی بەستووە، تا لەم ڕێگەیەوە هەوڵبدات بەشێکی زۆری زانیاری و ڕوداوەکانی حیکایەتەکە بێنێتە دوونیای گێڕانەوە، بۆنموونە فەرهاد گێڕانەوەی ڕوداوی هەڵاتنی محەمەدی حاجی زادە و مانەوەی لە کەمپی شەمزنان لە تورکیا لەگەڵ (هومەیلای) کچە ئازەری هەڵاتووی دەستی ڕژێمی ئێران کە چۆن دوای حەوت مانگ مانەوەیەیان لەم کەمپەدا دواتر بەیەکەوەوە خەوتوون و بوون بە ژن و مێرد، لێرەدا نوسەر لەسەر زاری محەمەدی حاجی زادە ئەم ڕوداوەی کە لەو ماوەیەدا ڕوویداوە بەبێ کەم و زیاد لەپێنج پەڕدا هەموو باسدەکات لە لاپەرەکانی (١٥ تا ٢٠). نوسەر هەوڵیداوە ئەوەی لەحیکایەتدا ڕوویداوە لەماوەی حەوت مانگدا بە تەواوی وردەکارییەکانەوە بیگوێزێتەوە دونیای گێڕانەوە بەمەش نزیکی پێنج لاپەڕی لەدەق گێڕانەوەکەیدا بۆ تەرخانکردووە. یانیش لەو گفتوگۆیە چڕوپڕەی لەگەڵ مورتەزا و محەمەدی حاجی زادەدا دەیکات لەسەر تابلۆکانی و کەلتوری ئیسلامی و ئەوروپای، گێڕانەوەی ئەم ڕوداوانە گشتی لەڕێگەی گفتوگۆوە ئەنجام دەدات؛ کە نزیکی بیست لاپەری گێڕانەوەی ڕوداوەکانی حیکایەت دێنێتەوە دونیای گێڕانەوە وەك خۆی چۆن ڕوویانداوە ئاوا دەیگێڕێتەوە.

(( - ئەگەر حەز بکەن، هەندێ لە تابلۆکانی خۆمی بەدیاری لەشێوەی دیاپۆزەتیف بۆ دەنێرم. ناونیشانیتان هەیە؟

-بەچاوان.

-حەتمەن خۆشحاڵ دەبێ ئەگەر تابلۆکانی جەنابت ببینێ.

مورتەزا، کە دیار بوو شارەزاییەکی پرۆفیشنەڵانەی لە نیگارکێشاندا هەبوو، لێمی پرسی:

-ئاغای فەرهاد، ئێوە بە چ شێوەیەك ڕەسم دەکەن؟ لەسەر چ ڕێبازێك دەڕۆن؟

گوتم: من لەسەر هیچ ڕێبازێك ناڕۆم. ڕەسم دەکەم. تەنیا ڕەسم دەکەم.

.......

-ڕەسمی چی دەکەی.. ئاغای فەرهاد؟

گوتم: من هەرچی شتێك تێی نەگەم، ڕەسمی دەکەم.

حاجی زادە پرسیی: چی؟

دیسان دووپاتم کردەوە:

-هەرچی شتێك تێی نەگەم، ڕەسمی دەکەم.

.......

-باشە ..بۆ؟ بۆچی تەنیا ئەو شتانە و ئەو کەسانە ڕەسم دەکەی کە تێیان ناگەی؟

گوتم: چونکە دەمەوێ تێیان بگەم.......

مورتەزا گوتی:

-ئاغای فەرهاد، تۆ دیاپۆزەتیفی تابلۆکانی خۆتم بدێ..بۆ ساقیی خوشکم دەیانێرم.

پێم خۆش بوو مورتەزا خۆی ئەم داوایەی لێ کردم.

-دڵنیام پەسەندیان دەکا

-سوپاست دەکەم....))(ل٧٠)

ئەم گفتوگۆیەی نێوان ئەم سێ کەسایەتییە، نزیکی بیست لاپەڕە نووسین دەگرێتەخۆی کە لەبارەی کەلتوری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی و درێژەدەکێشێ بۆ باسکردنی وێنە و تابلۆکانی فەرهاد و ناردنیان بۆ سان فرانسیسکۆ بۆ گەلەرییەکەی ساقی گوڵچینی خوشکی مورتەزا. بەمەش کاتی گێڕانەوە نەگۆڕە بەوەی کاتی ڕوداوەکانی حیکایەت و کاتی گێڕانەوەیان بێ کەم و زیاد وەك خۆی دەخرێتەروو.

هەروەها لە گفتوگۆی نێوان فەرهاد و مەدام گالانتی دایکی میسیۆ، لەبارەی محەمەدی حاجی زادەوە کە دەیویست پێی بڵێت کە کوڕەکەی چەند لەودەچێت. بە قسەی فەرهاد دەسپێدەکات: ((-ئەگەر چاوت بە محەمەدی حاجی زادە بکەوێ، مەدام ...باوەڕبکە، واقت وڕ


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دەمێنێ؛ وادەزانی لووسیانای کورەکەی خۆت دەبینی.

-بەڕاست؟

-هەمان سەر و سیما و ئادگار. .تەنانەت قەد و باڵاشیان هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکترنییە. ئێمەی کورد دەڵێین، دەڵێی سێوێکن کراون بە دوو لەتەوە.

مەدام گالانتی، دەمزانی چەنێك لووسیانای کوڕە تاقانەکەی خۆی خۆشدەویست، کە تاقە یادگاری بوو لەبنەماڵە جوولەکە پرتوگالییەکەیانەوە مابووەوە، پرسی:

-ئێرانییە؟

-گوتم: بەڵێ.

-برادەرتە؟

-بەڵێ.

مادام گالانتی نەیگوت: ((بانگی بکە ئێرە با ڕۆژێك ببینم))، گوتی:

-سەیرە!

جەنتاکەی کردە شانی و.. وێنەی زەردەخەنەیەکی سەرسوڕماو، زەردەخەنەیەکی زۆر لەدڵەوەی خۆی، لەناو چاوانی مندا بەجێ هێشت و ڕۆیشت؛

-ئۆغفواغ.))(ل٧٣). گەر سەرنج بدەین لەو گفتوگۆ درامیەدا، کە لەنێوان ئەم دوو کەسایەتییەدا ئەنجامدراوە وینای ماوەیەکی یەکسان و نەگۆڕمان نیشان دەدات لەنیوان کاتی گێڕانەوە و حیکایەتدا، چونکە وینای ڕووداوەکانی ئاستی حیکایەت وەك خۆی بێ زیاد و کەم دێنیتەوە ئاستی گێڕانەوە.

## ٢-٢-٢ ڕەوتی گێڕانەوە لەڕووی سستییەوە: Deceleration

لەمەیاندا کاتی خوێندنەوەی ڕوداوەکان لەگێڕانەوەدا زیاترە لەماوەی کاتی حیکایەت(لوتە،١٣٨٦: ٧٧). بەمەش بۆخاوکردنەوەی پرۆسەی گێڕانەوە؛ گێڕەرەوە پەنا بۆ تەکنیکی (وەسف) دەبات، تاوەکو کاتی خوێندنەوەی دەقەکە درێژبکاتەوە، بۆیە ماوەی کاتی گێڕانەوە بەرامبەر بە ماوەی ڕوداوەکان لە حیکایەتدا زیاتر دەبێ. لەم بارەوە جینێت لەبارەی وەسفەوە دەڵێت:"لێرەدا گێڕەرەوە وەسفی ڕوداوێك دەخاتە ڕوو کە کەمترین ماوەی زەمەنی لەحیکایەتدا هەیە، بەڵام لەئاستی گێڕانەوەدا لەڕێگەی وەسفەوە درێژەی پێدەدات بەمەش لە ماوەی کاتی حیکایەت درێژتر دەبێت"(ژنێت،١٩٩٧: ١١٢).

وەسف، کە یەکێکە لە تەکنیکەکانی نووسینی ڕۆمان، لای زۆرێك لە نوسەران بەشێکی زۆری ڕۆمانەکە داگیردەکات، چونکە" وەسف بایەخ بە وێنەگرتنی شتەکان دەدات و گێڕانەوەش وێنەی ڕووداو دەگرێتەوە، بەمەش وەسف پێچەوانەی گێڕانەوە دەبێت و لەگەڵیدا ڕێکناکەوێ، بۆیە گێڕانەوە- سست دەبێتەوە-"(موفتی،٢٠١٢: ٧٣). لەم ڕووەوە جینێت لەگێڕانەوەسازیدا بەهۆکاری سسن کردنەوەی ماوە و ڕەوتی گێڕانەوەی کاتی دەزانێت، فەرهادیش لە ڕۆمانی هوتێل ئەروپادا ئەگەرچی زیاتر هەوڵیداوە کاتی حیکایەت و گێڕانەوە بەنەگۆڕی بمێنێتەوە، بەڵام کەم و زیاد پەنای بۆ ئەم تەکنیکەش بردووە، بگرە هەموو جۆرەکانی وەسف لەم ڕۆمانەدا ڕەنگیان داوەتەوە، لەوانە:

١-وەسفی کەس: فەرهاد لەگێڕانەوەی ڕوداوەکانیدا زۆرجار بەپێویستی دەزانێت پرۆسەی گێڕانەوە سست بکاتەوە، بۆیە دەپرژێتە سەر وەسفی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەی بەتایبەتیش لە وەسفی ڕواڵەت و ڕووخساری کەسایەتییەکان، لەوانە: (وەسفی ساقی گوڵچین و میسیۆ لووسیانا،...). بۆنمونە:

((ساقی گوڵچین. قژکورتێکی چاو و برۆ ئێرانی، هەمیشە کۆك و ڕێکپۆش، لەو ژنە سەڵتەنەتخوازانە بوو کە باوەڕی وابوو پێویستە بنەماڵەی

ڕەزاشا بگەڕێنەوە سەر حوکمی ئەمڕۆی ئێران؛ خاوەن گەلەرییەکی ناوادار لە سان فرانسیسکۆ، لەهەمان کاتدا فێمینیسنێکی لیبراڵیش بوو، لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی فێمینیستانەی ئێران لە ئەمریکا کاری لەپێناو ماف و داخوازی و ئازادییەکانی ژنانی ئێران دەکرد...))(ل١٢٩) هەروەها لەوەسفی میسیۆ لووسیانادا کە تیایدا زۆر جوان وێنای ئەم کەسایەتییەمان نیشان دەدات، بۆچەند ساتێك کاتی گێڕانەوەکەی خاودەکاتەوە. ((مسیۆ لووسیانا، پیاوێکی باڵابەرزی تەمەن دەوروبەری چل و پێنج ساڵ (چەند ساڵێك لە من بەتەمەنتر)، موو قاوەیی، چاو هەنگوینی، قۆز، هەمیشە چوست و چالاك،....))(ل٧٤) یانیش کاتێ وەسفی قە و باڵاو ڕیکپۆشی میسیۆمان بۆدەکات، ((جلوبەرگیشی، بەپێچەوانەی ئەو جوولەکانەوە بوو کە لەشەقامەکانی پاریسدا دەمبینین. شەپقەیەکی ڕەش لەسەر، ڕیشیان بەردابووەوە، یانیش کڵاوێکی ڕەشی بچکۆڵەیان بە دەمبووزێك لە تەوقی سەری خۆیان دەدا بۆ ئەوەی بناسرێنەوە جوولەکەن. هەمیشە جلوبەرگێکی ئاسایی، بەڵام گەنجانە و ڕێکپۆشی لەبەردەکرد. جارجارەیش تێبینیم دەکرد، ئەوکراسە کشمیری و ئێرانییانەی لەبەردەکرد...))(ل٧٨). لێرەدا نوسەر بۆ سست کردنەوەی کاتی گێڕانەوەکەی پەنای بۆ وەسفی کەسایەهتیەکانی نیو ڕۆانەکە بردووە.

٢-وەسفی شت: نوسەر لە ڕۆمانەکەیدا بەتەنیا وەسفی کەسایەتییەکانی نەکردووە، بەڵکو وەسفی شتەکانیش ئاماژەی زۆریان پێدراوە لەوانە وەسفی پێڵاوەکانی ئەو کیژۆڵە ئێرانییەی کە خۆشەویستی میسیۆ لووسیانا بوو، دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران وەك یادگارییەك میسیۆ لای خۆی پاراستبووی. ((پێڵاوێکی سپی بچکۆڵە، ئەملاو ئەولا بە نوقتەی ڕەش، لەناو چوارچێوەیەکی زۆر جواندا. ئەو چوارچێوە ڕازاوەیەی کە لە ناوەڕاستدا تاکە پێڵاوەکەی لە ئامێز گرتبوو- کاتێ لێی نزیك کەوتمەوە، دیتم بە دەزووی ئاوریشمی چینی چندرابوو. چوارچێوەکە هیچی دیکەی لەخۆ نەگرتبوو تەنیا ئەو تاکە پێڵاوە بچکۆڵەیە نەبێ، سپی سپی، بەسەر دیوارەکەوە.))(ل١٤٣) ئەمە تاکە نموونەی کەل و پەل و شتە کە نوسەر حەقی خۆی پێدابێت. چونکە نووسەر بەشێوەیەکی گشتی کەمتر پڕژاوەتە سەر وەسف ئەمەش گوزارشتە لەوەی کە ماوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەم ڕۆمانەدا کەمتر سستی بەخۆیەوە بینیوە.

٣-وەسفی شوێن: بە هەمان شێوە وەسفی شوێن و جێگاکانی نێو ڕۆمانەکەش کەم تا زۆر لە وەسفەکانی نوسەردا جێگەیان بۆکراوەتەوە، لەوانە: ((بەدرێژایی ڕێڕەوەکە، کە دەچووەوە ناو دیوەخانی ماڵەکەیان، فەرشی ئاوریشمی ئێرانی و بەرەی ڕەنگینی فیگەرەتیڤی ڕۆژهەڵات بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوون. هەر یەکەیان وەك تابلۆیەکی بەهادار-نەك وەك گلیمێك-خۆیان دەنواند.))(ل١٤٢) نوسەر کاتێ بۆیەکەمین جار سەردانی ماڵێ میسیۆ لووسانای دەوڵەمەندی جوولەکە دەکات، ژیانی شاهانەی ئەم بنەماڵەیە و سەرنجی ڕادەکێشێت بەپێویستی دەزانێت ساتێك لەگێڕانەوەی ڕوداوەکان بووەستێ و بپرژێتە سەر وەسفی ماڵەکە. بەمەش پرۆسەی گێڕانەوەکە سستدەکاتەوە. ئەمەش تاکە نموونەی وەسفە لەم ڕۆمانەدا کە بۆ شوێن کرابێت.

## ٣-٢-٢ ڕەوتی گێڕانەوە لەڕووی خێراییەوە: Acceleration

ئەمەشیان بابەتێکمە لەو بابەتانەی کە جینێت لەتیۆرەکەیدا پڕژاوەتەسەری بۆ دروستکردنی جیاکاری لەنێوان ئاستی حیکایەت و ئاستی گێڕانەوەدا، کە لێرەدا "ماوەی کاتی گێڕانەوە لە ماوەی کاتی حیکایەت کورتترە(لوتە،١٣٨٦: ٧٧). بۆ ئەم مەبەستە جینێت "لابردن" و "کورتکردنەوە" بە دوو تەکنیکی خێراکردنی ڕەوتی گێڕانەوە دەزانێ. واتە بە لابردنی بەشێکی زۆری وەسف و کاتی ڕوداوەکان و گفتوگۆکانی نێو حیکایەتەکەوە ڕەوتی گێڕانەوە خێراتر دەبێ و زووتر بەسەر ڕوداوەکاندا دەڕوات. چونکە لەڕێگەی ئەم دوو تەکنیکەوە گێڕەرەوە پارچەیەك لە حیکایەت لادەبات، یاخود ساتێ لەساتەکانی نێو ڕۆمان کورتدەکاتەوە و ڕەوتی گێڕانەوە خێراتر دەکات:

١-لابردن: لێرەدا نوسەر بۆ خێراکردنی پرۆسەی گێڕانەوەکە بەشێك لە ڕوداوەکانی گێڕانەوەکەی بەتەواوەتی لادەبات، لەڕێگەی دەستەواژە زمانییەکانەوە ئاماژە بە کاتەلادراوەکە دەکات، ئەمیش بەدوو جۆر دەردەکەوێت:

لابردنی ڕاگەیەندراو: ئەمەیان تەنها ماوەکەی ڕاگەیەندراوە، بێ ئەوەی ڕوداوەکانی لەتێکستدا بخرێتەڕوو. ئەم جۆرە لابردنە، لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا نوسەرکە خۆی گێڕەرەوەی سەرەکی ڕوداوەکانە، لە لابردنی بەشێکی ڕوداوەکان و خێراکردنی پرۆسەی گێڕانەوەکەیدا، زیاتر


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پەنای بردۆتە بەر لابردنی ڕاگەیەنراو، لەڕێگەی ئەو دەستەواژە زمانییانەی کە بۆ کات بەکاردێن، وەك: (یازدە ساڵ زیاترە، سێ ساڵ زیاتر، بەدرێژایی چەندین ساڵ،چارەگە سەعاتێك....) هەوڵدەدات ئەو ڕوداوانە لابەرێت کە بەپێویستی نازانێت، بۆ نموونە فەرهاد لەوکاتەیدا کە دوای ماوەیەکی زۆر ساقی گوڵچین دەبینێتەوە لەگەڵیدا باسی ئەوەی بۆ دەکات کە تەمای هەیە بگەڕێتەوە کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو یازدە ساڵ زیاترە کەس وکارەکەی نەدیووە، لێرەدا نوسەر ئەو یازدە ساڵە تەنها لەڕێگەی دەستەواژەیەکی کاتەوە باسدەکات، ئەگینا تەواوی ئەو ماوە زەمەنییە دەیان و سەدان ڕوداو ڕوویانداوە، بەڵام نوسەر لەبەرئەوەی زانیاری نییە بەسەریدا دەڕوات و ئاماژەی پێنادات.

((گووتم: نا. باکوری عێراق ئازادە. چیتر دەستی سەدامی ناگاتێ. جگە لەمەش ، من یازدە ساڵ زیاترە کەسوکاری خۆمم نەدیوە. غەریبییان دەکەم. لەوانەیە لەم هەفتەیەی داهاتوودا بگەڕێمەوە.))(ل١٩٧)

یانیش لە باسکردنی ژیانی محەمەدی حاجی زادەدا کە ماوەی سێ ساڵبوو لە پاریس بێکار بووە، بێگومان لەو سێ ساڵەدا زۆر شت هەن کە ڕوویانداوە، بەڵام نوسەر ئەو ماوەیەوە لادەبات، بەڵام ماوەی کاتەکەمان بۆ ڕادەگەیەنێت. ((سێ ساڵ زیاتر بوو بەبێ هیچ موچەیەك، بەبێ هیچ دەرامەتێك، ژیانی تەنیایی وکڵۆڵیی خۆی لە پاریس بەسەر دەبرد، دەیگوت کە تەنیا لەپێناو دابینکردنی ژیانی مادی و دارایی خۆی ئەم کارە دەکا...))(ل١٠٩)

هەروەها لەباسکردنی محەمەدی حاجی زادەدا نوسەر ئاماژە بەساتی سەرەتای ناسینی خۆیی و ئەو دەکات کە چۆن بەدرێژایی چەندین ساڵ مەلابووە؛ کەچی لێی شاردۆتەوە. نوسەر هەموو ئەو ماوەیە کەچی ڕوویداوە بەلایەوە گرنگ نییە و بەسەریدا بازدەدات، ((ئەو هەموو قسە و باسانە..کەچی محەمەدی حاجی زادە لەو یەکەمین ئێوارەیەدا ئەوەی لێم شاردەوە کە ئەو خۆیشی، کاتی خۆی، لە تاران، بەدرێژایی چەندین ساڵ مەلا بووە و (خەلعی لیباس) کراوە بۆیە ڕای کردووەتە پاریس!))(ل٥٣)

هەندێك جار نوسەر لەڕۆمانەکەیدا تەنها ئەو ڕوداوانەی لانەداوە کە ماوەی ڕوودانیان کاتێکی زۆرە، بگرە زۆرجار ساتێك، یا چەند دەقیقەیەك یاخود چارەکە ساعەتێکیشی لاداوە و تەنیا بە دەستەواژەیەك ئاماژەی پێداوە. وەك:

((مادام (گالاتێ) دایکی لووسیانا

((دەچوو سەرێکی لە کافتیریاکە دەدا و بەدەم خواردنەوەی قاوەیەکەوە بۆ ماوەی چارەگە سەعاتێك، هەندێ حیسابات و نووسینی لەوێ دەکرد....))(ل٧١) لێرەدا نوسەر بۆیە ئەوکاتەی لاداوە؛ چونکە هیچ زانیارییەکی لەسەر ئەوکاتەنییە کە لەو ژوورەدا چی ڕوویداوە، بۆیە بەپیویستی دەزانێت لابرێت و پرۆسەی گێڕانەوەکە خێرابکرێ.

-لابردنی ڕانەگەیەنراو: ئەمەیان ماوەکەی ڕانەگەیەنراوە و دەبێ خوێنەر لەڕێگەی بەستنەوەی بەماوەی ڕوداوەکانی پێشتر و پاشترەوە درکیان پێ بکات(ئەڵوەندی،٢٠٠٤: ٢٦٣) لەڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا نوسەر لەگێڕانەوەدا چەند جارێك پەنای بۆ تەکنیکی لابردن بردووە و ئاماژەی بە کاتەکەی نەکردووە، بەڵام هەر لە خودی ڕوداوەکانەوە خوێنەر دەتوانێت سەردەم و کاتی ڕوداوەکان دیاری بکات. بۆنمونە: لە زمانی مسیۆ لووسیاناوە، کاتێ لەگەڵ فەرهاددا گفتوگۆ دەکات مێژووی جووەکانی پورتوگالمان بۆ باسدەکات: ((شتێکی دیکەشت پێ بڵێم : بەشێکی زۆر لە جوولەکەکانی پورتوگالیش (ئەو وڵاتەی کە من تێیدا لەدایك بووم) بەئەسڵ مەغریبین، بریتین لەو جوولەکانەی کە لەدەست زوڵمی ڕژێمی ئیسلامیی مەغریب وەختی خۆی پەنایان بردووەتە بەر پورتوگال، هەندێکی دیکەش ئەو جوولەکانەن کە لەدەست نازییەکانی ئەڵمانیا ڕایان کردووەتە پورتوگال.))(ل٨٢). ئەگەرچی لێرەدا گێڕەرەوە ئاماژەی بەهیچ ماوە و ساڵ و بەروارێك نەداوە؛ بەڵام لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ مێژووی نازییەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ماوەی چوارساڵی جەنگی دووەمی جیهانییە کە تیایدا نازییەکانی ئەڵمانیانا تەنگیان بە جوولەکەکان هەڵچنی بوو. بەهەمان شێوە گەر چاوێك بە مێژوو دابخشێنین دیسانەوە بۆ ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤٠ بۆ ١٩٤١ دەگەڕێتەوە کە جوولەکەکان ناچاربوونەوە مەغریب جێبهێڵن و ڕووبکەنە ئەوروپا. لێرەدا نوسەر ئەو ماوە زەمەنییەی باس نەکردووە و لەگێڕانەوەیدا لابراوە و بەبێ ئەوەی ئاماژە بە کاتەکەی بکرێ.

٢-کورتکردنەوە: هەرچی کورتکردنەوەیە نوسەر لەم ڕۆمانەدا بەهەمان شێوە، هەوڵیداوە ڕەوتی گێڕانەوە خێرابکات، بەڵام نەك وەك پێشتر

کە تەواوی چرکە و ساتەکان لابدات؛ بەڵکو بەپێویستی دەزانێت بەشێکی ڕوداوەکان بگێڕێتەوە، بەشێوازێك نە لابردنە و نە گێڕانەوەیەکی بێ زیاد و کەمە، بەڵکو هەوڵدەدات کورتی بکاتەوە، بۆنموونە نوسەر ئەوکاتەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لەگەڵ مسیۆ لووسیانادا لەژێر باراندا هەنگاودەنێن بۆ لای سەیارەکەیان، نوسەر ئاماژە بەوە دەکات: ((تا گەیشتینە ناو ئۆتومبیلەکەی، بەدرێژایی ئەم ڕێگەیە، لەژێر باراندا، باسی باران و ئەو ڕۆژانەی دەکرد کە لەگەڵ زیبا چۆن لەژێر باراندا بەجووتە شەقامەکانی پاریسیان تەی کردووە...))(ل١٧٨) لێرەدا نوسەر خۆی بە ئاشکرا دەڵێت (بە درێژایی ئەم ڕێگەیە) کەواتە ڕێگەیەکی زۆریان بڕیوە گومانی تێدانییە لەو ماوەیەدا قسەیەکی زۆر لەوە زیاتر گوتراوە، بەڵام نوسەر دێت بەتەنها دوو دێر نووسین لەڕۆمانەکەیدا ئەو ساتەمان بۆ دەگێڕێتەوە؛ باسی ورد و درشتی ڕوداوەکان ناکات. هەروەها نوسەر لە گێڕانەوەدا زۆرجار بە پێویستی نازانێ تەواوی وردەکارییەکان بگێڕێتەوە بەڵکو هەوڵدەدات زۆر بەکورتی ڕوداوەکان بگێڕێتەوە، بەتایبەتی کاتێك ڕوداوێك دێتەوەپێش کە پێشتر باسی لێوەکراوە لەگێڕانەوەی دووەم جاردا هەوڵدەدات کورتی بکاتەوە، بۆنموونە: لەو کاتەیدا لە بارەی ژیانی خۆیەوە دەدوێ بۆ مسیۆ لووسیانا: ((.....چونکە پێشتر بەفراوانی بۆم گێڕابووەوە کە من چۆن لە ساڵی (١٩٨١)دا، واتە لە دەسپێکی شەڕی عێراق و ئێراندا، لەدەست سەربازی ڕام کردبوو ئێران و بۆ ماوەی هەشت مانگ لە ئۆردووگای پەناهەندانی کوردی عێراق لە (مەیدانی ذوب اهن)لە شاری (کەرەج) مابوومەوە؛ چۆنیش پاشان لەوێوە بەڕێگای سووریاوە چووبوومە پۆڵۆنیا و ئینجا ئەڵمانیا ......))(ل٧٧) نوسەر لێرەدا چەند جارێکی دیکە ئەم ڕوداوەی گێڕاوەتەوە بۆیە بەپێویستی نازانێ جارێکی دیکە هەمووی بخاتەوە بەر باس، بۆیە کورتی دەکاتەوە و بەخێرایی بەسەریدا تێدەپەڕێت. ئەمەشی لەپێناو خێراکردنی ڕەوتی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکەدا. یانیش نوسەر زۆرجار بۆگێڕانەوەی ڕواوەکانی تەنیا سەرە بابەتێك دەخاتەڕوو ناچێتە ناو قوڵای باسەکانەوە، بەتایبەت لەگێڕانەوەی قسە و باسەکانی خۆی و میسیۆدا، ((من باسی فرۆغی فەروخزاد، ئەو باسی حافزی شیرازی. من باسی کمال الملك، ئەو باسی فێرناندۆ پێرسوا. من باسی ئیدیت پیاف، ئەو باسی ئوم کلسووم. من باسی مۆسیقای ڕاپ، ئەو باسی سەمای ئەو دەروێشانەی کە لە قۆنیا یان لە بایەزیدی ئەستەمبوڵ بینیبوونی.)) (ل١٤٠). لێرەشدا نووسەر نایەوێت بە دور و قوڵی بچیتە ناو پوختەی قسەکانیانەوە بەڵکو تەنها سەرەباسێك بۆ خوێنەران دەگێڕێتەوە. کە ئەمەش لای جینێت تەکنیکێکە نوسەران دەیگرنەبەر بۆئەوەی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانیان خێرابکەن.

٢-٣ دوبارەبونەوەی ڕوداوەکان: ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو چەمکانەی، کە جینێت لەبواری گێڕانەوەدا ئاماژەی پێداوە، کە مەبەست لێی دوبارەبونەوەی ڕوداوێکە لە ئاستی حیکایەت و چەند جارەی دوبارەبونەوەیەتی لەئاستی گێڕانەوەدا، جینێت دەپرسێ کە ئایا ئەو ڕوداوەی کە چەندین جار ڕوودەدات ئایا بەهەمان شێوە لە ئاستی گێڕانەوەشدا ئەوەندە جارە دەگێڕدرێتەوە؟ لەهەر گێڕانەوەیەکیشدا چۆن دەگێڕدرێتەوە؟(گریان،١٣٩١: ١١٥). یاخود دەگوترێت ئاماژەکردنە بەپەیوەندی نێوان چەند جارەی دەرکەوتنی یەك ڕوداو و ژمارەی چەند جارەی گێڕانەوەی هەمان ڕوداو لە دەقدا(Genette,١٩٨٣:١١٣). لەم سۆنگەیەوە جینێت ئەم تەکنیکە بەچەند شێوازێك دەخاتەڕوو.

## ٢-٣-١ دوبارەبوونەوەی تاك:

ئەمە باوترین جۆری دوبارەبوونەوەیە کە تیایدا یەك ڕوداو کە یەکجار ڕوویداوە لەئاستی حیکایەت لەئاستی گێڕانەوەش لەدەقدا یەکجار دەگێڕدرێتەوە. ئەم جۆرە دوبارەبوونەوەیە بەشی زۆری پانتایی گێڕانەوە داگیردەکات، چونکە نوسەر یاخود گێڕەرەوە لەپرۆسەی گێڕانەوەیدا ڕوداوگەلێکی زۆر هەیە تا بیانگێڕێتەوە، بەڵام نایەت هەموویان وەك یەك چەندین جار دوبارەبکاتەوە و بیانهێنێتەوە بەر باسی گێڕانەوە، تەنیا ئەوانە نەبێ کە زیاتر سەرەکین و کاریگەریان زیاترە. هەروەها گێڕانەوەی چەندجارەی ڕوودوێکیش کە چەندجار ڕوویداوە هەر لەم جۆرە دوبارەبوونەوەیە دەژمێردرێت، چونکە هەرجار گێڕانەوەیەکی بەرامبەرە بە جارێك لەڕودانی لە ئاستی حیکایەتدا(ژنت،١٩٨٠: ١١٤). بۆنمونە، ئەم جۆرەی دوبارەبوونەوە لەڕۆمانی هوتیل ئەوروپادا زیاتر بەرچاودەکەون، چونکە نوسەر کە خۆی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و هەمووشت زانە و باسی زەمەنێکی دیاریکراو دەکات، کە تیایدا چەندین ڕوداومان بۆ دەگێڕێتەوە، بۆیە بەشێکی زۆری ڕوداوەکان ئەوانەن کە یەکجار ڕوویان داوە و یەکجاریش باسکراون، لەوانە: دوای ئەوەی پاش ماوەیەکی زۆر فەرهاد جارێکی دیکە ساقی گوڵچین دەبینێتەوە لەوێدا


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ساقی گوڵچین باسی محەمەدی حاجی زادە بۆ فەرهاد دەکات کەچۆن سەرەتا کە هاتۆتە پاریس چی بەسەرهاتووە: ((ئینجا بە محەمەدی حاجی زادە پێ کەنی. زۆر پێ کەنی، بە تایبەتیش بەوە زۆر پێ کەنی کە چۆن ڕۆژێك محەمەدی حاجی زادە کاتێ تازە گەیشتبووە پاریس چووبوو لەناو سووپەرمارکێتێکدا قووتوویەکی گەورەی خواردنی پشیلەی بۆ خۆی کڕیبوو؛ وایزانیبوو مرەبایە و خواردبووشی.))(ل١٩٨) ئەم ڕوداوە یەکجار ڕوویداوە و دوبارە نەبۆتەوە بەهەمان شێوەش یەکجار لەدوونیای گێڕانەوەدا لەسەر زاری ساقی گوڵچین دەگێڕدرێتەوە. یانیش کاتێ فەرهاد باسی پەیوەندییە تۆکمەکەی خۆی و خێزانە جولەکەکە دەکات، سەرەتای پەیوەندییە هاوڕێیانەکەی بۆ ئەو ساتە دەگەڕێنێتەوە، کە چۆن لەو کاتەی لە هوتێلەکەی ئەوان کاریکردووە و لەخۆبردوانە خزمەتی هوتێلەکەی کردووە، لەم سۆنگەوە ڕوداوێك دەگێڕێتەوە کە چۆن دزێك دەیەوێت بێتە هوتێلەکەوە: ((لەناکاو، لەسەر شۆستەکەوە کاتێ سەرێکم هەڵبڕی و تەماشای سەرەوەم کرد، دیتم پیاوێك هەڵگەڕاوەتە سەر دیواری بڵندی هوتێلەکەوە. قاچی ڕاستی لەسەر گوێسوانەی ژوورێك، قاچی چەپیشی لەسەر گوێسوانەی ژوورێکی تر، دەیویست لە پەنجەرەوە بپەڕێتەوە ناو ژوورێکی هوتێلەکە.. پشتی لێم بوو.

هیچم نەکرد، هیچم نەگوت..بەبێ خشپە چوومەوە ژوورەوە و دەرگای هوتێلەکەم بە ئەسپایی داخست...))(ل٣٥) ئەم ڕوداوەش بەهەمان شێوە لە دونیای حیکایەتدا یەکجار ڕوویداوە و لەگێڕانەوەشیدا تەنیا یەکجار لەسەر زاری فەرهادەوە دەگێڕدرێتەوە. هەروەها نموونەی ئەو جۆرەیان ڕوداوێك چەندین جار لە ئاستی حیکایەتدا ڕوودەدات و لە ئاستی گێڕانەوەشدا ئەوەندە جارە دەگێڕدرێتەوە. دەکرێ پیشاندانی نائومێدییە لە ناکاوەکانی ڕووخساری مسیۆ لووسیانا لەم ڕۆمانەدا وەك نموونەیەکی زیندووی ئەم جۆرە دوبارەبوونەوەیە سەیربکرێ، لەوانە لەسەر زاری فەرهاد دەگێڕدرێتەوە: ((مسیۆ لووسیانا، لەناکاو؛ بە نائومێدییەوەتەماشایەکی سەر زەوییەکەی کرد؛ وەك برینێکی کۆنی کولابێتەوە:

-بەڵام سەروەت و سامان بەچی دەچێ!

ئەم قسەیەی کرد و یەکسەر تەمی هەستێکی فیگاریی قووڵ، کە لە نائومێدییەك دەچوو، کەوتە سەر ڕووی ....))(ل٨٤)، جگەلەمە جارێکی دیکە هەر لەسەر زاری فەرهاد ((کە ئەم قسەیەی تەواوکرد. یەکسەر، دیسان؛ تەمی هەستێکی فیگاریی قووڵ، کە لە نائومێدییەك دەچوو خووی پێوە گرتبێ؛ کەوتەسەر ڕووی؛ ڕوحی مسیۆ لووسیانای کوژاندەوە........))(ل٩٨)، هەروەها بۆ جاری سێیەم هەمان ڕوداو لەکات و ساتێکی دیکەدا دوبارە دەبێتەوە: ((شەوێك لە شەوان پێکەوە بووین، لە پاریسی هەشتەم لەناو ڕێستۆرانتێکی تورکەکاندا بەناوی (کاروانسەرا) کە سەما و مۆسیقای عوسمانیی لێ بوو؛ من چووبوومە توالێت..کاتێ هاتمەوە دابنیشم دیتم مسیۆ لووسیانا غەمگین غەمگین، ئاگای لە مۆسیقا خۆشە عوسمانییەکە نەمابوو؛ .....))(ل ) بەمەش ڕوداوێك سێ جار یان زیاتر لەدونیای حیکایەت ڕوویداوە و ئەوەندە جارەش لەدەقدا گێڕدراوەتەوە.

## ٢-٣-٢ دوبارەبوونەوەی چەندجارە:

مەبەست لێی ڕوداوێکە کە یەکجار ڕوویداوە، بەڵام چەندین جار لە ئاستی گێڕانەوەدا بگێڕدرێتەوە. ئەم ڕوداوەش دەکرێ لەلایەن کەسایەتی جیاوازەوە بگێڕدرێتەوە. یانیش لەڕێگەی یەك کەسەوە، بەڵام لەکاتی جیاوازدا (ژنێت،١٩٩٧: ١١٥). ئەمە زیاتر ئەو ڕوداوانە دەگرێتەوە کە سەرەکین و بنیاتی ڕۆمانەکەی لەسەر دادەڕێژرێت، هەروەها لەبەر گرنگی و کاریگەری ڕوداوەکە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەژیانی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەوە هەیە؛ ئەمەش نوسەر یاخود گێڕەرەوە ناچاردەکات زیاتر لەجارێك ئەم ڕوداوە بهێنێتەوە دونیای گێڕانەوەوە. نموونەی ئەم جۆرە ڕوداوە لە ڕۆمانی بەردەستدا زۆر بەڕوونی لە باسی (مەلایەتی و خەلعی لباسی) محەمەدی حاجی زادە دەبینرێت، ئەم کەسایەتییە لەبەرئەوەی یەکێکە لە کەسایەتییە کاریگەرەکانی نێو ڕۆمانەکە، نوسەر ئەم ڕوداوەی خەلعی لیباسە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دەیان ڕوداوی دیکە لەژیانی ئەم کەسایەتییەدا، بۆیە نوسەری ناچارکردووە چەندین جار لەنێو گێڕانەوەکانیدا دوبارەی بکاتەوە. خودی ئەم ڕوداوە بۆ بەرلە دەسپێکی ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە، کەچی چەندین جار لەسەر زاری چەند کەسایەتییەکی نێو ڕۆمانەکەوە دەگێڕدرێتەوە، لەوانە: جارێك لەسەر زاری محەمەدی حاجی زادە خۆی دەگێڕدرێتەوە: ((-نەك تەنیا من ، هەزاران مەلای

تر له ئێران، كه هەر هەمووشیان له (حەوزەی عیلمیة) پلەی باڵایان هەبوو، خەلعی لیباس كراون. زیندانەكان تا ئەمڕۆش پڕن له مەلا و پیاوانی دینی ....))(ل١١) یانیش جارێكی دیكه محەمەدی حاجی له گێڕانەوەی پەیوەندی خۆی و كچه ئازەرییەكه دوباره ئاماژه بەو ڕوداوه دەكاتەوه، دەگێڕێتەوه: ((- ئەمه جگه لەوەی كه ئەم ڕوداوه بەتەواوەتی دووای خەلعی لیباسەكەی من بوو، نەك پێشتر.))(ل٢١). ئەم ڕوداوه هەر لێره ناوەستێ جارێكی دیكه دێتەوه بەرباسی گێڕانەوه؛ بەڵام ئەم جاره لەسەر زاری ئەرشەدی قازی هاوڕێ وێنەكێشەكەی فەرهاد، دەگێڕێتەوه:

((- محەمەدی حاجی زاده ئێستا لەلایەن كۆماری ئیسلامیی ئێرانەوه به سێ تۆمەت تاوانباره.

-ڕاسته.

-یەكەم: بەوەی كه لەناو خەڵكدا بیروباوەڕی ئەنتی كۆماری ئیسلامیی بڵاوكردووەتەوه.....

-دووەم: پاش خەلعی لیباسەكەی، لەدەست ڕژێم یاخی بووه و پەنای بردووەته بەر فەڕەنسا ..

محەمەدی حاجی زاده دەیگووت: ئەمەش ڕاسته. .....))(ل٢٢) ئەم گێڕانەوەیه هەر لێره ناوەستی، بەڵكو ئەمجاره لەسەر زاری فەرهاد دەگێڕدرێتەوه، كاتێك حاجی زاده باسی مەلایەكی هاوڕێی خۆی بۆ فەرهاد دەگێڕێتەوه كه چۆن لەدەستی ڕژێمی ئێران ڕایكردووه، بەڵام فەرهاد درێژه به گێڕانەوه دەدات: ((ئەم هەموو قسه و باسانه.. كەچی محەمەدی حاجی زاده لەو یەكەمین ئێوارەیەدا ئەوەی لێم شاردەوه كه ئەو خۆیشی، كاتی خۆی له تاران، به درێژایی چەندین ساڵ مەلا بووه و خەلعی لیباس كراوه بۆیه ڕای كردووەته پاریس!))(ل٥٣) دوباره ئەم ڕوداوه له لاپەرەكانی كۆتایی ڕۆمانەكەدا جارێكی دیكه دەگێڕدرێتەوه بەڵام ئەمجاره جیاوازتر له هەموو جارەكانی دیكه، لەسەر زاری مسیۆ لووسانای جوولەكەوه كه له زاری محەمەدی حاجی زادەوه بۆی گێڕدراوەتەوه ئەم ڕوداوه باسی لێوەدەكرێتەوه: (( به مسیۆ لووسیانام گوت:

-محەمەدی حاجی زاده له تاران كاتی خۆی خەلعی لیباس كراوه.

-بۆمی باسكرد. كاتێ لێم پرسی "ئاخۆ دەتوانێ دوای ئەم خەلعی لیباسه جارێكی دیكه بگەڕێتەوه تاران"، گوتی "ئا". بێگومان دەتوانێ بگەڕێتەوه......))(ل١٨٩)

ئەمەش جۆرێكی دوبارەبوونەوەیه، لەهەمان كاتدا وەك جۆرێك لەتەكنیك سەیردەكرێت لەگێڕانەوەی ڕوداوەكاندا، نوسەر لەم ڕۆمانەدا زۆر ژیرانه مامەڵەی كردووه و شارەزایه لەوەی كام ڕوداوانه شایەنی ئەوەن كه دەكرێ زیاتر بگێڕدرێنەوه.

٢-٣-٣ دوبارەبوونەوەی دووپات: مەبەست لێ گێڕانەوەی یەك جارەی ئەو ڕوداوەیه كه چەندین جار ڕویداوه. ئەم چەمكەش بۆیەكەمین جار جینێت لەبارەیەوه دواوه كه بەرلەو هیچ كەسێكی دیكه لەم بارەوه نەدواوه(ژنت،١٩٨٠: ١١٦). ئەم جۆرەی دوبارەبوونەوه زیاتر بۆ گێڕانەوەی ڕوداوی لاوەكییەكانه، كه تیایدا گێڕەرەوه نایەوێت كاتێكی زۆری گێڕانەوەیان تیایدا خەرج بكات؛ لەبەرئەوه بۆ چەند جارەی ڕوودانیان لەدونیای حیكایەت بەپێویستی نازانێت ئەوەنده جارەش لەدونیای گێڕانەوەدا ئاماژەیان پێ بكاتەوه، بەڵكو بەیەك جار لەكورتیدا دەیبڕێنێتەوه.

ئەم جۆره ڕوداوانه له ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا كەمتر بەرچاوەدەكەون له دوبارەكردنەوەیان. بۆنمونه گێڕانەوەی گەشتەكانی مسیۆ لووسیانا بۆ شاری قۆنیا له توركیا، گێڕەرەوه ئاماژه بەوه دەكات مسیۆ خۆی سێ جار سەردانی شاری قۆنیای كردووه، ئەمەش ئەگەرله ئاستی حیكایەت سەیری بكەین دەبێت بەسێ ڕوداوی جیاواز سەیری بكەین كه لەسێ كاتی جیاوازدا ڕوویانداوه؛ بەڵام نوسەر تەنیا بەیەك جار گێڕانەوەی ئاماژەی پێداوه: ((مسیۆ لووسیانا تا ئەو كاته سێ جاران تایبەت سەردانی شاری (قۆنیا)ی له توركیا كردبوو تەنیا لەبەرئەوەی له دەوروبەری ساڵی (١٢٥٠) مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی ماوەیەك لەوێ ژیاوه و (بەقسەی ئەو) دەیگوت كه هەر لەوێش جوانترین شیعره عاشقانەكانی خۆی نووسیوه...))(ل٩٤) بێگومان ئەمەش تەكنیكەش بۆیەكەمین جار وەك چەمكێك له بواری گێڕانەوەسازیدا لەلایەن جیرارد جینێتەوه باسی لێوەكراوه و خراوەتەڕوو.

## ئەنجام:

**ئەو ئەنجامانەی کە لەم توێژینەوەدا بەدەستهاتوون، ئەمانەن:**

-کات یەکێکە لە بابەتە سەرەکی و بنچینەییەکانی گێڕانەوە، کە ڕوگەی بەرەوپێشچوونی گێڕانەوەی لەسەر بەڕێوەدەچێت. گێڕانەوەی حیکایەت لەبەرئەوەی خاوەنی دوو ڕەهەندی جیاوازی کاتە، کە کاتی (حیکایەت-گێڕانەوە)یە، جیرار جینێت بایەخێکی زۆری پێداوە و لە سێ ڕووەوە لێی کۆڵیوەتەوە؛ ئەوانیش: (ڕێکخستن-ماوە-دوبارەبوونەوە)یە.

-لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا نوسەری ڕۆمان مامەڵەیەکی ژیرانەی لەگەڵ کاتدا کردووە و بەجۆرێك هەوڵیداوە لەڕێگەی "تێکشکاندنی کات"وە زنجیرەی بەدوایەکداهاتنی ڕوداوەکانی حیکایەت لەگێڕانەوەیاندا تێکبدات؛ لەڕێگەی هەر دوو تەکنیکی "گەڕاندنەوە و پێشکەوتن" ؛ بەتایبەتیش زیاتر سودی لە تەکنیکی گەڕاندنەوەی دەرەکیی بینیووە.

-ماوەی کات لە ڕودانی حیکایەت و گێڕانەوەیان لەم ڕۆمانەدا تارادەیەکی باش هەوڵدراوە هاوسەنگی بپارێزێت و هاوتەریب بن، بەوەی نوسەر هەوڵدەدات لەڕێگەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەی ڕوداوەکان بگێڕێتەوە؛ ئەمەش پێمان دەڵێت ماوەی کاتی ڕودانی حیکایەت و گێڕانەوەیان لەم ڕۆمانەدا بەپلەی یەکەم بە نەگۆڕی ماوەتەوە، هەرچی ڕەوتی سستی گێڕانەوەیە لەپلەی دووەم و کەمتر پرژاوەتەسەر خاوکردنەوەی گێڕانەوە و کەمترین جار سوودی لەتەکنیکی وەسف بینیوە.

-گێڕانەوەی ڕوداوەکان لەرووی دوبارە گێڕانەوەیان، لەم ڕۆمانەدا زیاتر نوسەر پەنای بۆ ئەم ڕوداوانە بردووە کە یەکجار لە دونیای حیکایەتدا ڕویانداوە و یەکجاریش گێڕدراونەتەوە کە ئەمەش باوترین جۆری دوبارەبوونەوەیە بە "دوبارەبوونەوەی تاك"ناسراوە. لەدوای ئەویشدا نوسەر سودی لە تەکنیکی "دوبارەبوونەوەی چەندجارە" وەرگرتووە، هەوڵیداوە ئەو ڕوداوانەی کە سەرەکین زیاتر لەجارێك لە ڕۆمانەکەیدا دوبارەببنەوە لەدوای ئەویش جۆرەکانی دیکەی دوبارەبوونەوەش بەکارهاتوون.

## لیستی سەرچاوەکان:


١-ئەڵوەنی، نەجم خالید(٢٠٠٤)بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، ڕاز)، چ١، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢-بشیری، محمود-هرمزی، زهرا(١٣٩٣)تحلیل ساختار روایت در رومان آفتاب پرست نازنین، مجله متن پژوهی ادبی، شماره ٥٩، سال١٨، بهار.

٣-بهنام فر، محمد- ساروکلایی، ....(١٣٩٣)بررسی زمانمندی روایت در رمان سالمرگی-براساس نظریه ژرار ژنت، مجله متن پژوهی ادبی، شماره ٦٠، سال١٨، تابستان.

٤-پیربال،فەرهاد(٢٠١٠) هوتێل ئەوروپا، چاپ یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٥--تازەکند، رؤیا جدی....(١٣٩٦) بررسی مؤلفه زمان در اتوبوس شمیران بر اساس دیدگاه ژرار ژنت، مجله متن پژوهی ادبی، شماره ٧٦، سال ٢٢، تابستان.

٦-تولان، مایکل جی(١٣٨٣) درآمدی نقادانه-زبانشناختی بر روایت، ترجمه ابوالفضل حری، بنباد سینمایی فارابی، تهران.

٧-حاجی، سەنگەر قادر(٢٠٠٩)بنیاتی گێڕانەوە لە داستان "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپیەکان"ی بەختیار عەلی دا، چاپ١، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٨-دهخدا،علی اکبر(١٣٧٧)لغت نامه دهخدا، جلد٨، چاپ ٢، دانشگاه تهران، تهران.

٩-ژنت، ژرار(١٣٨٨)"نظم در روایت" گزیده مقالات روایت، مارتن مك کوئیلانو ترجمه فتاح محمد، مینوی خرد، تهران.

١٠-سعید، جلال ئەنوەر(٢٠٠٩) تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا،

١١-شکری،یدالله(١٣٩٥)ساختار روایت در داستان شیخ صنعان-بر نظریه "ژرار ژنت"، مجله مطالعات زبانی-بلاغی، شماره ١٣.

١٢-شهبان، محمد-پناهلو، ماهرخ علی(١٣٩٦)تحلیل زمان روایی در دو فیلم دەربارە "لی" و "گذشته" از دیدگاه ژرار ژنت، مجله دو فصلنامه روایت شناسی، شماره ٢، سال اول، پایز و زمستان.

١٣-فاضلی، فیروز-تقی نژاد، فاطمه(١٣٨٩)روایت زمان در رمان از شیطان آموخت و سوزاند، مجله ادب پژوهی، شماره ١٢، تابستان.

١٤-قاسم زاده،سید علی- ...(١٣٩٣)مقایسه عنصر زمان در روایت پردازی رمان های به هادس خوش آمدید و سفر به گرای ٢٧٠ درجه- بر مبنای نظریه ژرار ژنت، مجله ادبیات پارسی معاصر، شماره٢، سال٤، تابستان.

١٥-علیزاده،ناصر-فرید،مهناز مهدی زاده(١٣٩٥)بررسی عنصر زمان در قصه ورقه و گلشاه از دیدگاه ژرار ژنت، مجله دو فصلنامه زبان و ادبیات فارسی، شماره٨٢، سال ٢٥، بهار و تابستان.

١٦-طاهری، قدرت الله-پیغمبرزاده، لیلا سادات(١٣٨٨)نقد روایت شناسانه مجموعه "ساعت پنج برای مردن دیراست" بر اساس نظریه ژرار ژنت، مجله ادب پژوهی، شماره ٧-٨، بهار و تابستان.

١٧-کنان، شلومیت ریمون(١٣٨٧)روایت داستانی: بوطیقاء معاصر، ترجمه ابوالفضل حری، نیلوفر، تهران.

١٨-گریان، فرهاد درود- کوپا، ..(١٣٩١)زمان روایی در رمان احتمالا گم شده‌ای- بر اساس نظریه ژرار ژنت، مجله فصلنامه تخصصی مطالعات داستانی، شماره ٢، سال ١، زمستان.

١٩-لوته، یاکوب(١٣٨٦) مقدمه‌ای بر روایت در ادبیات و سینما، ترجمه امید نیك فرجام، مینوی خرد، تهران.

٢٠-مارتین،والاس(١٣٨٦)نظریه‌های روایت، ترجمه محمد شهبا، چاپ دوم، هرمس، تهران.

٢١-مکاریك،ایرناریما(١٣٨٥)دانش نامه نظریه‌های ادبی معاصر، ترجمه مهران مهاجر و محمد نبوی، نشر اگه، تهران.

٢٢-موفتی،پەری ساڵح(٢٠١٢)گێڕانەوە لەچیرۆکەکانی(ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، چاپ١، چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

٢٣-هەژار(١٣٨٥)هەنبانە بۆرینە-فەرهەنگی کوردی-فارسی، چاپ٥، تهران.

٢٤--یعقوبی، رؤیا(١٣٩١)روایت شناسی و تفاوت میان داستان و گفتمان- براساس نظریات ژرار ژنت، مجله پژوهش نامه فرهنگ و ادب، شماره ١٣، سال هشتم، بهار و تابستان.

٢٥--اخوت،احمد(١٣٧١)دستور زبان دستان، نشرفر، اصفهان.

٢٦-الکساسبة،عبدالله مسلم(٢٠٠٦)تجربة سلیمان القوابعة الروائیة،دارالیازوری العلمیة للنشر و التوضیع، عمان، الاردن.

27-Genette, Gerard(1983)Narrative Discourse An Essay in Method, Translated by Jane E.Lewin, Gernell university press, Ithaca, New York.



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

# رسول الله صلى الله عليه وسلم في سورة الأحزاب: أحقيته وأوليته مقدم على الأهل والأحباب

# پێغەمبەری خودا، درودی خودای گەورەی لەسەر بێ لە سورەتی ئەحزاب: شایستەیی و ئەولەویەتەکەی لەسەروی خێزان و ئازیزان

# The Messenger of God, may God bless him and grant him peace, in Surat Al-Ahzab: His eligibility and priority is given to the family and loved ones

**شمال جلال أحمد[1]، سليمان سليم إبراهيم[2]**

[1,2] قسم التربية الدينية ، فاكلتي التربية ، جامعة كويه ، مدينة كوية، إقليم كوردستان، عراق

Corresponding author's e-mail: shamaljalal78@gmail.com

## الملخص

بعث الله سبحانه وتعالى رسوله محمداً صلى الله عليه وسلم إلى قوم أبهروا عقول الناس إلى يومنا هذا بقوة فصاحتهم وبلاغتهم، في حين أقفلوا قلوبهم وما استنارت أفكارهم ليسيروا في الطريق الذي يوصلهم إلى الحقيقة والسعادة الدنيوية والأخروية.

وهذا هو ما دفع الباحث إلى كتابة هذا البحث واختياره تحت عنوان "رسول الله صلى الله عليه وسلم في سورة الأحزاب أحقيته وأوليته مقدم على الأهل والأحباب "، ومشكلته كان في عدم الوصول إلى بعض من المصادر والكتب التي لها صلة وعلاقة مباشرة ببحثه، ولا يخفى أهمية الموضوع وضرورته بسبب كثرة الهجوم الشرس على نبي الإسلام صلى الله عليه وسلم في يومنا هذا الذي نعيش فيه بكل الوسائل السمعية والمرئية والإعلامية ، ومن أجل ذلك يصرفون أموالاً طائلة تحت شعارات باطلة ومزيفة عن طريق منظمات و مسميات مختلفة.

لذا استهدف البحث التعرف على حب النبي صلى الله عليه وسلم لأمته، وتوقير العلماء والترحم عليهم وإن أخطأوا في مسائل اجتهادية فإنّ زلاتهم مغفورة، والتسلح في الجانب الفكري.

واعتمد الباحث في بحثه على المنهج الوصفي و الاستقرائي التحليلي؛ في بيان حقيقة ولاية النبي عليه السلام للمؤمنين من خلال بحثه في سورة الأحزاب.

واقتضت طبيعة البحث تقسيمه على مقدمة ومبحثين وكل من المبحثين يتكون من خمسة مطالب على النحو الآتي:

المبحث الأول: حقيقة الولاية الشرعية وتقديمها على ولاية الأهل والآباء والإخوة. واستفصل في خمسة مطالب، أما المبحث الثاني فهو خاص بـ الإستسلام لحكم الله ورسوله صلى الله عليه وسلم، في مطالب خمسة، واختتم البحث بعرض النتائج وأهم التوصيات، بالاضافة إلى قائمة المصادر والمراجع.

**الكلمات المفتاحية:** ( رسول الله صلى الله عليه وسلم ، أزواجه رضي الله عنهن ، زينب رضي الله عنها ، الولاية الشرعية ، الآباء والأمهات ، الأبناء ، المؤمنون ، المقاصد ).

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانكۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەكاديميە زانكۆی هەڵەبجە دەری دەكات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10495 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٢/٢٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٢/٢٠ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | shamaljalal78@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ شمال جلال أحمد، أ.د. سليمان سليم إبراهيم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## پوختە

خوای گەورە پێغەمبەرەکەی . موحەممەد درودی خوای لەسەر بێ نارد، بۆلای گەلێک کە تا ئەوڕۆش خەڵکی سەرسام و دەستەوەستانن لە ئاست ڕەوانگۆیی وزمانپاراویەکەیان، لە کاتێکدا ئاچەرەیان . قفڵ . لە دڵیان دابوو . ڕونبیر نەبوون، بۆ گرتنەبەری ڕێیەک کە بیانگەێنێ بە ڕێی ڕاستیەکان وخۆشبەختی دونیا دوارۆژ.

ئەو هۆکارە پاڵنەری لێکۆڵەرە بۆ هەڵبژاردن ونوسینی ئەو بابەتە لەژێر ناونیشانی" شایستە بوون و پێشخستنی خۆشەویستی پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر بێ، بەسەر کەس و کار و خۆشەویستان لەسورەتی ئەحزاب" دا.

هەروەها بونی گرفتی نەگەیشتن بەهەندێک سەرچاوە ونوسراو کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بەو لێکۆڵینەوەیە، گرنگی و پێویستی ئەو بابەتە شاراوە نیە سەبارەت بەو هێرشە ناڕەوا و نابەجێیانەی دەکرێنە سەر پێغەمبەری ئیسلام درودی خوای لەسەر بێ، لە ڕۆژگاری ئەوڕۆماندا بەتەواوی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە بستراو وبینراو ونوسراو، وە نەپاراستنی دەست و زمان و هەرچی لە دەستیان هاتوە لە بەهەدەر دانی ماڵێکی زۆر وزەوەند لەژێر چەندین ناوی جۆراو جۆر ودەمامکی ساختە و ڕێخراوەکانیاندا.

بۆیە ئامانجی ئەو لێکۆڵینەوەیە ناساندنی چۆنیێتی خۆشویستنی پێغەمبەری خوایە درودی خوای لەسەر بێ، لەلایەن ئۆممەتەکەیەوە، هەروەها ڕێزنان لەزانایان و زانینی پێگە و جێگەیان ودوعا بۆکردنیان، گەر لەبابەتێکی ئیجتیهادی نەیان پێکابێ وخلیسکابن. .

نوسەر پشتی بەستوە بە ڕێبازێکێ وەسفیانەوبەدواداچون ولێخوێندنەوەیەکی شیکاریانە لە دەرخستن و ڕونکردنەوەی حەقیقەتی پشتیوانی وسەرخستنی پێغەمبەری خوا. علیه السلام . لەلایەن باوەڕدارانەوە، لە میانەی لێکۆڵینەوەکەی لە سورەتی ئەحزاب دا .

سروشتی لێکولینەوەکە وای خواستوە کە دابەشبێ بۆ دوو پێشەکی و بەرکول ، لەگەڵ دوو تەوەرەی سەرەکی کە هەریەکەیان پێنج داوای لەخۆ گرتوە وبەو شێوە هاتوە :.

**کلیلە وشە:**(پێغەمبەری خودا، دوعاو سڵاوی خوای گەورە لەسەری بێت، ژنەکانی، خوا لێیان ڕازی بێت، زەینەب، خودا لێی ڕازی بێت، سەرپەرشتی یاسایی، باوک و دایک، منداڵ، ئیمانداران، ئەو... مەبەستەکان).

## تەوەرەی یەکەم :

حەقیقەتی خۆشویستن وسەرخستنی شەرعیانە و پێشخستنی بەسەر خۆشویستی باب و براو کەس وکار وخزم و خوێش ، بە درێژی لە پێنج داخوازی دا بەدرێژی باسی کردون.

## تەوەری دووەم:-

تایبەتە بە ملکەچی بۆ حوکمی خوا و پێغەمبەرەکەی درودی خوای لەسەر بێ، ئەویش لە پێنج داوادا خراوەتە ڕوو ، کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشی بە خستنە ڕووی ئەنجامەکان وگرنگترین ئامۆژگاری، هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا ئاماژەی بە لیستی سەرچاوە بە دواداچون و گەڕانەکانی کردوە

## Abstract

God had sent the prophet to a community who still have admired the nations by the strength and fluency of their language, although they were hard hearted and narrow thinking who were too illiterate to take this path that would lead them to their happiness in life and death.

That is the reason which made researcher to write this research and name it (The Prophet of Allah in Al Ahzab sura) who Allah has chosen above his family and loving followers .

The problem which the research faced was the absence of some books and resources that the research is about.

The importance of the subject here is with all these hostile attacks on our nowadays life by using every audio,video instruments via media s upon the prophet . for this purpose they spend too much money for fake, lying slogans and organizations.

Therefore the aim was to know greatness from the Prophet to his nation, and also showing respect to scientists and praying for them even if they have mistakes in problematic subjects they´ve been forgiven and provided with information in ideological feature.

He´s depended on investigation , description style in clarifying the realistic nature of Prophet`s supervising for belivers Ahzab sura.

The investigation required classification into Introduction and two topics , every topic consists of five requirements:

The first part is: The realistic supervising towards parents ...

Part2involves slavery for Allah's orders in five insructions .

finally the research includes results and the most important intructions ,followed by the resource lists..

**key words:** (The Messenger of God, may Allah’s prayers and peace be upon him, his wives, may Allah be pleased with them, Zainab, may Allah be pleased with her, the legal guardianship, the fathers and mothers, the children, the believers, the purposes).

## المبحث الأول

### حقيقة الولاية الشرعية وتقديمها على ولاية الأهل والآباء والإخوة

### المطلب الأول: بيان أن ولاية النبي صلى الله عليه وسلم أقوى ولاية:

قال الله تعالى: [ النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ إِلَّا أَنْ تَفْعَلُوا إِلَى أَوْلِيَائِكُمْ مَعْرُوفًا كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا]. ( الأحزاب ، ٦).

هذه الولاية جعلها الله سبحانه وتعالى أقوى ولاية من ولاية ذي الأرحام بعضهم لبعض ولا تقارن مقارنة بولاية أي شيء. فهي خارجة عن كل مقارنة حتى وصل الأمر إلى أولوية وفضل رسول الله عليه وسلم من المؤمنين أنفسهم وأولى من قربة وولاية الآباء لأبنائهم. (الخطيب، ١١ /٦٥١).

إنّ الله سبحانه وتعالى منع رسول الله أن يكون أباً لأحد من المؤمنين فأعطاه شرفا أفضل وأكبر من ذلك. فله أحقيته وتقديمه عليه السلام في كل شئ من الدنيا حتى تفوق محبته فوق محبة المؤمنين من أنفسهم، فهو عليه السلام أحق منهم لأنفسهم في الحكم لهم وعليهم في أمورهم الدنيوية والأخروية، ينظر: (إبن عطية الأندلسي، ١٤٢٢ هـ، ٣٧٠/٤)؛ لأنه عليه السلام أشفق وأرحم وأعلم بمصلحتم لهم من أنفسهم. ينظر: (الجصاص، ٢٢٣/٥،(ت، القمحاوي)

ولزوجاته عليه السلام شرف التوصيف القرآني بـ"أمهات المسلمين"من حيث التكريم والتبجيل والحرمة(السمعاني، ١٩٩٧م، ٤ /٢٥٩)، كحرمة أن يتزوج الرجل أمه تحريما أبديا، فيحرم على المؤمنين أن ينكحوا زوجاته. (الطبري م.، الطبعة: الأولى، ١٤٢٠ هـ - ٢٠٠٠ م، ٢٠٩/٢٠) عليه السلام بعد موته؛ لأن هذا يعد من إيذائه، ولا فرق بين إيذائه عليه السلام حيا وميتا وإن كان إيذاوه حياً أشد.

فلرسول الله عليه الصلاة والسلام على أمته حق الاتباع والإطاعة؛ فإنّ إطاعته مقرونة بطاعة الله سبحانه وتعالى، قال الله تعالى: [ مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا]. (النساء ، ٨)، فحذر الله سبحانه وتعالى مخالفة رسوله عليه السلام؛ لأن مخالفته يتسبب لإبطال أعمالهم، قال تعالى: [ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَاحْذَرُوا فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُوا أَنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ] (المائدة ، ٩٢)، قال الله تعالى: [ يَا أَيُّهَا الذينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللَّهَ وَأَطِيعُواْ الرسول وَلاَ تُبْطِلُواْ أعمالكم]. ( محمد ٣٣).

إنّ رسول الله صلى الله عليه وسلم أرحم وأرأف بأمته، فيحب لأمته أكثر مما يحب الآباء والأمهات لأبناءهم, قال الله تعالى: [ لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ]. ( التوبة ، ١٢٨).

فرسول الله صلى الله عليه وسلم يخاف على أمته سوء العاقبة ووقوعهم في العذاب الأليم. (إبو السعود ، ١١٤/٤ ).

عن أبي هريرة رضي الله عنه: أنه سمع رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: {إِنَّمَا مَثَلِي وَمَثَلُ النَّاسِ كَمَثَلِ رَجُلٍ اسْتَوْقَدَ نَارًا، فَلَمَّا أَضَاءَتْ مَا حَوْلَهُ جَعَلَ الفَرَاشُ وَهَذِهِ الدَّوَابُّ الَّتِي تَقَعُ فِي النَّارِ يَقَعْنَ فِيهَا،جَعَلَ يَنْزِعُهُنَّ وَيَغْلِبْنَهُ فَيَقْتَحِمْنَ فِيهَا، فَأَنَا آخُذُ بِحُجَزِكُمْ عَنِ النَّارِ،وَهُمْ يَقْتَحِمُونَ فِيهَا}. (البخاري، ١٤٢٢، ١٠٢/٨)..

أشفق الله سبحانه وتعالى به من شدة همه وغمه لأمته حيث تفضل الرب المتعال: [فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَفْسَكَ عَلَى آثَارِهِمْ إِنْ لَمْ يُؤْمِنُوا بِهَذَا الْحَدِيثِ أَسَفًا] ( الكهف ، ٦).

قال الشيخ عبد الرحمن السعدي رحمه الله تعالى: ( فقد كان النبي صلى الله عليه وآله وسلم حريصا على هداية الخلق، ساعيا في ذلك أعظم السعي، فكان النبي صلى الله عليه وسلم يفرح ويسرُّ بهداية المهتدين، ويحزن ويأسف على المكذبين الضالين، شفقة منه صلى الله عليه وسلم عليهم، ورحمة بهم، أرشده الله أن لا يشغل نفسه بالأسف على هؤلاء، الذين لا يؤمنون بهذا القرآن ). (السعدي ،٢٠٠٠ م، ٤٧٠).

كم من الآباء والأمهات يتسببون لأبناءهم الشقاوة والهلاك في الدنيا والآخرة، فيدلهم إلى الشر الذي هم فيه ويربونهم عليه؛ بل أكثر من ذلك فإنّ بعضهم يستعملونهم لأداء مرامهم الفاسدة والقبيحة حتى يحصلوا بسببهم إلى شيء قليل من مصالحهم الشخصية ويجرونهم


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لتعاطي المخدرات والخمور ويعرضونهم للمخاطر والسجن وغيرها من المآسي، وأكثر من ذلك وأخطرها فإنّ البعض يدفع أبناءه من أجل شهواته إلى ذئاب بشرية فيمزقونهم تمزيقا، وفي الآخرة يجعلونهم للنار حصادا وحطاما!، في حين نجد رسول الله صلى الله عليه وسلم يدعو لأمته في كل دعواته ويبكي لهم!.

## المطلب الثاني: حب رسول الله صلى الله عليه وسلم واجب ديني وإيماني:

قال الله تعالى: [ النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ وَأُولُو الْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ إِلَّا أَنْ تَفْعَلُوا إِلَى أَوْلِيَائِكُمْ مَعْرُوفًا كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا]. ( الأحزاب ، ٦).

إن رسول الله صلى الله عليه وسلم يستحق كل الأحترام والتقدير والتبجيل، فما أصاب عبد مؤمن أي خير في الدنيا والآخرة، ولا حفظ وسلم من الذنوب والمعاصي إلا كان بسبب رسول الله سبحانه وتعالى بعد فضل الله ومنّه. ينظر: (السعدي ع.، ١٤٢٠هـ - ٢٠٠٠ م، ص ٦٥٩)، فما من خير إلا أدلنا عليه وما من شر إلا حذرنا منه.

فحبه صلى الله عليه وسلم من الإيمان، وما يكمل دين المرء إلا بحبه عليه السلام أكثر من كل شيء حتى من نفسه، فعن أنس ابن مالك رضي الله عنه، قال: قال النبي صلى الله عليه وسلم: { لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ، حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ}. (البخاري و مسلم، ١٤٢٢هـ، ١٢/١ ، ٦٧/١).

إنّ صحابة رسول الله صلى الله عليه وسلم كانوا أشد الناس حباً لرسول الله عليه السلام، عن عبد الله بن هشام، قال: كنا مع النبي صلى الله عليه وسلم وهو آخذ بيد عمر بن الخطاب، فقال له عمر: يا رسول الله، لأنت أحب إلي من كل شيء إلا من نفسي، فقال النبي صلى الله عليه وسلم: {لاَ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْكَ مِنْ نَفْسِكَ} فَقَالَ لَهُ عُمَرُ: فَإِنَّهُ الآنَ، وَاللَّهِ،لأَأَنْتَ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ نَفْسِي، فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:{ الآنَ يَا عُمَرُ } (البخاري،١٤٢٢هـ، ١٢٩/٨)

قال: أبو سليمان الخطابي ( لم يرد به حب الطبع، بل أراد به حب الاختيار، لأن حب الإنسان نفسه طبع، ولا سبيل إلى قلبه، فمعناه: لا تُصَدِّقْ فيَّ حتى تفدي في طاعتي نفسك، وتؤثر رضاي على هواك، وإن كان فيه هلاكك). (البغوي، ١٤٠٣هـ - ١٩٨٣م، ٥١/١).

وعن أبي هريرة رضي الله عنه، عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: {مَا مِنْ مُؤْمِنٍ إِلَّا وَأَنَا أَوْلَى النَّاسِ بِهِ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ، اقْرَءُوا إِنْ شِئْتُمْ: [النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ] ( الأحزاب ، ٦) ، فَأَيُّمَا مُؤْمِنٍ تَرَكَ مَالًا فَلْيَرِثْهُ عَصَبَتُهُ مَنْ كَانُوا، فَإِنْ تَرَكَ دَيْنًا، أَوْ ضَيَاعًا فَلْيَأْتِنِي فَأَنَا مَوْلاَهُ}. (البخاري م.، ١٤٢٢هـ، ١١٦/٦).

فهذا الحديث الذي رواه أبو هريرة يوضح ويبيّن لنا حقيقة ولاية رسول الله صلى الله عليه وسلم للمؤمنين باعتباره رسولا ومرسلا من رب العالمين إلى الناس كافة ورحمة للعالمين.

قال ابن العربي رحمه الله تعالى بعد أن أورد حديث ابي هريرة السابق: ( فهذا تفسير الولاية المذكورة في هذه الآية بتفسير النبي - صلى الله عليه وسلم – وتعيينه). (إبن العربي، ١٤٢٤ هـ - ٢٠٠٣ م، ٥٤١/٣).

إنّ رسول الله صلى لله عليه وسلم في بداية الأمر لم يصلّ على من مات من أصحابه رضي الله عنهم وعليه دين، فعن أبي هريرة، أن رسول الله صلى الله عليه وسلم، كان يؤتى بالرجل الميت عليه الدين، فَيَسْأَلُ: {هَلْ تَرَكَ لِدَيْنِهِ مِنْ قَضَاءٍ؟} فَإِنْ حُدِّثَ أَنَّهُ تَرَكَ وَفَاءً، صَلَّى عَلَيْهِ، وَإِلَّا، قَالَ:{صَلُّوا عَلَى صَاحِبِكُمْ}، فَلَمَّا فَتَحَ اللهُ عَلَيْهِ الْفُتُوحَ، قَالَ: {أَنَا أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ، فَمَنْ تُوُفِّيَ وَعَلَيْهِ دَيْنٌ فَعَلَيَّ قَضَاؤُهُ، وَمَنْ تَرَكَ مَالًا فَهُوَ لِوَرَثَتِهِ}. (مسلم، ١٢٣٧/٣).

سبحان الله من هذا الرسول الكريم البار الرحيم بأمته، يترك لهم أموالهم ليوزع على ورثة الميت وعصبته فيما بينهم، فيتحمل قضاء الدَّين عمن مات من أمته! ولا يخفى أنّ هذا ليس شأن أحد من الناس إلا من كان نبيا مرسلا من عند الله سبحانه وتعالى.

فكم من ابن قتل أباه؛ لكي يحصل على ماله، وكم من أب طرد ابنه من بيته حتى يحرمه من كل ممتلكاته وخيراته على حد زعمه!.والذي

يؤلمنا ويؤسفنا أنّ داء الحسد والقتال مستمر بين أصحاب الفروض والعصبة في الميراث إلى يومنا هذا، فإننا نسمع ونرى بين الفترة والأخرى أنّ رجلاً قتل أخاه أو قتل رجلين أو أكثر أو أقل وجرح آخرين بين طرفين على الميراث أو على الأراضي المتروكة، فيحرم هذا أخاه وأخواته من المال والأراضي فيتشاجرون ويتقاتلون لأنهم لم يرضوا بشرع الله فيتسرع للحصول على بعض المال أو أكثر المال فيحرم عليه كله! وسيستمر هذا التباغض والتقاتل مالم يحكم بكتاب الله سبحانه وتعالى، فمتى حكم بكتاب الله سبحانه وتعالى فإنه يعطى ويؤخذ كل ذي حق حقه.

ومن هنا يظهر دلالة قوله تعالى: [النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ] ( الأحزاب ، ٦) اكثر، فمهم يتقاتلون من أجل الحصول على شيء تافه قليل من الدنيا، ورسول الله صلى الله عليه وسلم يضمن لهم دنيهم ودنياهم.

## المطلب الثالث: النبي صلى الله عليه وآله وسلم خير المُرَبِّين في الدنيا والآخرة:

لقد أحسن القول الإمام فخر الدين الرازي رحمه الله تعالى في تفسير الآية: [ النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ].

( الأحزاب ، ٦)، حيث قال: (النبي عليه الصلاة والسلام أشرف وأعلى درجة من الأب وأولى بالإرضاء، فإنّ الأب يربي في الدنيا فحسب، والنبي عليه الصلاة والسلام يربي في الدنيا والآخرة). (الرازي، ١٤٢٠ هـ، ١٥٨/٢٥)..

فإنّ تربية الآباء لأبناءهم في بعض الأحيان يكون تربية فاشلة وساقطة حين لا يقوم الآباء والأمهات بواجبهما الذي كان عليهما تجاه أولادهم. فكم من الآباء لم يراعوا ولم يهتموا باختيار زوجة صالحة لأولاده واختيار اسم مناسب لهم، فرسول الله صلى الله عليه وسلم أبدل أسماء بعض أصحابه عندما وجدها ذات دلالة سلبية لا تناسب شخصية الإنسان السوي، وكم من الآباء لا يقومون بنصح أولادهم وتربيتهم؛ بل العكس من ذلك يربيهم نجد من يربيهم على معصية الله سبحانه وتعالى فلا يسمح لأبنائه الذهاب إلى المسجد؛ بل منهم من لا يسمح لهم أن يصلوا في البيوت، ولا يسمحون لبناتهم أن يتحجبن ؛ كما أن بعضهم يعوّد ابنه على تعاطي المخدرات والخمور وشرب الدخان، فلا يراقبه لا في نهاره ولا في ليله، فضلا عن تعلمه الدين والإسلام.

هناك آثار غير الشرعية تترتب على استخدام سناب شات كوسيلة تواصل اجتماعي،فإذا استخدم هذا البرنامج في غير مسارها الصحيح أي استخدم استخداماً خاطئا وغير صحيياً وفي غير موضعه-خلافا لما سبق ذكره من قواعد وموضوعات بنيت عليها فتح الذريعة-قد تنتج منه آثار سلبية في جوانب عدة ولا يعرف عاقبة هذه الاستعمالات والأفعال الخاطئة إلا الله سبحانه، ومن هذه الجوانب:

١-الجانب الديني:وذلك عندما تستخدم هذه الوسيلة في الدعوة إلى الانحرافات أو الشبهات والشهوات والأفكار الضالة، وإضلال الناس وابتعادهم عن الدين الإسلامي يقول سبحانه{فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ}(آل عمران:٧)، وذلك بقيام الشخص بدعايات ووضع فيديوهات أو مقاطع صوتية أو أي شيء آخر تصدر و تنبعث منها الحقد والكراهية على الإسلام وعلمائه وأتباعه بدعايات كاذبة وضالة، قد تؤثر هذه على ضعاف العقول و النفوس ويجانبهم وينحرفهم عن طريق الصحيح إلى الضلال و فعل المحرمات والمنهيات، وهذا بسبب متابعتهم لهؤلاء –قد يكونوا مشاهير على السناب شات-وتقليدهم والانغماس وراء رغباتهم الهادفة الضالة،وقد تؤثر في زعزعة عقيدة المسلم وتشويه الحقائق العقدية والإيمانية، وابتاع الشبهات والشهوات ويقول سبحانه{فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا(٥٩) إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ شَيْئًا} (مريم:٥٩-٦٠)،وهذا من أخطر استخدامات سناب شات، ويقول الجابري(من أخطر مايحمله الإعلام الجديد بأساليبه المتنوعة زعزعة العقيدة الإسلامية في نفوس كثير من الأبناء، تقوم بعض أجهزة الإعلام ببث الآراء والأفكار العقدية غير الصحيحة لخلق نوع من المشاكل والتشويه على أفكار الشباب ومحاولة اقتلاع أسس العقدية و الشريعة الإسلامية من نفوس الأبناء)(٢٠١٧، ٦٤).

٢- الجانب المدني والتجاري :لقد أصبحت الشركات وأصحاب المهن والتجار يدركون جيدا ضرورة التركيز على تفعيل برامج التواصل الاجتماعي للتسويق والترويج على منصات التواصل الاجتماعي،وذلك لسهولة الوصول وقلة التكلفة المادية والقدرة والطاقة الكافية للتواصل مع الزبائن والعملاء والمستخدمين،ويعد برنامج سناب شات من البرامج الذي يسهل الوصول اليه ويكثر استعماله من قبل المستخدمين ويجذب الآخرين له بالإضافة إلى مافيه من تأثير سيء وفاسد على ثقافة الاستهلاك وترشيده، لذا يروج التجار والمسوقين الإلكترونيين لسلعهم وأغراضهم، وقد يقومون بالتدليس والغبن الفاحش والغش واصطناع سلعة وهمية في الصورة عن طريقه وعدم ملكية الشيء وبيعه من غير قبض، وقد لايعلم المستخدم مافيه من التدليس والغبن، ويقرر شراء السلعة وخاصة الألبسة والأزياء و وسائل التجميل و قطع غيار السيارات وغيرها من الأشياء المروجة على الشبكات التواصل،هذه من جهة كيفية العقد وإبرامه، فتعد الغبن الفاحش والخلابة والتدليس والاستغلال من قبل الشركات و التجار و الأشخاص الذين يستخدمون سناب شات كوسيلة للعقود والتجارة، يقول سبحانه[يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً عَنْ تَرَاضٍ مِنْكُمْ](النساء:٢٩)وقوله تعالى [يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ](المائدة:١)، وورد عن النبيﷺ{لاتُصَرُّوا الإبلَ والغنَمَ، فمَنِ ابتاعَ مُصرَّاةً فهو بآخِرِ النَّظرَيْنِ،إنْ شاءَ أمسَكَها، وإنْ شاءَ رَدَّها بصاعٍ مِن تَمرٍ}(البخاري،ر(٢٠٤١)،٢ /٧٥٥)،وفي حديث آخر عن حكيم بن حزام،قال{يارسول اللهﷺ،يأتيني الرجلُ فيريد مني البيعَ ليس

عندي، أفأبتاعُه له مِن السوق؟ فقال: "لا تَبِعْ ما لَيسَ عندَكَ"} (أبوداود،ر(٣٥٠٣)،٣٦٢/٥)،و عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: «مَنْ حَمَلَ عَلَيْنَا السِّلَاحَ فَلَيْسَ مِنَّا، وَمَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا](رواه مسلم،ر(١٦٤)،١ / ٩٩).

-ومن جهة أخرى قد يروجون لأشياء وأغراض وسلع غير شرعية فهذا في الأصل ممنوع ومحظور شرعاً أو مافيه من الربا المحظور أو القمار أو الضرر المحض لنفس الانسان وعقله كالمشروبات الكحولية والمخدرات بأنواعها وغير ذلك، كل ما أشرنا إليه من هذه العقود والمعاملات غير شرعية من حيث الأصل، ولا يجوز ابتياعه ولابيعه لأن البيع حلال والربا و المخدرات حرام يقول سبحانه {قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا}(البقرة:٢٧٥)و{يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ(٢٧٨) فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِنْ تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَالِكُمْ لَاتَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ}(البقرة:٢٧٨-٢٧٩)وقوله تعالى{يَسْأَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ} (المائدة:٣)وكذلك يقول جل جلاله{ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (١١٥) وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ}(النحل:١١٥).

فالذين يستخدمون سناب شات لأغراض ومصالح غير شرعية لايراعون ما يأتي:

-عدم الابتعاد عن الاستغلال والغش والتغرير والقمار والضرر بأشخاص آخرين.

-عدم الابتعاد عن الشبهات والشهوات.

-عدم مراعاة الأحكام الشرعية في المتاجرة والمعاملات المالية.

-عدم الالتزام ببيع وشراء السلع الشرعية والنافعة.

وأخيرا أن من قام بهذه الأفعال المحرمة وغير الشرعية سواء من حيث الأصل أو قام بالغش والتدليس والاستغلال نقول حينئذ بمنع وسد سناب شات،وقد توعد الرسول على هذه الأفعال فعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ(ﷺ) قَالَ:{ثَلَاثَةٌ لاَ يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ القِيَامَةِ، وَلاَ يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ:رَجُلٌ حَلَفَ عَلَى سِلْعَةٍ لَقَدْ أَعْطَى بِهَا أَكْثَرَ مِمَّا أَعْطَى وَهُوَ كَاذِبٌ، وَرَجُلٌ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ كَاذِبَةٍ بَعْدَ العَصْرِ لِيَقْتَطِعَ بِهَا مَالَ رَجُلٍ مُسْلِمٍ، وَرَجُلٌ مَنَعَ فَضْلَ مَاءٍ فَيَقُولُ اللَّهُ اليَوْمَ أَمْنَعُكَ فَضْلِي كَمَا مَنَعْتَ فَضْلَ مَا لَمْ تَعْمَلْ يَدَاكَ}(رواه البخاري،ر(٢٢٤٠)، ٢ /٨٣٤)

٣-الجانب الأسري:إحدى الجوانب المهمة التي تعرض لها هذا البرنامج وأثر عليها بشكل من الأشكال وخاصة في هذه السنوات هو الجانب الاجتماعي والأسرة، فبسبب سناب شات ومتابعته أدى إلى القضاء على الكثير من القيم العليا والآداب العامة، وأحدث تغيرات أسهمت في زعزعة العلاقات الانسانية وعلاقة الفرد بأسرته وعلاقة الأسر ببعضها.

لذا نقول إن استخدام سناب شات إذا أدى إلى :

-النظر إلى الحرام والمحرمات وصور المرأة السافرة و المتبرجة والعارية.. .

- الوقوع في المحرمات والمفسدة الاخلاقية والفتنة.

- التبرج والاختلاط بين الشباب والشابات أو بين المرأة والذكور غير المحرمات .

-الترويج للموضة وأعضاء الجسم وخاصة المرأة.

-نشر الصور غير شرعية لإثارة الشهوة .

- نشر التعامل السيء والبذيء مع الأهل وخاصة الآباء والأمهات والأبناء بحجة الحرية الفردية.

- نشر الآراء الهابطة والأقوال الساخرة بالأسرة وقيمها وآدابها.

-نشر فيديوهات تشير إلى حرية المرأة في كيفية حرية زواجها وطلاقها من زوجها وسعادتها من هذه الحالة.

وغير ذلك من الاستخدامات السيئة والفاسدة وغير المبررة تنشر في موقع سناب شات وتؤثر على الأسرة والفرد وعلى استقرار المجتمع وأمنه، في كل هذه الأحوال والجوانب المؤدية إلى القضاء على الأسرة وقيمها نقول أنه يجب سد ومنع استخدام سناب شات وعدم جواز استعماله في أي حالة من الأحوال مادامت تؤدي إلى الضرر والفساد في المجتمع.

## الخاتمة:

وأخيرا نقول أن الحوادث والوقائع والمستجدات الانسانية غير متناهية إلى يوم القيامة، لذا لابد أن يكون لنا وقفة واجتهاد خاصة من قبل العلماء لمعالجة هذه الحوادث والنوازل المعاصرة والمتجددة كي لانقع في المشقة والحرج، لذا من الضروري أن نعلم ونحقق في المسائل المتعلقة بالتكنلوجيا الحديثة ومواقع التواصل الاجتماعي،وكما يقول القرداغي(النصوص متناهية،والحوادث والمستجدات لا تتناهى، فنعالج ذلك من خلال الاجتهاد القائم على القياس، والمصالح المرسلة، ونحوهما (القرداغي ٢٠١٠ ص١٩٦).

وننهي البحث بمقالة رائعة وقول سديد من قبل الشيخ ابن عاشور حيث يقول:(وممّا يجب التنبّه له في التفقّه و الاجتهاد التفرقةُ بين الغلو في الدين وبين سدّ الذريعة، وهي تفرقةٌ دقيقة. فسدُّ الذريعة موقعُه وجودُ المفسدة، والغلوُّ موقعُه المبالغة والإغراق في إلحاق مباح بمأمور أو منهي شرعي،أو في إتيان عمل شرعي بأشدَّ مما أراد به الشارع، بدعوى خَشية التقصير عن مراد الشارع. وهو المسمى في السّنة بالتّعمق والتنطّع . وفيه مراتب، منها: ما يدخل في الورع في خاصة النفس الذي بعضُه إحراجٌ لها، أو الورع في حمل الناس على الحرجِ، ومنها ما يدخل في معنى الوسوسة المذمومة. ويجب على المستنبطين والمفتين أن يتجنّبوا مواقع الغلو والتعمق في حمل الأمة على الشريعة، وما يُسنُّ لها من ذلك. وهو موقف عظيم) .(٢٠٠٤م، ٣/٣٤٠-٣٤٢)

## وتوصل البحث إلى مجموعة من النتائج وهي:

١- أن وجود برنامج إلكتروني وإعلامي خدمة انسانية من حيث الأصل مباح وجائز، ولكن نأتي بعد ذلك إلى كيفية التعامل واستخدام هذا البرنامج والآلة الإلكترونية واستخدامه في السوشيال ميديا من قبل المستخدمين.

٢-استخدام سناب شات لايخرج عن كونه وسيلة مفضية إلى الفساد أو عدمه بحسب استخدامه من قبل الأشخاص أو المنظمات أو المجتمع، فقد نرى أنه يستخدم هذا البرنامج بشكل واسع ولايمكن إنكاره أو نفيه لذا لابد من التعامل معه بدراية وحكمة وروية وأن لانصطدم معه، بل لابد من معرفة الحكم الشرعي له ولكيفية استخدامه.

٣-أنه يجوز عقد النكاح والتعاقد بين طرفي العقد -إذا كانا غائبين أو في مكانين متباعدين -عن طريق سناب شات إذا أُمن التلاعب ، وتُحقق من شخص الزوج والولي ، وسمع الشاهدان الإيجاب والقبول في المجلس دون أن يفصل بينهما.

٤- اعتماداً واستناداً على الأدلة الشرعية ومن أهمها حفظ المقاصد العليا للشريعة، نقول: بفتح الذريعة أو سدها.

لابد وأن تبنى وتؤسس عليها حفظ الإنسان و دينه وعقله وعرضه وماله وكرامته وغيرها من المصالح الشرعية المعتبرة التي تخدم وتحفظ الانسان ولاتهدر حقه وماله وعرضه.

٥-هناك آثار غير الشرعية تترتب على استخدام سناب شات كوسيلة تواصل اجتماعي،فإذا استخدم هذا البرنامج في غير مسارها الصحيح أي استخدم استخداماً خاطئا وغير صحيح و في غير موضعه المباح له، قلنا بمنعه وسده ولايجوز حينئذ استخدام هذه الوسيلة لأنها تؤدي إلى الحرام والفساد وهتك المحرمات.

٦-إذا قام المستخدم لسناب شات بهذه الأفعال المحرمة وغير الشرعية سواء من حيث الأصل: كالاستغلال والغش والتغرير والقمار والضرر بأشخاص آخرين أو استخدامه في الشبهات والشهوات أو عدم مراعاة الأحكام الشرعية في المتاجرة والمعاملات المالية وعدم الالتزام ببيع وشراء السلع الشرعية والنافعة حينئذ نقول بمنع وسد سناب شات.

٧- إذا أدى استخدام سناب شات ومتابعته إلى القضاء على الكثير من القيم العليا والآداب العامة، وأحدث تغيرات وأسهم في زعزعة العلاقات الانسانية وعلاقة الفرد بأسرته وعلاقة الأسر ببعضها وهتك الأعراض وتدمير القيم العليا قلنا بمنع استعماله واستخدامه وسده منعا لنشر الفتنة وتدمير الأسرة.

## المصادر والمراجع:

**-بعد القرآن الكريم**

**أولا:كتب المعاجم اللغوية:**


١-ابن منظور، محمد بن مكرم، (١٩٩٦م)، لسان العرب، ط١، دار صادر - بيروت.

٢-الزَّبيدي، محمد مرتضى، (١٩٨٤م)، تاج العروس من جواهر القاموس، ط١، دار إحياء التراث العربي- بيروت.

٣-الفيروزآبادى، مجد الدين أبو طاهر، (٢٠٠٥م)، القاموس المحيط، ط٨، مؤسسة الرسالة، بيروت – لبنان.

٤-الراغب الأصفهاني، أبو القاسم الحسين بن محمد.(١٤١٢هـ)، المفردات في غريب القرآن، تح: صفوان عدنان الداودي، ط١، دار القلم، الدار الشامية، دمشق- بيروت.


**ثانيا: الكتب:**


١-الآمدي، علي بن محمد،(١٤٠٢هـ)، الإحكام في أصول الأحكام. تح: عبد الرزاق عفيفي، ط٢، المكتب الإسلامي، بيروت.

٢-إبراهيم،حسني عبدالسميع،(٢٠١١م)، المعاملات الإلكترونية في الشريعة الإسلامية، ط١.منشأة المعارف الإسكندرية-مصر.

٣-الإبراهيم، محمد عقلة،(١٩٨٦م)، حكم إجراء العقود بوسائل الاتصال الحديثة.ط١.دارالضياء -الأردن.

٤-ابن أمير حاج، أبو عبد الله شمس الدين محمد بن محمد،(١٩٨٣م)،التقرير والتحبير،ط٢، دار الكتب العلمية- بيروت.

٥-ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم،(١٩٨٧م)، الفتاوى الكبرى،ط١، دار الكتب العلمية-بيروت.

٦-ابن عاشور، محمد الطاهر بن محمد.(٢٠٠٤م). مقاصد الشريعة الإسلامية .تح: محمد الحبيب ابن الخوجة. وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية- قطر.

٧-ابن قيم الجوزية، محمد بن أبي بكر، (١٩٩١م)، إعلام الموقعين عن رب العالمين، تح: محمد عبد السلام ط١، دار الكتب العلمية– بيروت.

٨-ابن ماجه، أبو عبد الله محمد بن يزيد،(٢٠٠٩م) سنن ابن ماجه. تح: شعيب الأرنؤوط وآخرون.ط١.دار الرسالة العالمية.

٩-ابن نجيم، زين الدين بن إبراهيم بن محمد.( ١٩٩٩ م). الأشباه و النظائر. تح:الشيخ زكريا عميرات. ط١.دار الكتب العلمية-بيروت.

١٠-ابن كثير. أبو الفداء إسماعيل بن عمر البصري.(١٩٩٩م). تفسير القرآن العظيم. تح: سامي بن محمد السلامة.ط٢. دار طيبة للنشر والتوزيع .

١١-أبوالبقاء الحنفي، أيوب بن موسى الكفوي.(١٩٩٨م) الكليات معجم في المصطلحات والفروق اللغوية. تح: عدنان درويش - محمد المصري. مؤسسة الرسالة –بيروت.

١٢-البخاري، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله،(١٩٨٧م). الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله صلى الله عليه وسلم وسننه وأيامه.تح: د. مصطفى ديب البغا .ط٣. دار ابن كثير، اليمامة– بيروت.

١٣-البرهاني، محمد هشام.(١٩٨٥م). سدالذرائع في الشريعة الإسلامية. ط١.دارالفكر-دمشق.

١٤- بن حنبل، أحمد ، أبو عبد الله أحمد بن محمد، (٢٠٠١م)، مسند الإمام أحمد، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت- لبنان

١٥-البيهقي، أحمد بن الحسين بن علي بن موسى،(٢٠٠٣م)،السنن الكبرى، تح:محمد عبدالقادر،ط٣، دار الكتب العلمية- بيروت.

١٦-الترمذي،محمد بن عيسى الضحاك.(١٩٧٥م). سنن الترمذي.تح: أحمد محمد شاكروآخرون.ط٢. شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي – مصر.

١٧-الجديع، عبد الله بن يوسف بن عيسى،(١٩٩٧م)، تيسيرُ علم أصول الفقه،ط١، مؤسسة الريان- بيروت.

١٨-الجرجاني، علي بن محمد، (١٤٠٥هـ)، التعريفات،تح: إبراهيم الأبياري ط١، دار الكتاب العربي– بيروت.

١٩-الحاكم،أبو عبدالله الحاكم محمد بن عبدالله بن محمد.(١٩٩٠م). المستدرك على الصحيحين.تح:مصطفى عبدالقادر. ط١.دارالكتب العلمية–بيروت.

٢٠-حميش،عبدالحق،(٢٠٠٤م).قضايا فقهية معاصرة.مركز البحوث والدراسات-الإمارات العربية .

٢١-الخادمي،نورالدين،(٢٠٠٧م).المقاصد الشرعية.ط١.مكتبة كنوز إشبيلية-السعودية.

٢٢-الزركشي، أبو عبدالله بدر الدين محمد بن عبد الله بن بهادر(١٩٩٤م) ،البحر المحيط في أصول الفقه، ط١،دارالكتبي.

٢٣-الزحيلي،محمد مصطفى.(٢٠٠٦م).القواعد الفقهية وتطبيقاتها في المذاهب الأربعة.ط١. دار الفكر–دمشق.

٢٤-الزحيلي،وهبة مصطفى،سد الذرائع،بحث منشور في مجلة مجمع الفقه الإسلامي التابع لمنظمة المؤتمر الإسلامي بجدة.

٢٥-الزلمي،مصطفى إبراهيم.(٢٠١٤م).أصول الفقه في نسيجه الجديد.ط١.نشر إحسان للنشر.

٢٦-الزيدان،عبدالكريم ،(١٩٨٧م)،الوجيز في أصول الفقه،ط٦،مؤسسة قرطبة،مؤسسة الرسالة-بيروت.

٢٧-السلمي، عبد العزيز بن عبد السلام،(١٤١٦هـ)، الفوائد في اختصار المقاصد، ط١، دار الفكر-دمشق.

٢٨-السيوطي،جلال الدين عبدالرحمن.(١٩٨٣م).الأشباه والنظائر .ط١.دارالكتب العلمية- بيروت.

٢٩-الشاطبي،أبو إسحاق إبراهيم بن موسى.(١٩٩٧م). الموافقات في أصول الشريعة.تح: أبوعبيدة مشهور بن حسن آل سلمان. تقديم: بكر بن عبد الله أبو زيد.ط١.دار ابن عفان.

٣٠-الشاطبي.أبو إسحاق إبراهيم بن موسى.(٢٠٠٨م).الاعْتِصَام.تح:د.محمد بن عبد الرحمن الشقير وآخرون.ط١.دار ابن الجوزي-السعودية.

٣١-الشوكاني،محمد بن علي بن محمد،(١٩٩٣م).نيل الأوطار،تح:عصام الدين الصبابطي،ط١، دار الحديث- مصر.

٣٢-القاضي عبد الوهاب،أبو محمد بن علي المالكي.(١٩٩٩م). الإشراف على نكت مسائل الخلاف.تح: الحبيب بن طاهر.ط١. دار ابن حزم .

٣٣-القرافي، أبو العباس شهاب الدين أحمد بن إدريس. الفروق = أنوار البروق في أنواء الفروق. عالم الكتب.

٣٤-القرافي، أبو العباس شهاب الدين أحمد بن إدريس.(١٩٧٣م). شرح تنقيح الفصول.تح: طه عبد الرؤوف سعد.ط١. شركة الطباعة الفنية المتحدة.

٣٥-القرداغي،علي محي الدين.(٢٠١٠م)،المدخل إلى الاقتصاد الإسلامي دراسة تأصيلية مقارنة بالاقتصاد الوضعي على ضوء الكتاب والسنة ومقاصد الشريعة وتراثنا الفقهي. ط١.شركة دار البشائر الإسلامية-بيروت.

٣٦-القرداغي، علي محي الدين.(٢٠١٠م)،المقدمة في منهج الفقه الإسلامي للإجتهاد والبحث في القضايا المعاصرة في ضوء الثوابت والمتغيرات والمقاصد العامة.ط١.شركة دار البشائر الإسلامية-بيروت.

٣٧-مخدوم.مصطفى بن كرامةالله.(١٩٩٩م).قواعدالوسائل في الشريعة الإسلامية دراسة أصولية في ضوء المقاصد الشرعية.ط١.دارإشبيليا للنشر-الرياض.

٣٨-المسما، نوف بنت محمد.(٢٠١٦م).التواصل الاجتماعي الإلكتروني من منظور فقهي.ط١.مكتبة الإمام الذهبي-الكويت.

٣٩-مسلم،بن الحجاج أبو الحسن القشيري النيسابوري،المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم.تح:محمد فؤاد عبد الباقي.دار إحياء التراث العربي – بيروت.

٤٠-المقري،أبي عبدالله محمدأحمد، القواعد.تح: أحمد بن عبدالله، مركز إحياء التراث الإسلامي،جامعة أم القرى، السعودية.

**ثالثاً- الرسائل والأطاريح:**

١-كتانه،دعاء عمر.(٢٠١٥م).(وسائل التواصل الاجتماعي وأثرها على الأسرة –دراسةفقهية).رسالة ماجستير بكلية الدراسات العليا في جامعة النجاح الوطنية-فلسطين.

**رابعاً- بحوث المجلات:**

٢-جابري،سارة،(٢٠١٧م)، "الإعلام الجديد"،دراسة في المداخل والتأثيرات في ظل الألفية الثالثة.بحث منشور في مجلة الرسالة للدراسات والبحوث الإنسانية.مجلد١-عدد١ .

٣-حريري، مازن حسين، (٢٠٢٠م)، "التسويق الرقمي أسسه و خصائصه في الشريعة الإسلامية"، مجلة التراث، العدد ٠٣،جملد العاشر.

٤-حفيظة،مبارك.(٢٠٢٢م)."المعاملات الإلكترونية في ميزان الشريعة الإسلامية تأصيل وتأسيس دراسة مقارنة بالقانون". بحث منشور في مجلة المعيار.مجلد ٢٦.عدد ٥.

٥-السامرائي،حاتم أحمد عباس.(٢٠٠٨م)."سدالذرائع في الشريعة الإسلامية".بحث منشور في مجلة سرمن رأى.مجلد٤.عدد٩.

**خامساً- مقالات إلكترونية ومواقعها:**

١-الشريف، محمد بن شاكر المحادثة بين الرجال والنساء من أجل التعارف (saaid.net) ، مقالة منشورة، تاريخ الزيارة : ٢٢/ ١١ / ٢٠٢٢م.

2-.( syed norman ali ,Social media –a good thing or a- bad thing, 8\Aug\2012, https://www.socialmediatoday.com).

3-Adam barone, Digital marketing, 23\juni\2022, https://www.investopedia.com

**سادساً - القرارات والفتاوى:**

١-مجمع الفقه الإسلامي الدولي.١٩٩٠م.قرار رقم (٦/٣/٥٤) المؤتمر السادس.الجدة-السعودية.

٢- مجمع الفقه الإسلامي الدولي.١٩٩٢م.قرار رقم(٦٣ (١ / ٧)..المؤتمر السابع.الجدة-السعودية.

٣- اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء.فتاوى اللجنة الدائمة. جمع وترتيب: أحمد بن عبد الرزاق الدويش. رئاسة إدارة البحوث العلمية والإفتاء - الإدارة العامة للطبع – الرياض.

٤- فتوى في موقع الإسلام سؤال وجواب،https://islamqa.info/ar/answers/105531/حكم اجراءعقد النكاح عن طريق الهاتف والانترنت.تأريخ الزيارة ٢٣ / ١١ / ٢٠٢٢م.

# تێمای ئافرەت لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا

# التيم المرأة في شعر لطيف هلمت

# The theme of women in Latif Halmat's poems

**دەشتی یاسین عومەر[١]، ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا[٢]**

[١،٢] بەشی کوردی ،کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین،شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail:dashte.omer@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (تێمای ئافرەت لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت)دا پێشکەشکراوە، تێمای ئافرەت وەکو بابەتی سەرەکی باسکراوە، ئەو لق و سەرچاوانەی پێکهێنەری تێمای ئافرەتن، کراون بە تەوەری سەرەکی لەوانەش: (دایک، ئافرەت وەک پێویستی، ئافرەت وەک مەعشوق، ئافرەت وەک سەرچاوەی بەرهەم هێنانی دەقی ئیرۆتیک، ئافرەت وەک جوانی و مەزنی) بۆ هەریەکێک لەو چەمکانە پێناسە و شیکردنەوەی زاراوەیمان کردووە و لە شیعرەکانی شاعیردا پراکتیزەمان کردوون ئافرەت لە فەرهەنگی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا ڕەگ و ڕیشەی بەهێزی هەیە، بە جۆرێکە، ناکرێ ئافرەت لە فەرهەنگی شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا لاببەین، چونکە سەرچاوەی سەرەکی، هەڵقوڵانی ئیلهامی شیعری لای لەتیف هەڵمەت، ئافرەتە.

**کلیلی وشەکان:** (لەتیف هەڵمەت، تێمای ئافرەت، دایک، مەعشوق، ئیرۆتیک)

**الملخص :**

هذا البحث بعنوان (التيم المرأة في شعر لطيف هلمت)، وفيه تم الحديث عن صورة المرأة كموضوع رئيس، وانبثقت منها الصور الفرعية وهي متعددة منها: (المرأة كأم، المرأة كاحتياج، المرأة كمعشوقة، المرأة كمصدر لإثارة ايروتيك، المرأة كمثال للجمال والعزة)، بحيث تم عرض هذه الأساسيات بشكل نظري، ومن ثم تطبيقها في أشعار لطيف هلمت. المرأة في أشعار لطيف هلمت كانت لها مكانة مرموقة ومتجذرة بحيث لانستطيع بتاتا محوها من معجمه الشعري، باعتبارها من أساسيات شعره، فمصدر الإلهام في أشعار لطيف هلمت هو: المرأة.

**الكلمات المفاتيح :** (لطيف هلمت، التيم المرأة، الأم، المعشوقة، ايروتيك)

## Abstract:

The title of this research is (The theme of women in Latif Halmat's poems)

The theme of woman is the main subject of this research, the branches and sources that are used as the main subject of the research are (mother, women as necessity, women as lover, women as the source of erotic, and women as beauty and greatness) each of them has definition and explanation and also have been practiced in the poet's poems. Woman in Latif Halmat's poems is very strong which is impossible to be removed because women is the root of his writings and poems.

**Key words:** (Latif Halmat, The theme of women, mother, women as lover, erotic)

---


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10499 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/١/١٢ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٣/١ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | dashte.omer@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ دەشتی یاسین عومەر، پ.د: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## پێشەکی:

(لەتیف هەڵمەت) یەکێکە لە شاعیرە نوێخوازەکان لەسەرەتای ساڵی حەفتاکاندا وەک ناوێکی دیار هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە هێنانەدی قۆناغێکی نوێی شیعری کوردیدا، چەندین بیر و بابەتی نوێ و شێوازی نوێی لە: (زمان، مۆسیقا، رەمز، ئەفسانە، فۆرمی نوێ، جیاوازی ناونیشانی شیعر...) هێناوەتە ناو شیعری کوردییەوە، بە تەکنیکی جیاواز شیعرەکانی بە بەراورد بە قۆناغی شیعری پێش خۆی نووسیوە، شیعرەکانی شاعیر فرە رەهەندن، لە تێمای ئافرەتیشدا چەندین بابەت لە خۆ دەگرن، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا (ئافرەت)مان کردووە بە سەنتەری توێژینەوەکە، هەوڵمانداوە تێما و دەرکەوتە جیاوازەکانی ئافرەت لە شیعرەکانی شاعیر بخەینەڕوو.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە پوختە، کلیلی وشەکان، پێشەکی و دوو تەوەر پێکهاتووە.

**تەوەری یەکەم:** چەمک و زاراوەی (تێما و ئافرەت)مان باسکردووە و تیشکمان خستۆتە سەر ئافرەت لە شیعری کوردیدا.

**تەوەری دووەم:** تێماکانی ئافرەتمان بە پێنج لق لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا خستۆتەڕوو، لەوانە:

یەک: ئافرەت وەک دایک

دوو: ئافرەت وەک سەرچاوەی مەزنی و جوانی

سێ: ئافرەت وەک خۆشویستراو (مەعشوق)

چوار: ئافرەت وەک پێویستی

پێنج: ئافرەت وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقی ئیرۆتیک (Erotic)

-ئەنجامی توێژینەوەکە و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

سنوری توێژینەوە: سنوری ئەم توێژینەوەیە لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)ە، تایبەتتر ئافرەت بە نموونە وەرگیراوە.

ئامانجی توێژینەوە: ئامانجمانە لەم توێژینەوەیەدا تێمای ئافرەت (ئافرەت وەک دایک، ئافرەت وەک جوانی و مەزنی، ئافرەت وەک خۆشویستراو(مەعشوق)، ئافرەت وەک پێویستی، ئافرەت وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقی ئیرۆتیکی) لە شیعرەکانی شاعیر بخەینەڕوو.

رێبازی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا رێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەوکراوە.

## تەوەری یەکەم:

### یەکەم: چەمک و زاراوەی تێما

زاراوەی تێما بە واتای (کرۆکی بابەت) دێت، بە واتای ئەوەی لە کاتی گەڕان و پشکنین لە دەقەکاندا دەکرێت بچینە بنج و بناوانی بابەتێکی تایبەتی یاخود بەهای بابەتیک کە توانای وردکردنەوەی هەبێت، بۆ نموونە کە دەڵێین تێمای رەگەزی مێ، ئەم تێمایە دەکرێت لە هەمان کاتیشدا هەڵگری بابەتی (کچ، ژن، داپیرە، بێوەژن، براژن، ماموژن، دایک هتد..) بێت.

«تێما لە کوردیدا بە مانای جەوهەری بابەت، یان مانایەکی دیاریکراوی زاڵ لە نێو بابەتەکە، یان فیکرەی جەوهەری دێت»(ئەسوەد، ٢٠١٥، لا ١٤١). ئەم زاراوەیە بە زمانی ئینگلیزی (theme)ە بەکارهێنانی زاراوەکە واتای «بیرۆکەیەکە بۆ بەکارهێنانی ناونیشانێک کە لق و پۆپی لێبێتەوە، یەکەم بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٢٥٠-١٣٠٠) کە لە بنەڕەتەوە لە وشە یۆنانیەکەیەوە وەرگیراوە بریتییە لە (théma) بە واتای داڕشتن دێت، ئەم زاراوەیە، ئینگلیزەکان لە فەرەنسییە کۆنەکانەوە بە واتای بابەت وەریان گرتووە»(.dectionery.com). هەمان ئەم زاراوەیە کە دەکرێتە عەرەبی بووەتە (التیم)، «ناولێنانێکی تایبەتییە بۆ وێناکردنی شتێک کە لقی لێبێتەوە، کە لە کاری هەموو نوسەرێکدا دەیدۆزینەوە»(علوش، ١٩٨٥، ص ٥٦). ئەم زاراوەیە لە زمانی فارسیشدا «بەواتای گەواهیدان، ریشە، زەمینەسازی، داڕشتن، بابەت دێت»(abadie.ir). کەواتە لە زمانە جیاوازەکانیشدا ئەسڵی زاراوەکە دەچێتەوە سەر ئەو واتایەی کە تێما بریتییە: لە شۆڕبوونەوە بە رەگ و ریشەی بابەتێکدا و چوونە سەر لق و پۆپەکانی و شیکردنەوەیان. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم زاراوەیەش بۆ بابەتەکەمان ئەوەیە، کە ئێمە دەمانەوێت لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا تێمای ئافرەت لە چەند رەهەندێکی جیاوازەوە بخەینەڕوو.

## دووەم: ئافرەت لە شیعری کوردیدا

ئافرەت لە فەرهەنگ و تێگەیشتنی زمانی کوردیدا، وشەیەکە هەڵگری کۆمەڵێک وشەی ترە، واتا بۆخۆی فەرهەنگێکە لە چەند وشەیەک چنراوە، وەک: (ژن، دایک، خۆشویستراو، کچ، ڕەگەزی مێ...) کە هەریەک لەم وشانە لە ڕووی لێکسیکۆلۆژییەوە هەڵگری بیری قوڵی واتایین، وشەی ئافرەت، ‹‹لە وشەی (ئافرۆدۆیت)ی یۆنانیەوە وەرگیراوە، کە بە خوای جوانی و دڵداری مەشهوورە و لای ڕۆمانەکان بۆتە ڤینووس››(زەبیحی، ٢٠٢٢، لا ٤٤). هەروەها لە فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژی کوردیدا هاتووە، ‹‹ئافرەت واتا ئەو ژنە خواوەندەی کە ڕۆمانەکان پێیان دەگوت (ئەورۆرا) بە واتای ئاورینگ(...)، ئەچێتەوە سەر وشەی پەهلەوی (afraxtan)بە واتای ڕۆشنکردن، چراهەڵکردن، واتا ئەفرەختان بوویێتە ئەفرەخت، ئەفرات پاشانیش ئافرەت، مەبەستەکەش گونجاوە کە ئافرەت بە چرا هەڵکەر و ڕۆشنکەرەوەی ماڵ دانراوە››(هەرشەمی، ٢٠٢٢، لا ٧٠). هەندێ سەرچاوە وای بۆ دەچن کە وشەکە لە بنەڕەتدا لە (عورت)ی عەرەبییەوە وەرگیرابێت، بەڵام بە هەموو لایەنەکان ئێمە مەبەستمان لە ئافرەت، کۆکەرەوەی فەرهەنگی ڕەگەزی مێینەیە، کەواتە دەتوانین بڵێین: ئافرەت بریتییە لە ڕەگەزی مێینەی مرۆڤ کە سەرچاوەی لە دایکبوون و زیادکردنی مرۆڤە، کە دەبن بە دایک و ژن و هاوژین و کچ...، لە هەریەکەشیاندا تەواوکەری ڕەگەزی بەرانبەریەتی.

بە درێژایی ڕێڕەوی مێژوو، ئەوەی کە کۆڵەگەی ژیانی لەسەر وەستاوە، ڕەگەزی مێیە، چونکە هەم وەک هاوژین هەم وەک مەعشوق هەم وەک کچ و هەم وەک دایک، دژی نەفەوتانی ژیان هەوڵدەدات، «ئافرەت ئەو هێزەی هەیە کە بتوانێت کۆمەڵگە بخاتە سەر ڕەوڕەوەی ڕاستەقینەی خۆی و بەرەو داهاتووی گەش ئاراستەی بکات، لە ڕێگەی پەروەردەکردنی خێزان و ڕاستکردنەوەی چەوتییەکانی کۆمەڵگە»(شمس الدین،٢٠٠٥، ص ١٨). ئەم گرنگییەی ئافرەت وایکردووە بخزێتە ناو دەقە ئەدەبییەکانەوە و ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پێکهاتن و بنیاتنانی دەقی ئەدەبی بەگشتی و دەقی شیعری بەتایبەتی.

لە مێژووی ئەدەبدا ئافرەت بەردەوام لەناو دەقە ئەدەبییەکاندا بوونی هەیە، ڕۆڵی خۆی بە دەرکەوتەی جیاواز نوواندووە، «باسی ژن بەشێکی گەورەی ئەدەبی جیهانی بەرئەکەوێ و بەشێکی زۆری ئەم باسەش بۆ دڵداری و ئەو پەیوەندییەی نێوان ژن و پیاو تەرخاندەکرێت»(احمد،١٩٩٠، لا ٧). لە ئەدەبی کوردیشدا لەناو ئەفسانەکانەوە بگرە تا دەگاتە ئەمڕۆ بوونی ئافرەت لەناو ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان دەبینرێت، ئافرەت پێگەیەکی فراوانی هەیە و بۆتە سەرچاوە بۆ خوڵقاندنی دەقە ئەدەبییەکان، لە نێو دەقە ئەدەبیەکانیشدا لە شیعردا بە فراوانی دەرکەوێت.

لەناو دەقەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری وەک (بەیت، لاوک، حەیران...) وەسفی جوانی ئافرەت بە فراوانی دەبینرێت و بووەتە سەرچاوەیەک بۆ بنیاتنانی ئەم دەقانە، لە ئەدەبی نوسراوی کوردیشدا بەتایبەت لە شیعردا ئافرەت لەناو دەقە شیعرییەکاندا هەیە، لە شیعری کلاسیکدا زیاتر وەسفی رووکارانەی ئافرەت کراوە، ئەم وەسفکردنە لە شیعری کلاسیکیدا پشت بە ڕازاندنەوە و لایەنی جوانکاری و وشەکاری دەبەستێت.

لەگەڵ نوێکردنەوەی شیعری کوردی، شاعیران دیدێکی نوێیان بۆ ئافرەت هەبوو و ئافرەت تەنیا وەک وەسفی ڕووکار نەمایەوە، بەڵکو کێشەی ژن و تواناکانی کەوتنە بەر باس، سەرباری وەسفی جوانی، ئافرەت وەک ئازایەتی و هاندان بۆ بەشداری کردن لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان و هاندانیان بۆ خوێندن و خوێندەواری و بەشداری کردنیان لە کایەکانی ژیان خرایە ناو دەقی شیعرەوە، لە شیعری هاوچەرخیشدا ئافرەت هەمان ئەو پێگە گەورەیەی هەیە و بووەتە بەشێکی گرنگ لە بنیاتنانی دەقی شیعردا، بەڵام بە ڕەهەند و تێڕوانینی جیاواز، لە شیعری هاوچەرخدا ئافرەت بە خۆی و جوانی و کێشە و خەون و تواناکانییەوە دێتە ناو دەقی شیعری، ئافرەت سەرچاوەیەکی گرنگی پێکهێنان و بنیاتنانی دەقی ئەدەبییە، ئافرەت لەناو ئەدەب دەربکە، بەشێکی گەورەی ئەدەب دەمرێت.

ڕەگەزی مێ لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا دەرکەوتەی جیاوازی هەیە، لە جیهانبینی شیعری شاعیردا مەودای فرانی داگیرکردووە و سیمای تایبەتی هەیە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## تەوەری دووەم: تێمای ئافرەت لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا

### یەک: ئافرەت وەک دایک

دایک، ئەو مێینەیە کە منداڵێک یان زیاتری دەبێت، ئەو ژنەیە، پەیوەندی دایکایەتی لە ڕێگەی توخمی بایۆلۆجییەوە بە منداڵەکانییەوە دەیبەستێتەوە، سەرچاوەی خۆشەویستی و گرنگی پێدانە، بەخشندەیەکی بێسنووری هەیە، بناغەی دروستکردنی خێزانە و کۆڵەگەی بەردەوامی و مانەوەیەتی، سەرچاوەی هاتنە دونیای مرۆڤە، بێ بوونی دایک هیچ بوونەوەرێک پێ ناخاتە سەر زەوی، دایکایەتی خاسیەتێکی باڵایە، بە هەموو شێوەیەک پارێزگاریی لە منداڵەکانی دەکات بۆ مانەوە و گەورەکردنیان، چاوەڕوانی پاداشت ناکات و بەردەوامە لە بەخشینی سۆز و خۆشەویستی.

دایک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە پیرۆز و بە چاوی ڕێز و میهرەبانییەوە سەیرکراوە، لە دیدی (ئەفسانە، ئاین، ئەدەب و فەلسەفە... تد) بە نموونەیەکی باڵا و بوونەوەرێکی میهرەبان و قوربانیدەر نیشاندراوە، پێویستییەکی ڕوحی و دەروونییە بۆ ڕۆڵەکەی، لای مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تری غەیری مرۆڤ (ئاژەڵ و باڵندە)ش، بۆیە ئەم بەها پیرۆز و ڕوحییە لە (ئەفسانە و حیکایەت و شیعردا...) ڕەنگدانەوەی هەیە، بەرهەمە ئەدەبییەکان جگە لەوەی ڕەنگدانەوەی بەشێکی گەورەی واقیعی کۆمەڵگەن، ڕەنگدانەوەی لایەنە دەروونی و ڕوحییەکانی مرۆڤیشن، بۆیە شاعیران و ئەدیبان گەورەیی و میهرەبانی دایکیان وەک بابەتێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و دەروونی خستووەتە نێو دەقەکانیان.

لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا دایک جیهانبینییەکی فراوانی هەیە و لە چەندین گۆشە نیگاوە نیشاندراوە، شاعیر بەهۆی ئەوەی دایکی بە کارەساتی سوتان گیان لەدەست دەدات، ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی زۆری کردووەتە سەری و چەندین شیعری بۆ دایکی نووسیوە، مەرگی دایکی زۆر پرسیاری لای شاعیر دروستکردووە، (لەتیف هەڵمەت) دەربارەی دایکی دەڵێت: «هەستکردن بە بێ دایکی زۆر پرسیار و ئیستفساری نوێی لە لا دروستکردم، ئەتوانم بڵێم زیاتر هانیدام بۆ ئەوەی هاورێیەکی دیکە بدۆزمەوە بۆ خۆم لە بری دایکم ئەویش شیعر بوو (...) خۆشەویستی من بۆ دایکم بێ سنورە، کە قەناعەتم نە دەکرد مردووە، شیعرم بۆ دەنوسی وەک ئەوە وابێ بۆ کەسێکی زیندووم دەنوسی»(شەوڕۆ، و سڵێوە، ٢٠١٩، لا ١٢٧). دایک خۆی بوونەوەرێکی پیرۆزە، بەڵام ئەم ڕووداوە زیاتر کاریگەری لەسەر شاعیر هەبووە، کە شیعر بۆ دایکی بنووسێ. شاعیر لە شیعری (گەورەترین برین)دا باس لە گەورەیی دایک دەکات، کە بەهۆی نەمانی ئازارێکی گەورە لە دڵی ڕۆڵەکەیدا دروست دەبێت و دەڵێت:

کە دایکم مرد
نە ئەستێرەکان هەڵوەرین
نە ماسییەکان کۆچیان کرد
کە دایکم مرد
نە فرمێسکێ لە چاوی ئاسمان هاتە خوار
نە باڵداری خەم دایگرت
نە گوڵێکی کۆشی بنار
کە دایکم مرد
نە مانگ نە خۆر نەگیران
پەرییەکیش لەژوور سەری
چرایەکی دانەگیرسان
کە دایکم مرد
زەوی هەر وەک خۆی مایەوە

بەڵام لەناو دڵی مندا

دەرگای کۆنی قووڵترین زام کرایەوە (هەڵمەت، ب١، ٢٠١٦، لا ١٥٩)

شاعیر لەم شیعرەدا دەمان باتە بەردەم ئاوێنەی چەندین ڕووداوی گەورە، کە دەبوو لەگەڵ مردنی دایکیدا ڕوو بدەن، چونکە لە دیدی شاعیر دایک لە پلەیەکی بەرزی پیرۆزیدایە، پیرۆز تا دوا ڕادەی ستایشکردن، لەدەستدانی دایکی، کە بۆ ئەم کۆڵەکەی ئاسمان بووە، لەڕووی دەروونییەوە هەستی بە ڕووخانی زەوی و ئاسمان کردووە، کەچی لە ڕاستیدا هیچ شتێک لەگەڵ مردنی دایکیدا نەگۆڕاوە، جگە لە هەست و باری دەروونی ئەم، دەبوو لای شاعیر لەگەڵ کۆچی دایکیدا ئاسمان ئەستێرەکانی هەڵوەراندایە وەک ئەوەی جوانی و مانەوەی ئەستێرەکان لەسەر زیندوویەتی دایکی وەستابن. ماسییەکان کۆچیان نەکرد، ئەم ڕستەیە وەک بڵێی ئاماژە بێ بۆ ئەوەی دایکی شاعیر دەریا و ئاوە، بە مردنی دایکی ئاوەکان وشک دەبن، دەبوو ماسییەکان بە ناچاری کۆچیان بکردایە، دواتر شاعیر واز لە ڕووداوە گەورەکان دەهێنێت و دێتە سەر ئەوەی هەر هیچ نەبێ، دەبوو بۆ مەرگی دایکی ئاسمان بارانی دابکردایە و باڵندەکان غەمبار ببوونایە، مانگ و خۆر بگیرابان، دەتوانین دیاردەی گیرانی مانگ و خۆر بە دوو واتا لێکبدەینەوە، یەکەم: مانگ و خۆر گیران بەوەی کە ڕووناکییان نامێنێ، دووەم بەوەی خۆر و مانگیش بۆ ئەم کۆستە بگرین و فرمێسک بڕێژن، لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە دایکی مرد، هیچ گۆڕانکارییەک ڕووی نەدا، بەڵام لە دڵی ئەمدا قوڵترین زام درووستبوو. یان لە شیعری (بۆ دایکم)دا دەڵێت:

ئەی دایە گیان

وەک خەنجەرێکی بێ کێلان

لە دڵتدا هەڵتدەگرم

چی خۆشترە

لەوەی بە عیشقی تۆ بمرم (هەڵمەت، ب١، ٢٠١٦، لا ٥٨٣)

پلەی ئیشتیاقی شاعیر لەم کۆپلەیەدا دەگاتە لووتکە، بەوەی عەشقی دایکی وەک خەنجەرێک لە ناو کێلانەکەیدا دەری دەکات و دڵی خۆی بۆ خەنجەرەکە کە عەشقی دایکێتی دەکات بە کێلان، جوانی شیعرەکە لەوەدایە شاعیر دەزانێت ئەگەر دڵی بۆ خەنجەرەکە بکاتە کێلان دەی کوژێت، چونکە هیچ دڵێک ناتوانێ خەنجەرێک لە ناو خۆیدا بپارێزێت و دەبێتە هۆی کوشتنی بەڵام شاعیر ئەوە بە خۆشترین شت دەزانێ کە بەهۆی عیشقی دایکی بمرێت.

ئای دایکم کوانێ؟

هیچ نانێک ئەوەندەی نانی دەستی ئەو

خۆش نییە..و

هیچ نانێک برسێتیم تێر ناکا..

نانی دەستی دایکم نەبێ..! (هەڵمەت، ب١، ٢٠١٦، لا ٥٠٣)

لەم دەقەدا شاعیر باس لە برسیبوونی خۆی دەکات و دەیگەڕێنێتەوە زەمەنی منداڵی کە دایکی خواردنی بۆ ئامادەکردووە، شاعیر پرسیاری بوونی دایک دەکات، کە ئێستا هیچ خواردنێک تێری ناکات، ئەم دەقە ڕەهەندێکی دەروونی هەیە، لە واقیعدا مرۆڤ تێر دەخوات، بەڵام هەرگیز وەک ئەوە نییە کە بە دەست دایکی بێ، بەڵام ئەم شیعرە ئەوەمان پێ دەڵێت خواردنێک کە لە منداڵییەوە لەگەڵی ڕاهاتووی، دایک ڕۆحی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەو هەویرەی پڕکردووە لە عیشق و سۆز و موحیبەت وەک ئەوەی گونتکێک نان بە ئاوی ڕۆحی دایک بشێلدرێت، هەر بۆنەکەی تێری دەکات، بەڵام کە دایکی دەمرێت ئەم چێژی ڕۆحییە لە دەست دەدات. شاعیر لە شیعری (چاوی سەوز) بۆ جوانی و گەورەیی دایکی دەڵێت:

ئەری بۆچی هەر ئەستێرەیەک دەرکەوێ
وا دەزانم کە دایکمە و هاتووە بۆ ئاسمانی ئێرە
ئەرێ بشێ دایکم بووبێ:
بە هەزار هەزار ئەستێرە...!! (هەڵمەت، ب٢، ٢٠١٦، لا ٩٩)

لە دیدی (لەتیف هەڵمەت)دا دایک جوانترین مرۆڤی سەر زەوییە، تەنیا ڕووناکییە کە دەتوانێ هەزار ڕۆشنای هەبێت، دەتوانێت لە بری هەموو ڕووناکیەکان بێت و هیچ ڕووناکیەکیش ناتوانێ جێگەی پڕبکاتەوە، شاعیر کاتێک شەوان سەیری ئاسمان دەکات کە شەو تاریک دەبێ، لە ناو تاریکیدا عەودالی بینینی ڕووناکییە ئەو ڕووناکیەش جگە لە دایک هیچیتر نییە، ئەم ڕستەیە: (هەرچی ئەستێرەیەک دەرکەوێ) ئاماژەیە بۆ ژماردن و ناسینەوەی ئەستێرە تازەکان، واتا شاعیر چاوی بینینی ئەستێرە تازەکانی هەیە و چاودێریان ئەکات، پێیوایە هەموو ئەستێرە نوێیەکان، دایکین و هاتوون سەری لێبدەن، کە شەو تاریکتر دەبێت و هەزارەها ئەستێرە دەردەکەوێت، دەکەوێتە گومانی ئەوەی کە دایکی بووە بە هەزاران ئەستێرە و تاریکییەکانی بۆ ڕووناک دەکاتەوە.
هەر سەبارەت بە دایک لە شیعری (چەپکی درک... چەپکێ پەڵکە زێرینە)دا دەڵێت:

کە دایکم مرد
لە ڕێگای گۆڕستان
منداڵیم بزر کرد (هەڵمەت، ب٣، ٢٠١٦، لا ٣٦٥)

دایک لای شعیر ئەوەندە گەورەو پیرۆزە، بە مردنی ڕاستەوخۆ توشی حاڵەتێکی سەیر دەبێت، کە منداڵی بیرچووەتەوە، خۆشی و چێژی ژیان پەیوەستە بە دایک، هەرکاتێک مرۆڤ دایکی بمرێ لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە بێئارامی و تەنیایی دەکا و لە خۆی وندەبێت.

## دوو: ئافرەت وەک سەرچاوەی مەزنی و جوانی

جوانی یەکێکە لەو چەمکانەی کە مرۆڤ لەسەرەتای پەیدابوونییەوە هەستی پێکردووە و گرنگی پێداوە، بە شێوەیەکی گشتی جوانی دیاردەیەکی سروشتیی خوداییە بە مرۆڤ و سروشت بەخشراوە، ‹‹جوانی تنۆکێکە لە زەریای خودا››(مستەفا، ٢٠٠٩، لا ٢٧). هەروەها ڕایەک هەیە جوانی بەسەر دوو جۆر دابەشکردووە، ‹‹جوانی وشک و جوانی زیندوو، یەکەمیان ئەوەیە کە لە شێوەی نەگۆڕ و نەبزێو بەرجەستە دەبێت، وەک بینا و پەیکەرتاشی و وێنەکێشان و دیمەنە نەگۆڕەکانی سروشت (چیا و ڕووبار و تابلۆ وشکەکانی سروشت)، دووەمیش ئەو جوانییەیە، کە لەدایک دەبێت و گەشەدەکات و دەگۆڕێت و دەجووڵێتەوە، وەک جوانی بوونەوەرە زیندووەکان، کە وردترینیان نموونەی جوانی ئافرەتە››(حسێن، ٢٠٠٨، لا ٣١). ئافرەت بە درێژایی مێژوو کرۆکی بابەتە ئێستاتیکی و ئەدەبییەکان بووە، چ جوانی ڕوخسار چ جوانی ناخ، لەبەر ئەوەی ئافرەت پێویستییەکی ڕاستەوخۆی پیاوە، بەوەی کە لە گێڕانەوە دینییەکاندا، باوکە (ئادەم) لە بەهەشتی بەریندا هەموو شتێکی هەبوو بەڵام هێشتا بێتاقەتبوو، بۆیە خودا لە پەراسووی خۆیدا باشترین هاوبەشی بۆ دروستکرد، دروستکراوێک کە سەرچاوەی دامرکاندەوەی بێتاقەتی و تەنیاییەکەی بێت، بە هەموو پێوەرێکیش ئافرەت ئەندازەی دروستبوون و هەڵکەوتەی جوگرافیای لەشی لە هی

پیاو جوانتر و سەرنجڕاکێشترە، هەمیشە وەک بابەتی سەرەکی و تێمای تایبەتی لەناو ئەدەبدا دەرکەوتووە، جوانی و مەزنی ئافرەت بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنانی دەقی شیعری، کە شاعیران وێنەی ئافرەتیان لە ئاستێکی باڵا نیشانداوە.

لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا ئافرەت سەرباری جوانی وەک بونەوەرێکی گەورە و پیرۆز نیشاندراوە، شاعیر ئافرەت بە جوانترین و بەرزتر لە گشت دروستکراوەکانی خودا دادەنێت، بۆ نموونە بۆگەورەیی و جوانی ئافرەت لە شیعری (شیعرێکی ڕۆمانسی)دا دەڵێت:

خودای مەزن زۆر شتی جوانی دروست کردووە

لەوانە: ژن

خوای جوان زۆر شتی مەزنی دروست کردووە

لەوانە: ژن (هەڵمەت، ب٣، ٢٠١٦، لا ٢٥٥)

لەتیف هەڵمەت ئافرەت بە بونەوەرێکی گەورە و پیرۆز دەبینێت بۆیە دەڵێت: خودا دوو شتی جوان و مەزنی دروستکردووە ئەوانیش ئافرەتن، بینینی ئافرەت بە جوانی و مەزنی نیشاندانی ڕێز و گەورەیی شاعیرە بۆ ئافرەت، جوانتر بینینی ئافرەتە لەناو هەموو دروستکراوەکانی تردا، بە زەقکردنەوەی دوو هاوەڵناوی (مەزن، جوان) لە سەرەتادا وەک گەمەیەکی زمانی لە ڕێگەی وەسفی دەسەڵاتی خواوە، دەیەوێت بمانباتە بەردەم جوانی و مەزنی ئافرەت بەوەی کە دەڵێت: خوای مەزن، خوای جوان، دەیەوێت لە خاڵقی بوونەوەرەکەوە ئەندازەی گەورەیی و جوانی مەخلوقەکەمان پیشان بدات، بەوەی ئەو خالقە شتی جوان و مەزنی زۆر دروستکردووە، باشترین نموونەش ئافرەتە، جوانترین نموونەش هەر ئافرەتە.

(لەتیف هەڵمەت) وێنەی ئافرەت باڵا دەکات و لە شیعری ( کۆمیدیای تراژێدیای دەنگ و گیرفان)دا دەڵێت:

ئەگەر خواتان ون کرد

لە چاوی کچێکدا

بۆی بگەڕێن (هەڵمەت، ب٣، ٢٠١٦، لا ١٣٦)

دۆزینەوەی خودا لە چاوی کچێکدا، نیشاندانی گەورەیی و مەزنی ئافرەتە، کە بە چاوێکی گەورە و پیرۆزەوە لە ئافرەت دەڕوانێت، ژن وەک بونەوەرێکی جوان و گەورە نیشاندەدات، بۆیە پێمان دەڵێت ئەگەر دەتانەوێت خودا بدۆزنەوە سەیری چاوی ئافرەت(کچێک) بکەن، ئەم تێڕوانینەش بچوککردنەوەی گەورەکە وە جێکردنەوەیەتی لە بچوکێکدا، ئەمیش بەوەی کە مرۆڤ جێ نشینی خودایە و بەشێک لە خۆیدا دەبەخشێتە مرۆڤ، وێنەی باڵاکردنی ئافرەت لێرەدا ئەوەیە دۆزینەوەی خودای تایبەت کردووە بە ئافرەت، شاعیر نەیگوتووە مرۆڤ. یان لە شیعری (پرسیاری ئەمرۆ)دا دەڵێت:

کە ژن پێکەنی

خوا خێرا خەندەکانی ژنی کرد بە خۆر (هەڵمەت، ب٢، ٢٠١٦، لا ٤٢٢)

شاعیر وێنەیەکی هونەری و ئیستاتیکی بەجوانی ئافرەت بەخشیوە، پێکەنینی ئافرەتی ئەوەندە لا جوانە خودا لە پێکەنینی خۆری دروستکردووە، خۆر نیشانە ڕوناکییە، ئەم ڕووناکیەش لە خەندەکانی ئافرەت وەرگیراوە، کە بووەتە هۆی ڕووناکردنەوەی جیهان و ڕزگارکردنی جیهان لە تاریکی، لەم شیعرەدا خەیاڵێکی ئەفسانەیی دروستکردووە، کە پێیوایە دروستکردنی خۆر بەهۆی پێکەنینی ئافرەتەوەیە، لە واقیعدا دروستکردنی خۆر پەیوەست نییە بە پێکەنی ئافرەت، بەڵام جوانی ئافرەت بۆ پێش دروستبوونی خۆر دەگەڕێنێتەوە و ئەم جوانییە ئەفسوونییەی وایکردووە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خودا هاوشێوەیەک دروستبکات لە جوانیدا بە ئافرەت بچێت، ئەویش خۆرە، شاعیر ئافرەت لە خۆر جوانتر دەبینێت، چونکە هەمیشە یەکەم دروستکراو جوانترە.

(لەتیف هەڵمەت) عاشقی جوانی ئافرەتە و ئاواتە خوازە شیعرەکانیشی وەک ئافرەت جوان بن، بۆیە دەکەوێتە وەسفی جوانی ئافرەت و لە شیعری (پەیکەرێک لە پشکۆ)دا دەڵێت:

سەرم سوڕماوە خودا تۆی چۆن نەخشی
ئەو گشت ئەفسونەی چۆن بە تۆ بەخشی
بۆ چاوت لە کوێ هاوردی ڕەشی
ئەی بۆ ڕوومەتت لە کوێ بوو گەشی...!
جوانیت ئەبیستم لە خورپەی دڵا
لە پشکوتنی گوڵی سەر چڵا
لە باڕەباڕی بە جۆشی ڕانا
لە زیکە و جووکەی چۆلەکەکانا (هەڵمەت، ب١، ٢٠١٦، لا ٢٩)

لەم شیعرەدا سەرسامی شاعیر بە جۆرێکە، دەپرسێت خودا ئەو جوانییەی لە کوێوە بە ئافرەت بەخشیوە؟ سەری لەوە سوڕماوە کە خودا چۆن ئافرەتی نەخشاندووە و ئەو جوانییە خەیاڵییەی پێ بەخشیوە، ئافرەتی ئەوەندە لا جوانە، جوانییەکەی لە خورپەی دڵی هەست پێدەکات، زیکە و خوێندنی چۆلەکەکان و باڕەباڕی ڕانان بۆ جوانی ئافرەت دەگەڕێنێتەوە، جوانی سروشت بە جوانی ئافرەتەوە گرێدەدات، شاعیر جوانی ئافرەت باڵا دەکات و لە هەموو سروشت بە جوانتر دەیبینێ. شاعیر دەیەوێ شیعرەکانی لە جوانیدا لە ئافرەت بچن، بۆیە لە شیعری (هەڵبەستێکی جوان)دا دەڵێ:

من دەمەوێ هەڵبەستێ دانێم وەک تۆ جوان بێ
وەک لەشی تۆ گەرم و گوڕ و نیان بێ
شیرین بێ وەک گۆشتی ئەو لەشە پاراوە
کە لە تیشکی خۆر و باران چنراوە (هەڵمەت، ب١، ٢٠١٦، لا ٣٦)

سەرسامبوونی شاعیر بە ئافرەت وایلێکردووە، شیعرەکانی لە جوانیدا بە ئافرەت بچن و گەرمی شیعرەکانی وەک لەشیان گەرموگوڕ بێت و شیرین بێت وەک ئەو لەشەی کە بە خۆر و باران چنراوە، نیشاندانی لەشی ئافرەت لە خۆر و باران نیشاندانی جوانی ئافراتە لە ئاستێکی باڵا، چونکە خۆر و باران جوانییەکی دڵڕفێنیان هەیە، شیعر لای شاعیر جوان و چێژ بەخشە، بەڵام دەیەوێ شیعرەکانی جوانتر بن و بگەنە دوا پلەی جوانی، ئەمەش بەوە دێتە دی کە شیعرەکانی لە ئافرەت بچن، شاعیر دەکەوێتە حاڵەتی بەراوردکردنی شیعر و ئافرەت، بەڵام ئافرەت باڵاتر نیشاندەدات و دەیکاتە نموونەی حەقیقی و شیعر دەکاتە نموونەی کۆپیکراو، کە هەمیشە نموونەی یەکەم باڵاترە، نموونە باڵایەکەش ئافرەتە.

## سێ: ئافرەت وەک خۆشویستراو (مەعشوق)

بوونی سۆز و خۆشەویستی لەسەرەتای دروستبوونی ژیانەوە بوونی هەبووە، ئەمەشە وایکردووە ژیان بەردەوامی هەبێت، هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ پێشکەوتنی بایلۆژی و بەردەوامبوونی ڕەگەزی مرۆڤ، چەمکی خۆشەویستی واتایەکی فراوان و فرە ڕەهەندی هەیە، (دانتی) پێناسەی چەمکی خۆشەویستی لە ڕەهەندێکی قوڵەوە دەکات و دەیبەستێتەوە بە سیستەمی کارکردن و بەڕێوەچوونی گەردوون، کاتێک دەڵێت: «خۆشەویستی گەورەترین هێزی گەردوونییە، هەر ئەو هێزەیە، خۆر و هەسارەکانیتری ئاسمان دەجولێنێ»(ابراهیم، ١٩٧٠، ص ١٤). ئێمە چەمکی خۆشەویستی تایبەتتر دەکەین بە مرۆڤ، ئەویش ‹‹بریتییە لە یەکبوونێکی سۆزگەرایانەی بەهێز لەگەڵ کەسێکی تردا و دەبێتە هۆکاری دروستبوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی پەسەندکراو کە تیایدا کەسی یەکەم هەموو وزەکانی خۆی بەکاردێنێ بۆ بەختەوەرکردنی کەسی دووەم و بە پێچەوانەشەوە (...) پەیوەندییەکە لە نێوان دوو کەسدا بەهۆی گۆڕینەوەی هەستیاری و سۆزی چونیەکەوە دروستدەبێ››(عەبدوڵلا،٢٠١١، لا ٣٣). هەر لەبارەی خۆشەویستییەوە وتراوە: « خۆشەویستی سۆز و هەستێکی ئینسانییە، لەگەڵ لە دایک بوونی مرۆڤدا، ئەویش پەیدابووە و چاکترین هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی بووە لە نێوانیاندا»(غالب،١٩٩٠، لا ١٨٥). خۆشویستی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دەروونی مرۆڤ هەیە، گەر بێت و مرۆڤێک لەم چێژە ڕوحی و دەروونییە بێ بەشبێت، هەست بە نائارامی و بێزاری دەکات، زانای دەروونشیکاری (فرۆید) ‹‹زۆربەی نەخۆشییە هیستریاکان بۆ نەخۆشی خۆشەویستی دەگەڕێنێتەوە، ئەویش بەهۆی دابڕان و دوورکەوتنەوە یان بەهۆی شکستهێنان و پارێزگاری نەکردن لە کۆمەڵێک هۆکاری پێشو کە پەیوندی بە سۆزدارییەوە هەیە››(نظيمي،٢٠٠٧، ص ٨٣). بۆ ئەوەی بتوانیت درێژە بە ژیان بدەیت، پێویستت بە خۆشەویستییە.

ئەم چەمکە لەناو ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی فراوانی هەیە و مەبەستێکی گرنگی شیعر بووە، لەناو ئەدەبدا وێنەی ئافرەت زیاتر لە دەوری ئەو مەبەستە سوڕاوەتەوە، خۆشەویستی و عەشقی ئافرەت بووەتە بەشێکی گەورەی دەقە شیعرییەکان، لە بەرهەمی شیعریدا ئافرەت لە هەموو لایەنەکان زیاتر گرنگی پێدراوە و باسکراوە، کە وەک هێمایەک لە جیهانی خەیاڵی شاعیردا بوونی هەیە، «شاعیر، سەرچاوەی سرووشی شیعرەکانی لە عیشق و پەیوەندی ژن وەردەگرێت، تەواوی شیعرەکانیشی هەر لە خزمەت ئافرەتدا دەبێت، ئافرەت عیشق و ژیان بە پیاو دەبەخشێت و پەلکێشی دۆزینەوەی سروشتی ڕاستی و جوانی دەکات»( یزدانی، ١٣٧٨، لا ٢٧٤). ڕەنگدانەوەی ئەم بابەتە مێژوویەکی کۆنی هەیە و ‹‹بۆ پێش ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەگەڕێتەوە، لای عەرەبەکان لە ئەدەبییاتی سەردەمی جاهیلیەت دەبینرێت، لای کوردیش سەرەتا لە ئەدەبی فۆلکلۆر هەبوو ئینجا دواتر لە ئەدەبیاتی کلاسیکیدا بە دەرکەوتووە›› (عەزیز،٢٠٠٦، لا ٨٤). شاعیر لە شیعری خۆشەویستیدا دەتوانێ داهێنانی گەورەر بکات، چونکە، ‹‹شیعری دڵداری گەورەترین شوێن و قەوارە و هەمەڕەنگترین لایەنی ئیبداعی لە شیعری جیهانیی هەموو سەردەمێک و هەموو وڵاتێک و هەموو قوتابخانەیەک گرتۆتەوە›› (ڕەسول، ١٩٩٠، لا ١٠٧). شاعیران لە شیعرەکانیاندا هەستی خۆشەویستی خۆیان بۆ مەعشوقەکانیان دەربڕیوە و پایەی ئافرەتییان بەرز نیشانداوە.

لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)یشدا ئافرەت ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی هەیە و لای ئەو ئافرەت لە جوانیەکانی تری سروشت جوانترە و زۆر بە چێژەوە ئافرەتی خۆشدەوێت، پڕە لە مەراق بۆ خۆشویستنی ئافرەت، شاعیر ترسی لەوە هەیە بمرێ و ئافرەتێک خۆشی نەوێ، خۆشەویستی ئافرەت لە شیعرەکانی شاعیردا زیاتر ڕەهەندێکی دەروونی هەیە، کە شاعیر بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەروونییە پێویستی بە ئافرەت هەیە. بۆیە دەڵێت:

هەڵبەستێکی نوێم بۆت نووسی
باڵدار وتی: من بۆی دەبەم..
ڕووبار وتی: من بۆی دەبەم..
ئەستێرەی پرشنگدار وتی: من بۆی دەبەم..

مانگی مات و خەمبار وتی: من بۆی دەبەم..

بەرەبەیان خۆر بە پەنجە نەرمەکان..

دای لە شوشەی پەنجەرەکەم و هەڵمی سان..

-من هەڵبەستە نوێکەت دەبەم بۆ چاو جوان

دڵم کردەوە تۆی تیابووی هەڵئە قوڵای وەک ئاوی ڕوون

ئەستێرەو مانگ و هەتاو

شەرم ڕویانی برد و

یەک یەک ئاوابوون (هەڵمەت، ب١، ٢٠١٦، لا ١٤٨)

لەم شیعرەدا تێمای ئافرەت وەکو مەعشوق بینییە، لە شوێنێکەوە ناوی ئافرەت هێندە بەرز و خۆشویستراو ڕادەگرێت، کە هەموو دیاردە سروشتییەکان دەیانەوێت شەرەفی گەیاندنی ئەو پەیامە شیعرییە بۆ خۆشەوەیستەکەی ببەن، کە شاعیر دەڵێ: هەڵبەستێکی نوێم بۆت نوسی، باڵدار، ڕووبار، ئەستێرەی پرشنگ دار، مانگی مات و غەمبار، خۆر، هەموو دەیانەوێت ببن بە هەڵگر و گەیەنەری ئەو هەڵبەستە، شیعریەتی شیعرەکە لەڕووی واتاوە لەوەدایە کە شاعیر قودرەتی قسەکردنی لەگەڵ خۆر و ڕووبار و باڵدار و مانگدا لەکوێ بوو؟ هەروەها کە بەیانی دڵی خۆی بۆ خۆر و مانگ و ڕووبار دەکاتەوە و مەعشوقی تێدایە، لەبەر جوانییەکەی هەموو شەرم ڕووی بردن و لەبەر چاو ونبوون ، ژن لای (هەڵمەت) ئەوەندە جوان نیشاندراوە، کاتێک ژنێک لەدڵیدا هەیە، کە ئەستێرە و مانگ و هەتاو ئەیبینن، لەجوانی ژندا سەریان سوڕدەمینێت و لەتاو جوانی ژندا ئاوا دەبن. یان دەڵێت:

هەرچەند دەستی ڕەشەباییە

دەرگای دڵم دەترازێنێ

هەر چۆلەکەی هۆنراوەیە و

هەڵدەفرێ و خۆی بەسینگ و مەمکی تۆوە دەنوسێنێ

خۆتۆ نەدار بەڕووی سەوزی

نە نەشاتووی ئەو کوێستانەی

نە ڕووباری..

نە خەرمانی.. تۆ.. نەڕەزی..

نازانم بۆ.. چۆڵەکەی هۆنراوەی من

لە گشت شوێنێ

بۆ پرچی تۆ دەجریوێنێ.. (هەڵمەت، ب١، ٢٠١٦، لا ١٦٢)

لەم شیعرەدا لەتیف هەڵمەت دەیەوێت پێمان بڵێت، جوانترین تێمای نێو شیعرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئافرەت، بەوەی کە چۆلەکەی هۆنراوەکانی، ڕەشەبا دەرگای دڵی دەترازێنن، هەموو دەفرن و خۆیان بە سینگ و مەمکی مەعشوقەوە دەنوسێنن، لەکاتێکدا خۆشی لەوە سەری سوڕماوە، کە چ تەلیسمێک لە ئافرەتدا هەیە، نە دارە و نە شاتوو، نە ڕووبارە نە خەرمان و نە ڕەز، بەڵام چۆلەکەی هۆنراوەی ئەم هەر ڕوو لەو دەکەن، بونیاتی بیری هۆنراوەی لەتیف هەڵمەت بە ڕادەیەکی زۆر جوانی ئافرەت و خۆشەویستی ئافرەتە. یان دەڵێت:

کچێ بە خواکەس وەک من تۆی خۆش ناوێ

تۆ ناتەوێ ئێ گوایە

جیهانێکت بۆ دروستکەم لە هۆنراوە

ئێسکی لەشم بۆ تۆ بکەم بە چوار پایە..

هەموو شەوێ

خوێنم بکەم بە گوڵاو و بیپژێنم..

لە تاڵی ئەو پرچە خاوە..

گشت درەختێ یەک جار دەژی

ڕۆژێ جارێ خۆر دەکەوێ

من هەزار جار تۆم خۆشدەوێ و

تۆم خۆشدەوێ و

تۆم خۆشدەوێ.. (هەڵمەت، ب١، ٢٠١٦، لا ١٨٦)

شاعیر ئافرەت لە هەتاو بە پێویستتر دادەنێت و خۆشەویستی خۆی بۆ دووپاتدەکاتەوە، ئامادەیە ببێتە ئەو کەسەی کە خۆشەویستەکەی دەیەوێ و جیهانێکی بۆ دروست بکات لە هۆنراوە، دەیەوێ ئێسکەکانی بۆ بکاتە پایە و خوێنی بۆ بکا بە عەتر، ئەمەش ئەوپەڕی قوربانیدانە بۆ خۆشەویستەکەی، کە ئامادەیە هەموو شتێکی بۆ بکات، لە کۆتایی شیعرەکە بە زمانێکی زۆر سادە دان بە خۆشەویستی ئافرەت دەنێت و چەندین جار خۆشەویستی بۆ دووبارە دەکاتەوە، دووپاتکردنەوەی خۆشەویستییەکەی لە ڕادەبەدەرە و دەڵێ: درەختەکان یەک جار دەژین، خۆر یەک جار ئاوا دەبێ بەڵام من هەزار جار خۆشم دەوێ. شاعیر ترسی لەوە هەیە بمرێ و ئافرەتێک خۆشی نەوێ و دەڵێت:

کچێ منیش دەترسم بمرم و

ئافرەتێک خۆشی نەوێم (هەڵمەت، ب١، ٢٠١٦، لا ٥٢٧)

شاعیر دوو جار ڕووی لە ئافرەتە، جارێک بەوەی هاوار بۆ کچێک دەکات، جارێکیش بەوەی ترسی لەوە هەیە ئافرەتێک خۆشی نەوێ، لەم دەقەدا ڕەهەندی خۆشەویستی قوڵ وێنا کراوە، کاتێک پیاوێک کەسێک نەبێ خۆشی بوێ، چێژ لەم ژیانە نابینێ، شاعیر ترسی لە مردن نییە، بەڵکو ترسی لەوە هەیە ئافرەتێک خۆشی نەوێ، کاتێک پیاو ئامادەیە بۆ مردن کە کەسێک هەبووبێ خۆشی بوێ، ئەمەش نیشاندانی خۆشەویستی ئافرەتە لە ئاستێکی باڵا. شاعیر حەزدەکات خۆی بخاتە ناو چوارچێوەی کاری مەحاڵەوە، تەنها بۆ ئەوەی وەفا و خۆشەویستی بۆ مەعشوق دەرببڕێ، بۆیە دەڵێت:

ئەگەر دەمزانی هەور لە کوێوە دێ

لە کام وڵات و دەریا و زێوە دێ

بە دەستی شیعرم تک تک دەمدزی

تا تۆ پێی بشۆی پەرچەم و کەزی... (هەڵمەت، ب٢، ٢٠١٦، لا ٥٢)

ئەو کارە مەحاڵانەی شاعیر دەیەوێ بۆ مەعشوقی بکات، بۆ ئەوەی دڵی ڕازی بکات، هەموو ئەو تێڕوانینانە نیشاندانی گەورەیی پرۆسەی

خۆشەویستییە، کە لە شیعرەکانی شاعیر ڕەنگدانەوەیان هەیە، لەتیف هەڵمەت دەیەوێ زۆر زیاتر لەوە بۆ ئافرەت بکات، بەڵام ناتوانێ هەموو شتێکی بۆ بکات، دەیەوێ سروشت بخاتە خزمەتی مەعشوقەکەی، بەڵام دەسەڵاتی بەسەر سروشت ناشکێ تا بە دڵی خۆی بیخاتە خزمەتی، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە شاعیر هێشتا دڵی ئاوی نەخواردووەتەوە لەو هەموو وەفا و خۆشەویستییەی بۆ خۆشەویستەکەی هەیەتی، وێناکردنی پرۆسەی خۆشەویستی لە ئاستێکی بەرز لەم دەقە دەبینرێت، بەوەی سروشت بخرێتە خزمەتی ئافرەت.
شاعیر لە ژیانی واقیعیدا ناتوانێ گوزارشت لە هەستەکانی بکات بۆیە، دەچێتە حاڵەتی خەونبینینەوە و لە ڕێگەی خەونەوە، هەست و پەیامەکانی بە مەعشوق دەگەیەنێ، کاتێک دەڵێت:

خەوم بینی من هەور بووم و تۆ تینوو بووی
ئەتکامە گەرووی تامەزرۆی تەمتەوە
خەوم بینی بووم بە خۆر و
ڕژامە ناو دارستانی پەرچەمتەوە...
کچێ بە خوا درۆ ناکەم هێشتا بۆنی گوڵی شیعرم
وا بە قژ و لادەمتەوە... (هەڵمەت، ب١، ٢٠١٦، لا ٢٣١)

لەم شیعرەدا شاعیر دەیەوێ لە ڕێگەی خەونێکەوە گفتوگۆ لەگەڵ مەعشوقدا دروستبکات، بەوەی خەونێکی بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە خەونەکەدا شاعیر هەورە و مەعشوق زەوییەکی وشک و تامەزرۆی باران، بەکارهێنانی تەم بەواتای ئەوەی کاتێک باران دەکەوێتە سەر خاکێکی وشک و گەرم تەم (هەڵم) دروست ئەکات، کە لێرەدا مەعشوقی بەو خاکە چوواندووە، هەروەها لە خەونیدا بووە بە خۆر و ڕژاوەتە ناو دارستانی پەرچەمییەوە، ڕژانی خۆر لەناو پەرچەمیدا، ئەم وێنەیە وەها دێتە بەرچاو کاتێک قژی ئافرەت تەڕ ئەبێ لە تاڵەکانیا بریسکەی ڕووناکی هەیە بە تایبەت قژی ڕەش وەک ئەو دارستانە چڕانەی کە خۆر وەک باران سێبەرەکان دەبڕن و بە تیشکی تیژ و باریک دەگەنە زەوی کە پێی دەگوترێت خۆرباران، جا ئەو خۆربارانە لە هەوری پرش و بڵاویشدا ڕوودەدات، گێڕانەوەی ئەم قسانە بۆ مەعشوق بە خاتری دروستبوونی گفتوگۆیە، کاتێکیش مەعشوق بڕوا ناکات سوێندی بۆ دەخوا کە درۆ ناکات و هێشتا بۆنی گوڵی ئەو شیعرە بە لێو و پەرچەمییەوە هەر ماوە.

## چوار: ئافرەت وەک پێویستی

ئافرەت وەک تەواوکەری ژیان و پێویستییەکی گرنگی پیاو دادەنرێت، گەرئافرەت نەبێ ناتوانرێت بەردەوامی بە ژیان بدرێت، سروشت و ئەندازەی ژیان بەو جۆرە دانراوە، بێجگە لە ژیانی مرۆڤ ژیانی بونەوەرەکانی تری غەیری مرۆڤیش بەم جۆرەیە، بە پێی حیکایەتییە ئاینییەکانیش، کاتێک خودا باوکی مرۆڤایەتی (ئادەم) لە بەهەشت بە بێتاقەتی دەبینێت، ئافرەتی بۆ دروست دەکات و وەک تەواوکەری ژیان و روحی، ئەم پێویستییە گرنگە نکۆڵی لێناکرێت، بێ ئافرەت ژیان ناکاملە و پیاو بە تەنیا ناتوانێ درێژە بە ژیان بدات، ڕەنگدانەوەی پێویستی و گرنگی ئافرەت لە شیعردا بە فراوانی دەبینرێت، بەتایبەت لای شاعیران، بەو پێیەی شاعیر مرۆڤێکی هەستیارە و زیاتر سەروکاری لەگەڵ هەست و سۆز و لایەنە روحی و دەروونییەکان هەیە، بۆیە ئەم بابەتە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت) ئەم لایەنە بە ڕوونی دەبینرێت، شاعیر بێ ئافرەت هەست بە بێتاقەتی دەکات و وەک لایەنێکی گرنگی ڕوحی خۆی وێنا دەکات، شاعیر ئافرەت وەک پێویستیەکی گرنگ دەبینێ و دەڵێت:

من زۆر حەزدەکەم لە توێی قۆڵ و باسکی ژنێکدا
چاو لێک بنێم و بۆنی پەراسوەکانی بکەم...
ئای من چەند پێویستیم بە ئافرەتێکە
لەچەرخێکدا خۆشی بوێم
کە پێستی شاعیری تیا دەکرێ بە پۆستاڵ..
ئای من چەندێ پێویستیم بە ژنێکە
لە چەرخێکە پەنامبدات
کە ناخۆشترین ئوتێل
پەنای شاعیرێکی هەژار نادات... (هەڵمەت، ب١، ٢٠١٦، لا ٤٨٦)

(لەتیف هەڵمەت) لەو تەنیایی و بێتاقەتییەی تێی کەوتووە، پێویستی بە ئافرەتێکە و ئارەزووی ئەوە دەکات لەسەر قۆڵ و باسکی بخەوێت و بۆنی بکات، بۆ ئەوەی هەست بە ئارامی بکات و بحەسێتەوە لەم بێتاقەتییەدا، ئافرەت بە باشترین و ئارامترین پەناگە دادەنێت، ئەمەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، باشترین پەناگەی پیاو لە کاتی تەنیایی و بێتاقەتی ئافرەتە، ئەم ڕوانینەی شاعیر ڕەهەندێکی دەروونی هەیە، کاتێک مرۆڤ نائارامبوو و پەناگەیەکی نەبوو، ئافرەت دەتوانێ ببێتە ئەو پەناگەیە و ئارامی پێ ببەخشێت. هەروەها دەڵێت:

من کە هەست بەوە دەکەم
کە ئافرەتێک نییە گوێ لە دەنگی زەنگی دڵم بگرێ و
نیوەشەو هۆنراوەکانم بدزێ و
بیداتە بای شەقامەکان
چەقۆی شەرم دەمگرێ و
پارچە پارچە وەکو کڵۆ خوێی ناو گۆمە ئاو
دەتوێمەوە... (هەڵمەت، ب١، ٢٠١٦، لا ٤٨٦)

هەر کاتێک شاعیر هەست بەوە بکات، کە ئافرەتێک نەبێ گوێی لە ئازارەکانی بگرێ و شیعرەکانی بخوێنێتەوە، بێتاقەت دەبێت، شاعیر ئافرەت بە پێویستی دەبینێت، نەک تەنیا بۆ دەروونی خۆی، بگرە وەک پێویستییەکی گرنگ دەبینێت بۆ شیعر نووسین، گەر ئافرەتێک نەبێ شیعرەکانی بخوێنێتەوە، شیعر نووسین چ گرنگییەکی دەبێت؟ بە دیوێکی تردا دەکرێت وەک هاندانی ببینین بۆ ئەوەی ئافرەت رووبکەنە خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیرکردن چونکە ئەگەر ئافرەت ڕۆشنبیربوو نەوەیەکی تەندروست پەروەردە دەکات.

## پێنج: ئافرەت وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقی ئیرۆتیک (Erotic)

غەریزەی جنسی و حەزی ئیرۆتیک لای هەموو مرۆڤێکی ئاسایی بوونی هەیە، ئەم غەریزە و حەزانەش وەک بابەتێکی واقیعی دەچێتە نێو بابەتە ئەدەبیەکانەوە کە بە شێوەیەکی هونەری و زمانێکی ئەدەبی و لە نێو دەقە ئەدەبیەکان نیشاندەدرێت، ئەم زاراوەیە، «لە وشەی (Erotikos)ی گریکییەوە وەرگیراوە مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٦١٥ – ١٦٢٥) دەگەڕێتەوە، لە فەرهەنگی ئینگلیزیدا ئەم مانایەی هەیە: ویژدان، یا تێرکردنی ئارەزووی سێکسی، عەوداڵبوون..»(حەوێزی، و سلێوە، ٢٠١٥، لا ١٠). لە ناو ئەدەبیشدا بۆتە چەمکێک بەرانبەر ئەو دەقانە بەکاردێ کە ناوەڕۆکێکی سێکسی(یان هەیە. «ئیرۆتیک لە یۆناندا ئیرۆسە (eros خوای خۆشەویستییە لای یۆنانیەکان) و کوڕی ئەفرۆدیت


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

(Aphrodite)ی خوای ئەوین و جوانییە، چەمکی ئیرۆس بەواتای وەسفی عاتیفە دێ لە ڕووی هەستکردن و حاڵەتی ڕوحی پەیوەست بە ئاوێتە بوونی جەستەیی و سێکس»(خەلیل، ٢٠١٢، لا ١٩). ئیرۆتیک ئەو کارە ئەدەبی و هونەرییانە دەگرێتەوە کە لایەنی ئیرۆتیکی تێدابێ و توخمە سێکسیەکان وەک لایەنێکی جوانی و ئێستاتیکا نیشانبدرێت، نەک بۆ وروژاندنی سێکسی و جوتبوون، پێویستە هەموو ئەو کەرەستە و بابەتانەی بە دەوری ئەم چەمکە دەسورێنەوە، لە خزمەت جوانی ناسیدا بن و وەک لایەنێکی ڕوحی گوزارشتی لێوەبکرێت، نەک بۆ وروژاندن و زەقکردنەوەی کردەی سێکس لە مرۆڤدا، چونکە ئیرۆتێک جیایە لە سێکس، پێویستە هونەرمەند و شاعیران لە نیشاندانی بەرهەمەکانیان بە شێوەیەکی ئێستاتیکیانە گوزارشت لە بابەتەکان بکەن و ئامانجیان کردەیەکی داهێنەرانە بێ و دوور بێ لە ورووژاندن و حەزی سێکسی.

ئیرۆتیک مێژوویەکی کۆنی هەیە، وێنەی ئیرۆتیک لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و پەیکەری سەر تەلارو کۆشکەکان و ژووری ئیمپراتۆرەکان بوونی هەبووە و تا ئێستاش ماون، دواتر هاتووەتە ناو ئەدەب و لە بەرهەمە ئەدەبیەکاندا نیشاندراوە، ئیرۆتیک لە ئەدەبیاتی میللەتاندا هەیە و «لە ئەدەبی یۆنانیدا (ئۆڤید) لە کتێبی شعری (هونەری ئەوین)دا کە لە سەدەی یەکی زایینیدا نووسیویەتی، بە یەکەم هێمای ئەدەبی ئیرۆتیکی دەژمێردرێ(...) هەروەها ژنە شاعیری یۆنانی (ساڤۆ) یەکەمین دەنگی ژنە باس لە ئەوین و سێکس بکات(...) لە سەدەی نۆزدەمدا (مارکیز دی ساد) و (ئەلفێرد دی موسێیە) و (ڤێرلین) (...)، لە ناوە دیارەکانی ئەدەبی ئیرۆتیکی فەرەنسین، لە سەدەکانی پێشوو هەندێ لە شیعرەکانی شاعیری فەرەنسی (لوس ئاراگۆن) بە ئەدەبی ئیرۆتیکی دادەنرێت(...) هەروەها ڕۆمانەکانی ڕۆماننوسی ئیتاڵی (ئەلبێرتۆ سۆرافیا) لەگەڵ ڕۆمانەکانی ڕۆماننوسی بەریتانی (لۆرانس) بە ئەدەبی ئیرۆتیک دادەنرێت»(الحفني، ١٩٩٢، ص ٢٩-٣٢). وێنەی ئەم ئەدەب و هونەرەش لەناو عەرەبەکاندا بوونی هەبووە.

ئەدەبی عەرەبی «لە سەردەمی جاهیلییەوە خاوەنی بەرهەمی ئیرۆتیکی و تەنانەت پۆرنۆش بووە، بە ئەندازەیەک کە شتێکی زۆر باو و قبوڵکراو بووە، چونکە عەرەب بەر لە ئیسلام، ژن و شەراب و سەماو شیعر نوسین لە پێناو هەموو ئەو شتانە، بەشێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەیان بووە»(محی الدین ،٢٠١٧، لا ١٢). ئەم جۆرە ئەدەبە لە ئەدەبی عەرەبیدا ڕەواجی هەبووە و «لە ئەدەبی عەرەبیدا لای موسڵمانەکان و غەیرە موسڵمانیش لە چەند کتێبێک باسکراوە، گرنگترینیشیان کتێبەکەی (جلال الدین السیوطی)، کە بە زانای خۆشەویستی ناونرابوو، هەروەها (نەجمەدین قەزوێنی) کتێبێکی هەبوو بەناوی (بیبلۆگرافیای چێژ)، بەڵام لای عەرەبەکان ئیرۆتیک وەک دەسپێک نەمایەوە ئەو ئازادییەی لێ سەنرایەوە بەهۆی داب و نەریت و دینەوە»(Wachsberger, ٢٠١٩, p٢). جگە لە مانەش کتێبەکانی (کەعب بن زوبیر، جاحز، ئیمرولقەیس، تیفاشی، ئەبوعەلای مەعەری...)یش باس و خواسی سێکس و ئیرۆتیکیان لە خۆگرتبوو.

لە ئەدەبی کوردیشدا وێنەی ئەم ئەدەبە بوونی هەیە و لە ئەدەبی فۆلکلۆردا بەتایبەت لە (بەیت و حەیران)دا وێنەی ئیرۆتیک دەبینرێت، دواتر وێنەی ئەم ئەدەبە گواستراوەتەوە بۆ ئەدەبی نوسراو و لە شیعری کلاسیکدا ئەم ئەدەبە هەیە، لە شیعری هاوچەرخیشدا وێنەی ئەم ئەدەبە ڕەنگدانەوەی هەیە و لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا دەبینرێت، شاعیر کۆمەڵە شیعرێکی بۆ ئەم بابەتە نووسیوە، شاعیر بە هەستێکی ئەدەبی بەرز باس لە (ماچ و مەمک و ڕووتی...) دەکات، ڕەنگدانەوەی ئیرۆتیک لای ئەو لایەنێکی ڕوحی هەیە و دوورە لە وروژاندن و حەز و ئارەزووی سێکسی، ئافرەت سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقە ئیرۆتیکیەکانە، چونکە ئەم وێنە شیعریانە لە سروشتی جەستەی ژنەوە دەخولقێنرێن، بێ بوونی ئافرەت، شتێک نابێ بە ناوی دەقی ئیرۆتیکی. شاعیر دەربارەی ماچ دەڵێت:

لەوەرزی ماچدا

سۆفییەک و

بەد مەستێک

یەکسانن (هەڵمەت، ب٣، ٢٠١٦، لا ٤٧)

شاعیر باس لە دوو ئایدیای جیاواز دەکات کە مرۆڤێکی بەد مەست و سۆفییەکن، کە هەردووکیان بەرانبەر ماچدا یەکسانن و وەک یەکیان لێدێت، ماچ نە سۆفی دەناسێ و نە کەسێکی مەست، کە هاتە ئارا هەردووکیان هەمان چێژی لێدەبینن، بۆیە شاعیر ماچ بە یەکسانکردنی خاوەن بیر و ئایدۆلۆژیایە جیاوازەکان دەبینێت. لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

خوێندنەوەی هەزاران

ڕۆمانی شاکار و

هەزاران شیعری دڵداری

بەتام و چێژ نین

وەکو یەکەم

ماچ (هەڵمەت،٢٠١٩، لا ٦١)

لای شاعیر یەکەمین ماچ چێژێکی تایبەتی هەیە، لە خوێندنەوەی هەزاران ڕۆمانی شاکارو هەزاران شیعری دڵداری بە تام و چێژترن، گەرچی خوێندنەوەی ڕۆمان و شیعر لای شاعیر بە چێژن، بەڵام هەرگیز ناگەنە چێژی یەکەم ماچ، ماچ چێژی هەیە، بەڵام شاعیر باس لەیەکەم ماچ دەکات چونکە سەرەتای گەیشتنی هەر شتێک تام و چێژێکی تایبەتتری هەیە، بۆیە باس لە یەکەمین ماچ دەکات، کە سروشتی زۆربەی مرۆڤێکە، چێژێکی تایبەتتر لە سەرەتا و یەکەمینی شتەکان وەردەگرێت. هەروەها (لەتیف هەڵمەت) وێنەی (مەمک)ی ئافرەت دەکاتە بنیاتی شیعر و دەڵێت:

دوو دێر

شیعرن

هەردوو

مەمکت (هەڵمەت،٢٠٢٠، لا ١٠)

شاعیر بێ پەردە باس لە مەمکی ئافرەت دەکات و وەک دوو دێر لە شیعر جوان دەیانبینێ، ئەمە نیشانی وێنەیەکی ئیرۆتیکی ڕوحی بەرزە، کە مەمک وەک دێری شیعر پڕ لە جوانی و چێژ نیشاندەدات، نیشاندانی ئەم وێنە شیعرییانە دوورن لە وروژاندنی سێکسی، ئەوەندی دەقەکە بە لایەنی جوانی و ئیستاتیکی دەبا ئەوەندە بەرەو ئاراستەی وروژاندان نابات.

یان دەڵێت:

تامەزرۆن... تامەزرۆن

دوای نوسینی هەر شیعرێک

مەمکت وەکو کولۆ شەکرێک

بە چایە تاڵەوە بخۆم (هەڵمەت،٢٠٢٠، لا ٩٣)

شاعیر کاتێک شیعرێک دەنووسێت ماندوو دەبێت، بۆ ئەوەی ئارامبێتەوە، تامەزرۆیە بە مەمک ماندوبوونی نەهێڵێت، بۆیە مەمک بە کولۆ شەکرێک دەچوێنێت و تامەزرۆیە بە چایەکی تاڵ بیخواتەوە، تا تاڵی چایەکە نەهێڵێت و لە دەمیدا شیرینی بکات، کە ئەمەش ئارامی بە مێشکی دەروونی شاعیر دەبەخشێت و پێی دەحەسێتەوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

هەروەها شاعیر لە بۆنی جەستەی ئافرەت(ڕووت) وێنەیەکی ئیرۆتیکمان نیشاندەدات و دەڵێت:

کاتێ ڕووت ڕووت دەبویتەوە
وەک دوکانی عەتر فرۆش
ژوورەکەت پڕپڕ دەکرد
لە بۆنی خۆش (هەڵمەت،٢٠٢٠، لا ٣٦)

وێنەکەی ئیرۆتیکی بەرز لەو شیعرەدا نیشاندراوە، کە ڕووتبونەوەی ئافرەتە، کە ژوورەکەی پڕ دەکات لە بۆن، کە بۆنی جەستەی بە بۆنی دووکانی عەتر فرۆش چواندووە، کاتێک دەچێتە نێو دوکانێکی عەتر فرۆش، مێشکت پڕ دەبێ لە بۆن و هەست بە بۆن و چێژێکی خۆش دەکەیت، شاعیریش ئەو وێنەیەی گواستووەتەوە بۆ ڕووتبوونەوەی جەستەی ئافرەت و وێنەیەکی ئیرۆتیکی بەرزی لێ بەرهەمهێناوە.
لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا وێناکردنی ئافرەت زیاتر ڕەهەندێکی دەروونی هەیە، وەک سەرچاوەی خۆشەویستی و ئارامی ڕوحی و پێویستی نیشاندراوە، کەمتر چۆتە ناو ڕۆڵ و ئەرکی ئافرەت.

## ئەنجام:

١-تێمای ئافرەت بە هەموو وردەکارییەکانییەوە لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە، چ وەک دایک، چ ئافرەت وەک خۆشویستراو، چ وەک پێویستی، چ وەک جوانی و پیرۆزی، بۆ هەر یەکەشیان چەندین نموونە و دەرکەوتەی جیاوازی هەیە.
٢- ئافرەت لە دیدی (لەتیف هەڵمەت)دا سەرچاوەی جوانی و مەزنییە، بە جۆرێک بێ ئافرەت باری ژیان لاسەنگ دەبێت.
٣- ئافرەت وەکو خۆشویستراو لە پلەیەکی باڵا دایە بەوەی دەیخاتە خانەی خۆر و مانگ و باران و دارستانەوە وە شاعیر بێ مەعشوقەکەی بە دەوری پووچیدا دەسوڕێتەوە.
٤- مردنی دایک لە جیهانبینی لەتیف هەڵمەتدا داخێکی نەبڕاوەیە، بە حوکمی ئەوەی مردنی دایکی خۆی بینیوە، لە زۆر شوێنی دیوانەکەیدا، تێمای ئافرەت وەکو دایک، بە هەستێکی منداڵانە و سەرسپیانە و هەرزەکارانە دەبینرێت، بێ دایکی، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەروونی شاعیر داناوە.
٥- لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا وێناکردنی ئافرەت زیاتر ڕەهەندێکی دەروونی هەیە، وەک سەرچاوەی خۆشەویستی و ئارامی ڕوحی و پێویستی نیشاندراوە، کەمتر چۆتە ناو ڕۆڵ و ئەرکی ئافرەت.
٦- ئافرەت وەک سروشتی جەستەیی، بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەرهەمهێنان و بنیاتنانی دەقی ئیرۆتیکی.

## لیستی سەرچاوەکان:

### کوردی:


١. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠١٥) فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، تاران.
٢. احمد، فؤاد حسین(١٩٩٠)، ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا، مطبعة الجاحظ، بغداد.
٣. حسێن، جەبار ئەحمەد(٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردستانی عێراق (١٩٥٠- ١٩٧٠)، سەردەم، سلێمانی.
٤. حەوێزی، دەریا، و سلێوە، هاوژین(٢٠١٥)، ئیرۆتیک لە شیعری (حەمام)ی (شێرکۆ بێکەس)دا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٥. خەلیل، زانا(٢٠١٢)، ئیرۆتیک لە شیعری (نالی)دا، ئاراس، هەولێر.

٦. ڕەسول،عیزەدین مستەفا(١٩٩٠)، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، خوێندنی باڵا، هەولێر.

٧. زەبیحی، عەبدوڕەحمان(٢٠٢٢)، قامووسی زمانی کوردی، چاپەمەنی خانی، سەقز.

٨. شەوڕۆ، فازیل، و سلێوە، هاوژین(٢٠١٩)، دایک لە جیهانبینی شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا.

٩. عەبدوڵلا، ئاشتی(٢٠١١)، شرۆڤەیەک بۆ چەمکەکانی خۆشەویستی- عیشق- حەزلێکردن، گۆڤاری تەوار، ژمارە(١٠٧)، سلێمانی.

٩. عەزیز، شەرمین ئیبراهیم(٢٠٠٦) پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشەنبیری، هەولێر.

١٠. غالب، صباحی(١٩٧٩)، ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا (١٩٢٥- ١٩٧٠)، دار الحریة للطباعة، بغداد.

١١. محی الدین، هێرۆ حسام الدین(٢٠١٧)، ئیرۆتیک لە شیعری ژنانی باشوری کوردستاندا (کرمانجی خواروو ٢٠٠٠-٢٠١٣)، نامەی ماستەر، زانکۆی چەرموو.

١٢. مستەفا، ئاسۆعومەر(٢٠٠٩)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ سالح، گۆران، خان، دهۆک.

١٣. هەرشەمیی، شاسوار(٢٠٢٢)، فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژی کوردیی، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

١٤. هەڵمەت، لەتیف(٢٠١٦)، کۆ بەرهەمە شیعرییەکان، بەرگی ١-٢-٣، ناوەندی چاپەمەنی مانگ، بانە.

١٥. هەڵمەت، لەتیف(٢٠١٩)، هەور و دووناو دوونکردنی دەقەکان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٦. هەڵمەت، لەتیف(٢٠٢٠) دارستان هەمیشە چاوەڕوانی گەڕانەوەی باڵندە ونبۆکانێتی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

**عەرەبی:**

١٧. ابراهیم، زکریا(١٩٧٠)، مشكلات فلسفية (مشكلة الحب)، طبعة الثانية ، داراللمصر للطباعة، القاهرة.

١٨. الحفنی، عبد المنعم(٢٠٠٢)، الموسوعة النفسية الجنسية، طبعة الثانية، طبعة الرابعة، مكتبة مدبولي، قاهره.

١٩. سعيد علوش، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، دار البيضاء، بيروت، ١٩٨٥.

٢٠. شمس الدين، سوزان كمال(٢٠٠٥)، المرأة في شعر فوزي الأتروشي، رسالة الماجستر، كلية التربية للعلوم الأنسانية، جامعة صلاح الدين، آربيل.

٢١. نظيمي، فارس كمال(٢٠٠٧)، الحب الرومانسي بين فلسفه وعلم النفس، دار أراس للطباعه والنشر، آربيل.

**فارسی:**

٢٣. https://abadis.ir/entofa/the / بەرواری سەردان ٢٠٢٢/١١/٢.

٢٤. يزدانى، زينب(١٣٧٨)، زن در شعر فارسى (ديروز، امروز)، چاپ دوم، چاپخانه رامين، تهران.

**ئینگلیزی:**

٢٥. https://www.dictionary.com/browse/theme بەرواری سەردان، ٢٠٢٢/١١/٢٠.

٢٦. Wachsberger, Katie (2019) breaking the taboo: Arabic erotic literature. The van leer Jerusalem instate.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

# ڕووداو وەك ڕەگەزێكی دراما لە ژانری شیعردا(شیعری نوێی كوردی) بەنموونە
# الحدث كعنصر الدراما في الشعر ،الشعر (الكوردي الحديث) على سبيل المثال
# Event as An Element of Drama In Poem Kurdish Modern Poemsas An Example

ئارام عمر علی[1]، فازیل مەجید محمود[2]

[1] بەشی زانستەكۆمەڵایەتییەكان ،كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ،زانكۆی هەڵەبجە،شاری هەڵەبجە، هەرێمی كوردستان، عێراق

[2] بەشی زمانی كوردی ،كۆلێجی زمان ،زانكۆی سلێمانی،شاری سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail:aram.ali@uoh.edu.iq

## پوختە:

توێژینەوەكە بە ناونیشانی (ڕووداو وەك ڕەگەزێكی دراما لە ژانری شیعردا، (شیعری نوێی كوردی)بەنموونە) هەوڵێكە بۆ خستنەڕووی زانیاری پێویست لە بارەی كاریگەربوونی هەردوو ژانری شیعرو دراما بەیەكتر بەتایبەت لە ڕێگەی ڕەگەزو توخمە هونەرییەكانیانەوە، جیا لە باسكردنی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییە بەهێزەی نێوان ئەو دوو ژانرە، ئاماژەدانە بە ڕایەڵەی پەیوەندییە مێژووییەكەی نێوان شیعرو دراما، لەوێوە بۆ ئەوە دەچین بە شێوەیەكی زانستی ئاماژە بۆ جۆری ئەو كاریگەرییە بكەین و ڕۆڵی ڕەگەزی ڕووداو وەك ڕەگەزێكی درامایی لەشیعردا بخەینەڕوو، ئەوەش دەستنیشانبكەین، كە ئەم ڕەگەزە لە گەشەسەندن و نوێبوونەوەی شیعری كوردیدا گرنگی زۆری هەبووە، شاعیران بە مەزراندنی ڕووداوە(كۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی...)یەكان توانیویانە چوارچێوەی ئەركی شیعر فراوان بكەن.

**كلیلە وشەكان:** (ڕەگەز - ڕووداو – شیعری نوێ - دراما).

## ملخص البحث :

البحث بعنوان(الحدث كعنصر الدراما في الشعر ،(الشعر الكوردى الحديث)على سبيل المثال) هي محاولة لعرض المعلومات الضرورية حول تأثير كلا النوعين من الشعر و الدراما، و خاصةً عن طريق عناصرهما الفنية. بصرف النظر عن العلاقة العضوية القوية بين النوعين ، بالاشارة الى العلاقة التأريخية بين الشعر و الدراما، من هناك سوف نشير علميا الى نوع هذا التأثير ، و دور نوع الحدث كعنصر درامي في الشعر. و اخيرا سنحدد ان هذا العنصر ذو اهمية كبيرة في تطوير و تجديد الشعر الكوردي ، لقد كان الشعراء قادرين على تأسيس الاحداث (اجتماعية والسياسية و التأريخية) لتوسيع نطاق وظيفة الشعر.

**كلمات مفتاحية:** (النوع - الحدث - الشعر الجديد - الدراما).



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانكۆی هەڵەبجە:گۆڤارێكی زانستی ئەكادیمیە زانكۆی هەڵەبجە دەری دەكات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10500 |
| ڕێككەوتەكان | ڕێكەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/١/١٢ \| ڕێككەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٢/٢٠ \| ڕێككەوتی بلاوكردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | aram.ali@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بلاو كردنەوە | ©٢٠٢٣ م.ی. ئارام عمر علی،پ. د. فازیل مەجید محمود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

The research under the title of (event as an element of drama in poem, )Kurdish modern poems) as an example) is an attempt to determine enough knowledge about the way both drama and poetry genera are leave impact on each other especially through their artistic elements. Apart from mentioning the strong and organic connection between these two genera, it discusses the historical relationship between poem and drama. In addition, the sort of the impact will be clarified scientifically, and the role of the event as a dramatic element in poems will be explained. Finally, it will determine how this element is responsible for development and renewal of Kurdish poetry, and how poets by establishing events (social, political, historical...) expanded the mission of poem.

**Keywords:** (Genre - Event - New Poetry – Drama).

## پێشەکی:

شیعر بریتییە لەو هەستکردنەی لە ناخی شاعیردایە بەرامبەر بە تەواوی لایەنەکانی ژیان، شیعر بریتییە لە دەربڕینێکی جیاوازتر لە زمانی ڕۆژانەو دەربڕینێکی واتاداری تایبەتە، دراماو شیعر لەلایەک وەک دوو ژانری سەربەخۆو خاوەن چەندین تایبەتمەندی و ڕەگەزی جیاواز، لەهەمان کاتیشدا وەک دوو بواری گرنگی ئەدەبی، جۆرێک لە هاوبەشی ڕەگەزی لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش لە ڕووی کاریگەربوونی تەواوی ئەم دوو ژانرە بەیەکتر بەتایبەت لە هەردوو فۆرمی شیعری درامی و درامای شیعریدا، جگە لەوەی لەسەرەتاوە شیعر لەگەڵ دراما پەیوەندییەکی ئۆرگانی و تێکئاڵاوی زۆریان هەبووە، بە جۆرێک لە مێژووی سەرهەڵدانی دراما وەک دەقی نووسراو لە سەردەمی گریکەوە هەست بەو پەیوەندییە بەتینەی نێوان شیعرو دراما دەکرێت، تا ئەو ڕادەیەی هەموو دەقێکی درامی بەشیعر دەنووسرا.

ناونیشانی توێژینەوەکە : ڕووداو وەك ڕەگەزێکی دراما لە ژانری شیعردا(شیعری نوێی کوردی) بەنموونە

میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی مێژوویی و وەسفی شیکارییە.

کەرەستەی توێژنەوەکە : بریتییە لە چەندین بابەتی تیۆری و شیعری چەند شاعیرێک لە شاعیرانی قۆناغی نوێبوونەوەی شیعری کوردی لە نێوان ساڵانی(1920 – 1970)

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ تەوەرەو پوختەی توێژینەوەکە بە هەرسێ زمانی (کوردی - عەرەبی - ئینگلیزی) و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

## تەوەرەی یەکەم : چەمک و پێناسە

ڕەگەز: لەهەر ژانرێکی ئەدەبی، یان هونەریدا ئەو توخمە هونەری و جوڵەو کردارو ئاماژەو دەربڕینانەن، کە جەستەی دەقێک پێکدەهێنن، یان ئەو قاڵبە هونەریانەن، کە بەشداری لە پێکهاتەو پەیکەری دەقەکەدا دەکەن، ڕەگەز لە دەقی شیعریدا ئەرک و ڕۆڵی خۆی هەیە، بەهەمان شێوە کە لە دراماو ڕۆمان و چیرۆک و هەر ژانرێکی تردا بەو جۆرەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگەزەکانی هەریەک لەو چەشنە ئەدەبیانە کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لە سەریەکتر هەیە، بۆ نموونە بەشێکی گرنگ لە ئەرکە ئەدابیەکەی شیعر، لەئەستۆی ئەو ڕەگەزانەدایە کە پێکهاتەی جەستەیی درامان و بەشداری لە گەیاندنی پەیامی شیعردا دەکەن، یان دەکرێت بگوترێت ڕەگەز ئەو قاڵبە هونەرییەیە، کە دەقی ئەدەبی جیاواز لە ژێر ڕۆشنایی پێداویستییەکانیدا بەرهەمدێت، بۆ نموونە شیعر لەسەر بنەمای ڕەگەزە پێکهاتەییەکانی خۆی بونیادنراوە، کە لە ژانرەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، لەوانە: کێش و سەرواو (مۆسیقای شیعری)، وێنە و زمان، لە فۆڕمی شیعری جیاوازدا، هەمان شت لە دراماشدا هەیە، دراما بە دیالۆگ، ڕووداو، شوێن، کات، کەسایەتی و توخمەکانی دیکە دەناسرێنەوە و لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا دەقە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەدەبییەکان پۆلێن دەکرێن و دەخرێنە چوارچێوەی چەشنێکی ئەدەبی، ژانرەکان بە پێوەری ڕەگەزی جیاو هاوبەش دەستنیشاندەکرێن و لێکنزیکی و پەیوەندییەکانیان دیاری دەکرێت، کەواتە دەکرێت لەمەوە بۆ هاوبەشی و جیاوازی شیعر و دراماو ژانرەکانی تر بڕۆین.

شیعر: ابن طباطبا لەبارەی پێناسەی شیعرەوە دەڵێت: «شیعر قسەیەکی کێشدارە (ڕێکخراوە) جیاوازە لەو پەخشانەی، کە خەڵک لەنێوان خۆیاندا بەکاریدەهێنن، شیعر جۆرە هۆنینەوەیەکی تایبەتی هەیەو ئەگەر لێی لابدەیت ئەوا گوێ بەباشی وەریناگرێت و چێژەکەی تێکدەدات» (العلوی، ٢٠٠٥، ٩) جیاوازتر لەمانە، ابن وهب دەڵێت: «شیعر هەستکردنە»(الرحمانی، ٢٠٢١، ٤٢)، ئەلیۆت پیناسەی شیعری بەم شێوەیە کردووەو دەڵێت: «شیعر هۆیەک نییە بۆ هەڵچوون و داچوونەکان، بەڵکو هۆیەکە بۆ دەربازبوون لە هەڵچوونەکان، شیعر دەربڕی کەسێتی نییە، بەڵکو دەربازبوونە لە کەسێتی»(کەساس، ١٩٩٩، ٢٠). و جاحظیش پێی وایە «شیعر دارشتنەو جۆرێکە لە وێنە گرتن»(الرحمانی، ٢٠٢١، ٤٢)، هەروەها )کیتس( یش لەم بارەیەوە دەڵێت: «وەزیفەو ئەرکی شیعر ئامۆژگاری نییە»(کەساس، ١٩٩٩، ٢٠).

ئەوەی لەم پێناسانەوە پێیدەگەین ئەوەیە، هەرچەندە پێناسەی زۆر بۆ شیعر کراوە، تا ئێستا پێناسەیەکی یەکگرتوو نییە، هەموو لایەنەکانی ئەم ژانرە تەی بکات و پڕ بەباڵای شیعر بێت، ئەمەش وەستاوەتەوە سەر ئەوەی ژانری شیعر ژانرێکی زیندووەو هەمیشە لە بەرەوپێشچوون و فراوانبوونی چوارچێوە ئیستاتیکییەکەیدایە، بەمەدە دەتوانین بڵێین شیعر هەستکردنە بە جوانی و دەربڕینی ناخ و دەروون، ئەو دەنگەیە لەگەڵ سروشتدا خۆی دەنوێنێ و هەڵچوونەکانی شاعیر دەکاتە وشەو ئەیدا لە باڵای وێنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی، لەلایەکی ترەوە شیعر سنعەتە لە خستنەڕووی وشەو وێنەکێشانی واقیعی ژیان لەو ساتەی شاعیر تێیدا دەژی، کەرەستەی دەربڕینی شیعر وشەو زمانە، بەڵام جیاواز لە زمانی گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵك؛ کەواتە شیعر ژانرێکی ئەدەبیە، بریتییە لە پارچە دەربڕینێکی ئەدەبی لەلایەن شاعیرێکەوە دەوترێت یان دەنووسرێت، کە هەست و سۆزی جۆراوجۆر تێدایە، پشت بە بەکارهێنانی تەکنیکی جۆراوجۆر دەبەستێت و بایەخدەدات بە لایەنی جوانی و ئیستاتیکای دەقەکە، یان شیعر بریتییە لە پێکهاتەیەک، کە وشە بەکاردەهێنێت بۆ وروژاندنی هەستەکان بە شێوەیەکی خەیاڵی، واتە پارچە دەربڕینێکی ئەدەبییە کە هەست و سۆزی قوڵی شاعیر بەرامبەر بە شتەکان دەخاتەڕوو.

دراما: بریتییە لەپێکهاتەیەکی پەخشانی یان شیعری، لە بنچینەدا بریتییە لە پرۆسەیەکی ئەداکردن، ئەو دەقە نووسراوەیە دەگۆڕدرێت بۆ نمایشێک لەسەر تەختەی شانۆ، دراما ئەو شێوازە تایبەتەی نواندنە، کە باسکردنە لە واقیع و خستنەڕووی ئەو واقیعەیە بۆ بەرامبەر، ئەو واقیعەی لە درامادا باسدەکرێت بە تێڕوانین و خەیاڵی نووسەر دەچنرێت و بەرگی هونەری بەبەردا دەکرێت و دەکرێتە نووسین، لە پرۆسەیەکی هونەریدا قاڵب دەگرێت؛ دواتر لە سەر تەختەی شانۆ، لە ڕادیۆ یان تەلەفزیۆندا نمایشدەکرێت. «دراما وشەیەکی ئیغریقی کۆنە، لە واتای کردارەوە (الفعل) (dram) لەلای ئیغریقییەکان کردار یان کردەوەو ڕەوشتێکی مرۆڤانەیە، بەشێوەیەکی تایبەت» (ابراهیم، ١٩٩٤، ٩) لە کۆنداو تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە دراما بەگشتی وەک ژانرێکی شیعر دادەنرا، ئەو بەرهەمانەی پێشکەشدەکران بەشیعر دەنووسران، زمانی گفتوگۆو دەربڕینەکان شیعرو زمانی شیعری بوو، ژانری دراماتیک کە سەرەتاییترین بەرهەمی شیعری بوو، لەگەڵ داستان و شێوازە لیریکییەکان بەراورد کراوە، بە شێوەیەکی گشتی دراما : بریتییە لە فۆرمێکی ئەدەبی «کە بۆ نواندن لەسەر شانۆ نووسراوە، ئەکتەرەکان ڕۆڵی کاراکتەرەکان وەردەگرن، کاراکتەرەکان ئەرکێکی دیاریکراو جێبەجێ دەکەن و دیالۆگێکی نووسراو دەکەن بە قسە»(Abrams & Harpham، ٢٠١٣, ٨٤)، ژان ژاک برنارد دەڵێ: دراما «پێش هەموو شتێک هونەرە و هونەریش لە ڕێگای دیالۆگەوە شتێک دەدۆزێتەوە، کە شاراوەیە و پێویستی بەوە هەیە کە هەستی پێ بکرێت.."»(ئیبراهیم، 2009، 137).

ڕووداو: بریتییە لە بەریەککەوتن ، بەریەککەوتنی مرۆڤ لەگەڵ مێژوو و لەگەل مرۆڤ، لەگەڵ دەوروبەر، لەگەڵ سروشت، یان «کۆمەڵە بەسەرهاتێکی بەش بەشی پێکەوە بەستراوە، کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێکخراون، پێویستە لە هەموو چیرۆکێکدا بەگوێرەی سیستمێکی دیاریکراو شتەکان ڕووبدەن و بەگوێرەی ئەو سیستەمەش چوارچێوەیەک لەوی دیکە جیا دەبێتەوە، ڕووداوەکانی چیرۆکیش وەکو هێڵێک بەدوای یەکدا دێن » (خاڵە دێوە، ٢٠١٠، ١٦)، ئەگەر ڕووداو بەهێز و سەرنج ڕاکێش نەبێت، ناتوانێت دراما بخولقێنێ، بۆیە ڕووداو

لای ئەرستۆ جوڵەو زیندویەتی درامایەو «ڕوداو بەگیانی دراما لە قەڵەم ئەدات...»(دبلیودوسن، ١٩٨١، ١٤١)، هەروەها پێی وایە ڕووداو کردارێکە «سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی، هەیە»(ئەرستۆ، ٢٠١١، ٣٣)، کەواتە ئەوە ڕوونە، کە هیچ درامایەک بە بێ ڕووداو بەرهەم نایەت، ڕووداوەکانیش بە سەرەکی و لاوەکییانەوە «یەکەیەکی پێکەوە گرێدراون، ئەگەر بەشێکی لێ لابرێت سەرجەمی دەشێوێ، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ ڕووداو یەکەیەکی ئۆرگانی بەهێزی پێکەوە بەستنی درامایە»(رشدی، ٢٠٠٠، ٢٠).

ڕەگەزەکانی درامای شیعری لای ئەرستۆ، پێکدێت لە «چنین، کەسێتی، دارشتن، هزر، دیمەن، گۆرانی»(ئەرستۆ، ٢٠١١، ٢٨)، کە هەموو ئەو ڕەگەزانە بە دەوری ڕەگەزێکی سەرەکی و پێکهاتەیەکی بنچینەییدا دەسورێنەوە، کە ئەویش ڕووداوە، بە نموونە گرنگترین ڕەگەز لای ئەرستۆ چنینە، کە بەواتای «ڕێکخستنی ڕووداوەکانە»(ئەرستۆ، ٢٠١١، ٢٩) وە هەروەها ڕۆڵی کەسێتیش بەگەڕخستنی ڕەفتارو کردەوەیە، کردەوەش بەرهەمهێنی ڕووداوە، ڕەفتار بەواتای جووڵە و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان دێت لە نێو ڕووداوەکاندا. کەواتە لەلای ئەرستۆ. ڕووداو لە هەموو ڕەگەزەکانی تر گرنگترە؛ لە ناو هەر بابەتێکی ئەدەبیدا ڕەگەزی ڕووداوی تێدابێت بە سەرەکی و لاوەکییەوە بەشێوەیەکی زنجیرەی گرنگ پێکەوە بەستراون و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا دروست دەبێت، زۆر جار بە لابردنی ڕووداوێک چنینی دەقەکە تێکدەچێت، چونکە لە پێکهاتەی دەقێکدا ئەو تەکنیکەی ڕەگەزەکان بە تایبەتی ڕووداوەکان پێکەوە دەبەستێت، وەک پێکهاتەی پێکەوە هاتنی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤێک، یان گیانلەبەرێک دێتە بەرچاو، کە گرنگییەکی زۆر لە تەواوی ئەو پێکهاتەیەدا هەیەو بە کەمووکورتی، یان نەبوونی هەر ئەندامێک نارێکی و کەمووکورتی لە کۆی جەستەکەدا دێنێتەبوون، بەم پێوەدانگە ئەم پێوەرە بۆ چنینی دەقێکی شیعریش تەواوە، کە ئەگەر ڕەگەزی ڕووداو لە چنینی دەقێکی شیعریدا ڕۆڵی هەبوو نابێت لە خستەڕووی ڕووداوەکەدا پچڕان و شپرزەیی پێوە دیاربێت، بە واتایەکی تر هەر لێکترازانێک کاریگەری لەسەر تێکدانی وێنەی شیعری دەبێت، دەتوانین بڵێین: نووسینی دەقێک لە ڕووی هونەرییەوە لە کاری پەیکەرتاشێک دەچێت، کە لە کاتی سازکردنی پەیکەرێکدا حساب بۆ جوانی پەیکەرەکەی دەکات و هەموو لایەنەکانی لەبەرچاو دەگرێت، بە هەمان شێوەش نووسەری دەقێکی ئەدەبی لە نووسینی دەقەکەیدا دەبێت خاوەنی سەلیقەیەکی بەهێزبێت، تا هونەری پێکەوە چنینی ڕەگەزەکانی دەقەکەی وەستایانە بونیاد بنێت و حساب بۆ هەموو لایەنەکانی بکات، واتە نەخشەی پەیکەرێکی گشتی دەکێشێت، لە هێڵە گشتییەکانەوە بۆ هێڵە تایبەتییەکانی کارەکەی دەچێت و بەشێوەیەکی پێویست و دوور لە زیادەڕۆیی مەزراندن بۆ ڕۆڵی هەریەکە لەو ڕەگەزانە دەکات، کە بونیادی دەقەکەی لەسەر پێکهاتووە، بەمەش دەردەکەوێت هەریەکە لەو ڕەگەزانەی ڕۆڵیان لە سازاندنی دەقەکەدا هەیە، نووسەر ناتوانێت دەستبەرداریان ببێت، بەمەدا دەتوانین بڵێین «نووسەر، لە ئەندازیاری بیناسازی دەچێت، لەنەخشەو پلان داناندا»(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ١٠٤)، کە هەموو لایەنێکی کارەکەی لەبەرچاودەگرێت و حساب بۆ هەموو لایەنەکانی نەخشەو وردەکارییەکان دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا دانان و نەخشاندنی پێکهاتەی ئەو ڕەگەزانە لە هەر ژانرێکدا بەپێی پێویستی دەقەکەیەو هیچ مەرجێکی پێشوەختە نییە، تا دەستنیشانی ئەوە بکات، دەقێک چەند کارەکتەری دەوێت، یان ڕووداوەکان چەند کاتیان پێویستەو دەبێت زەمینەو شوێنی ڕووداو کوێ و چەند بێت، هەروەها پەیوەندی پتەو لە نێوان ڕەگەزەکاندا هەیە، بەنەبوونی هەریەکە لەو ڕەگەزانە کەمووکورتی دێتەئاراوە، بەنموونە لە نێوان ڕووداو و کارەکتەر، هەروەها لە نێوان ڕووداو و شوێن و کاتدا «گەر ڕووداوێکمان نەبێت، کەسێتی ڕۆڵێکی نابێت، گەر ڕووداوێکمان هەبێت شوێن و کاتێکیشمان دەبێت بۆ ڕوودانی ڕووداوەکەو دەرکەوتووی کەسێتییەکان»(عوسمان، ٢٠٠٩، ١٢).

کەواتە ڕووداو ئەو هێزەیە گیان بەبەری دەق ئەدەبیدا دەکات و هەمیشە بەزیندووی دەیهێڵێتەوە، جوڵەیەکی بەردەوامی پێدەبەخشێت، لەگەڵ ئەوەی ڕووداو ڕەگەزێکی دراماییە، لە زۆر چەشنی تری ئەدەبیدا بەشداری کارای هەیە، لەوانەش شیعر، هەندێک بەرهەمی ئەدەبی هەیە بەبێ بوونی ئەم ڕەگەزە پێکنایەت لەوانە (داستان، ڕۆمان، چیرۆک...). گرنگی ئامادەبوونی ڕەگەز و توخمی ڕووداو لە دەقدا کەمەندکێشکردنی ڕەگەزو توخمەکانی تری وەک (کەسایەتی، دیالۆگ، ململانێ، کات و شوێن...)ە، داینەمۆی فراوانبوونی دەقی ئەدەبیە، بەڵام مەزراندنی ئەم ڕەگەزە لە ژانرێک بۆ ژانرێکی تر دەگۆڕێت و سیماو خەسڵەتی تایبەت بە جۆری ژانرەکە هەڵدەگرێت، بەڵام لە شێوە

گشتییەکەیدا ڕووداو زنجیرە کردارو هەڵسوکەوت و بەسەرهاتێکی پێکەوە گرێدراوی مانادارە، کە لە بەریەککەوتن و پێکەوەبوون و ڕەفتار و ژیانی مرۆڤەکان و ژینگەو دەوروبەری سەرهەڵدەدات، ئەمەش لەچوارچێوەی چەند بزاوت و گۆڕان و جوڵەیەکدا، لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەوە بەدوای یەکدا دێن، یان «بریتییە لەو زنجیرە گۆڕانەی بەسەر ڕەوشتی کەسەکاندا دێت لە پەیوەندی و کارلێک کردنیان لەگەڵ ئەو شوێنەوارەی تێیدا دێن و دەچن»(ڕەسول، ١٩٨٩، ١٥١)، کەواتە ڕەنگدانەوەی ژیانەو ژیانیش لەهەموو چەشنێکی ئەدەبیدا بەپێی پێویستی دەقێك ئامادەیی هەیە.

ڕووداو گرنگترین بزوێنەری درامایە، تا ئەو ڕادەیەی «گرنگی ڕووداو بەستراوە بەسەرکەوتووی چیرۆکەوە، بەواتایەکی تر ئەوەی زۆرجار بڕیار لەسەر باش و خراپی چیرۆک دەدات ڕووداوە»(عوسمان، ٢٠٠٩، ١٢)، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەو ڕەگەزانەی تر گرنگ نین بە پێچەوانەوە، دراما یان هەر دەقێکی ئەدەبی، بەتەنها ناتوانێت بناغەی خۆی لەسەر یەک ڕەگەز و توخم بنیات بنێت، بەڵام درامانووس لە ڕوانگەی خەلقکردنی ڕووداوەکانەوە پەل بۆ ڕەگەزەکانی تر دەکێشێت و ئەوەی گیانی زیندویەتی بەبەری ڕووداوەکەدا دەکات لە ڕەگەزەکانی تر دەخرێتە ناو پرۆسەی بونیادی تێکستەکەوە. ئەمە بەمانای گرنگی ڕەگەزی ڕووداو دێت، بەڵام نابێت ڕووداو ببێتە هۆی لێکترازاندنی ڕەگەزەکانی ترو ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ڕەگەزەکانی تردا هەیە تێکبدات، ڕەگەزی ڕووداو لە شیعردا گرنگی و بایەخی هەیەو کاتێک شاعیر ڕووداوێک دەکاتە هەوێنی خولقاندنی دەقێک، چیرۆک و بەسەرهاتەکان دەخاتەڕوو، مەبەستییەتی هەست و سۆزی تایبەتی و بۆچوونی لەمەڕ ئەو ڕووداوە بخاتەڕوو نەک تۆمارکردن و گێڕانەوەیەکی مێژوویی. بۆیە ڕووداو دەرەنجامی کارلێکی هەڵوێستی کەسەکانە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵام لە گوێزانەوەی ڕووداوەکان بۆ ناو دەقێکی ئەدەبی، دەبێت ڕەچاوی پتەوی و پێکەوە بەستراوی ئەو هەڵوێستانە بکرێت، چونکە «ئەگەر یەکێک لەو ڕووداوانە لە شوێنی دروستی خۆیەوە دانەنرێ، یان ئەگەر فڕێ بدرێ، کردەوە تەواو و پێگەشتووەکە تووشی شێوان و لێکترازان دەبێ» (ئەرستۆ، 2011، 36)، بەڵام ڕووداو هەرچەندە گرنگبێت ئەرکی شاعیر ئەوە نییە ڕووداوەکان کتو مت وەک خۆی بگوازێتەوە نێو دەقێك، ئەم جۆرەیان کاری مێژوونووسە، ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە شاعیر بۆی نییە ڕووداوی ڕاستەقینە بگوازێتەوە نێو دەق، بەڵکو دەبێت لە چنینی دەقەکەیدا ڕەچاوی بنەماو پێکهاتەو ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی بکات، چونکە شاعیر «یەکەمجار دروستکەری چنینە ئینجا هۆنەرەوەی شیعر»(ئەرستۆ، 2011، 38) هۆنینەوەی شیعریش جۆرە سنعەتکارییەکە کە وەك کەرەستەی دیوار پێویستی بە بابەتی بەهێزو سەرنج ڕاکێش هەیە تا بونیادی دەقەکەی لەسەر بنێت، شیعری نوێی کوردی لەم بوارەدا بەئاگاییەوە پەلی هاوێشتووە، تا بتوانێت ڕۆڵی لە پێکهاتەی دەقدا فراوان بکات و جیا لەلایەنی ئیستاتیکاو جوانی شیعرو زمانی پاراو و ڕەوانی وشەو ڕەسەنیەتی کێش لابەلای ئەرکی (کۆمەڵایەتی، مێژوویی، سیاسی، نیشتمانی، ئاینی...)شیعردا بکاتەوە.

(ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات) ناونیشانی شیعرێکی درامی عبدالرزاق بیمارە (تێکستێکی شیعرییەو بۆ ئەداکردن و نمایشی شانۆیی نووسراوە) و باس لە ژیان و بەسەرهاتی گوندنشینێکی کورد دەکات، ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە، شوێنی ڕووداوەکان گوندێکی جوان و دڵگیری کوردستان، چیرۆکی ژیانی نێوان (هۆمەرو ئەسمەر) ە، کات: ساڵی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی یەکەم، ڕووداوەکان کارەساتبارو ترسناکن، پڕ چەرمەسەرین. برسیەتی و ڕاوەدونان وگرتن و قاتی وگرانی وێنەیەکی ئەو ڕووداوانەن کە زۆر لە ناوچەکانی گرتۆتەوە. سەرەتای دیمەنەکان بە ڕووداوەکانی ژیانی منالی ئۆمەر دەستپێدەکات:

ئۆمەر: ئای لە شادی!

هەر دوێنێ بوو، منالێک بووم

لە ئاوایی

لە دەشت و سەر ئەم گردانە، لە قەد چیا

هەڵ ئەبەزیم، بازم ئەدا،

چەند کەروێشکم ڕائەپەڕان

بەسەر دار مازوو دار قەزوان

هەڵئەگەڕام، بێچووە مەلم دەر ئەهێنا

لە هێلانە..... (محمد، 1961، 9)

ئەم چیرۆکە بەشێوەی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکانی نێو دەقەکە (هۆمەر، ئەسمەر، دایک، ژن، منداڵ...) و چنینێکی وردی پڕ ململانێ داڕێژراوە تا گرێکان دەگەنە لوتکەو لەنێوان مردن و مانی هۆمەردا ڕووداوەکان گەشەدەکەن و دەگەنە لوتکەو شانۆنامەکە کۆتایی دێت.

ئەخۆڵی شاعیر (1911 - 1988) بۆ کارەساتی شەشی ئەیلولی 1930ی بەردەرکی سەرای سلێمانی شیعرێکی بە ناونیشانی (ئەیلولی خوێناوی) نووسیوە، کە هەر لە ناونیشانەکەیەوە بیری خوێنەر بۆ مەرگەسات و ڕووداوی ترسناک دەبات)، لەم دەقەدا ڕەگەزی ڕووداو ڕۆڵی گەورەی هەیە لە پێکهاتەی دەقەکە و گێڕانەوەی کارەساتەکەدا، ململانێی نێوان خەڵک و دەسەڵات چەندین دیمەنی درامی کارەسات باریان بەرهەم هێناوە.

جگە لە ئەخۆڵ چەندین شاعیر شیعریان بۆ ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانە نووسیوە، ڕووداوەکان و کارەساتەکە بریتی بووە (ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانییە کە لە ڕۆژی 6ی ئەیلوولی ساڵی 1930 ڕوویداوە، لەو دەمەدا جەماوەری سلێمانی دژی داگیرکەران و بۆ بەگژداچوونەوەی ڕژێمی ئەو سەردەمە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینیان کرد، ئەویش لەپێناو پووچەڵکردنەوەی ئەو پەیماننامەیەی لەنێوان حکومەتی عێراق و ئینگلیز بەسترابوو. ئەو ڕووداوە کوژران و بریندابوون و دەستگیرکردنی خەڵکێ لێکەوتەوە. ئەو ڕۆژە بە (ڕۆژی ڕەشی ئەیلوول) یا (ڕۆژی 6ی ئەیلوول) یا (شەڕی بەردەرکی سەرا) لە مێژووی سلێمانی و کوردستاندا تۆمارکراوە.

ئەیلولی خوێناوی

بە جارێ ماڵی وێرانم سلێمانی خرۆشاوە

بەسەر هیچ کەس نەیەت خوایە ئەوەی لەم شارە قەوماوە (دیوانی ئەخۆڵ، 2019، 105)

هەر لەگەڵ خوێندنەوەی دێڕی یەکەمی دەقەکە، هەست بە بوونی نائومێدی و ڕووداوێکی گەورەی تراژیدی دەکرێت، کە خوێنەر کەمەندکێشی ناو دیمەنەکان دەکات.

بەیانی بوو شەشی ئەیلوول لەناکاو گوللەی وەک باران

ئەباری بۆ قڕی میللەت، ئەوەی پیرە و ئەوەی لاوە

بەدەم شەستیرەوە لاشە وەکوو زوربەی گەڵاڕێزان

لە ڕێدا عەینی ئەتوت بەردەبازی جۆگەلەی ئاوە

لەبەر دەرکی سەرا دیارە لە هەر لایەک تەماشاکەی

سەراسەر پڕ لە لاشەی مردووە شێلراوە کوژراوە (دیوانی ئەخۆڵ، 2019، 105)

هەرچەندە ڕووداوەکان ڕەهەندێکی سیاسی و مێژووییان هەیە، شاعیران نەیان توانیووە بێدەنگ بن، هەریەکە لای خۆیەوە بەجۆرێک گوزارشتی لەم ڕووداوە کردووە.

شێخ نووری شێخ ساڵح شاعیرێکی تر کە ئەو ڕووداو و دیمەنە خوێناوییە، دەیبەستێتەوە بە ڕووداوێکی مێژوویی (ماهی موحەڕڕەم، شینی حوسەین) کە مانگی ماتەمگێڕانی شیعە بۆ مەرگی حوسەین". گەورەیی ڕووداوەکە بەراورد دەکات لەگەڵ مانگی موحەڕەم و شینی حوسەین.

ماهی موحەڕڕەمە ئەمە، شینی حوسەینە یا

ئەیلوولە ڕۆژی شیوەنە، ماهی فەلاکەتە؟

هەر نەعشی لاوی کوردی ستەمدیدەیی غەمە

غەڵتانی خوێنە، نائیلی ڕوتبەی شەهادەتە

هەر نەونیهالی کوردە، بەخوێناوی ئاڵەوە

گەوزانی خاک و خوێنە، شەهیدی شەجاعەتە... (دیوانی شیخ نووری،1989، 386)

وەك دەبینین«ڕووداو کۆمەڵە بەسەرهاتێکی ڕێکخراو و کاریگەرە کە تایبەتمەندی و جوداییان لە ڕێگەی کاتەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو وەردەگرن»(موفتی، ٢٠١٢، ٤٤)، گێڕانەوەی ڕووداو لای مێژوو نووسێک جیاوازە لەوەی لە دەقێکی ئەدەبیدا هەیە، جیاوازییەکە لەو ڕاستییەدایە کە مۆرکی گشتییەتی و تایبەتی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکە دەدات، هەر بەمەدا دەتوانین دەقێکی شیعری لە نووسینێکی مێژووی جیابکەینەوە، کە شیعر مامەڵە لەگەڵ ڕاستەقینەیەکی گشتیدا دەکات بەڵام «مێژوو مامەڵە لەگەڵ ڕاستەقینەی تایبەتدا دەکا»(ئەرستۆ، 2011، 37)، ئەگەر سەیرێکی هەریەکە لەو دوو دەقە شیعرییەی ئەخۆل و شێخ نووری بکەین، بۆ کارەساتی شەشی ئەیلولیان نووسیوە، تێدەگەین کە شاعیران لەسەر دیمەنە گشتییەکانی ڕووداوەکەیان نووسیوە، تانوپۆی گشتی دەقەکەیان، گواستنەوەی دیمەنی تراژیدی کارەساتەکەیە، نەک مامەڵە کردن لەگەڵ داتای تایبەتی و ژمارەی کوژراوان و.... هتد. بۆ نموونە ئەخۆل گوزارشت لە زۆری کوژراوان بە گەڵاڕێزانی پایز دەکات، کە بۆ مێژوونووسێک ئەمە ڕێگە پێدراو نییە.

بەدەم شەستیرەوە لاشە وەکوو زوربەی گەڵاڕێزان

لە ڕێدا عەینی ئەتوت بەردەبازی جۆگەلەی ئاوە (دیوانی ئەخۆل، 2019، 105)

کاتێک مێژوونوس ئەم کارەساتە دەگێڕێتەوە، ڕێگەی نادرێت بەمجۆرە گوزارشت لە ڕووداوەکان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە دراوە مێژوونووس و نووسەرێکی دەق ئەدەبی هەریەکەو بە بنەماو پێوەرەکانی نووسینی خۆیان ڕووداوەکان نیشان بدەن.

سەرهەڵدانی ڕووداو لە دەقدا دەبێت یەک ئامانجی دیاریکراوی گرێبدات بە ژیانەوە، ئەگەر دەقاودەقیش نەبێت واتە نابێت ڕووداوێکی سەرو واقیع و توانای قبوڵکردنی بەرامبەربێت، وەگەر نا ئەو ڕووداوانەی دوورن لە ئامانجێکی دیاریکراو خزمەت بە دیمەنە دراماییەکانی دراما ناکەن و دراما لە ڕەوتی خۆی دووردەخەنەوەو جۆرە لادان و دورکەوتنەوە لە مەبەست و گرنگی پەیامی دەقەکە دێتە پێشەوە کە ئەنجامەکەی بە بێهێزی بەسەر دەقەکەدا دەشکێتەوە، ئەم بارەش بۆ دەقێکی شیعر هەر بەوجۆرەیەو خستنەڕووی ڕووداوێک لە دەقێکی شیعریدا دەبێت ئامانجداربێت، لەبەرئەوە ئەو ڕووداوانەی لە ئەدەب و هونەردا شوێنێک داگیردەکەن، دەبێ باوەڕپێکراوبن و وەک زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوە هەموویان لە خزمەتی سەرەتاو کۆتایی دەقەکەدابن, بەواتایەکی تر ڕاستەقینەیی ڕووداوەکانی مێژوو بە شکڵێکی هونەری ئامانجدار دەگوازرێنەوە بۆ نێو ئەدەب و هونەر، چونکە «ڕووداو زنجیرەیەک گۆڕانە، کە لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی دیکە هەنگاو دەنێن، تا لە کۆتایدا دەگەنە ترۆپک و گۆڕانی کۆتایی بەئەنجام دەگات»(عەولا، ٢٠١١، ٣٢١). بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەو ڕووداوەی کە "چیرۆکێک لە دەقێکدا بەڕێوەدەبات" پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تانوپۆی گشتی دەقەکەوە هەیەو هەرچۆنێک بێت وەک سەرەتای دەستپێکردن، گرنگی و بایەخێکی لەبەرچاوی لە سەرهەڵدان و گرژبوونی ڕووداوەکانی تردا هەیە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو دۆخەوە هەیە ڕووداوەکەی تێدا دەگۆڕێت

## تەوەرەی دووەم : شیعر و شیعری نوێی کوردی

زۆرن ئەوانەی لە بارەی شیعرەوە نووسیویانە، زۆرێک لە فەیلەسوف و نووسەرانی گەورە سەرنجیان لەسەر لایەنە سیحرییەکەی شیعر هەبووە، «ئەرستۆ شیعری بەجۆرێک لە مەعریفە دادەنا... لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا فەیلەسوفان بە کاریگەری ئاینی لە فەلسەفەی گریکدا، بەرامبەر بە هونەرو شیعر ئەوانیش ڕەوتی مەسیحییەتیان پیادەکرد... (کانت) یش لەو باوەڕەدابوو، کە شیعر ئازادترین و قەشەنگترینی هەموو هونەرەکانە،... وەلێ دوای کانت هێگڵ بوو، کە بە درێژی دەربارەی شیعر تێڕوانینی خۆی خستەڕوو، وە هیگڵ پێش فەیلەسوفە مۆدێرنەکان هەموویان پەرژاوەتە سەر شیعر، چونکە لەسەردەمی ئەو بزوتنەوەی ڕۆمانتیک و شیعری ڕۆمانتیک لە نێو خەڵکیدا دەسەڵاتی زۆرتربوو»(حوسێن، نازم، ٢٠٢٠، ٨٠-٨١) بۆ سەرەتاکانی مێژووی سەرهەڵدانی شیعر، سەرچاوەکان ئەماژە بەوە دەکەن، پێش یۆنان لای سۆمەری و میسرییە کۆنەکان شیعر هەبووەو کۆنترین دەق شیعری مێژووەکەی بۆ سەردەمانێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، کە دکتۆر مارف

خەزنەدار لە مێژووی ئەدەبەکەیدا ئاماژەی پێکردووەو نموونەی بۆ هێناوەتەوە، کۆنترین دەق شیعری پارچە شیعرێکی شاعیری سۆمەری «دینجیری دامو، کە نزیکەی ٢٩٠٠ ساڵ پێش مەسیح نووسیویەتی» (خەزنەدار، ٢٠١٠، ١٥٥). هەروەها شیعر لای میسرییە کۆنەکان سەری هەڵداوەو ئەدەبەکەیان بە یەکێک «لە ئەدەبە دەوڵەمەندەکانی گێتی کۆن دادەنرێت»(خەزنەدار، ٢٠١٠، ١٥٨). دواتر نموونەی بەرزی ئەدەبی کە بەیەکەمین بەرهەمی ئەدەبی گریکی کۆن دەژمێردرێت، شاکارە گەورەکانی "ئیلیادە و ئۆدیسە"ن کە لەلایەن هۆمیرۆسەوە دانراوە، مێژووەکەی بۆ نۆ سەدە پێش زاین دەگەڕێتەوە. ئەم کاروانە بەردەوام دەبێت لە ناو گەل و شارستانییەتەکانی تر، لەوانە (ئەدەبی لاتینی ڕۆما و ئەدەبی هیندی" مەهابهاراتا و ڕامایانا" و ئەدەبی چینی) هەر گەل و میللەتێکیش لەم بوارەدا کەم تا زۆر بەرهەمی ئەدەبی و دەق نووسراوی هەیە. لە خوێندنەوەی ئەم مێژووەدا کاتێک دێینە سەرباسی شیعری کوردی، ئەوەی لای کورد هەیەو باسی لێوەکراوە، پێش ئەدەبی نووسراو، ئەدەبی سەرزاری و نەنووسراو لە ئەدەبی میللی و ئەدەبی فۆلکلۆر وەک سامانی ئەدەبی نەتەوەیی بۆ سەردەمی باوباپیرە هەرەکۆنەکانی میللەتی کورد دەگەڕێتەوە، هەرچی سەبارەت بە ئەدەبی نووسراویشە تا ئێستا شعیرەکانی باباتاهیری هەمەدانی وەک سەرەتای شیعری نووسراوی کوردی دەستنیشانکراوە.

## یەکەم: لەبارەی شیعرەوە

لەسەرەتادا دەتوانین بڵێین ئەدەب هەموو ئەو بەرهەمە زمانیانە لە خۆ دەگرێت، کە بەجۆرێک هەست و هەڵچوونەکان دەوروژێنن، ئەمەش بە هۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی هەموو ژانرەکانی ئەدەبە، کە بە هەست و سۆزی مرۆڤەوە گرێدراون، بێگومان ئەوەی سەرچاوەی یەکەمی پەیوەندی نێوان ژانرەکانی ئەدەبە، زمانە، زمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و هەر بەکارهێنانی زمانیش بە هۆی دەربڕینەوە دەتوانرێت ئەو پۆلێنە لە نێوان ژانرو جۆرەکانی ئەدەبدا بکرێت، «زمان لە ڕۆمان و چیرۆک و درامادا زیاتر زەینییە وەک لە شیعر، زمانی شیعری زیاتر دەستوری زمان دەبەزێنێت، لە پێناوی دانانی گوێگر یان خوێنەر لە بارێکدا، کە زیاتر وەعی و هۆشیاری تێدابێت»(الرحمانی، ٢٠٢١، ٣٩). لە ناو ئەو ژانرانەشدا شیعر وابەستەییەکی زۆری بە زمانەوە هەیە، چونکە زمانی شیعری، ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە چنینی دەقێکدا، تا ئەو ڕادەیەی «هەندێکجار دەگاتە پلەی ئاڵۆز بە جۆرێک، کە ئەستەمە وشەیەک بگۆڕین، یاخود وشەیەک زیاد بکەین، بەبێ ئەوەی کاریگەرییەکەی نەبێتە مایەی تێکدان لە گشتیدا»(الرحمانی، ٢٠٢١، ٤٠). ئەوەی لەم تێڕوانینانەوە پێیدەگەین ئەوەیە، شیعر ژانرێکی ئەدەبیە، بریتییە لە پارچە دەربڕینێکی ئەدەبی لەلایەن شاعیرێکەوە دەوترێت یان دەنووسرێت، کە هەست و سۆزی جۆراوجۆر دەردەبڕێت، پشت بە بەکارهێنانی تەکنیکی جۆراوجۆر دەبەستێت و بایەخدەدات بە لایەنی جوانی و ئیستاتیکای دەقەکە لە ڕێگەی زمانەوە، یان شیعر بریتییە لە پێکهاتەیەک، کە وشە بەکاردەهێنێت بۆ وروژاندنی هەستەکان بە شێوەیەکی خەیاڵی، واتە پارچە دەربڕینێکی ئەدەبییە کە هەست و سۆزی قوڵی شاعیر بەرامبەر بە شتەکان دەخاتەڕوو. شیعر «بە زمانی ئاخاوتنی دڵ دەناسرێ»(عەبدوڵلا، 2008، 113) لەگەڵ ئەوەشدا شیعر جۆرێکە لە خۆ دەربڕین کە هیچ سنوورێک ناناسێت، لەوانە جەختکردنەوە لەسەر جوانیناسیی زمان و بەکارهێنانی تەکنیکە جیاوازەکانی وەک دووبارەکردنەوە و قافیە کە لە دێر زەمانەوە دەرکەوتووە، شاعیر گوزارشت لە بیرکردنەوە و هەست و نەست و ئاڵۆزییەکان، یان خۆشییەکانی دەکات و باوەڕی بە چی هەیە یان ئەو پرسە مرۆییانەی سەرنجی ڕادەکێشن، دەکاتە شیعر و دەینووسێتەوە، شاعیری بەتوانا زۆر سوود لە وێنە و بەکاربردنی وشە وەردەگرێت، تا بتوانێت بە جوانترین شێوە هەستەکانی بگەیەنێت، هەر بۆیە جۆرەکانی شیعر سەرهەڵدەدەن.

## دووەم: شیعری نوێی کوردی

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕێچکەی شیعری کوردی قۆناغێکی نوێی بڕی و شاعیران بە جیهانێکی تری شیعری ئاشنابوون، بەجۆرێک لای بەشێک لەشاعیران گۆڕان و دەربازبوون بوو لە قۆناغێکی کۆن بۆ قۆناغێکی نوێ، ئەم گۆڕان و نوێبوونەوەیە لە ڕووی زەمەنەوە شیعری ساڵانی (١٩٢٠-١٩٧٠) دەگرێتەوەو دەقی شیعری هەندێک لە شاعیران نوێنەرایەتی نوێبوونەوەکەیان دەکرد، ئەویش بەکاریگەربوون بە ئەدەبی تورکی هەنگاوی گەورەیان هاوێشت «لەم میکانیزمی گۆڕان و گواستنەوەیەدا، شیعری کوردی و شاعیرانی کورد بە دوو چەشن سودیان لە سەرچاوەی سەرەکی کاریگەرییەکانی نوێگەری لە ڕێگەی شیعری تورکییەوە بینیوە، کۆمەڵێکیان ڕاستەوخۆ هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان لەگەڵ شاعیرە نوێخوازەکانی تورکدا هەبوو وەک پیرەمێرد و عەبدولڕەحیم هەکاری، هەندێکیشیان لە دوورەوە لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤاری تورکییەوە... وەک گۆران و شێخ نوری و ڕەشید نەجیب..»(بەرزنجی، 2014، 3).

ڕابەرانی قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیی، کە بەڕوونی کاریگەری ئەدەبی تورکیان لەسەربوو بریتی بوون لە «پیرەمێرد و عبدالرحمن بەگی نفووس و شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران و ڕەشید نەجیب و عبدالواحید نووری»(حوسێن، 2020، 422) ئەم شاعیرانە پاڵنەرو هێزێکی زۆریان تیدا نیشتەجێبووبوو بۆ گۆڕانکاری و نوێبونەوە، یەکەم هەنگاویان بریتی بوو لە دەرخستنی شێوەیەکی نوێ لە شیعر، کە لە کۆت و بەندی کلاسیکی ڕەها بکرێت، ئەمەش ڕێنموینی شاعیرانی کوردی دەکرد بۆ چوونە ناو قۆناغێکی تر لە تاقیکردنەوە بە پشتبەستن بە بۆ ماوەیی ئەدەبی وەک باگراوندی ڕۆشنبیری شاعیران و بە پشتبەستن بە دەسکەوتەکانی شیعری جیهانی و ڕۆشنبیری شیعری نوێی ڕۆژئاوا.

دواتر لەڕێگەی ئەدەبی تورکییەوە ئاشنابوون بە ڕۆشنبیری جیهانی بە گشتی، کە ڕەنگدانەوەیەکی گەورە و ڕوونی هەبوو لە گۆڕینی چەمکی شیعر لە شێوە کلاسیکییەکەی بۆ حاڵەتی نوێبوونەوە، لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم نوێبوونەوەیە سەرباری ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبی تورکی و گەلانی دراوسێ پەیوەندی بەو بارە ڕۆشنبیرییەوە هەبووکە خۆی لە سەرهەڵدانی «چاپخانەو چالاکی ڕۆژنامەوانی کوردی و دامەزراندنی قوتابخانەو هەندێ کۆمەڵی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و نمایش و جموجوڵی شانۆییەوە، چالاکییەکانی جەمعیەتی زانستی کوردان لە سلێمانی لە ساڵی (١٩٢٦) و گەڕانەوەی هەندێک شاعیری کورد لە تورکیایی عوسمانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هەبوو»(حوسێن، ٢٠٢٠، ٤٢٤).

عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی ڕای وایە قۆناغی شیعری نوێی کوردی کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستپێکردووە بە سێ شێوە بووە «شیعرێک کە کۆکردنەوەی سێبەری قاڵبی کۆن و باو و خستنەڕووی چەند بابەتێکی هاوچەرخە، شێوەی دووەم شیعرێکی نوێ کە تێیدا لەسەر دوو ئاست یاخیبوون بۆ لابردنی ناوەڕۆکی کۆن و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی شێوەی هونەری نوێ و شێوەی سێیەمیش شیعرێکی نوێ کەتێیدا چەند چەشنێکی هاومانی نوێ (مجاور) سەریان هەڵداوە، سەرەتای شیعری سەربەست و شیعری تەفعیلە، شیعری مەنسور، شیعری پەخشانی و پەخشانی شیعریش وەک ڕێخۆشکەرێک»(بەرزنجی، ٢٠١٤، ٣).

دەربارەی سەرەتاکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بیروبۆچوونی جیاواز هەیە هەندێک پێیان وایە عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری و پیرەمێرد و شیخ نووری شێخ سالح پێش لە گۆران هەوڵیای نوێکردنەوەی شیعری کوردیان داوەو بەرهەمی دیارو بەرچاویان هەیە، هەرچەندە خاوەنی ڕێچکەو ڕێبازێکی دیاریکراو نەبوون، تەنها لە سۆنگەی هەستکردنیان بە گۆڕانی قۆناغەکە و گرنگی و زەرورەتی دەربازکردنی شیعر لە قۆناغی پێشوو، پێبەپێی ڕۆشتنی شیعری کوردی لەگەڵ نوێکردنەوەی شیعر لای نەتەوەکانی تر ئەمانیش هەوڵیان داوەو هەنگاویان هەڵگرتووە، لە ڕووی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی وگەڕانەوە بۆکێشی خۆماڵی، بەڵام ئەوەی ئەوانی لە گۆران جیاکردەوە، ئەوە بوو کە گۆران پابەند بە ڕێباز و بنەمای ئەو گۆڕانکاریانە هەنگاوی بەردەوام و بێپچڕانی هەڵگرت و قۆناغەکەی بەتەواوی بەرەو نوێکردنەوەی جدی و بابەتیانە برد، ئەوەتا گۆران خۆی لە بارەی شێخ نووری و ڕەشید نەجیبەوە دەڵێت «من بە کۆششی ئەوانەوە نەوەستام و وەزنی هیجاشم وەرگرت و بەکارهێنا»(بیمار، ١٩٧٠، ٣) کەواتە ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە، کە گۆران بنچینەو ڕێچکەیەکی تەواوی بۆ ئەو نوێکردنەوەیە گرتەبەر و دەستبەرداری نەبوو تا بەتەواوی ڕەنگدانەوەی لە شیعری کوردیدا بەدەرکەوت و بوویە پێشەنگ و مامۆستای ئەو نوێکردنەوەیە و لە دەلاقەی هۆشیاری و تێگەیشتی زۆری بۆ قۆناغی شیعری کوردی و بەراوردکردنی بە پێشکەوتنەکانی شیعری نەتەوەکانی دەوروبەرو ڕۆژئاوا،

بە مەعریفەیەکی قوڵەوە کەوتە داهێنان و تا «ئێستاش سایە و سێبەری کارتێکردن و بەردەوامی لە سەر دونیای شیعری کوردی هەر ماوە و هەر هەیە»(کاکەی فەلاح، 1399، 13). لە سایەی ئەم نوێبوونەوەدا سەرباری گۆڕانی ڕوخسارو ناوەڕۆکی شیعری «چەندین چەشنی شیعری سەریانهەڵداوە»(بەرزنجی، 2014، 3)، بەشێوەیەکی گشتی گۆڕینی ڕووخسارو ناوەڕۆکی شیعری کوردی لای شاعیرانی نوێخوازی ئەو قۆناغە بریتی بوو لە (بەکارهێنانی کێشی پەنجەی خۆماڵی و دورکەوتنەوە لە کێشی عەروز، بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی، بایەخ خستنەسەر جوانی سروشت و دیمەنی درامی و وێنەی شیعری، پاراوی و سادەیی زمان و ڕوونی واتا...)

دیمەنی جوانی سروشت مۆرکێکی شیعری نوێی کوردی بوو، وەرزی پایز وەرزێکی پڕ لە جوانی و وێنەی سەرنجڕاکێش، تەنیا جوانیی بە سروشت و مرۆڤ و زەوی نەبەخشیوە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر هەستی شاعیران و نووسەرانی دونیای ئەدەبیات دروستکردووە، لای گۆرانی شاعیر ئیلهامی لەدایکبوونی دەقێکی نوێیی بەرزبوو، ئەم شیعرەی گۆران موناجاتێکە لەگەڵ جوانی سروشت و ڕۆحی ئاوێتەی وشەی جوان و ناسکی کوردی دەکات و بە دەمەتەقێیەکی خۆی و پایز، تێکستی بەرز بەرهەم دەهێنێت.

پاییز! پاییز!

بووکی پرچ زەرد!

من مات، تۆ زیز:

هەردوو هاودەرد!

من فرمێسکم، تۆ بارانت؛

من هەناسەم، تۆ بای ساردت؛

من خەم، تۆ هەوری گریانت،

دوایی نایە: دادم، دادت،

هەرگیز، هەرگیز،

پاییز! پاییز!... (دیوانی گۆران، 1393، 135)

محەمەد ساڵح دیلان (1927 - 1990) یەکێکە لەو شاعیرە هەست ناسکانەی کە لەڕووی پاراوی زمان و بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی و کێشی خۆماڵی کوردییەوە لە پێشەنگی شاعیرانی نوێخوازبووە، ئەویش شیعرێکی لە ساڵی (1953) بۆ وەسفی سروشتی جوانی پایز نووسیوە، هەموو ڕووداوەسروشتییەکانی وەرزی ساڵ بە دیمەن و وێنەی سەرنج ڕاکێش دەخاتە ڕوو بەم جۆرە

پاییز بوەرێ گەڵای درەختت

زستان، با بێنێ وەیشوومەی سەختت

خەزان، با زەرد بێ دەشت و چیا و کێو

بەفر دایپۆشە هەوراز و نشێو

ڕەهێڵە ڕایدە پووشی پەنا چاڵ

بای وەشت، بیشکێنە نەمامی ناوماڵ (دیوانی دیلان، 2013، 71 )

لەوێنە کێشانی ئەو ڕووداو و گۆڕانانەی بەسەر زەویدا دێن لە وەرزەکانی ساڵدا ئەوە دەخاتەڕوو کە هەتا ڕووداوێک لە ساتێکدا ڕوونەدا ڕووداوێکی تر پەلکێشی دوای خۆی ناکات و لە کۆتایشدا جوانی بەهارو سروشتەکەی سەرچاوەی لەو هەموو ڕووداو کێشمەکێشمەی سروشتەوە دێت وەک دەڵێ:

تا پاییز تاری زەردی نەپۆشێ

زستان وەیشوومەی سەختی نەجۆشێ

وشک نەبێ پووشی دەشت و چیا و چۆڵ

نەیگرێ بەفر لووتکە و شێو و دۆڵ

لافاو و باران نەیماڵێ زەوی

بای دەشتیش نەیبا پەرژینی قەوی

لرقە و چۆقەی دان نەگاتە ئاسمان

پەپوو نەخوێنێ لە پۆپی داران

چۆن ڕۆژی بەهار ئەدا گزنگی؟... (دیوانی دیلان، 2013، 71 )

## تەوەرەی سێیەم: ڕەگەزی ڕووداو لە شیعردا

یەکێکیتر لە حاڵەتە دیارەکانی نوێبوونەوەی شیعری لەو قۆناغەدا بریتی بوو لە مەزراندنی و بەرجەستەکردنی ڕەگەزو توخمە هونەرییەکانی دراما لە نێو دەقی شیعری و نووسینی شیعری درامی و تێکستی شیعری بۆ دراما، جا لە ناوەرۆکە خودی و هەستی و بیریەکەی، یاخود لە بنچینە هونەرییەکەی، واتە بە تێکەڵبوونی ڕەگەزەکانی دراما بە شیعر، یان بە سەرهەڵدانی فۆرمی نوێ درامای گۆرانی ئامێز (شانۆی گۆرانی)، کە زیاتر جەخت لەسەر جوڵەو سەماو گۆرانی دەکاتەوە، ئەمەش دەچێتە خانەی شیعری درامایی (ئۆپێرا و ئۆپەرێت)، هەموو ئەمانە لە دەرئەنجامی سروشتی ڕوانینی شیعری لە شیعری نوێ لە لایەک و لە جۆراوجۆرییەتی ئەو توخمە هونەریانەی کە شاعیر بەکاریان دەهێنێ بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ڕوانینە و لە شیوازی بەکارهێنانەکەشی لە لایەکی ترەوە، لێرەدا ئێمە جەخت لە ڕەگەزی ڕووداو دەکەینەوەو دەرخەری ئەو ڕاستییەش دەبین کە ئەم ڕەگەزە ڕۆڵی پێویستی گێڕاوە لە نوێبوونەوەی شیعریدا.

ڕووداو لای ئەرستۆ دووبەش یان بڵێین دوو جۆرە «ڕووداوی سادەو ڕووداوی ئاڵۆز»(حەمودە، ٢٠١٦، ٨٤) لە هەردوو جۆرەکەیدا ئەوەی بارە درامییەکە دەخولقێنێ ململانێی نێو ڕووداوەکانە، وەگەر نا ئەگەر دەقنووس بە شێوەی سادەو بێ پلان ڕووداوەکان بە دوای یەکدا بهێنێت و مەبەستی نەبێت بارێکی هەڵچوون و ململانێ دروستبکات، ئەوا هەر لەسەرەتاوە دەقەکە حاڵەتی درامابوونی خۆی ون دەکات، یەکێک لە وەزیفە گرنگەکانی ڕەگەزی ڕووداو دەرخستنی لایەنی گرژی و ململانێکانی نێو ژیانی مرۆڤەکانە، کە لە ئەنجامیشدا بزوێنەری سەرەکی ڕووداوەکان ئەو ململانێیەیە، کە لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ لەلایەک و مرۆڤ و دەوروبەرو ژینگەکەیدا هەیە. کەواتە ڕووداویش سەرەتا وەک سێبەرێکی گشتی بۆ سەرهەڵدانی ململانێکان دێتە حساب. بۆیە ڕووداوی سەرەتایی، ئەو کردەوانە لە خۆ دەگرێت کە دژوارییەک لە هەناویدا هەیە و بەرەو ئەوە دەڕوات زنجیرە ڕووداوێکی تر بەرهەم بهێنێت، کە هەموویان پەیوەندییەکی پتەوی تێکئالاویان بەیەکەوە هەیەو خزمەتی ڕووداوە سەرەکییەکەی ناو دەقەکە دەکەن، هەربۆیە زنجیرەیەک ڕووداوی دوای ڕووداوی سەرەتایی، دەقی ئەدەبی و هونەری بەرەو لوتکە بەڕێوەدەبات، قۆناغێک هەیە لە ڕووداودا ناوزەد دەکرێت بە لووتکە، کە خاڵی وەرچەرخانە، کاتێک ڕووداوەکان دەتوانن بە هەر شێوەیەک بڕۆن تا کاتی ئەوە دێت زنجیرە ڕووداوەکانی دوا لوتکە سەرهەڵبدەن، کەواتە ئەوەی هەیە لە بارەی ڕووداوەکانەوە بریتین لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی، ئەم ڕەگەزە بەلای حسەین عارفەوە «بریتییە لە زنجیرەیەک کارەسات کەدوای کەڵەکەبوونیان لەسەر یەکتر لە شێوەی تەقینەوەیەکدا ڕووداوەکە پێک دەهێنن»(عارف، ٢٠١١، ٢٧٠).

هەر بابەتێکی شیعری لە ڕووی تایبەتمەندییەوە خاوەنی بیرۆکە و ئامانجی و شێوازی ڕێکخراو و چنینی خۆیەتی ، جا شاعیر شیعری لیریکی بنووسێت بۆ وروژاندنی هەستەکان، یا شیعری داستانی بۆ گێڕانەوە و خستەڕووی ڕووداوگەلێک بە شێوەی چیرۆکێکی شیعری درێژ یان شیعری درامی بۆ دەربڕینی دیدگای کارەکتەرێک لە مەڕ تەواوی لایەنەکانی ژیان، ئەوە ڕێگەیەکی نایاب و سەرنجڕاکێشە بۆ بەکارهێنانی وشەی نووسراو. کەواتە لە کۆی ژانرەکانی شیعردا، شیعر دەربازبوونە لە ساتەوەختە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانە. شیعر یەکێکە لە باشترین فۆرمەکان

بۆ دەربڕین و دەرخستنی هەستی خۆبەخۆی شاعیر یان ئەو بابەتەی لە بارەیەوە دەدوێ، یان ئەو ڕووداوانەی کاریان لێدەکات و دەیکاتە شیعر. بۆ ئەمە بەپێی ئەو بابەتەی لە بارەیەوە هەستەکان دەردەبڕێت وشەی گونجاو دەدۆزێتەوە، وێنەی شیعری بەرز دەخولقێێت تا شیعرێک لەدایکدەبێت. شیعرێک سەرچاوەی لەو هەستانە وەردەگرێت، کە لە ئارامیدا وەبیردەهێنرێتەوە و بە وشە دەردەکەون، بۆیە جۆرەکانی شیعر هاتوونەتە ئاراوە، هەر بەم ناوەڕۆکەش جۆرێکیان لەوانی تر جیا دەکرێنەوە (شیعری لیریک، شیعری درامی، شیعری داستانی، شیعری فێرکردن...).

بێگومان ئەو ڕووداوانەی لای شاعیران هەوێنی لەدایکبوونی دەقی شیعری بوون، ڕووداوگەلی جۆراوجۆرن، کە دەشێ پۆلێنبکرین و نموونەیان بۆ بهێنرێتەوە،

## ١-ڕووداوی سروشتی

ڕووداوی سروشتی زۆرجار لە دەرەوەی تواناو دەسەڵاتەکانی مرۆڤن و پەیوەندی فراوانیان بە بارودۆخی ژینگەیی، گۆڕانی سروشت و ئاو هەواو وەرزەکانی ساڵ و گەرماو سەرمایی چینەکانی زەوی (لافاو، بورکان، ئاگرکەوتنەوە، بارانی لێزەمەو بەفرو سەهۆڵبەندان و سەرماو سۆڵە...)هەیە. شاعیر وەك هەر مرۆڤێکی تر لەگەڵ سروشت پەیوەندییەکی بەتینی هەیە، بەڵام هەستناسکی شاعیر و هەڵچوونەکانی ئەم پەیوەندییە بەهێزو پێزتر دەکات، کەم شاعیر هەیە شیعری بۆ سروشت و دیمەنەکانی نەنوسیبێت. پیرەمێردی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی چەندین شیعری وەسفی بۆ جوانی سروشت نووسیوە، وێنەی شیعری جوانی تیداخولقاندوون

پیرەمێرد لە ڕۆژێکی نیسانی ساڵی ١٩٣٢بەیانی کە لەخەو هەستاوە، لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە ڕوانیویەتی بەفر دارو بەردی سپی پۆشکردووە، ئەویش بۆ ئەو ڕووداوە بە کوردییەکی ڕەوان وەسفی جوانی ئەو سروشتە دەکات و سلیمانی ئەچوێنی بە بەڵقیس لە جوانی و ڕازاوەیدا و دەقەکەشی ناوناوە (کوردی ڕەوان)

سبەینێ بوو، لە خەو هەستام کە ڕوانیم بەفرە بارێوە

سلێمانی ئەڵێی بەلقیسە، تارای زیوی پۆشێوە

دەمێک بوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم، مژدە بێ! باری

سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕەتۆپەڵمە بۆ یاری!

لە بیرمە شیرە بەفرینەم ئەکرد، سواری ئەبووم بێ زین

نسێ بوو جێگەکەی ئەیبەست، ئەما تاکو دەمی هاوین

بە بەرگی سپیەوە چەند شۆخە شاخی گۆێژە بیینە

لە ڕەنگی ئاسمان دولبەرترە، ئەو سپیە، ئەم شینە

ئەڵێن بەرگی فریشتەی ئاسمانیش سپیە وەک بەفرە

فریشتەی ئێمە باڵایە، بەڵام ئاخ بۆچ ئەخۆین تەفرە؟!.... (دیوانی پیرەمێرد، ١٩٧٠، ١٣٥)

## ٢-ڕووداوی سیاسی

ئەوڕەحمان بەگی بابان (١٨٨٠- ١٩٦٧) یەکێکە لە شاعیرانی نوێخوازی کوردی و بەکاریگەربوون بە ئەدەبی تورکی (لاسایکردنەوەی ئەدەبی عوسمانی) لە بواری نوێبوونەوەی شیعری کوردیدا شانبەشانی پیرەمێرد، شێخ نووری شێخ ساڵح، گۆران، ڕەشید نەجیب و عبدالواحید نووری، بەشداری لە نوێکردنەوەی شیعری ئەو قۆناغەدا کردووە. یەکێکە لەو شاعیرانەی هاوسۆزبووە بۆ بابەتە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوەی تەواویان لە شیعرەکانیدا هەیە «سەردەمی ژیانی ئەو لە ڕووی سیاسییەوە گەرمبوو، ڕووداو زۆربوو»(خەزنەدار، ٢٠١٠، ١٠٧)، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرێکی ڕۆشنبیرو خوێندەوابووە، کوردپەروەرێکی دڵسۆزبووە، ئەو


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ڕووداوانەی دووچاری کورد هاتوون کاریگەربووە پێیانەوەو هەمیشە سەرنجی تایبەتی هەبووە لەبارەیانەوەو بۆ هەندێکیان شیعری نووسیوە «لە ڕۆژی ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٨ دا، مێجەر نوئیل بە سەرۆکایەتی چل سوار عەسکەری هیندۆکەوە هاتە سلێمانی، شێخ مەحموود نامەی تایبەتی بۆ نووسیبوو، کە بە هۆی عەبدوڵلا ئاغای حاجی سەعید و فایەق توفیقەوە بۆی ناردبوو»(خەزنەدار، 2010، 117) هاتن. ئەم هۆنراوەیەی لەو ڕۆژەدا نووسیوە.

سەد درێغ دەوری ئەسیریی قەومی کورد نەبڕایەوە

تاکوو ئێستا ئەم گرێیە هەر بە کەس نەکرایەوە

میللەتی گەورە و بچووک گشتی بە سەربەستی ئەژی

میللەتی کورد هەر لەژێر بارا بە دیلی مایەوە

تاکوو ئێستا هەر دراوسێ بوون عەدوی خاکی وەتەن

سەیری نەگبەت کەن کە ئینگلیز، هاتە کۆڕ و کایەوە... (ئەوڕەحمان بەگی بابان،٢٠١٧، ٥٦)

بەردەوام دەبێت لە باسی خراپی و دووڕوویی ئینگلیز، تا دەگاتە خستنەڕووی وێنەی تراژیدی کە کورد هەمیشە بەهۆی دوژمنەکانییەوە تووشی چەندین چەرمەسەری هاتووە، ئینگلیزی بە پیلانگێڕە سەرەکییەکە دادەنێت، کە لەبەردەم دۆزی کورددا پاشقوڵ لێدەربووە.

مادە چواردەی مەنهەجی ویلسۆنی پێش خۆی خست و هات

ماددەکە بۆ قەومی کورد دیلی ئەبەد خوێنرایەوە

هەرچی قەومێ کەوتە ڕێ بۆ سەربەخۆیی سەرکەوێ

سیاسەتی ئینگلیزبە دوو پاشقول لە ڕێ گیرایەوە

بابە! ئینگلیز هاتە ناو، ئومێدی سەربەستی نەما

ڕەحمی یەزدانی نەبێ ئەمرین هەموو بەم غایەوە (ئەوڕەحمان بەگی بابان،٢٠١٧، ٥٧)

## ٣- ڕووداوی مێژوویی

یەکێک لە شێوازەکانی خستنەڕووی کارەکتەر لە ڕێگەی کارەکتەر خۆیەوە گفتوگۆی ناوەوەیە، واتە قسە لەگەڵ خۆکردنە لەناخەوە، بەبێ دەنگ و تەنیا و لە زەیندا، پەنابردن بۆ ئەم تەکنیکە بۆ ئەوەیە کارەکتەر دەربڕی خودی خۆی بێت، چونکە یەکێک لە ئەرکەکانی مەنەلۆگ خۆی دەبینێتەوە لە" گوزارشتکردن لە کێشە و بیرەکان بە زەنجیرەیەکی لۆجیکی و بێ کەموکوڕی، هەروەها خستنەڕووی دنیای ناوەوەی کارەکتەر بێ دەستتێوەردانی نووسەر لە ڕێگەی ڕاڤەکردن و وەسفکردنەوە بێ ئەوەی کەمترین و بچووکترین دەستێوەردان لە کارەکەدا بکات"(سەعید،٢٠١٣: ١٥٠). مەنەلۆگ پەیوەندیی نزیکتر و واقیعتر لە وێنەکێشانی بزاوتی هەستەکان لە زەینی کارەکتەر بە دیدەهێنێ، مەنەلۆگ دەربڕینی دەنگی ناڕازی خودە بەرامبەر بە هەموو کێشە و حەزە چەپێنراوەکان، ڕاسترین و واقیعیترین دەربڕینە، ناتوانرێت بە ئاشکراو پڕ بە دەم هاوار بکرێ و دەربڕێ، ئەمەش وادەکات وێنەی کارەکتەر لای خوێنەر ڕوون دەربکەوێت.

## بەشی دووەم: ٢/ناساندنی کارەکتەر لە ڕۆمانی"شەوانی ئادەم"ی"بەیان سەلمان" دا:

ئەگەر ڕەهەندەکانی کارەکتەر بە هەموو جۆرەکانییەوە ڕۆڵی گرنگیان لە بونیادی کارەکتەردا هەبێت، ئەوا شێوازی پێشکەشکردنەکەشی ڕۆڵی خۆی لە ناساندنی کارەکتەرەکاندا هەیە و ڕۆماننووس بە هۆیەوە وێنەی کارەکتەر بۆ خوێنەر دەکێشێ، بۆ ناساندنی کارەکتەر بە کۆی ڕەهەندەکانییەوە، نووسەر ئەم دوو شێوازی بەکارهێناوە ئەوانیش:

### ٢-١ ناساندنی کارەکتەر بە شێوازی ڕاستەوخۆ:

ئەم شێوازە پەیوەستە بە حیکایەتخوانی هەمووشتزانەوە، واتە پێشکەشکردنی کارەکتەر زیاتر وەسفیی دەبێت، لەم شێوازەدا وێنەی گشتی کارەکتەر دەکێشرێت بۆ خوێنەر، گێڕەرەوە ڕاڤەی هەست و سۆز و پاڵنەری کارەکتەر دەکات و شیکردنەوەیان بۆ دەکات. ئەم شێوازە لە ناساندن لە ناو ڕۆمانەکەدا بەراورد بە شێوازی ناساندنی ناڕاستەوخۆ کەمتر کاری لەسەرکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەقەکە لەم شێوازەش بێبەش نییە، بۆ نموونە گێڕەرەوەی بابەتی بەم چەشنە وێنە (هیوا) ڕووندەکاتەوە "...دەیوست تا ئەو ئاستە بەرز بێتەوە، کە دووریبخاتەوە لەوەی چۆن پێشتر ژیاوە و چی لە مێشکیدایە و یاخود لەو ساتەدا بیر لەو شتە ترسناکانە دەکردەوە، کەچی وشەکانی ناو مێشکی گزییان لێدەکرد، ناوی تری لە شتەکان دەنا، ڕووداوەکانی ئەم ساتەی پێی ئاشکرا دەکرد و هەستی پێدەردەبڕی، لە کاتێکدا لەلای ئەو پێش ئەوەی بنیادەم بە دوای خۆیدا بگەڕێ، بە دوای وشەدا بگەڕێت، تاکو شتە قورسەکانی پێدەربڕێت کەسی وەك ئەو تا مردن بەدوایدا دەگەڕێن. ناشبێ بدۆزرێتەوە، چونکوو هەر دۆزینەوەی دەکاتەوە ئەوەی کە بە ڕاستی بوونی نییە، خۆشی وەك ئەو وشەیە دەهاتە پێشچاوی، کە نەدەبوو بدۆزرێتەوە"(سەلمان،٢٠١٥:٤١٣). بەم جۆرە کارەکتەرسازییە بابەتییە حیکایەتخوان وێنەی "هیوا" لەچەشنی هەواڵدا دووبارە بۆ خوێنەری گێڕاوەتەوە، بەوەی ئەو کارەکتەرە دەیەوێت لەو توندووتیژییەی کە لە ڕابردوودا بینیوێتی ڕزگاری بێت لە ئێستایەکی ئارام لە کۆشکدا بژی، بەڵام خەیاڵی ڕزگاری نابێت لەو توندوتیژییە لەگەڵیدا هەر بەردەوامە، جگەلەوەی خۆی وەک ئەو وشەیە دەبینێ کە نابێت بدۆزرێتەوە، چونکە دۆزینەوە کۆڵدانە لەوەی، ئیتر بەدوای هیچدا ناگەڕێت، بەڵام کە لەناو پرۆسەکەدایە ئەمە بۆ خۆی هاندانە بۆ دۆزینەوەی ئەوەی نایەوێت بیدۆزێتەوە، لەوانەیە ئەم جۆرە گەڕانە هەتا مردن لەگەڵیدا بێت و پەیوەستە بە گەڕانێکی وجوودیی سەیر لە ناخی هەر یەکێک، مەرج نییە هەموو کەس هەستی پێبکات، یان بزانێت کە دەگەڕێت، بەڵام بە نهێنی شتێک لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە پێی دەڵێت، ئەگەر درۆ لەگەڵ دەوروبەریشیدا بکات ناتوانێت لەگەڵ خۆی درۆ بکات. بە واتەیەکی دیکە ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت کە "سوبێکت بۆشاییەکە پڕناکرێتەوە، بەڵام بەردەوام لە هەوڵی پڕکردنەوەیداین، واتە پرۆژەیەکە ناگاتە کۆتایی، سوبێکت دوا شێوە و فۆرمی نییە، بیگەیێ و دەستنیشانیبکەین"،(عەلی،٢٠٢١:١٠٠). لەلایەکی ترەوە نووسەر بوونی مرۆڤ و دۆزینەوەی خود لە گوزارشتکردندا دەبینێتەوە، چونکە پارچەی بوونی هەر کارەکتەرێک لە ناو زماندا کۆ دەکرێتەوە، واتە پارچەکانی بوونی خۆیان لەناو حیکایەتەکاندا، واتە لەناو زماندا دەدۆزنەوە ، هەروەک (هایدگەر) پێی وایە زمان، ماڵی بوونە دەڵێت" گوتار لە ڕووی بوونگەرانەوە زمانە، چونکە ئەو هەبووانەی لە ڕوونکردنەوەدا دەردەکەون و ئاماژەیان بۆکراوە لە نێو جیهاندان"، (هایدیگەر،٢٠٠٧:٢٣٧). ئێمە لە ڕێی گوتنەوە، تێگەیشتنمان بۆ بوون لە جیهاندا ڕوون دەبێتەوە، گوتن ڕاستەوخۆ بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەش بریتییە لە بوون کاتێک لە ڕێی زمانەوە دەردەکەوێت، بۆیە بەشێوەیەکی تەواوەتی وشە نادۆزرێتەوە بۆ گوزارشکردن، سەرئەنجام بوون و خودش نادۆزرێتەوە، وەک لای ئەم کارەکتەرە دەبینرێت.

هەروەها گێڕەرەوەی سەرەکی(بابەتی) کەسێتی (مەردۆخ)مان بۆ دەخاتەڕوو بەوەی کە نازانێت وێڵی چییە لە ژیانیدا، سەرەڕایی ئەوەی بەردەوامە لە گەڕان دەڵێت"مەردۆخ خۆی وا دەبینێ، کە بە چاکی خۆی ناناسێت، ئەگەرچی ئەوەی بە چاکی دەیزانی، دوو شتە لە ژیانیدا، یەکێکیان کە لە هەموو ژیانیدا بە دوای شتێکدا گەڕاوە و دەگەڕێ هەرگیز نازانێ چییە ڕەنگە شوناسی بێت وەک مرۆڤێک، ئەوی تریشیان، کە خۆی بە کە سێکی سادە و ساکار دێتە پێشچاو و هیچ پەیوەندییەکی بەم هەموو ئالۆزییەی ئێرەوە نییە، هەرچەند لێشیان ورد بێتەوە، ناتوانێ لێیان حاڵی بێ"،(سەلمان، ٢٠١٥:١٢٣). گێڕەرەوە وێنە (مەردۆخ) بەجۆرێک دەکات، کە خۆی ناناسێت، چونکە ناسینی خۆی

ڕێگایەکە بۆ ئەوەی هەموو شتەکان لەبەرچاویدا ڕوون و ئاشکرابن، جگەلەوەی مرۆڤ هەمیشە بەدوای شتێکی نەزانراودا وێڵە، کە لە پشتی هەموو سەفەرەکەیەوە، دەنگێکی نەزانراو لە ناخیدا نا ئارامی دەکات، بەڵام درکیشی پێناکات ئەم دەنگەی ناو ناخی چییە؟ نەدەزانرێت ئامانجی چییەو چۆنیش پێیدەگات؟، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت ئەم کارەکتەرە، ژیان لای تێپەڕیوە و ماناکەی نەدۆزیوەتەوە، هەربۆیە هەموو شتەکان لای ئەم ئاڵۆزە و تێناگات چۆن لەگەڵ ئەم دۆخە بگونجێت.

لەنێو کارەکتەرە ژنەکان ڕۆمانووس لە ڕێگەی پێشکەشکردنی کارەکتەر بەشێوازی ڕاستەوخۆ و گێڕەرەوەی بابەتییەوە کەسێتی (زۆزان) مان بۆ دەخاتەڕوو وەک کچێکی یاخی، هەموو قوربانییەک لە پێناوی خۆشەویستییەکەیدا دەدات و دەستبەرداری خێزان و کەسوکاری دەبێت، ئەمەش وای کردووە وەک کچێکی یاخی لە هەموو نەریتەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی دەربکەوێت، گێڕەرەوە بەم شێوەیە بۆ خوێنەری دەخاتەڕوو "ئەو ئێوارەیەشی کە هیوا ناو بۆ هەتا هەتایە لە گوندەکەیان ون بوو، زۆزان بڕیاری هاتە سەر ئەوەی کە ئەویش لە دونیا یاخی بێت و دوای ئەو بکەوێت، بە هیچ شێوەیەک نەیویست دەستبەرداری ئەو خۆشەویستییەببێت... ئەگەر لافاوی خوێنیش پێشی بگرێت، هەر نەوەستێت. دڵی لەت لەت ببوو، لێ، لاواز نەببوو"، (سەلمان،٢٠١٥:٤١٦). جگە لەوەی هەر بەم شێوازە لە ناساندنی کارەکتەر ڕەهەندی دەروونیشی بۆ خوێنەر خستۆتەڕوو "هەست دەکرا زەینێکی تیژی لە کاسەسەریدا هەڵگرتووە. لەو ژنانە بوو، کە دەڵێن لە هەموو بارودۆخێکدا خۆی ڕزگاردەکات، نە باوبۆران، نە ئاگر و نە بەفر، ڕێی لێ نەدەگرت بگاتە مەبەستی، پێشبینیی هەموو مەترسییەکیشی دەکرد و خۆی بۆ ئامادە کردبوو"،(سەلمان،٢٠١٥:١٢٣). لە ڕێگەی ئەم شێوازە لە ناساندنەوە کەسێتی زۆزان خراوەتەڕوو بەوەی هیچ بەربەستێک ڕایناگرێت لە گەیشتن بە خۆشەویستەکەی بۆیە وەک کارەکتەرێکی بەهێز و خۆڕاگر بۆ خوێنەر وێناکراوە، لەهەمانکاتیشدا وەک کچێکی ژیر کە لێکدانەوەی بۆ هەموو ئەو پێشهاتانەکردووە کە ڕەنگە بێتە پێشی و خۆی بۆ ئامادە کردووە، پێشکەش بە خوێنەر کراوە.

یەکێک لە بنەماگرنگەکانی کارەکتەرسازیی ڕاستەوخۆ، وەسفی مەتریاڵی و جەستەیی کارەکتەرە، حیکایەتخوان سود لە وەسفکردنی باڵا و دەموچاو و جلوبەرگ و سیمای دەرەوەی کارەکتەر وەردەگرێت، بۆ ئەوەی وێنەی بەرجەستەی ئەو کارەکتەرەمان پێشکەشبکات، هەر بۆیە گێڕەرەوە لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکی بابەتییەوە بەم جۆرە وەسفی ژنەکانی ناو تابلۆکەی نێو کۆشک دەکات"بە وردی تەماشای ژنەکانی کرد، لە وێوە دەستی پێکرد، کە ژنێک قژی درێژ و پەخشکردبوو، هەرچەندە لێی ورد دەبووەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت، ئەمە بە ژنی گوند ناچێت، ئەم جۆرە ژنانە، تەنها لە سەردەمی ڕەسەنی شارێکدا بوونیان هەبووە، ژنی دەشتەکی هەرگیز ئەو جۆرە ڕووخسار و بەرگ و ڕێکخستنی قژەیان نەبووە،... وێنەیان هێندە تەلیسماوییە، هەرگیز بەوە ناچێت ڕۆژێ خۆشیان بینیبێت، دیسان تەماشای نێوچاویانیکرد، هیچ ژنێکیان چاویان بۆ نەکرابوو، بەوە دەچوو، وێنەکێشەکە دەربڕینی تێیاندا سڕیبێتەوە "،(سەلمان،٢٠١٥:٢٧٦). ئەم وێنەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ خوێنەر خراوەتەڕوو، حیکایەتخوان سیمای دەرەوەی کارەکتەری بەرجەستەکردووە، لەبەرئەوەشە جێناوی کەسی (ئەو) بۆ پێشکەشکردنی وەسفەکان بەکارهاتووە، وێنەکەش زیاتر مادی و بابەتییە، تابلۆکە نیشانەیە بۆ هەزاران ژنی ئەنفال، کە یەک ڕوخساریان بۆ دروستکراوە و لە هەموو ئەو ژنانەدا دووبارە دەکرێتەوە، کە بێ وێنە ماون و بێسەروشوێنن، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە وەسفی ئەم تابلۆیەدا بۆ جەستەی ژنەکان لە لایەن وێنەکێشەکەوە چاوی بۆ ژنەکەکان دروستنەکردووە، نەبوونی چاو لەم تابلۆیەدا واتە خودی دەربڕین مەبەستە نەک چاوەکە وەک ئۆرگانێک. نەبوونی دەربڕین ئاماژەیە بۆ ئەوەی نووسەر جەخت لە گشتی بکات نەک لە تایبەتی، واتە ئەو ژنانە لە دۆخێکی گشتییدان کە کارەساتی ئەنفالە و هەموو یەک سیمای کارەسات کۆیان دەکاتەوە، جگەلەوەی نەبوونی دەربڕین ئاماژەیە بۆ گەورەیی کارەساتەکە، کە مرۆڤ لە ئاستیدا توانای دەربڕینی نامێنێت، چونکە هەروەک (بەختیار عەلی) دەڵێت"هەڵەی هەرە دژواری ڕۆشنبیری ئێمە ئەوەیە، کە کێشەی ئەنفال کورتدەکاتەوە بۆ کێشەی تەعبیرکردن لە خودی کارەساتەکە، ئەنفال دەکاتە کێشەیەک کە نووسەران و شێوەکاران بیکەنە زەمینەی تاقیکردنەوەی توانای خۆیان لەسەر تەعبیرکردن، ئەمەش ئەو دیوەیە لە پەیوەندیی ئەنفال و زمان، کە زمان هەمیشە تێیدا دۆڕاوە، لە کاتێکدا دەبێت چەقی قورساییمان لەسەر ئەوەبێت، دوای ئەنفال چۆن ژیان و سیاسەت و ئەخلاق و خۆمان ببینینەوە، واتە وەزیفەی تێکستەکان ئەوە نییە کە تەنیا لە ناو جوغزی ڕووداوەکەدا بمێنێتەوە و لەویادا گیربخۆن، بەڵکو ئەوەیە کە جارێکی دیکە لەو دیوی ڕووداوەکەوە تیشک

بخەنەسەر ماهییەتی ژیان، سەر مانای پێکەوەژیان و لێبوردن، سەر مانای ڕاست و درۆ لە پەیوەندییە ئینسانییەکاندا"،(عەلی،٢٠١٥:١٠٣). ئەمەش هەر ئەو هێڵە سەرەکییەیە، کە دەقەکە کاری لەسەر کردووە، کە چۆنیەتی دەستپێکردنەوەی ژیان و پەیوەندیی مرۆڤەکان و مانای ژیان و بوونە لای تاک لە قۆناغی دوای ئەنفالدا.

هەروەها گێڕەرەوەی بابەتی بەم جۆرە کارەکتەرەکانی ناو کۆشکمان پێدەناسێنێت، کە کۆشک لەم ڕۆمانەدا نەخۆشخانەیەکە بۆ لەخۆگرتنی ئەو مرۆڤانەی تێکشکاون و لەناو وێرانەدا ناسنامەی خۆیان ونکردووە، لە ڕێگەی وەسفێکی جەستەییەوە بەم جۆرە کارەکتەرەکانی ناو ئەم کۆشکە پێشکەش بە خوێنەر دەکرێن"هەر هەموو بە پەیکەری کەسێک دەچوون، ڕاستریشە بڵێین، کە بە کەڵلە شەکری ساغ دەچوون، بەشی خوارەوەی قاچیان و بەشی سەرەوەشیان هەموو بەیەك دەچوو، دەتگوت یەك لەسەر یەکیدی گیراوەتەوە، چاویان هێندە تیژبوو، بە چاکی هەموویانی بینی"،(سەلمان،٢٠١٥:٩)، لەبەر ئەوەی دنیای ناو کۆشک جیاوازە، بۆیە بە چوونەناو کۆشک وێنەکە دەگۆڕێت، چونکە لە کۆشکدا هەموو چەمکەکان جیاوازن و داهێندراونەتەوە، ئەمەش لە خەڵکیتر جودایان دەکاتەوە. وەک ئەوەی ئەو پیاوانە بە یەک بۆچوون و یەک پرەنسیپ و یەک ئامانج کۆیان بکاتەوە، وەک گێڕەرەوەی سەرەکی دەڵێت"هەموو دژ بەدەرەوە، یەک بەرگیان لەبەردا بێت، یەک جۆر هەڵوێست و هەڵسوکەوتیان هەبێت. ئەمانە، تەنانەت شێوەی ئاخفتنەکانیشیان شێوازێک بوو لە دەربڕین، دژ بە دابەشبوونی خەڵکی شار و شارۆچکە و گوند و ئۆردوگا و بگرە گەرەکیش"،(سەلمان، ٢٠١٥ :٢٨٢). بۆیە لە نێو کۆشکدا پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە و جێهێشتنی توندوتیژی و جەنگەکان، وە بە تێڕوانینێکی قووڵتر بۆ ژیان و واتای دەوروبەر و ڕاستی و بەختەوەریی مرۆڤەکان دەژین، لە لایەکی دیکەوە ڕۆماننووس ڕەخنە لەو دابەشبوونە سیاسییە دەگرێت کە لەدوای ڕاپەڕینەوە کۆی بوارەکانی ژیانی لە کۆمەڵگەی کوردی گرتۆتەوە.

## ٢-٢ شێوازی ناساندنی کارەکتەر بە شێوازی ناڕاستەوخۆ:

لەم شێوازەدا ناساندنی کارەکتەر لە ڕێگەی کارەکتەر خۆیەوە یان لە ڕێگەی کارەکتەرەکانی دیکەی ناو دەقی ڕۆمانەوە دەبێت، واتە گێڕەرەوەی بابەتی دەکشێتەدواوە و گێڕانەوە بۆ کارەکتەرەکان خۆیان بەجێدەهێڵێت، بۆیە کارەکتەرەکان لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و قسەکردنەوە خۆیان بەخوێنەر دەناسێنن و لایەنە شاراوەکانیان دەردەخەن و نهێنییەکان ئاشکرا دەکەن.

یەکێک لەو شێوازە گرنگانەی کە لە ڕۆماندا بایەخی پێدەدرێت لە خستنەڕووی کارەکتەر و چونیەتی ناسینی کارەکتەردا، ناساندنی کارەکتەرە لە ڕێگەی کارەکتەر خۆیەوە، ئەم شێوازە ڕێگەخۆشکەرە، کە کارەکتەر ڕاستەوخۆ باسی باری دەروونیی و کۆمەڵایەتیی و هزریی خۆی بکات، لەم شێوازەدا کارەکتەر خۆی بەشدارە لە ڕووداوەکان و لە ڕێگەی هەڵوێست و ڕەفتارەوە خۆی بە خوێنەر دەناسێنێت. ئەم شێوازە لە پێشکەشکردنی کارەکتەر لەناو ڕۆمانەکەدا زیاتر بەکارهاتووە بەراورد بە شێوازی ڕاستەوخۆ، چونکە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە،، پڕن لە وتن و بیرکردنەوە و خۆدەربڕین، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەریەک لەم کارەکتەرانە هەڵگری چیرۆک و پاشخانێکی تراژیدین و دەیانەوێ ئەو چیرۆکانە بگێڕنەوە و گوزارشت لەو دۆخە دەروونییان بکەن، کە لە ئەنجامی تراژیدیاکانەوە بەسەریاندا هاتووە، ئەمەش وای کردووە، زۆرتر کارەکتەرەکان خۆیان بدوێن و گوزارشت لە ئازارەکانیان بکەن، بۆ نموونە (سەکینە) کە یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانەکە، لەسەر زاری خۆیەوە پێناسی خۆی بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو، کاتێک بە (ئادەم)دەڵێت"وەک خۆت وتت کاتم پێویستە تاکوو بە خۆما ئەچمەوە، منش ژنێکی تەنیام، تەنیایی من لەوەی تۆ سامناکترە، بە کەسێکی زل و درێژ ئەچم، کە جێی لە هیچ شوێنێکا نابێتەوە، یان بە کەسێکی زۆر زۆر کورتە باڵا ئەچم، کە لە بەر بچووکی هەمووکەس ئەیشێلێ، داریش کە کەوت یان بڕیتەوە، پاش ماوەیەک وشک ئەبێت، من ئەوکەسە زل و بچوکەم و ئەو دارە بڕاوەیەشم، ئێستاکەش کە تۆ ڕازی دڵتم بۆ ئاشکرا ئەکەی، پەشۆکانمت، خەریکە سەرم لێ بشێوێ، لێم تێبگە، ئەمە ئێجگار سەختە بۆ ژنێک لە تەمەنی منا گەڵێک قورسە لەم دۆخەی ئێمە تیاین..."،(سەلمان،٢٠١٥:٣٧٩). لە سەرەتای گفتووگۆکەدا (سەکینە) تەنیایی خۆی بە دۆخێکی سامناک ناودەبات، چونکە یەکێک لەو نەخۆشییە دەروونییانەی کارەساتی

ئەنفال بۆ مرۆڤی کوردی هاوچەرخی دروستکردووە، نەخۆشی خامۆشییە، خامۆشی جۆرە نەخۆشییەکی دەروونییە، مرۆڤ بە هۆی هەندێ فاکتەری دەرەکی وەک فشاری ڕامیاریی یان تەنگووچەڵەمەی کۆمەڵایەتی یان نالەباریی باری ئابوریی ژیانی مرۆڤ دوچاری دەبێتەوە، ئەو کەسەی دووچاری خامۆشی دەبێت زیاتر لایەنی گۆشەگیریی زاڵدەبێت بەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانییەوە، کاریگەرترین لایەنی خراپ بەسەر ژیانی مرۆڤەوە دیار نەبوونی چارەنووسیەتی، ئەوانەی لەو کارەساتە ڕزگاریان بووە تووشی خامۆشی و مات و مەلوولی ئازاری دەروونیی وسەرلێشێواویی بوون و سەدان کێشەیان بۆ هاتۆتە پێش، جگەلەوەی سەکینە کە دایکی دووکچی گەنجە، بەنیاز بوو یەکێک لە کچەکانی و دووخوشکەزای بگەیەنێتە لای دەزگیرانەکانیان لە لادێیەکی گەرمیان، بەڵام بەهۆی ڕوودانی کارەساتی ئەنفال ئاراستەی ڕۆشتنیان دەگۆڕێت بۆسەر سنور. ئیدی کە بەڕێکەوت ڕێی دەکەوێتەماڵی(ئادەم) و لە ماڵی (وەستا/ ئادەم) دەژین، لێرەدا جۆرێک لە هەستی خۆشەویستی لە نێوان (سەکینە)و(وەستا) دروست دەبێت، لە هەمانکاتیشدا ناتوانێت چارەنووسی هەردووکچەکەی و خوشکەزاکانی لەپێناو خۆشیی بسڕێتەوە، بێجگە لەوەی ئەو کارەساتە گەورەیەیان بەسەردا هاتووە. وێناکردنی خۆی بە کەسێکی زۆر گەورە و زۆر بچووک مەحاڵیی ئەو بیرۆکەی خۆشەویستییەیە، کە جێی نابێتەوە لە کۆمەڵدا، مەگەر بە تێپەڕبوونی کات و هەتا ڕادەیەک ئاساییبوونەوەی ڕووداوەکان، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕێگەپێدراو نییە، کە ژنێک لە قۆناغی کاملّیدا باسی خۆشەویستی بکات و پیاوێکی خۆشبوێت، هەر بۆیە دواتر خۆی دەچوێنێ بە دارێکی وشک بوو، وەک ئاماژەیەک بۆ وشکبوونی هەموو خەونەکانی و زەردبوونی سەوزی ژیانی.

ناساندنی کارەکتەر بەم ڕێگەیە گرنگە، چونکە زانستی دەروونناسیی ئاماژە بەوە دەکات ناسینی کەسێتیی کەسەکان بەستراوە بە کار و کاردانەوەی کەسەکانەوە، بۆیە ناسینی کارەکتەر لە ڕێگەی هەڵسوکەوتەوە دەبێتە هۆی زیاتر قەناعەتپێهێنانی خوێنەر بە ڕەهەندەکانی بونیادی کارەکتەر، ئەمەش زیاتر لەو ڕەفتارەی (ئادەم/وەستا)دا دەردەکەوێت، کاتێک دەیەوێت ماڵەکەی خۆی بۆ ژنەکان بەجێبهێڵێت، چونکە شوێنێکی ئارام لە دەرەوە بۆ ژنەکان نییە، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە هۆکاری جێهێشتنەکەی هەلپەرستیی نییە، بەڵکو لە ڕوانگەیەکی مرۆڤایەتییەوەیە، دەڵێت"من پیاوی تەنیایی وشەوم،...من گورگێکی تەنیا نیم لە نەبوونی مێگەلێک هەر بلوورێنم، نە تۆپەڵە بەفرێکی جێماوم بەسەر لووتکەی شاخێکەوە لە سەرمادا هەر خۆمی پێوەبگرم، نە کەسێکیشم پەنای بۆ نوێژ بردبێت، تاکو یاساکانی ئەو دونیام پێ پڕبکاتەوە، من لێرەم لەم دونیایە، قاچم بە چاکیی لە ناو ژیانە، خۆم بە ویستی خۆم دونیای خۆمم پڕ لە واتا کردووە، تا ئەم ساتەش کە لەگەڵ تۆم، بەدوای هیچ شتێکدا نەگەڕاوم، من گەشتی خۆمم بۆ هەموو شوێنێک بە ئاسانی کردووە، هەر بۆیە لەوەش تێگەیشتم، کە لە هیچ کوێیەک ئاسایش نییە"،(سەلمان،٢٠١٥:٣٧٨). لەم گفتووگۆیەدا (ئادەم ) وێنەی خۆی بە ڕوونی بۆ خوێنەر دەکێشێت لەسەرەتادا ئاماژە بەوە دەکات کە پیاوی تەنیایی و شەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەم لەگەڵ دۆخی تەنیایی ئاشنایە و خۆی تێدا دۆزیوەتەوە هەم ئاشنای شەوە، ئەمەش واتە بەرگەگرتنی دۆخە تاریکەکان، پاشان ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە هۆکاری ئەم هەڵوێستەی لە هەلپەرستیی و ناچارییەوە نییە، بەڵکو لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە دەیەوێت لەم دۆخە ئارامەی ئێرە زیاتر لە خۆیان بگەن، پاشان بڕیاربدەن، سەبارەت بەم هەڵوێستەی وەستا، (شەونم یەحیا) دەڵێت"لەڕووی فەلسەفەی کۆمەڵناسییەوە باس لە گەشبینی و ڕاستگۆیی و شکۆی مرۆڤ لە کۆمەڵگە دەکات، بۆ ئەوەی بوون و بەهاکانی خود بە ڕێگایەکی ئەخلاقیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بە تایبەت ئەو کاتەی تاک لە حاڵەتێکی دژواردایە و پێویستی بە وانیترە، یاخود کەسایەتییەکی وەک وەستا کە خۆی تەنیایی هەڵبژاردووە"،(یەحیا،٢٠١٩:١٧). بە واتایەکی دیکە(وەستا) پێمان دەڵێت بەهاکان مرۆڤ هاناندەن و بەرەو ئاراستەیەك نایانبەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە هۆكارن کە مرۆڤ بەرەو خودی خۆی دەباتەوە. کاتێك دەڵێین کە مرۆڤ بەهۆی بەهاکانەوە دەجوڵێ، لەوێدا شتێك شاراوەیە ئەویش ئەو حەقیقەتەیە کە هەمیشە بۆ تاك ئازادیی هەڵبژاردن یان دیاریکردن پەیدادەبێت، ئازادیی لەپەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی هەوڵەکان، ئازادیی لە هێنانەدی یان ئاشکراکردنی مانا شاراوەکانی دەروونی خۆی، یان نەبینینی ئەو مانایانە، بۆیە ئەم کارەکتەرەش بە ئازادیی ئەم جۆرەی لە شێوازی ژیانکردن و گەڕانەوە بۆ خود هەڵبژاردووە، لەهەمانکاتیشدا هاوکاری ژنەکان دەکات، تەنانەت ئەم یارمەتیدانەشی لەڕوانگەی دینداری و بیرکردنەوە لە دنیایەکی تر نییە، بەڵکو تەنیا لەپێناوی بەهای مرۆڤایەتییە. هەروەها (ئادەم/وەستا) لەسەر زاری خۆیەوە داوا لە(سەکینە) دەکات، کە بەشێوەیەکی ئەرێنی لێی بڕوانێت،

ڕووکەشانە بڕیاری لەسەر نەدات دەڵێت"منیش ئەوەنە داوایەم لێتە، کە بە چاکی بمبینی، من لەو کەسانەم، کە بەرامبەرەکەم بە باشی ناتوانێ زوو بمناسێت، دڵکرانەوە و ڕاشکاویم وا دەکات، یەکسەر حوکمی سادەی هاکەزایی بەسەرما ببڕنەوە، بۆیە تەنها داوام ئەوەیە لێت، کە بە چاوی ناوەوەت تەماشام بکە".(سەلمان، ٢٠١٥:٣٥٩). لەم داوایەدا (ئادەم) کەسێتی خۆی بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو، بەوەی کەسێکی ڕاشکاو و دڵکراوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارەکتەرەکانی دیکە ناتوانن بە کاتێکی کەم لە تێڕوانین و بۆچوونەکانی بگەن، چونکە بۆتێگەیشتن لە بیرو بۆچوونەکانی پێویستە قووڵتر لەگەڵی بدوێن .

هەندێکجار کارەکتەر لەم شێوازەی ناساندندا، گرنگترین و ئاڵۆزترین کێشە دەروونیی و هزرییەکانی خۆی ئاشکرا دەکات، خوێنەر ڕاستەوخۆ گوێی لە دەنگی کارەکتەر خۆی دەبێت، بێئەوەی چاوەڕێبکات کە حیکایەتخوانێک، یان کارەکتەرێکی دی بێت و شیکردنەوە بۆ گرفتەکانی بکات، (مەردۆخ) وەک یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، کاتێک دەگاتە کۆشک لە ڕێگەی گفتووگۆیەکەوە ڕوو دەکاتە (ئادەم) و هەموو پیاوانی کۆشک و دەڵێت" وای بۆ ئەچم، کە شتێک لێرە کۆی کردووینەتەوە تا شێوازێکی بونیادگەر بە بوونمان بدەین بە کورتی، ژیان بخەینە بەر وەرزە وشکەوەبووەکان، ...با بەڕاشکاوی بڵێم ئێمە بوونمان نییە، لە وانەشە ئەمە لە هەستێک تێنەپەڕێ، کەچی بەسەرمانا زاڵە. هەڵهاتنمان بە هەر هۆیەکەوە بووبێت، گەڕانە بەدوای مانایەک"،(سەلمان،٢٠١٥:٢٠٨). لە ڕێگەی ئەم شێوازە لە پێشکەشکردنەوە تایبەتمەندیی زۆرێک لە کارەکتەرەکان خراوەتەڕوو، بەوەی کە کارەکتەرەکان دوای شاڵاوی ئەنفال ناسنامە و بوونی خۆیان لێسەنراوەتەوە، دەیانەوێ بە شێوازێکی بنەڕەتی بوون و ناسنامەی خۆیان سەر لە نوێ بونیادبنێنەوە و ژیان بە شێوەیەکی نوێ دەست پێبکەنەوە، بە واتەیەکی دیکە ئەمە بانگەوازێکی بوونگەرانەیە، چونکە ڕەوتی بوونگەرایی ئامانجی ئەوەیە مرۆڤ بڕوانێتە خودی خۆی، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناو بوونی تایبەتی خۆی و بتوانێت ببێتە خاوەن بوونی سەربەخۆی خۆی. ئەمەش هەمان ئەو تەوەرەیە کە لە کۆشک کارەکتەرەکانی بۆ پەروەردە دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی کارەساتەکە مەزنە، بۆیە تاڕادەیەک لە قۆناغی شۆکدان و هێشتا بەرچاوڕوون نین، بە واتەیەکی دی شێوازی بونیادگەرانە بۆ دۆزینەوەی بوونی خۆیان پێڕەوی لێ دەکەن، هەموو کارەکتەرەکان دوای شەڕ ناسنامە و بوونی خۆیان بزرکردووە، بە واتەیەکی دیکە لێیان سەنراوەتەوە، پارچەبوونی هەر کارەکتەرێک لەناو زماندا کۆدەکرێتەوە، ئەویش لە ڕێی گێڕانەوەی بەسەرهات و حیکایەتی خۆیان، واتە کاتێک کارەکتەر لە ڕێی زمانەوە گفتووگۆ دەکەن و بیرکردنەوەی خۆیان دەردەخەن، ئەوە بوونی خۆیان ئاشکرا دەکەن.

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرەکانی ناو ئەم دەقە( بێڤەر- زۆزان)ە، کە لە سەر زاری خۆیەوە خۆیمان پێدەناسێنێ، بەوەی ئامادەی هەموو قوربانی دانێکە لە پێناوی خۆشەویستییەکەیدا، جا بەلایەوە گرنگ نییە بە پێی نەریتی کۆمەڵایەتی بە کەسێکی لادەریش دابنرێت، بۆیە کاتێک دەگاتە لای ژنەکان و پرسیاری هۆکاری گەیشتن بەم شوێنەی لێدەکرێت، لە وەڵامدا دەڵێت"...تێئەگەن بەدوای چی و بەدوای کێدا کەوتووم؟ ئەگەر ئەمە لەلای ژنی وەک ئێوە بێحەیایی و بێشوورەیییە و بە ڕێلادان سەیری ئەکەن، دەی ئەوە من گەلێک بێشەرمم و لە هەرچی ڕێی ئەم دنیایەیە، لام داوەو ڕێی خۆمم گرتۆتەبەر، بێ ئەوەی بێحەیایش بێت لە ڕووتان، پێتان ئەڵێم قەت قەت وازی لێ ناهێنم"،(سەلمان، ٢٠١٥:٢٣٥). لێرەدا ناسنامەی ئەم کارەکتەرە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئافرەتێکی یاخییە، چونکە ئەم کارەکتەرە بێگوێدانە نارەزایی و تانەو توانجی کۆمەڵایەتی خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات، یاخی دەبێت لە هەموو نەریتەکان، هەوڵی گەیشتن بەخۆشەویستەکەی دەدات، بەڵام بە گەیشتنی بە خۆشەویستەکەی دەمرێت. ئەم مردنە کۆتایی بە گەڕانەکەی دەهێنێت. هەروەها (سەکینە) لە ڕێگەی مەنەلۆگێکەوە، باس کەسێتی خۆی و (مەندان)ی خوشکی دەکات لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، کە هەم لە ڕابردوودا تەنیابوون و پێشبینیش دەکات کە لە داهاتووشدا هەر بە تەنیایی بمێننەوە، وە هاتنشیان بۆ خانووەکەی(وەستا)، بە جۆرێکی تر تەنیایان دەکات، چونکە خۆشەویستی لە نێوان (سەکینە و وەستا)دا دروستبووە، بەڵام (سەکینە) لەبەرئەوەی لە لایەک لە کارەساتێکی وەک ئەنفال ڕزگاری بووە و هێشتاش کاریگەری لەسەر ماوە، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەوەی تەمەنی هەڵکشاوە و کچەکانی گەورەبوون هەموو ئەمانە ڕێگرە لەم خۆشەویستییە، دەبێت یەکێکیان ئەوی تریان جێبهێڵێت، سەرئەنجام (وەستا) وێڵ دەبێت، ئەمەش جۆرێکیتر


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە تەنیایی لای (سەکینە) دروستدەکات، "سەکینە لە دڵیدا وتی"تەنیایی بنیادەم ئەگەڕێنێتەوە بۆ خۆی، دۆخی ئەم وەستایە، هەلومەرجی خۆم و مەندانم ئەهێنێتەوە بیر، ژیانی پێشوومان، بەوەش ئەچێت داهاتووشمان، هەر بە دەزووی تەنیایی بتەنێتەوە، ... ئەم هاتنەی ئێمە، ڕێخۆشکردنە بۆ شێوەیەکیتر لە تەنیایی، ئەو هەموو شەوەی بەدەم یەکەوە گریداوە و لە ناویانا بۆتە گەڕیدە، هەرچی بیروڕای کەسانیترە، کە لە کتێب و چیرۆکەکانا بە جوانی بۆمانی ئەگێڕنەوە، دەرهەق ساتێکی ڕاستی تەنیایی کەسێک نایەن، ئەوەنە بەس نییە تا لە تەنیایی تێبگەی، گەرەکە تیاشیدا بژی، وردە وردە بیخۆی... ئەگەر ئێمەش لە داهاتوودا وەک ئەم لە تەنیاییدا نوقم بین، ئەوا بیروبۆچوونمان گەلێک ئەگۆڕێت" (سەلمان،٢٠١٥:٣٤٦). (سەکینە) پێمان دەڵێت تەنیا لە دۆخی تەنیاییدا مرۆڤ دەتوانێت لە خۆی وردبێتەوە و تێڕابمێنێ لە خودی خۆی، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ باشتر لە خۆیبگات، پێشمان دەڵێت هەرچی بیروڕای تیۆری ناو کتێبەکانە وەک ساتێک ژیان لە تەنیایدا نییە بۆ نقووم بوون لە خود، وە پێشی وایە گەر مرۆڤ گەییە ئەم ئاستە لە تەنیایی، ئەوا تێڕوانینی بۆ خود و دنیا دەگۆڕێت، جگە لەوەی هۆکاری تەنیاییشی لە داهاتوودا دەگەڕێتەوە بۆ عاشقبوونی بە(وەستا)، چونکە لەم ڕۆمانەدا عاشقەکان یەکدی بەجێدەهێڵن تاکو لە تەنیاییدا بتوانن لە خۆیان و لە ئیشق تێبگەن، بۆیە ئیشق لەم دەقەدا بۆ بەجێهێشتن و بڕیاردانە لە بارەی خۆوە، ئیشق لە پێناو مانا دانەوەیە بە خود و ژیان، لە پێناو بینینە بە چاوێکی جوانتر، بە وردبوونەوە لەم ڕۆمانە بۆمان دەردەکەوێت، لە ڕاستیدا مرۆڤ بەوە دەتوانێ مانا بۆ ژیانی بگەڕێنێتەوە، کە ژیانی تەرخانبکات بۆ خۆشویستنی کەسانیتر، بۆ دەوروبەر و کۆمەڵگەکەی، بۆ هێنانەکایەی شتێک، کە مانا و ئامانج بە ژیانی ببەخشێ.

لە نێو سەرجەم کارەکتەرەکاندا(مەردۆخ) زۆرترین گفتووگۆی ناوەکی هەیە، چونکە لە هەموو کارەکتەرەکانی دیکە زیاتر ڕاڕا و گومانکەرە، بەر لە دەستپێکردنی سەفەرەکەی و دەرچوونی لە ماڵ، لە ڕێگەی گفتووگۆیەکی ناوەوە ئەوە دەخاتەڕوو بەهۆی ئەو دۆخەی کە کۆمەڵگەکەی تێدایە، گەر سەفەریش نەکات هەر دەمرێت، بۆیە مردنی لە ڕێگەی سەفەرەکەی هەڵبژارد"لەبەر خۆیەوە وەها بڕیاری دابوو، کە چی دێتە ڕێم، بابێت، ئەگەر لێرە بمێنمەوە، هەر ئەمرم، ڕەنگە بە کوشتن نەبێ، بەڵام بەداخەوە، ئەمرم، با بڕۆم لەوەو دوا شەڕی خۆم بکەم باشترە"، (سەلمان، ٢٠١٥:٣٨٧). دوای دەرچوونی لە ماڵ و گەیشتنی بە کۆشکی پیاوەکان، کاتێک لەوێ گفتووگۆ لە نێوان (مەردۆخ) و کارەکتەرەکانی کۆشک دروست دەبێت، بە هەمان شێوە لە ڕێگەی گفتووگۆیەکی ناوەکییەوە بە خۆی دەڵێت چیتر ڕێگە نەدات بە کارەکتەرەکانی دیکە لە ڕێگەی پرسیارەوە بگەنە ناخی و شیبکەنەوە "لە ناکاودا لە خۆی پرسی،" من چیم لێرە؟ کێم؟ چۆن خۆم بۆیان جێهێشتووە، تەواوی ژیانم نەشتەرگەری بکەن؟ بۆ لێیان ئەگەڕێم وەها بە هەوەسی خۆیان ناوەوەم شی بکەنەوە؟"، (سەلمان، ٢٠١٥:١٨٠). لەڕێگەی ئەم وێنەیەوە دەردەکەوێت کە ئەم کارەکتەرە لە ڕووی دەروونییەوە چەند ڕاڕا و گومانکەر و نائارامە، کە لە دەوروبە بەگومانە، نایەوێت لە ڕێگەی پرسیارەوە درک بە ناخی بکەن. هەر لە کۆشک لەڕێگەی مەنەلۆگێکی ترەوە وێنەی کۆشک وەک زانکۆیەکی ژیان دەکات، چونکە کاریگەری گەورەی لەسەر هەبووە، بووە بەهۆی وەرچەرخان و بەرچاوڕوونی لە بارەی سەفەرەکەی، بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی "تەنها کارەساتە گەورەکانی ژیان لە شوێنێکی وەها بڕوانامەی بەرز ئەدەنە بنیادەم"، (سەلمان،٢٠١٥:٢١٢). چونکە مرۆڤ لە کارەساتەکاندا ئەزموونێکی زۆر و گەورە فێردەبێت، کە لە باری ئاسایی ناتوانێ فێری ببێت، هەر ئەمەش وایکردووە، کە کۆشک بە زانکۆ بچوێنرێت لەلایەن ئەم کارەکتەرەوە، چونکە هەموو ئەوانەی لە کۆشکدان بە کارەساتدا تێپەڕیون و هەڵگری ئەزموونی دۆخە سەختەکانن.

فۆرمێکی دیکە لەم شێوازەدا کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە لە نێوان خۆیاندا گفتووگۆ دەکەن و ڕەهەندی دەروونی و هزری و کۆمەڵایەتی یەکتر بۆ خوێنەر دەخەنەڕوو، ئەمەش لە ڕێگەی زانیاریی یان بۆچوونی خۆیان بەرامبەر بە یەکتر، چونکە"دیالۆگ بە شێوەیەکی تایبەتی دەرفەت دەدات کە زانیاریی ڕاستەوخۆ دەربارەی کارەکتەر پێشکەشبکرێت، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو قسە وەکو جوڵە و بەشێوەیەکی سازکراو بەرەو ئەویتر"(ئەڵوەنی، ٢٠٠٩:١٤٢). ئەمەش وادەکات لە خوێنەر نزیکتربێت و لە تێڕوانینی خوێنەرەوە زیاتر ڕاستگۆیی تێدا دەبێت. بۆ نموونە لە گفتووگۆیەکی نێوان (مەردۆخ و ژینۆ)دا، ژینۆ بە جۆرێک باس لە کەسێتی (ئادەم) دەکات دەیچوێنێت بە ئەدەب و موزیک، چۆن ئەدەب چێژ دەگەڕێنێتەوە بۆ هەموو شت، (ئادەم)یش بە هەمان شێوە وای لە کارەکتەرەکانی ناوکۆشک کردووە، کە بە چاوی

چێژ و جوانیی دووباره شتەکان ببیننەوە دەڵێت"ئەو دەمەی زۆربەمان هاتین بۆ ئێرە، ئەو زەوق و چێژی بۆ چاک کردین، بەڕێز ئادەم بەشتێک ئەچێت لە دنیای ئەدەب، چونکە ئەدەب وەک موزیک و هەمموو هونەرێکی باڵا، شتێکە کە چێژ بۆ شتەکان چاک ئەکاتەوە و ئەیهێنێتەوە جێی خۆی، وەک بڵێی لە جێ چووبێت یان شکابێت و ئەو بیخاتەوە ئاست خۆی و ڕاستی بکاتەوە. هەر بۆیە تەنها ئەو شێی ئەو هەموو ڕابردووەمی لەبەر ئاگری گەورەیی دڵی وشک کردەوە"،(سەلمان، ٢٠١٥: ٨٨). ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم ڕۆمانەدا تیشکێکی زۆر خراوەتە سەر پێگەی ئەدەب و هونەر لە گەڕان و دۆزینەوەی خودی تاک و دووبارە دەستپێکردنەوە بە شێوەی بوونێکی (ڕەسەن)، هەروەک (نیچە) لە کتێبی(لەدایکبوونی تراژیدیا)دا دەڵێت"مۆسیقا بەرزترین شێوازی میتافۆرە بە دروستی و ڕەوانی ڕاستی بوونمان پێدەناسێنێت"،(کەمال،٢٠٠٦: ١٦٨). ئەمەش بە ڕوونیی لای(ئادەم) دەردەکەوێت، چونکە(ئادەم) لە زۆربەی شەوەکانیدا کاتێک لەگەڵ (ژینۆ)دا دەچووە سەربان و لە ڕێگەی موزیکەوە وەڵامی بەشێک لە پرسیارەکانی (ژینۆ)ی دەدایەوە (ژینۆ) لە گفتووگۆیەکیدا دەڵێت"سەرەتا بە ژەنینی شمشاڵەکەی وەڵامی دایەوە، بە پیاسەیەکی دووردورێژ لە ناخی تاریکیی ئەو سەربانە بیابان ئاسایەدا، شمشاڵەکەی دەنگیدایەوە، بێئەوەی ئاوازێکی تایبەتیشی لێوەبێت"، (سەلمان،٢٠١٥: ٤٨٠). ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت بەبێ مۆسیقا ئەستەمە لەوە تێبگەین، جۆرێک لە جوانیی هەیە دەکەوێتە ئەو دیوی توانای وشەوە، دەچێتە قووڵاییەک مرۆڤ بە کۆتایی و بە بنی ناگات، مۆسیقا ئاشکراکردنی سنوری زمان و ئاشکرابوونی بێسنووریی و ناکۆتایی جوانییە، "جوانی و هونەر و مۆسیقا کەرەستەیەکی گرنگی ئازادبوون و بڵندگەرایی مرۆڤن، ئەوان دەتوانن پارێزەری جوانی بن"،(عەلی،٢٠٢١: ٦٩). لەم ڕۆمانەدا ئەدەب و موزیک و تابلۆ بە وردی کاری لەسەر کراوە. هەروەها (ژینۆ)ش وێنەی(مەردۆخ) کە یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان وەک شاعیرێکی ڕاڕا و نیگەران دەکێشێت، لە گفتووگۆیەکیدا لەگەڵ (مەردۆخ) دا کەسێتی (مەردۆخ) بەم جۆرە دەردەخات، کە کەسێکە بەردەوام نیگەران و بێزار و ڕاڕایە، دەڵێت" وەک ئێمە ناتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ هیچکوێ! تۆ تەنانەت ئەوەندە بێزاریت، لە شوێنێکا ئۆقرە ناگری، هەربۆیە زووتریش پێم وتی کە تۆ شاعیری، چونکە شاعیری ڕاستەقینە لە هیچکوێ ئۆقرە ناگرێ، بگرە غەم بەرۆکت بەرنادات، دەنا فەرموو...فەرموو پێم بڵێ تۆ بە هیچ کوێیەکی دیکەیا نەڕۆیشتی؟ نەگەیشتی بە جێیەک، دڵت بحەوێنێتەوە؟"،(سەلمان، ٢٠١٥: ١٠٢). جگە لە شاعیربوون ئەم دۆخەشی وەک لێکەوتەیەکی جەنگ و کارەساتەکانە، چونکە هەر کاتێک ئارامی و ئاسایشمان لە دەستدا، تووشی دەبین، یان لە کاتی هەستکردنمان بە مەترسی و هەڕەشە ئەم دۆخەمان تووش دەبێ، ئەم جۆرە لە دڵەڕاوکێ بە هیچ شتێکی دیاریکراوەوە پەیوەست نییە. کەواتە لەڕێگەی ئەم جۆرە لە پێشکەشکردنەوە وێنەی کەسێتی(ئادەم و مەردۆخ) بۆ خوێنەر دەخرێتەروو کە ئەدەب دۆست و هونەر دۆستن، تەنانەت مەردۆخ شاعیریشە.

هەروەها لە گفتووگۆیەکی نێوان (سەکینە و بێڤەر)دا بێڤەر کەسێتی (وەستا/ئادەم) بۆ خوێنەرو (سەکینە) دەخاتەڕوو کە دوای ساڵانێکی زۆر تا ئێستاش لە چاوەڕوانیی (سەکینە) دایە، هەروەها لە هەمانکاتدا هەڵوێستی (سەکینە)ش دەردەکەوێت کە هەمان هەست و چاوەڕوانیی هەیە بۆ (ئادەم) بەوەی بە تامەزرۆییەوە دەپرسێت (ئادەم )نایەوێت بمبینێت (بێڤەر) بە (سەکینە) دەڵێت" هەموو تەمەنی بە دیار تۆوە دانیشتووە باجی ئەزانی؟ ئەو ئێستا سیگار ناکێشێ ئەشزانێ کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێی، یان ئەوەتا خۆت و ئەوانی دی بچن بۆ لای یاخوود..." سەکینە لێی پرسی" ئەوچی؟ بۆ قسەکانت تەواو ناکەی؟ نایەوێ بمبینێتەوە؟"(سەلمان،٢٠١٥)، لێرەدا وێنەی (ئادەم) بە جۆرێک بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو، کە سیگارشی نەکردووە بە هاودەمی و نایەوێ دوکەڵیش هاوڕێی بێت، بەڵکو تەواوی ئەو ماوەیەی بە تەنیایی بەسەربردوە، چونکە دەیەوێت لە نێو تەنیاییدا هەم خۆی و هەم (سەکینە) زیاتر ئاشنای خودی خۆیان بن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تەنیا لە نێو تەنیاییدا دەتوانێت خۆی بدۆزێتەوە و بزانێت کێیە. هەرکات مرۆڤ خۆی دۆزییەوە ئەوکات باشتر لە خۆشەویستیدەگات، هەربۆیە ئەم دوو عاشقە بڕیاری دووریان داوە لە یەکتر، تا بگەن بەم ئاستەی تەنیایی و کانیاوی خۆشەویستییەکەیان زیاتر هەڵقوڵێت، هەر ئەم کارەکتەرە لەلایەن (ئەفسانە)شەوە لە گفتوگۆی لەگەڵ ژنەکان بەجۆرێک دەناسێنرێت کە بە دایکی دەڵێت" تۆ ئەزانی ئەمدیوی تەنیایی چییە؟... ئەم پیاوە تەنیایە، تەنیا، تەنیایی فێری گەڕیدەیی کردووە، بەبێ ئەوەی لە جێی خۆی بجووڵێت، بە ویستی خۆی ڕیشەی لە کۆمەڵ هەڵکێشاوە و لە جێیەکی چەپەکی وەک ئا ئەمە، بە تەنیایی ڕواندویەتیەوە، پاشان هەرچی ڕەگی خوونەرێتە کە مێشک پاشەکەوتی

کردوون، ئەو لێی دەرباز بووە، فێری کردووە دنیای دەرەوە بسڕێتەوە، کە گەیشتووشە بەو پلەی تەنیاییە، ئیدی بە چاکی بیردەکاتەوە، هەرچی پووشوپەڵاشە، لە مێشکی دەری هێناوە و لە جێیانا بیرکردنەوەی قووڵی ڕێکخستووە و بەجوانیی لەسەر یەک سەفتەی کردوون، نابینی لە کەس ناترسێ و شەرم لە کەس ناکات"،(سەلمان، ٢٠١٥:٣٧٤). ئەوەی لە ناساندنی ئەم کارەکتەرە بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو ئەوەیە کە بە تەواوەتی لە دنیای دەرەوە دورکەوتۆتەوە، تەنیایی کردۆتە هاودەمی، چونکە لەناو کۆمەڵگەدا هاوکێشەکە بە جۆرێکە کە مرۆڤ لە ناو قەرەباڵغی و ئاپۆرای ئەو عەزازیلە بێتە دەرەوە، ئیتر خاوەنی خۆی نییە، چونکە کەسێتی مرۆڤ بەبێ ئەوان هیچی تێدانامێنێتەوە، کەسێتی هەموو دەستکردی ئەوانیدیکەیە، کە بە تاکیان بەخشیوە، بەڵام ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت، تا مرۆڤ ئەو سنورە نەبەزێنێت و ئەو خەڵکە دەمامکدار و حەشاماتە لە دوای خۆیەوە بەجێنەهێڵێت، مەحاڵە و هەرگیز ناتوانێت خۆی بدۆزێتەوە، کاتێکش توانی ئەم حەشاماتە بەجێبهێڵێت ئەوکات دەتوانێت بیرکردنەوەی خۆی ڕێکبخات و بزانێت ئامانجی چییە، هەموو شتەکان بەجوانیی ببینێ و خەوشەکانی نێو کۆمەڵ لە هزری دەربکات، کە مرۆڤێکیش گەیشت بەم ئاستە ئیدی گوێ بە توانجی کۆمەڵایەتی نادات و شەرم ناکات لە گەیشتن بەوەی دەیەوێت وەک لای وەستا دەبینرێت.

هەندێکجار لە کارەکتەرسازیی ناڕاستەوخۆدا، بە تایبەت کاتێک کارەکتەرێک باسی کارەکتەرێکی دیکە دەکات، دەبێتەهۆی ئەوەی خوێنەر ڕەهەندێک یان زیاتر لە ڕەهەندەکانی بونیادی کارەکتەر بناسێت، کە لە توانای گێڕەرەوەدا نییە ئەو کارە ئەنجامبدات لە ناو دەقەکەدا، بۆ نموونە خوشکی ویژدان لە میانەی گفتوگۆیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ دایکیدا وێنەی (زۆزان)مان بۆ دەکات، بەوەی کچێکی وریا و چاونەترسە و شتەکان لە لای دەبێتە جێگەی گومان و تێڕامان، ساویلکە نییە تاکو هەوڵی خەڵەتاندنی بدرێت، دەڵێت"سەیر بکە، دایکە، ئەم کچە بێڤەر ناو، کچێکی نەبان نییە تا لە خواست و نیازی ئێمە تێنەگات، ئەمە لەو جۆرە ئافرەتانەیە، کە گومانکەرە، پێویستیشی بە هیچ نییە، تا لەلای ئاشکرا ببێت کە ئێمە هەموو ڕازین بێتە ناومان، گەر خۆی بیەوێ لەلامان جێگیر ببێت...کچێکی گەنجە، تەمەڵ دیار نییە، وەک خۆشی وتی، چاو نەترسە، ئێ ئێمەش هەر ئەوەمان ئەوێت"،(سەلمان،٢٠١٥:٢٣١). بەم شێوازە لە ناساندنی کارەکتەر، وێنەی (زۆزان) بۆ خوێنەر خراوەتەڕوو، بە جۆرێک کە خوێنەر پێویستی بە وەسفی تر نییە لە ڕۆمانەکەدا، بۆ ئەوەی لەم کارەکتەرە تێبگات، ئەم کارەکتەرە ئەگەرچی زۆری نەخوێندووە، بەڵام نەبان نییە هەمیشە لە ڕێگەی گومانەوە هەوڵ بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان دەدات، چونکە سەرەتا گومانکردنی، دواتر هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو گومانە و تێفکرین و تێڕامان دەبێتە هەنگاوێک بۆ دۆزینەوە و گەیشتن بە ڕاستیی شتەکان، ئەمەش لە ئەنجامی ئەزموون و جێگۆڕکێی زۆر لە نێوان شوێنە جیاوازەکان لەلای دروستبووە، بۆیە ژنەکان گەرچی ڕێگەیان بە کەس نەداوە لە ماڵەکەیان بمێنێتەوە، بەڵام بەهۆی چاونەترسی و گەنجی و ئازاییەوە دەیانەوێ ئەم کارەکتەرە لایان بمێنێتەوە، بەڵام (زۆزان) بەردەوام دەبێت لە سەفەرەکەی.

هەر لە نێو کارەکتەرە ژنەکان وێنەی کارەکتەری (مەندان) لە ڕێگەی یەکێک لە کچەکانییەوە بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو، لە هەمانکاتیشدا هۆکاری بێهاوسەری ئەم کارەکتەرە بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو، کە بۆ هاوسەرەکەی جێهێشتووە، ئەمەش لە ڕێگەی پرسیار و وەڵامی نێوان دوو کارەکتەرەوە، چونکە هەندێکجار پرسیاری کارەکتەرێک و وەڵامی کارەکتەری بەرامبەری گەلێ سیفات و ئاکاری کارەکتەرێک بۆ خوێنەر ئاشکرادەکات، بەمەش خوێنەر زانیاریی زیاتر لەبارەی کارەکتەری جێ مەبەست بەدەستدەهێنێت، ڕەنگە چێژی زیاتر لای خوێنەر دروست بێت، وەک ئەم پرسیار و وەڵامەی (بێڤەر) و یەک لە کچەکانی (مەندان) لەبارەی (مەندان) و هاوسەرەکەی "من دڵنیام کە لەبەرئەوەی باوکی من ئەترسا، لە هەمووشتێک ئەترسا، بۆیە دایکم ژیانێکی تری بۆ ئێمە هەڵبژارد، بەڵام قەتیش وای دانەنابوو بگەینەئا ئەم حاڵە، بێڤەر ناو لێی پرسی، لەچی ئەترسا؟ لە مردن، لەوەی کە هیچ نەبێت، پاش مردن و قەت چاوی بە ئازیزەکانی نە کەوێتەوە، دایکم بە پێچەوانەی باوکم، هەمیشە خۆی بۆ پیربوون و مردن حازر کردووە. ئێستاش تەماشای بکە، ئەبینی؟ بەردەوام جلی ڕەشی سادەی لەبەرە، بێجگە لە سیگارەکەی دەستی کەس بە مێرد نازانێ"،(سەلمان،٢٠١٥:٢٤٤). لە ڕێگەی ئەم شێوازە لە خستنەڕووی کارەکتەرەوە لەلایەک کارەکتەری هاوسەری مەندان بۆ خوێنەر دەخرێتەڕوو، بەوەی هەمیشە لە ترسی مەرگدا دەژیا، ترسی لە مەرگ، یان بە بیرکردنەوە لە تاڵی مەرگ،

ژیانی تاریک و وێرانکردووە، کە ژیان بۆ خۆی پڕە لە ڕوناکیی و بونیادنان، ئەگەرچی مرۆڤ لە ئەزەلەوە لە مردن ترساوە، چونکە دەزانێت ڕۆژێك دێت دەبێت بمرێت، ئەوەی مرۆڤ لێی دەترسێت مردن نییە، بەڵکو لەوە دەترسێت هەرگیز دەست بە ژیان نەکاتەوە وەک ئەم کارەکتەرە ئازیزەکانی نەبینێتەوە، بیرکردنەوە لە مەرگ ئازار بەخشە، نەک مەرگ خۆی، بەڵام (مەندان) بە پێچەوانەوە هەمیشە ئامادەبووە بۆ هەموو قۆناغەکانی ژیان و ڕووبەڕووی بووەتەوە بە مردنیشەوە، ئەمەش هۆکاری جیابوونەوەیان بووە، جگەلەوەی بەرگرەشی ئاماژە بۆ لەدەستدانی ئازیزانی لە شاڵاوی ئەنفالدا، هەروەها وەک زۆرێک لە ئافرەتانی ڕزگاربووی ئەنفال بیری لە هیچ پیاوێکی دیکە نەکردۆتەوە تا بیکاتە هاوسەری، هیچ پیاوێک وەک هاوسەر هەڵنابژێرێت بۆ هەمیشە.

هەروەها لە گفتووگۆیەکی نێوان (ژینۆ و مەردۆخ)دا، (ژینۆ) کارەکتەری (مەردۆخ)مان بۆ دەردەخات، کە ئیشق لەلای (مەردۆخ)، جۆرێکە لە ترس ناتوانێ بەرگەی نزیکیی بگرێت، بۆیە هەرکات پێیدەگات لێی دووردەکەوێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئیشقە بەجوانیی بمێنێتەوە و هەمیشە بە خەون و جوانیی ئەو ئیشقەوە بژێ دەڵێت"ئەگەر وایە، کاک مەردۆخ، ئەی پێم ناڵێی بۆ تۆ لەو شوێنە نەگیرسایتەوە، کە ژنێک، ئیشقێک بە پیرتەوە هات؟ مەردۆخ بە دەنگێکی پڕ پەشیمانیی وتی، نازانم، قوربان! بەڕاستی خۆشم نازانم! ژینۆ، وەک تانەی لێ بگرێ، هەر بە چرپە و ئاوازێکی سەرزەنشتی پێی وت"من وای بۆ ئەچم، کە تۆ خەونێکت هەیە سەبارەت بە ئیشق، نەک خودی ئیشق، ئەمە جودایە. بە بڕوای من، تۆ ئەوەندە شێتی ئیشقی، ئەوەندەش لێی ئەترسێی، هەرکاتێک دۆزیتەوە، لێی دوور ئەکەویتەوە. تۆ لەو کەسانەی، کە بەرگەی نزیکیی ئیشق ناگری".(سەلمان،٢٠١٥:٢٨٨). وەک دەردەکەوێت لای ئەم کارەکتەرە ئیشق ئامرازە نەک ئامانج، چونکە ئەم پێی وایە ئیشق ئامرازێکە بۆ بینینی جوانییەکان و دەیەوێت جوانییەکان ببینێت ئیشق تەنیا ئامرازی گەیشتنە بەو ئامانجە، بۆیە هەر کاتێک پێشیدەگات لە ترسی ئەوەی ئەم ئیشقە بگاتە قۆناغی داکشان و چیتر جوانییەکان نەبینێت، بۆیە جێیدەهێڵێت، جگەلەوەی ئەم کارەکتەرە بەرگەی قورسایی ئیشق ناگرێت، چونکە ئیشق وەک هەڵگرتنی شاخێکە لەسەر دوو پەنجە، بۆیە (مەردۆخ) بەرگەی ئەم بارە قورسە ناگرێت.

## ئەنجام:

١-لە ڕۆمانەکەدا هەردوو شێوازی (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) لە ناساندنی کارەکتەرەکاندا بەکارهاتووە، بەڵام بەشێکی زۆری کارەکتەرەکانی نێو ئەم ڕۆمانە لە سەر شێوازی ناساندنی ناڕاستەوخۆ بونیادنراوە.

٢-حکایەتخوانی ئەم ڕۆمانە لە شێوازی ناساندنی کارەکتەر بە شێوازی ڕاستەوخۆ پشتی بە وەسفی دەرەکیی بەستووە، زیاتر بۆ ناساندنی کارەکتەری ناکارا و لاوەکییەکان بە کارهاتووە، وەک پیاوانی کۆشک و ژنانی ناو تابلۆکە

٣-لە شێوازی ناساندنی کارەکتەر بە شێوازی ناڕاستەوخۆ گفتوگۆ ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە لە ناساندنی کارەکتەر بە خوێنەر، کارەکتەرە سەرەکییەکانی وەک"سەکینە، ئادەم" لەم ڕێگەیەوە بە خوێنەر ناسێنراوە.

٤- بەهۆی ئەوەی زۆری کارەکتەرەکان ڕۆشنبیر و خاوەن ئاستێکی بەرزی هزرین، بۆیە دەربڕی خودی خۆیانن و گوزارشت لە ناخ و هزری کۆمەڵایەتی وفەلسەفییەکانیان دەکەن، ئەمەش وایکردووە شێوازی ناساندنی ناڕاستەوخۆ زاڵبێت بە سەر بونیادی ڕۆمانەکەدا.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

ئەڵوەنی، نجم خالید، (٢٠٠٩)، کارەکتەر سازی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیدا، چاپخانەی موکریان.

خەیات، ئاری عوسمان ، (٢٠١٩)، ڕوانگەی ڕەخنەو ڕوانینی تیۆریی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

سەعید، جەلال ئەنوەر، (٢٠١٣)، گفتووگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خوارووادا(١٩٩١-٢٠٠٣)، چاپخانەی کەمال، سلێمانی .

عەلی، بەختیار ، (٢٠٢١)، لەدەستدانی ئاسمان، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

عەلی، بەختیار،(٢٠١٥)چێژی مەرگ دۆستی، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە.

هایدگەر، (٢٠٠٧)، شۆڕشێکی فەلسەفی، د. محمد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

عزام، محمد (٢٠٠٥)، شعريه الخطابا لسرد، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

فوستر، آ.م. (١٩٩٤)، اركان الروايه، ت: موسى العاصى، مطبعه دار جروس، طرابلس، لبنان.

قاسم، سيزا احمد ، (١٩٨٤)، بنا الرواية- دراسة مقارنة الثلاثية نجيب محفوظ، مطبعة الهئة الصرية للكتابة، قاهرة.

نامەی زانکۆیی:

ئیبراهیم، خالید قادر، (٢٠١٦)، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد و غایب توعمە فەرمان)دا، زانکۆی چەرموو، کۆلێژی پەروەردە، نامەی ماستەر.

حەمە بچکۆل، ئاهەنگ شەفیق، (٢٠١٩)، گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خوارووسالآنی(١٩٩٥- ٢٠٠٥)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، نامەی دکتۆرا.

عومەر، عەونی ئەمین عومەر، (٢٠١٥)، بنیاتی کارەکتەر لە دوو ڕۆمانی (فرهاد پیربال)دا بەنموونەی (مولازم تەحسن و شتی تر) و (هۆتێل ئەوروپا)، زانکۆی صەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، نامەی ماستەر.

# کاریگەری جیاوازی بیروباوەڕ لەسەر ناشتنی مردوو لەسەردەمی دەوڵەتی ئەشکانی دا (٢٤٧ پ. ز. -٢٢٦ ز.)

# تأثير المعتقدات المختلفة على الدفن في الفترة الدولة الفرثية (٢٤٧ ق. م. - ٢٢٦م.)

# The influence of different beliefs on burial during the Parthian state 247 B. C -226 C.

**کوردستان ڕەحمان علی[١]، کۆزاد محمد احمد[٢]**

[٢,١] بەشی شوێنەوار، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردوستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: kurdistan.ali@univsul.edu.iq

## پوختە

سەردەمی ئەشکانییەکان بەسەردەمێکی فرە ئایینی دادەنرێت، زۆرێک لە ئایینەکان کاریگەرییان هەبووە بەسەر دانیشتوانی ناوچە جیاوازیەکانی ژێر دەسەڵاتیان، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر کاریگەریی ئایینەکان لەسەر شێوازی ناشتن وە گرنگترینی ئەو جۆرە جیاوازانەی مردوو ناشتن لە قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکاندا، لە پێشەکی توێژینەوەکەدا بە گشتی باس لە دەسەڵات و شوینی جوگرافی و فراوانبوونی ئەشکانییەکان کراوە، ناوەڕۆکی توێژینەوەکەش بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە، لە باسی یەکەمدا هەوڵ دراوە لایەنی ئایینی و جیاوازی بیرو باوەڕی ئەشکانییەکان لە ڕێگەی شێوازی ناشتنی مردووەکانیان و بەڵگەکانی تری ئەو سەردەمە ڕوون بکرێتەوە، لە باسی دووەمدا شێوازی ناشتن لەو سەردەمەدا ڕوونکراوەتەوە لەگەڵ جۆرە جیاوازییەکانی شێوازی ناشت بە بەکارهێنانی چاڵی سادە و کووپە و دن و تابووتی شێوە جیاواز لە ناوچە جیاوازییەکانی ژێر دەسەڵاتیان، بەکار هێنانی جۆرە جیاوازەکانی تابووت یەکێک بووە لە نەریتە گرنگەکانی ئەو سەردەمە، کە زیاتر بۆ چینی دەسەڵات و خانەدانانی ناوچەکان بووە، بەڵام ڕێگای بەکار هێنانی چاڵ و کووپە زیاتر بۆ کەسانی ئاسایی بووە، وە سەرجەم شێوازەکان بە وێنە ڕوونکراونەتەوە.

**وشە کلیلییەکان:** ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی، بیرو باوەڕی ئایینی، گۆڕ، شێوازی ناشتن، تابووت.

## ملخص

يمكننا اعتبار فترة حكم الفرثيين بانه عصر متعدد الاديان , الكثير من الاديان كانت لهم تاثيرات خاصة على سكان المناطق التي كانت ترزخ تحت سيطرتهم، في هذا البحث نحاول ان نسلط الضوء على تاثير الاديان على كيفية دفن الموتى ابان عصرحكم الفرثيين. في بداية البحث سنتحدث بصورة عامة عن حكم والمنطقة الجغرافية و عوامل توسع نفوذ الفرثيين، وقد تم تقسيم البحث الى قسمين في القسم الاول، نتحدث عن الجانب الديني و اختلاف المعتقدات الدينية للفرثيين حول اسلوب دفن الموتى وطرح عدد من الشواهد التاريخية لذلك العصر وتوضيحها خلال الدراسة والبحث. وفي القسم الثاني، سنقوم بعرض و توضيح اسلوب دفن الموتى باختلاف طرق الدفن بحسب كل منطقة من مناطق حكم الفرثيين واستخدام الاساليب المختلفة من الحفر و دفن الأكواب و بناء التوابيت. وكيفية صنع التوابيت هي من ابرز سمات ذلك العصر، وهذه التوابيت كانت تستعمل لدف شخصيات من السلطات الحاكمة و عوائلهم . اما طريقة الحفر البسيط و دفن الأكواب فكانت من سمات الدفن للناس البسطاء وكل تلك الاساليب قد تمت عرضها في صور دلالة للتوضيح.

**الكلمات المفتاحية:** الإمبراطورية الفرثية، المعتقدات الدينية، القبور، ممارسات الدفن، التوابيت.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە: گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10503 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/٢٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/١٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | kurdistan.ali@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ کوردستان ڕەحمان علی،پ.ی.د. کۆزاد محمد احمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

The Parthian period is considered to be a multi-religious era, with many religions influencing the population of different regions under their rule. In this paper we will try to highlight the influence of religions on burial practices and the most important of these different types of burial in the Parthian Empire. The introduction to the study generally discusses the power, geographical location and expansion of the Parthians. The content of the study is divided into two parts. The first chapter attempts to explain the religious aspects and differences of beliefs of the Parthians through the burial methods of their dead and other evidence of that period in the different areas under their jurisdiction. The use of different kinds of coffins was one of the most important traditions of that time, mostly for the ruling class and the dynasties of the regions, while the burial pits and pithoi were mostly used for ordinary people. All the methods are explained with pictures.


**Keywords:** Parthian Empire, Religious beliefs, Tomb, Burial Method, Coffin.

## پێشەکی:

ئەشکانییەکان (٢٤٧پ. ز. – ٢٢٦ز.) کە پارتەکان و فورثییەکانیشیان پێ دەووترێت، هۆزێکی کۆنی ئارییایی بوون بە ناوی هۆزی پارنی سەر بە یەکێتی کۆنفیدراڵی (داها)بوون (گیرشمەن، ر. یانگ، ک. و [دیگران]، ١٣٨٥، ص. ٦١). لە هۆزێکی بچووکی دەشتەکی لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو هێزێکی جیهانی چوون کە کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆنیان کرد (Overtoom, 2016, p.984). بۆ یەکەمجار لە کەنارەکانی ڕووباری ‘ئۆچوس (Tejend Ochus) ’ تا دەریای ‘قەزوین ’Caspian دەرکەوتوون(Debevoise, 1938, p. 2.) . ئەرشاکی یەکەم Arsaces \Ashk \Aršak I ٢٤٧ پ . ز. - ٢١١پ . ز. وەک سەرۆک هۆزی پارنی بە دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەشکانییەکان دادەنرێت (Dabrowa, 2007, p.124). ئەویش دوای سەرکەوتنی بەسەر ‘ئەندراگۆراس Andragoras’ فارمانڕەوا سلوکییەکەی پارثیا و هیرکانیا (گورگانی ئێستا) (Bickerman, 1983, p.6). دواتر لە ساڵی ٢٤٧ پ. ز. ئەرشاك لە ناوچەی ‘ئەساک Asaac’ خۆی بە پادشا ڕاگەیاندووە وە تا ئێستا شوێنی ووردی ئەو ناوچەیە لە لایەن توێژەرانەوە دیاری نەکراوە (Meherdad, 2016, p.106). ناوی ئەشکانییەکانیش هەر لە ناوی دامەزرێنەری بنەماڵەکەیانەوە وەرگیراوە (Dabrowa, 2007, p.124). ساڵی ١٧١-١٣٨ پ. ز. دەسەڵاتی یەکێک لە گرنگترین پادشاکانیان بە ناوی میهرداد دەست پێدەکات کە توانی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان فراوان بکات و سەرکەوتوو بوو لە دەست بەسەر داگرتنی میدیا و وولاتی بابل (Pourshariati, 2008, p.20). ئیمپراتۆرییەتی ئەشکانی لە کۆتایی (سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی یەکەمی پ. ز.) دەسەڵاتی بەشێوەیەکی زۆر فراوان بوو، چەندین شانشینی جیاوازی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لە گەورەترین ئاستیدا سنووری جوگرافیای ئەشکانی بەم شێوەیە بوو، لە ڕۆژهەڵاتەوە لە باکتریا (باکووری ئەفغانستانی ئێستا)، تا ڕووباری فورات (عێراق و سوریا) لە ڕۆژئاوا درێژدەبووە (Magub, 2018, p.6). لەباکووریشەوە سنورەکانی دەگەیشتە مێسۆپۆتامیای سەروو، و بە درێژایی کەنارەکانی خوارووی دەریای ‘قەزوین Caspian’ بەسەر بیابانی ‘کاراکوم Karakum’ (بیابانی کاراکومی ئێستای تورکمانستان) بەرەو ڕووباری ‘ئۆکسۆس Oxus’ (ئامودارای ئێستا). لەباشووریشەوە دەسەڵاتی بەسەر ڕێگای بازرگانی دەریاییدا گرتبوو بە درێژای کەنداو .(Gregoratti, 2017, p.125)

لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا کوردستان کە بەشی هەرە گەورەی میدیای گەورە و میدیای ئەترۆپاتینی پێ دەووترا، لە ڕووی سیاسییەوە لە چەند یەکەیەکی سیاسی پێکهاتبوو، لە ژێر ناوی جیاوازدا، ئاماژە بە ناوی زۆر لەم یەکانەش کراوە لە ماوەی حکومڕانیی ئەشکانییەکاندا، میدیا یەکێک بوو لە هەرێمە گرنگەکانی ئەو سەردەمە، لە سەردەمی ئەسکەندەر و سلووکی دا هەر هەبووە و میدیا هەر بەکاردەهات، بەشی

باکووری وولاتی میدیا کە ئێستا ئازەربایجانە پێی دەووترا 'مادی ئەترۆپاتین' بە ناوی ئەو فەرمانڕاوەیەوە کە لە سەردەمی هاخامەنشیدا ساتراپی هەرێمەکە بووە (أحمد، ٢٠٢١، ل.٢٩). ناوچەکانی ڕۆژئاواش هەرێمێکی تری گرنگی ئەشکانی بووکە دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی بچووک و گەورە، پێی دەووترا 'ئەدیابینە' (= حەدیاب، حەززە لە سەرچاوە عەرەبی و سریانییەکاندا) (أحمد، ٢٠٢١، ل.٣٠ ). کۆماگینە یەکێکی تر بووە لە شانشینە گرنگەکانی کوردستانی کۆنی ئەو سەردەمە، شانشینەکە بە وولاتی کۆماگینە ناونراوە، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە فورات و لە ڕۆژئاواوە زنجیرە چیای تۆرۆس و لە باشوورەوە دەشتەکانی باکووری سوریای ئێستا سنووری بوون (أحمد، بلاونەکراوە أ، ل.١٩). وە ناوچەی گەرمیانش کە بە زمانی پەهلەویی ئەشکانی پێی ووتراوە "گەرمیکان Garmikān" وە بە ئارامیش "بێث گەرمای bēth Gar-mai" پێی ووتراوە (أحمد، بلاونەکراوە ب، ل.٤). پەتلیمۆس Ptolemy ناوی گەرمیانی بە "گەرەمایۆی Garamaioi" هێناوە، شانشینێک بووە پایتەختەکەی "کەرخا د بێث سلۆک Karkha de bēth Slōk" بووکە دەکاتە کەرکووک (أحمد، بلاونەکراوە أ، ل.١٩). بە گشتی ئەشکانییەکان مێژووەکەیان بەشێوەیەکی تەواو ڕوون نییە، بەشێك لە مێژووەکەیان بە نادیاری ماوەتەوە، کە لە هیچ سەردەمێکی ئێران مێژووی وا ناتەواو نابینرێت، ژمارەیەکی کەم لە تێکستە مێژوییەکان و تۆمارە هاوچەرخەکان ماونەتەوە، لەوانەش سەرچاوە کلاسیکیەکان (= یۆنان و ڕۆمان) و سەرچاوە سریانییەکان، لەگەڵ ئەو هەڵکۆڵینانەی لە قەڵاو شارە ئەشکانییەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەنجامدراون (Wid-engren, 2008, p.1261-1262). نووسراوە کورت و دووبارەکانی سەر سکەکانی پادشایانی ئەشکانی، سەرچاوەی بنەڕەتی و سەرەتایین بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەك کەتایبەت بێت بەم سەردەمە، سکەکان فراوانترین بەڵگەن هەم لە ڕووی جوگرافیاوە هەم لە ڕووی کرۆنۆلۆجیاشەوە (Magub, 2018, p.42)). کۆتایی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان لەسەردەمی ئەردەوانی چوارەمدا بوو، کاتێک لە ساڵی ٢٢٤ ز. ئەردەشێری کوڕی پاپەک توانی شکست بە ئەردەوان بهێنێت، وە لە ساڵی ٢٢٦ ز. تەیسەفونی پایتەختی ئەشکانییەکانی لە میسۆپۆتامیا گرت و خۆی بە ' پادشای پادشاکان' ڕاگەیاند. (Daryaee, 2009, p.2) . بەم شێوەیەش حوکمڕانیی ئەشکانییەکان لە ساڵی ٢٤٧پ. ز. تا ساڵی ٢٢٦ز. بەردەوام بوو، بۆماوەی زیاتر لە چوار سەدە و نیو حوکمڕانیان بەسەر ئێران و میسۆپۆتامیادا و زۆر ناوچەی تردا کردووە .(Pourshariati, 2008, p.20)

## باسی یەکەم: بیروباوەڕی ئایینی لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا

دوای داگیرکارییەکانی ئەسکەندەری گەورە لە ساڵی ٣٣١پ . ز.، وە تێکەڵاو بوونی کولتووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ ڕۆژئاوا لە لایەنی هونەری و تەلارسازییەوە بێگومان لایەنی ئایینیش بەدەر نەبووە لەو تێکەڵاو بوونە، هەرچەندە کاریگەریی ئایینی هیلینیستی لە ناوخۆی ئێران کەمتر دیاربوو، بەڵام بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئایینی ئێرانی(Colpe, 2008, p.819) . ئەشکانییەکان دووبارە هانی لە دایکبوونەوەی هۆشیاری ئایینی ئێرانی بە زاری نەتەوەیی، زمانەوانی و کەلتوری و بارودۆخی نیشتیمانی داوە. ئەمەش بە تەنیا گەڕانەوەی نەریتە کۆنەکانی ئایینی زەردەشتی نەبوو، بەڵکو پەیوەندی ئایینە ڕەسەنەکانی لەگەڵ ئایینە نامۆکان بردە قۆناغێکی نوێوە (Colpe, 2008, p.820). دەتوانین بڵێین ئایینی ئێرانی لەم ماوەیەدا بەسەر سێ قۆناغدا دابەش بووە. ڕەنگە لەسەرەتادا ئایینی زەردەشتی ملکەچی دەسەڵاتی یۆنان- مەکەدۆنی بووبێت، بۆ نمونە لە سوسا کە پایتەختێکی کۆنی هاخامەنشییەکانە ئاهورامزدا ئاینێکی خۆجێی نەبووە، وە سکەکانی سلوکی و ئەشکانی لەوکاتەدا نوێنەرایەتی هیچ خواوەندێکی ئایینی ئێرانیان نەکردووە. هێلینزم تەنیا ئیمتیازی بە ئایینی ناوخۆی داوە ئەویش ئایینی عیلامی بوو نەک ئایینی ئاریایی ئێرانی(Duchesne-Guillemin, 2008, p.866) . قۆناغێکی تر لە مێژووی ئێراندا لەو سەردەمە خوایەکانی ئێران و خوایەکانی یۆنانی بەیەک چواندووە، لە ژێر ناوی جیاوازدا پەرستوویانن وەکو خوایەکی تاك (زیووس بە ئاهورامەزدا، ئەپۆڵۆ بە میثرا، ئەثینا بە ئاناهیتا). وە خواوەندەکانی بابلیان بە خواوەندەکانی ئێران هاوسەنگ کردووە (بێل بە ئاهورامەزدا، شەمەش بە میثرا، ئیشتار بە ئاناهیتا) (کریستینسین، ٢٠٠٦، ل.٤٦). لە قۆناغی سێیەمدا ئەشکانییەکان دانیان بە ئایینی زەردەشتی دا ناوە. بە گوێرەی زانیاریەکانی (دێنکەرد DĒNKARD) ڤەلاخش یاداشتێکی بۆ هەموو فەرمانڕەوای هەرێمەکان ناردووە، بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پاراستنی هەرچییەک لە پاکی ئاڤێستا و زەنددا


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کە مابێتەوە جا ڕاستەقینە بێت یان فێرکارێکی لێوە سەرچاوە گرتبێت بە نووسراو بێت یان بە شێوەی زارەکی. بەڵام دڵنیا نین کە لەسەردەمی کام ڤەلاخشە بووە، ڤەلاخشی یەکەم کە زمانی ئارامی لەسەر سکەکانی بەکارهێناوە، یان ڤەلاخشی چوارەم کە لە پشتی سکەکان وێنەی ئاتاشگەی ئاگرینی کردووە Duchesne-Guillemin, ٢٠٠٨, p.٨٦٧)). بەپێی بەڵگەنامەکانی نایسا کە لەسەر پارچە سواڵەتەکان نووسراون و دۆزراونەتەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەشکانییەکان ساڵنامەی زەردەشتیان شان بەشانی ساڵنامەی سلوکی بەکارهێناوە. بە پێی بەڵگەنامەکانی هەورامانیش کە سێ بەڵگەنامەن دووانیان بە یۆنانی و یەکیکیان بە پەهلەویی ئەشکانی نووسراون بریتین لە قەواڵەی کڕین و فرۆشتن، بۆما دەردەکەوێت ئەشکانییەکان داب و نەریتی زەردەشتیان لە هاوسەرگیری خزمایەتی نزیک جێ بەجێ کردوە (Boyce, 2016, Iranica). لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو چوونیان بۆ ناو خاکی پارثی هیچ شتێک دەربارەی ئایینی ئەشکانییەکان نەزانراوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ماوە درێژەی دەسەڵاتیان، بەڵگەکانیان سەبارەت بە ئایینەکەیان کەم ماونەتەوە. لایەنی ئایینی ئەشکانییەکان هەروەك لایەنی مێژوویی و هونەری زانیاری زۆری لەسەر نییە ئەوەشی کە هەیە لە ڕێگەی سکەکان و شێوازی ناشتنی مردووەکانیان بووە .(Boyce, 2016) ئەشکانییەکان مەزهەبێکی دەسنیشانکراویان نەبوو، لە سەرەتادا خۆر و مانگ و ئەستێرەیان دەپەرست، لەگەڵ خەڵکانی تری زەردەشتی تێکەڵ بوون و ستایشی ئاهورامەزدایان کردووە، بە تێکەڵ بوونیان لەگەڵ یۆنانییەکان و سلوکیەکان هەموو جۆرە خوایەکانیان پەرستووە (تاج بەخش، ٢٠١١، ل.٢٩٢Mohammadi far, Sarraf, 2006, p.53; ) لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا هەریەك لە 'میثرا' و 'ئاناهیتا' دەپەرستران، کەدوو پەرستراوی کۆنی سەردەمی هاخامەنشی بوون (سەرفرازی، فەیروزمەندی، ٢٠١٣، ل.٤٣٠) .جولەکەکان لەسەردەمی ئاشوری نوێدا کاتێک دەوڵەتەکەیان ڕووخێنرا ژمارەیەکی زۆریان ڕاگوێستران بۆ کوردستان و لەو ڕێگایەوە ئایینی جولەکە لە ناو ئێراندا دەرکەوت (غەفوری، ٢٠١٤، ل.٣٣). لە ڕۆژئاوا لە دوای جولەکە ئایینی مەسیحیەت پەرەی سەند و کەسانی زۆر باوەڕیان پێی هێنا، وە لە ڕۆژهەڵاتیش ئەشکانییەکان ڕووبەڕووی ئایینی بوودایی بوونەوە (محمدی فر، ١٣٩٧، ل. ٤٨). بەم شێوەیە بیرو باوەڕی ئاینییان جۆراو جۆربوو، ئازادیی ئایینی بە شێوەیەکی گشتی لە ئارادابوو (تاج بەخش، ٢٠١١، ل.٢٩٢). کۆمەڵێك ئاینی نائێرانیش کاریگەریان لەسەرنەریتی ئێرانی هەیە لەوانە ئایینی (هیندی و یۆنانی و ئایینەکانی میسۆپۆتامیا) ((Canepa, 2020, p.311. یەکێك لە سیفەتە جوانەکانی ئەشکانییەکان نەبوونی دەمارگیریی ئایینی بوو، هەڵگرانی بیرو باوەڕی جۆراوجۆر، بەبێ ئەوەی لە ژێرگوشاردابن، لە ئەنجامدانی داب و نەریتی خۆیان ئازاد بوون، وەك لەسەر سکەی ئەشکانییەکان وێنەی خواوەندەکانی یۆنانی دەبینین، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ڕێزیان لە خواوەندە یۆنانییەکان گرتووە (تاج بەخش، ٢٠١١، ل. ٢٩٣). یەکێک لەو هۆکارانەی تریش کە وایکردووە توێژەران بڕوایان بە بوونی ئازادیی ئایینی لەو سەردەمە هەبێت، بوونی شێوازی جۆراو جۆری ناشتنە.

## باسی دووەم: شێوازی ناشتنی مردوو لە لای ئەشکانییەکان

لەگەڵ هاتنی یۆنانییەکان بۆ ئێران و دوای کاریگەریی یۆنانی (هیلینستی)، گۆڕانکاری لە شێوازی ناشتن و دانانی کەلوپەلی مردوو لە گۆڕەکاندا ڕوویداوە (کامبخش فرد، ١٣٧٧، ص. ٤٣). بە تایبەتی بەشی باشووری ڕۆژئاوای ئێران گۆڕانکاریەکی ئایینی و کۆمەلایەتی و کولتووری بەخۆیەوە بینی، لەم کاتەدا چەندین جۆری نوێی ناشتن سەریهەڵدا (Farjamirad, 2014, p.129). ئەشکانییەکان شێوازی جیاوازیان بەکارهێناوە بۆ مردوو ناشتن، ناشتنەکانیان بە شێوەیەکی تاکە کەسی یاخود خێزانی بووە، مردووەکانیان لە تابووت و بە بێ تابووت ناشتووە، یاخود لە گۆڕی بەردیندا، بەشێوەی پاڵکەوتن یان بەشێوەی دانیشتوو دانراون. هەروەها کۆمەڵێك کەلوپەلیان وەك دیاری لە ناو گۆڕەکاندا دەنا (سەرفرازی، فەیروزمەندی، ٢٠١٣، ل.٤٣٢). هەروەها کووپەیان بۆ ناشتن بەکارهێناوە و دەمی کووپەکەیان دادەخست و ڕووەو خۆر دایان دەنا (تاج بەخش، ٢٠١١، ل.٢٩١). بەهۆی فراوان بوونی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان و ئەو جیاوازییە سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیانەی لەگەڵ دراوسێیەکانیان و نەریتە ڕەسەنەکانیان کە هەیان بووە، یاخود بەهۆی جیاوازی بیرو باوەڕی ئایینی لە ناو ئیمپراتۆرەکەیاندا، وای کردووە شێوازی ناشتی مردوەکانیان جیاواز بێت (مازیار، ١٣٩٨، ل.٢٠٥). شێوازیی ناشتن لە نەریتی زەردەشتیدا بە شێوەیەک بوو ئەبوایە ڕێگری

بکات لە بەرکەوتنی توخمە پیسەکانی مردوو لەگەڵ زەوی و ئاو و ئاگر، لە ئایینی زەردەشتیدا مردوو نابێت بسوتێنرێت و فڕێ بدرێتە ناو ئاوەوە، چونکە بەرکەوتن لەگەڵ ئاو و ئاگر و زەوی کە بە توخمێکی پیرۆز دادەنرێت دەبێتە هۆی پیسبوونیان(چاپچی امیر، ١٣٨٤، ص.٢٤). لە یەکێک لە دەقەکانی ئاڤێستادا هاتووە کە ئاهورامەزدا فەرمان دەکات تەرمی مردووەکان لە سەر لوتکەی چیاکان دابنرێن تا لە لایەن سەگ و باڵندەکانەوە بخورێن. بە جۆرێک کە هەمان داب و نەریت لە لایەن هێرۆدۆتسەوە باسکراوە، وە لە لایەن جوستینوسەوە باسی ئەم دابوو نەریتە کراوە کە ئەشکانییەکانیش پەیڕەویان کردووە. پاشان ئێسکەکان کۆدەکرانەوە و دەکرانە نا ئەستۆدانە " Astōdānوە (Olbrycht, 2017, p.305).

لە ئەنجامی کنەوپشکنینەکان و پاشماوەی گۆڕە ئەشکانییەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت وەك لایەنەکانی تر شێوازی ناشتن لە نێوان هەرێمەکاندا جیاوازی هەیە، چەند جۆرێك لە ناشتنیان پەیڕەو کردووە. شێوازەکانیان سەرچاوەیەکی گرنگن، وە یارمەتیمان دەدەن بۆ ناسینەوەی دابونەریت و کولتوورەکەیان. لە ڕۆژئاوا زیاتر نەریتی هیلینیستی پەیڕەوکراوە. بەپێی دۆزینەوەکان چینی دەسەڵاتدار و خانەدانەکان لە ژووری گۆڕەکاندا لەناو تابووتدا بەخاك سپێردراون، بە بەراورد بە کەسانی ئاسایی کە لەناو کووپە و چاڵ بەخاك دەسپێردران.

## یەکەم: شێوازی ناشتن لە چاڵدا

شێوازی ناشتن لە چاڵدا (وێنەی ژمارە. 1) یەکێکە لەو ڕێگایانەی ئەشکانییەکان پەیڕەویانکردوە بۆ ناشتنی مردووەکانیان، بەتایبەت بۆ کەسانی ئاسایی. لە زۆربەی ناوچەکان شوێنەواری ئەم جۆرە ناشتنانە دەدۆزرێنەوە. لە ناوچەی (خانەقای گیلڤان Khaneghah Gilvan) لە هەرێمی ئەردەبیل لە ئەنجامی دروستکردنی ڕێگایەکی گشتی پاشماوەی گۆڕستانێك دۆزراوەتەوە کە گۆڕستانی سەردەمی برۆنز تا سەردەمی ئەشکانییەکان لەخۆ دەگرێت. چوار گۆڕیان بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە (Rezaloo, 2012, p.103). بە شێوەیەکی گشتی شێوازی ناشتن لەو ناوچەیە بە شێوەی چاڵ بووە، چاڵەکان سادە بوون یان بە بەرد هێڵکاریان بۆ کرابوو، لەدوای هەڵکەندنی چاڵەکان مردووەکانیان ناشتووە. ئەندازەی چاڵەکان بەپێی لاشەی کەسەکە هەڵکەندراوە. مردووەکانیان بە ئاراستەی باشوور-باکوور بووە، سەریان یاخود پێیان بە ڕێکەوت لەلای باشوور و باکوور بووە، لە چاڵەکاندا ناشتنەکانیان بەشێوەیەکی تاك بووە، ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگایانەی ئەشکانییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاریان هێناوە لەگەڵ دانانی دیاری بۆ مردووەکان (Rezaloo, 2012, p.104;105;106). هەروەها بە پێی سنوری جوگرافیایی کۆن نوزی کە ناوچەیەکی گرنگی کوردستانی باشور بووە، لە ساڵی ١٩٢٧-١٩٣٠ لە گردی یۆرغان تەپە پاشماوەی گۆڕستانێکی گەورە دۆزرایەوە کە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە زۆربەی گۆڕەکان بە شێوەی چاڵ بوون، ئەم جۆرە گۆڕانە هیچ پێکهاتەیەکی تەلارسازیان تێدا نییە. شێوازی دانانی لاشەیان بە زۆری لە سەر پشت بووە لە دۆخی پاڵکەوتن دابوون، لە هەندێک کاتیش دا لەسەر لای ڕاستی خۆیان دانراون، لە هەندێک حاڵەتی دەگمەن دا لاشەکە بە لای چەپدا بووە. وە دانانی قۆڵیان جیاواز بوو، ئەگەر لاشەکە لەسەر پشت بوایە زۆرجار قۆڵی ڕاست بەسەر لاشەکەدا دەچەمێنرایەوە، قۆڵی چەپ بە درێژکراوی لای لاشە دادەنرا. ئەگەر لاشەکە لەسەر لا بووایە دەستی زیاتر بە چەمێنراوەیی لەسەر لاشەی دادەنرا. وە هەندێک کاتیش هەردوو قۆڵەکە بەسەر لاشەکەدا دەچەمێنرانەوە، بە دەگمەن هەردوو قۆڵەکە لە تەنیشتیەوە درێژدەکران. زۆربەی پارچە دۆزراوەکانی ناو گۆڕە سادەکان پێکهاتبوون لە (کەلووپەلی شووشە، بەرد، ئاسن، مس، بابەتی جوانکاری گوارە، ملوانکە، ... هتد). (Ehrich, 1939, p.546)



وێنەی ژمارە. ١ شێوازی ناشتن لە چاڵدا (Rezaloo, 2012, p.104)

## دووەم: شێوازی بەخاك سپاردن لە کووپە و دن (Pithoi)

بەکارهێنانی کووپە و دنی گڵێنەیی (وێنەی ژمارە. 2) لە هەردوو شارستانییەتی یۆنان و ئێران بۆ ناشتنی مردوو بەکارهاتوون. کووپەکان لە شێوە و پێوانەدا جیاوازن، کووپەی گەورەی ڕازێنراوە بۆ ناشتنی کەسی گەورە بەکارهاتوون، ئەم جۆرەیان تەنها لە باکووری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای ئێران دۆزراونەتەوە (Farjamirad, 2014, p.133 ؛ محمدی فر، ١٣٩٧، ص.٥١-٥٢). شێوەیەکی تری کووپەکان شێوە درێژکۆڵەیی بوون، لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران و بە تایبەت لە سوسە باو بوون کە دەمێکی بچوك و بنکەیەکی بازنەییان هەبووە، ئەم شێوەیە زیاتر بۆ بەخاك سپاردنی منداڵ بەکاردەهات. ناشتنی جۆری کووپە لەگەڵ شێوازەکانی تری ناشتن لە ناوچەکانی قەڵەمڕەوی ئەشکانی لە (کەنگاوەر، سەنگی شیر، ڤەلیران، سووسە، ...) دۆزراونەتەوە (Farjamirad, 2014, p.133).



وێنەی ژمارە. ٢ شێوازی ناشتن لە کووپە و پیثۆی دا (Farjamirad, 2014, P.133).؛ کامبخش فرد، ١٣٧٧، ص.١٠

## سێیەم: بەکارهێنانی تابوت

لەناوەڕاستی سەدەی دووەمی پ. ز. ناشتنی مردوو لە تابوتدا بۆ ڕۆژئاوای ئێران بڵاوبۆوە (Farjamirad, 2014, p.132). تابوتی هێلکەیی لە کەنگاوەر و تاقی بوستان لە پارێزگای کرماشان، وە لە گۆرستانی سەنگی شیر لە هەمەدان دۆزراونەتەوە. تابووتەکان هەمان تایبەتمەندیی تابوتی سلوکییان هەیە، کە پێشووتر لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران بڵاوبوونەوە (Farjamirad, 2014, p.132؛ محمدی فر، ١٣٩٧، ل.٤٩-٥١). تابووتە قورینەکان پێش سەردەمی ئەشکانی لە مێسۆپۆتامیا و باشووری ئەنادۆڵ و سووریا لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ.ز. تا سەدەی ٣ ز. بەکار هاتوون. لە سەردەمی هاخامەنشی و سلوکی تابووتی شێوە 'مرۆڤ Anthropoid coffin' لە بابل و باشووری ڕۆژئاوای ئێران بەکارهاتوون. تابوتی شێوە 'بانیۆ Bathtub Coffin' لە مێسۆپۆتامیا و ناوچەکانی کەنداو و فەڵەستین بەکارهاتوون، وە لە کۆتایی ئاشوورییەکانەوە تا سەردەمی هاخامەنشییەکان بڵاوبونەتەوە (Olbrycht, 2017, p.304). شاری هەمەدان کە یەکێک بووە لە شارە گرنگەکانی ئەو سەردەمە لە چەند شوێنێکی جیاوازی هەمەدان گۆڕستانی سەردەمی ئەشکانی دۆزراونەتەوە جۆری جیاوازی ناشتنیان تێدا بەدی دەکرێت (Mohamadifar, et al., 2019, p.1). ئەو ناشتنانەی کە تابووتیان تێدا بەکارهاتووە ژمارەیان ٣٥ گۆڕە و چەند تابووتی شێوە جیاواز لەخۆ دەگرن. بەشێک لە تابووتەکان لەسەر شێوەی لاشەی مرۆڤ، بەشێکیان بە شێوەی لاکێشەیی و بەشێک لەم تابووتە لاکێشەییانە بەپێی ناوچەکان جیاوازن، لاکورتەکانیان شێوە کەوانەییە. بەگشتی ٢٨ تابووت لە گڵینە و ٥ تابووت لە بەرد دروستکراون، بەشێک لە تابووتە گڵینەییەکان لێواری سەرەوەیان بە ڕازانەوەیەکی شەپۆلدار لە شێوەی کاریگەریی پەنجەی دەست دروستکراو ڕازێنراونەتەوە. تابووتەکانی تر بە شێوەیەکی سادە و بەبێ ڕازاندنەوە دروستکراون (Mohamadifar, et al., 2019, p.10-11).

### ١.تابووتی شێوە مرۆڤ Anthropoid sarcophagus :

ئەم شێوازە تابووتانە (وێنەی ژمارە. 3) درەنگ لە ڕۆژئاوای ئێران دەرکەوتن. ئەم جۆرە لە سەردەمی هاخامەنشیشدا بەکارهاتووە، بە هۆی بوونی ئێسك لە دەوروبەری گۆڕەکانی سوسە، گومان دەکرێت لەسەردەمی سلوکی و ئەشکانیش دووبارە بەکار هێنرابنەوە. ئەم شێوەیەش لە هەمەدان لە گڵ یان لەبەرد دروستکراون. دەرکەوتنی ئەو جۆرە تابووتانە لە سوسە لە سەرەتای سەدەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێنەوە بۆ سەر شێوازیی میسری، بەڵام دەستکاری کراون بە گونجاندن لەگەڵ کەرەستە ناوخۆیەکان (Farjamirad, 2014, p.132; Mohamadifar, et al., P.6-8).



**وێنەی ژمارە. ٣ تابووتی شێوە مرۆڤ (Farjamirad: 2014, p.131)**

**٢.تابووتی شێوە پێڵاو slipper coffin:**

تابووتی شێوە پێڵاو slipper coffin (وێنەی ژمارە. 4) لە بابلی سەردەمی ئەشکانیدا بەکارهاتووە، لە وەرکا و ناوەڕاست و باشووری مێسۆپۆتامیا لە ناوچەکانی تل عمران، کۆشکی باشوور لە بابل، مەشکان-شاپیرا، تەل ئەلمەدائین، نیپور، سلوکییە دۆزراونەتەوە (Middle-ton, et al., 2008, p.30). بۆ یەکەمجار لەساڵی 1850 لە وەرکا لە باشوری عێراق، لەلایەن شوێنەوارناسی بەریتانی 'William Ken-neth Loftus'ەوە دۆزراوەتەوە، بە تابووتی شێوە پیڵاو "coffin slipper" ناساندی (Curtis, 1979, p.309). بەکارهێنانی تابووت بە یەکێك لە نەریتەکانی بەخاك سپاردنی ئەشکانییەکان دادەنرێت. کە لە گڵێنە دروستدەکران وە ڕووشووشە دەکران بە ڕەنگی شین- سەوزباو، درێژیەکەیان نزیکەی ١،٥ ٢،٢١-م دەبوون، مردووەکانیان بەڕێکی تیایاندا دادەنا ((Middleton, et al., 2008, p.34; Curtis, 1979, p.309-310. لای سەرەوەیان بەرین و هێلکەیی بوون لە ئاستی سەریان کرانەوەیەک هەبوو سەرقاپێکیان دەخستە سەری، لای خوارەوەیان تەسکتر بوون کونێکی تێدا هێشترابۆوە هەتا هەڵمی و بۆنی ناخۆشی لاشەکەی پێدا دەربچێت، زۆربەی ئەم تابووتانە سەرقاپەکانیان و بەشی سەرەوەیان دەکرا بە چەند چوارگۆشەو هەر بەشێکیشیان بە پەیکەری سەربازی ئەشکانی یان وێنەی مێینەی ڕووت ڕازێنرابوونەوە (کالیج، ٢٠١٠، ل. ١٤٦). لە وەرکا، باوترین مۆتیف وێنەی جەنگاوەر بووە (Middleton, et al., 2008, p.34). تابووتە دۆزراوەکان لە ڕووی نەخش و ئەو مادانەی تێدا بەکارهاتوون جیاوازن.



**وێنەی ژمارە. ٤ تابووتی شێوە پێڵاو (Curtis, 1979, p.310)**

## ٣.تابووتی شێوە لاکێشەیی:

### تابووتی بەردین:

له شاری قودس(ئورشەلیم) گۆڕستانێکی شاهانەیی دۆزرایەوە (وێنەی ژمارە. 5) کە بە "گۆڕی فەرمانڕەواکان" ناسراوە (Ilan,Tal, "Helene, "Queen of Adiabene"). چەند تابوتێکی بەردین دۆزراوەنەتەوە، یەکێکیان بە تابووتی شاژنە هێلینای شاژنی شانشینی ئەدیابینە دادەنرێت، نەخشی ئەندازەیی بۆ ڕازاندنەوەی بەکارهێنراوە، وە بە خەتی سریانی نووسراوی لە سەرە (غەفوری، ٢٠١٤، ل.36-34).



**وێنەی ژمارە. ٥ تابووتی بەردینەیی شاژنە هێلینا (غەفوری، ٢٠١٤، ل.36)**

### تابووتی گڵێنەیی:

لە کوردستانی باشووریش لە قەسری شەمامۆك (کیلیزو)، پاشماوەی چەند گۆڕێك دۆزراونەتەوە لەگەڵ دوو تابوتی گڵێنەیی بە گیراوەی شوشەی سەوزو شین ڕووشووشە کراون، ئەمانەش شێوەیەکی لاکێشەیان هەیە لا کورتەکانی بازنەیی بوونەتەوە. تابوتەکان لە لایەکانیانەوە بە وێنەی مێینەیەکی ڕووت لە ناو لاسکێکی چەماوەیی مێودا ڕازێنراونەتەوە (وێنەی ژ.٦، أ) (Marciak, 2017, p.292-293; Furlani, 1934, p. 90-91). لە ناوچەی گەرمیانیش لە ناحیەی سەرقەڵا تابوتێکی شێوە لاکێشەیی ڕوو شووشەکراو بە ڕەنگی سەوزباو دۆزراوەتەوە کە بە نەخشی ئەندازەیی هێڵی لوول پێچ و تاج و ستوون ڕازێنراوەتەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە (وێنەی ژ. ٦، ب) ، بە گۆڕی یەکێک لە خانەدانەکانی ئەشکانی دادەنرێت کە بە شێوەیەکی خێزانی لە ژووری گۆڕدا نێژراون (علی، محمد، ئەوانی تر، ٢٠١٣، دۆسییەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان).



**وێنەی ژمارە. ٦، أ تابووتی لاکێشەیی گڵێنەیی قەسری شەمامۆك (Marciak, 2017, p.537).**



وێنەی ژمارە. ٦، ب تابووتی لاکێشەیی گڵێنەیی سەرقەڵا (دۆسییەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠١٣)

### ٤.تابووتی شێوە هێلکەیی:

ئەم جۆرە تابووتە (وێنەی ژمارە. 7) لە کوردستانی باشوور لە ناحیەی سەرقەڵا و گوندی بەرلووت لە گەرمیان دۆزراونەتەوە کە بە پێی پاشماوەکان بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە و بە گۆڕی خانەدانی ئەشکانی دادەنرێن لە ناوچەی گەرمیان. تابووتەکان شێوەیەکی هێلکەییان هەیە کە بە نەخشی لوول پیچ ڕازێنراونەتەوە لە شێوە و قەبارەدا تابووتەکان جیاوازیان هەیە. ئەم جۆرە ناشتنەش لە زۆرێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان دۆزراونەتەوە (علی، محمد، ئەوانی تر، ٢٠١٣، دۆسیەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان؛ محمد، صالح، ئەوانی تر، ڕاپۆرتی بەشی پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠١٣). بە گشتی دانانی لاشەی مردووەکە لەم جۆرە تابووتانەدا لەسەر لا بە شێوەیەکی چەماوە دانراون ئاڕاستەی گۆڕەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازبوون.



وێنەی ژمارە.٧ تابووتی هێلکەیی لە گوندی بەرلوت (ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠١٢).

## چوارەم: شێوازی ناشتن لە گۆڕی ژێر زەوی Subterranean tombs

ئەم جۆرە گۆڕانە لەژێر زەوی لە ژوورێکی لاکێشەیی یان شێوە نارێکدا بوون. ژووری ناشتنەکە لە ناو خاکدایە. دیواری ژوورەکە لە خشت و بەردی لایمیستۆن دروستدەکران، بە بەکارهێنانی گەچ بەیەکەوە دەلکێندران (Farjamirad, 2014, p.132). نموونەی ئەم شێوازی ناشتنە لە گۆڕی چەرام لە پارێزگای کۆگیلو وبوێر ئەحمەد لە باشووری چیای زاگرۆس دۆزراونەتەوە. لەکاتی کنەوپشکنینەکاندا ژوورێکی گۆڕی ئەشکانی دۆزرایەوە کە شێوازی ناشتنەکەیان لە ژوورێکی لە خشت دروستکراوبوو، کۆمەڵێك پاشماوەی شوێنەواری کووپە و دن و ئامرازی کانزایی تێدا دۆزراونەتەوە (Roustaei, Azadi, 2011, p.196-197). نمونەیەکی تری ئەم جۆرە ناشتنە لە ناوچەی ڤەلیران نزیک تاران دۆزراوەتەوە. رووبەری گۆڕەکە نزیکەی ١٢م٢ و سێ سەکۆی لە خۆگرتووە بە مەبەستی دانانی تەرمەکان دروستکراون. ئێسکەپەیکەرەکان لەسەر پشت دانرابوون، لەسەر سەکۆکان ئێسکی رەگەزی نێرینەیەک و مێینەیەک هەن ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ نەریتی ناشتنی هاوشێوە بۆ هەردوو رەگەز ( .Farjamirad, 2014, p.133).

هەروەها لە رووی تەلارسازییەوە گۆڕ گردۆلکەی سەرقەڵاش بە هەمان شێوە بووە کە پێکهاتەکەی لە ژوورێکی شێوە لاکێشەیی پێوانەی پانی ژوورەکە ٣م، درێژیەکەی2,40 م، بەرزیەکەی2,10 م. شێوازی میچەکەشی بە شێوەی تاق دروستکراوە. لە دیواری بەشی باکووری ئەم ژوورە تاقچەیەک دروستکراوە بە شێوەیەکی چوارگۆشەیی و بەشی سەرەوەی بە شێوەی نیوە بازنەیی دروستکراوە بە پێوانەی بەرزی ٥٩سم، پانی٥٤سم، قوڵی٤٠سم، بەهەمان شێوەی دیواری باکوور لە دیواری باشووریشدا تاقچەیەکی تر دروستکراوە کە شێوەکەی چوارگۆشەییە بەشی سەرەوەی بە شێوەیەکی نیوە بازنەیی دروستکراوە بە پێوانەی بەرزی ٦٤سم، پانی ٥٨سم، قوڵی ٤٤سم. لە ئەرزەی گۆڕەکە سەکۆیەک بە هەر چوارلای ژوورەکە دروستکراوە بۆ دانانی ئێسکی مردووەکان بە پێوانەی بەرزی ٣٦سم، پانی ٦٠سم (توێژەر، توێژینەوەیەکی مەیدانی، ١٣\٣\٢٠٢٢).

## پێنجەم: گۆڕ بە تاقی ژێر زەوی Underground vaulted tombs

ئەم شێوازی گۆڕانەش لە ژێر زەوی دروستدەکران (وێنەی ژمارە. 8)، دوو بۆ سێ سەکۆیان تێدایە، بانی ژوورەکەش بە تاقێکی لە خشت دروستکراو دەگیران. وە لە رێگای پلیکانەوە دەتوانرا بە ژوورە سەرەکییەکە بگەیت. مردووەکان لە تابووتی شێوە هێلکەیی یان مرۆڤیدا نێژراون. پاشماوەیی ئێسکەکان ئاماژە بەوە دەکەن مردووەکانیان لەسەر پشت بە درێژکراوی دانراون، نموونەی ئەم جۆرە ناشتنە لە باشووری رۆژئاوا و سوسە دۆزراونەتەوە (Farjamirad, 2014, p.134؛ محمدی فر، ١٣٩٧، ل.٥٣-٥٤).







(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

### شەشەم: گۆڕی هەڵکۆڵدراو لە چیا Rock cut chambers

ئەشکانییەکان لە باشووری ئێران شێوازی هەڵکۆڵدراوی چیایان بەکار هێناوە بۆ ناشتنی مردووەکانیان. ئەم جۆرە گۆڕانە پێشووتر لە ئێراندا نەبینراون، پێ دەچێت ئەم شێوازەیان لە پالمێرا (تدمر) ەوە وەرگرتبێت. جگە لەوەش پێوانەی ژوورەکان ئەوە نیشاندەدەن کە گۆڕەکان بۆ ناشتنی تاکە کەسی کراون نەک بۆ ناشتنی دووکەسی (Farjamirad, 2014, p.134.). مەبەست لەم شێوازی گۆڕانە هاوشێوەی گۆڕی ئەشکەوتی قزقاپانە لە کوردستانی باشوور. بەڵام هیچ نموونەیەکی هاوشێوەی سەردەمی ئەشکانی لە کوردستانی باشوور نەدۆزراوەتەوە.

### دەرئەنجام:

### لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند دەرئەنجامێک:

١.لە ڕووی ئایینەوە ئەشکانییەکان بەهۆکاری نەبوونی بەڵگەی مێژوویی، زانیاری زۆر لەسەر ئایینەکەیان نییە، کەوا خودی ئەشکانییەکان باوەڕیان بەچی بووە؟ بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەکوێ وە هاتوون بۆکوێ ڕۆشتوون یارمەتی دەرمان دەبێت لە ناسینی داب و نەریت و کولتوورەکەیا. سەرباری پەیڕەوکردنی نەریتی زەردەشتی، ئەشکانییەکان لە بنەڕەتدا لەسەر ئایینی میترایی بوون. لەو سەردەمەشدا هەریەک لە ئایینی جولەکەو مەسیحی و بودایی لە ئێراندا دەرکەوتوون.

٢.بەهۆی ئەو فراوانبوونەی ئەشکانییەکانەوە و ناوچە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتیان بیرو باوەڕی ئایینی جیاوازیان هەبووە. سەردەمی ئەشکانییەکان بە سەردەمێکی فرە ئایینی دادەنرێت، کە هەڵگرانی بیر و باوەڕی جیاواز ئازادییەکی تەواویان پێدراوە لەو سەردەمەدا.

٣.دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەشکانی کاریگەریان لەسەر یەکتری هەبووە، چونکە ئەو جۆرە شێوازی ناشتنانە نە شێوازێکی تایبەت بەخۆیانە و نە شێوازێکی تەواو یۆنانییە، بەڵکو تێکەڵەیەکن لە هەردوو کولتوورەکە.

٣.بوونی چەندین شێوازی جیاوازی ناشتن هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی توێژەران هەست بەو ئازادی و ڕێزگرتنی بیر و باوەڕە جیاوازیانەی سەردەمی ئەشکانی بکەن.

٤. دۆزینەوەی گۆڕی دەسەڵاتدار یاخود فەرمانڕەوای ناوچەکان لە کوردستانی باشوور لە هەریەک لە ناوچەکانی گەرمیان و هەولێر و کەرکووک ئەوەمان پیدەڵێت کە کوردستان بە هەموو ناوچەکانیەوە گرنگێکی زۆری هەبووە لە لایەن دەوڵەتی ئەشکانییەکانەوە.

٥.یەکێک لە گرنگترین شێوازەکان بەکارهێنانی تابووت بووە ئەمەش زیاتر لە ناو کەسانی خاوەن دەسەڵات و خانەدانەکانەوە بەکاردەهات. ئەو تابووتانەشی کە بەکاریان دەهێنا بەپێی ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان جیاوازبوون. دۆزینەوەی تابووت لە ئەکبەتانە، گەرمیان، هەولێر، کەرکوک، نیپوور و بابل بە شێوە و قەبارەی جیاواز دۆزراونەتەوە شایەتی ئەم ڕاستیەن. ئەشکانییەکان تابووتی شێوە هێلکەیی و تابووتی شێوە مرۆڤ، شێوە پێڵاو، لاکێشەیان بەکارهێناوە.

٦. دروستکردنی ژووری گۆڕ بەمەبەستی ناشتنی مردوو لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بەکارهاتووە. شێوازی تەلارسازی ژووری گۆڕ زیاتر لاکێشەیی بووە، جگە لە دانانی تابووت تاقچە و سەکۆیان لە ژوورەکە دروستکردوە بە مەبەستی دانانی ئێسکەپەیکەری مردووەکان. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە گۆڕ هەبووە بۆ بنەماڵە بووە.

٧. گۆڕە ئەشکانییەکان بە یەکێک لە شوێنەوارە هەرە گرنگەکانی ئەشکانییەکان دادەنرێن، وە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ساخکردنەوە و ڕوونکردنەوەی مێژووی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان، چونکە لە ناو گۆڕەکاندا چەندین بابەت و کەلوپەلی جیاواز دۆزراونەتەوە ئەمەش یارمەتیمان دەدات لە دەرخستنی دەسەڵات و پلەی کۆمەڵایەتی خاوەنەکەی.

٨. بەپێی گۆڕە دۆزراوەکان دەردەکەوێت ئەشکانییەکان گرنگێکی زۆریان بە دانانی کەلووپەل داوە لە ناو گۆڕەکاندا، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەشکانییەکان باوەڕیان بە ژیانی دوای هەبووە. کەلووپەلەکانیش بەپێێ ڕەگەزی مردووەکە لە گۆڕێکەوە بۆ گۆڕێکی تر وە لە ناوچەیەکەوە

بۆ ناوچەیەکی تر جیاواز بووە. بە گشتی کەلووپەلەکانیان لە گڵێنە بەهەمووجۆرەکانییەوە، سکە، شووشە، کەلووپەلی کانزایی، پێکهاتووە.

٩.ئاراستەی دانانی تابووتەکان یاخود کووپەکان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەبووە، هەروەها دانانی لاشەی مردووەکە لە ناو گۆڕدا بەپێی ناوچەکان جیاوازی هەبووە. گۆڕەکان زۆرجار بە ئاراستەی باکووری ڕۆژئاوا یان باشووری ڕۆژهەڵات یان بە پێچەوانەوە دادەنران.

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی:


١.أحمد، کۆزاد محمد ( أ)، کورتە مێژوویەکی کوردستان لە چاخی بەردینی کۆنەوە تا کۆتایی ساسانییەکان، ئینسایکلۆپیدیای کوردستان. (لەژێرچاپدایە(.

٢. أحمد، کۆزاد محمد (ب)، کەرکووک و گەرمیان لە سەردەمانی ئەشکانی (پارتی) (دەوروبەری ١٣٥پ. ز. -٢٢٤ز.) و ساسانی (٢٢٦ز.-٦٣٧ز.) دا، بڵاونەکراوە.

٣. أحمد، کۆزاد محمد، لە پەراوێزی ژ. ٢ لە: زەکی، محمد ئەمین، (٢٠٢١)، خولاصەیەکی کورد و کوردستان، لە مەبدەئی تاریخەوە تا ئەمرۆ، پێداچوونەوە و پەراوێزنووسین: د. حوسامەدین نەقشبەندی و ئەوانی تر، ب.١، (لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین)، تاران.

٤. تاج بەخش، أحمد، (٢٠١١)، مێژوویەکی کورتی شارستانیەت و فەرهەنگی ئێران لەپێش ئیسلامدا، و. وریا قانیع، چ.١، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥. سەرفراز، عەلی ئەکبر: فەیروزمەندی، بەهمەن، (٢٠١٣)، دێرینە ناسی و هونەر لەسەردەمی مێژوویەکانی دەوڵەتی ماد و هەخامنیشی و ئەشکانی و ساسانی، و. وریا قانیع، چ.١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٦. صالح، محمد، ئەوانی تر، (٢٠١٣)، ڕاپۆرتی بەشی پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان.

٧. غەفوری، ڕێزان قادر، (٢٠١٤)، "شاژن هێلینا ئەستێرەی درەوشاوەی مێژووی ئەربیلا و ئەدیابین"، سوبارتو، ژ. 8.

٨. کالێج، م. (٢٠١٠) ئەشکانییەکان (پارتەکان)، و. سەلاحەددین ئاشتی، سلێمانی، بنکەی ژین.

٩. کریستێنسین، ئارتوور، (٢٠٠٦)، ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان، و. سەلاحەددین ئاشتی، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین، سلێمانی.

١٠. علی، محمد، ئەوانی تر، (٢٠١٣)، دۆسیەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان.


### سەرچاوەی فارسی:


١١. چایچی امیر خیز، آحمد، (١٣٨٤)، گور خمرا های ایران، چ. ١، سمیرا، تهران.

١٢. کامبخش فرد، سیف الله، (١٣٧٧)، "گور خمرەهای اشکانی"، مجله باستان شناسی و تاریخ ، ژ. ١، مرکز نشر ١٢. دانشگهای ٨٩١، چ. ١، تهران.

١٣. گیرشمەن، ر. یانگ، ک. و [دیگران]. (١٣٨٥)، ایران باستان پیشا تاریخ عیلامیان، هخامنیشیان، سلوکیان، پارثیان، ساسانیان، تر. د. یعقوب اژند، سلسیله تاریخ ایران، تهران.

١٤. مازیار،سپیده، (١٣٩٨)، "آفرین نامه" مقالەهای باستان شناسی در نکوداشت استاد مهدی رهبر، به کوشش: یوسف مرادی، چ.1، تهران.

١٥. محمدی فر، یعقوب، (١٣٩٧)، باستان شناسی و هنر اشکانی. چ.٦، سمت، تهران.


### سەرچاوەی بیانی:


1.Bickerman, E. (1983). The Seleucid Period W: Ehsan Yarshater (red.): The Cambridge History of Iran. Vol-

ume 3 (1). The Seleucid, Parthian and Sasanian Periods, Cambridge University Press.

2.Canepa, M. P. (2020), The Parthian and Sasanian Empires, in: The Oxford World History of Empire. vol. 2, The History of Empires, ed. C. A. Baily, P. Bang, W. Scheidel, Oxford University Press.

3.Colpe, C. (2008), Development of Religious Thought, W: Ehsan Yarshater (red.): The Cambridge History of Iran, the Seleucid, Parthian and Sasanian Periods, vol. 3(2), Cambridge University Press, New York.

4.Curtis, J. E. (1979). Loftus' Parthian Cemetery at Warka in Akten des VII. Internationalen Kongresses für Iranische Kunst und Archäologie, München, 7.-10. sept. 1976. Archäologische Mitteilungen aus Iran Berlin.

5.Dąbrowa, E. (2007), The Parthian Kingship, History of the Ancient Near East/ Monographs– XI, ed., Giovanni, B., Lanfranchi, Robert Rollinger.

6.Daryaee, T., (2009), Sasanian Persia, the Rise and Fall of an Empire, Publishing, I.B.Tauris, London, New York.

7.Duchesne-Guillemin, J. (2008), Zoroastrian Religion, W: Ehsan Yarshater (red.): The Cambridge History of Iran, the Seleucid, Parthian and Sasanian Periods, vol. 3(2)., Cambridge University Press, New York.

8.Debevoise, N. C., (1938), A Political History of Parthia, Chicago.

9.Ehrich, R. W. (1939), Appendix E the Later Cultures At Yorgan Tepe, Nuzi, Report On the Excavations at Yorgan Tepa Near Kirkuk, Iraq, Conducted By Harvard University in Conjunction with the American Schools of Oriental Research and the University Museum of Philadelphia 1927-1931, vol. 1, London, Cambridge Massachusetts Harvard University Press.

10.Farjamirad, M. (2014), Burial Customs During the Seleuco-Parthian Period of Iran; Greek or Local Culture ?, Cultural & Material Contacts in the Ancient Near East, ed., E. Foietta, C. Ferrandi, E. Quirico, F. Giusto, M. Mortarini, J. Bruno, L. Somma Apice, Torinto.

11.Furlani, G. (1934). Sarcofaghi partici di kakzu. Iraq, 1(1).

12.Gregoratti, L. (2017), The Arsacid Empire, King of the Seven Climes, A History of the Ancient Iranian World (3000 BCE - 651 CE), vol, IV, ed. Touraj Daryaee, UCI Jordan Center for Persian Studies.

13.Kia, M. (2016). The Persian Empire: A Historical Encyclopedia [2 volumes]: A Historical Encyclopedia. ABC-CLIO.

14Magub, A. (2018). Political and Religious Ideologies on Parthian Coins of the 2nd-1st Centuries BC (Doctoral dissertation, SOAS University of London).

15.Marciak, M., (2017), Sophene, Gordyene, and Adiabene, Three Regna Minora of Northern Mesopotamia between East and West, Leiden.

16.Middleton, A., Simpson, S. J., & SIMPSON, A. (2008). The manufacture and decoration of Parthian glazed (slipper coffins) from Warka. The British Museum Technical Research Bulletin, 2.

17.Mohamadifar, Y., Azandaryani, E. H., Dailar, A., Hasanlou, S., & Babapiri, J. (2019). Parthian Burials in the

Hamedan City, Western Iran. Iran, 59(1).
18.Mohammadifar, Y., Sarraf, M. R. (2006), A Glance At Burial Rites in Pithos of Arsacids Era Located in Western Region of Central Zagros (Marivan), J., Humanities, vol. (13) 3.
19.Olbrycht, M. J. (2017), Slipper Coffins and Funerary Practices in Parthia, Anabasis 8, Rzeszów University, Poland.
20.Overtoom, L. N. (2016), "The Power-Transition Crisis of the 240s BCE and the Creation of the Parthian State," The International History Review, vol. 38.
21.Pourshariati, P., (2008), Decline and Fall of the Sasanian Empire: The Sasanian–Parthian Confederacy and the Arab Conquest of Iran, London.
22.Rezaloo, R. (2012), Parthian Burials at Khaneghah Gilvan Cemetery in Ardabil Province, The International Journal of Humanities, 19(1).
23.Roustaei, K., Azadi, A. (2011), Discovery of A Parthian Tomb Chamber in Cheram, Kohgiluye, SW Iran, Iranica Antiqua, vol. XLVI.
24.Widengren,G. (2008), Sources of Parthian and Sasanian History, W: Ehsan Yarshater (red.): The Cambridge History of Iran, The Seleucid, Parthian and Sasanian Periods , vol. 3(2),The Seleucid, Parthian and Sasanian Periods, Cambridge University Press. New York.

**سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

25.Boyce, M. (2016), Arsacids iv Arsacid Religion, Encyclopaedia Iranica, http://www.iranicaonline.org/articles/arsacids-iv, (Accessed: 26\7\2022, 6:30 PM.).
26.Ilan, T. Helene, Queen of Adiabene, Shalvi/Hyman Encyclopedia of Jewish Women, Helene, Queen of Adiabene | Jewish Women's Archive (jwa.org), (Accessed: 6\11\2022, 10:00 PM.).

# ڕوسیا و پێشهاتە سیاسییەکان لە ئێراندا(١٩٠٠-١٩٠٨)

# روسيا والتطورات السياسية في إيران(١٩٠٠-١٩٠٨)

# Russia and Political Developments in Iran 1900-1908

**دلسۆز عمر ابوبکر[١]، ئارام عەلی مستەفا[٢]**

[١،٢] بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردوستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: dlsozgolpy@gmail.com

## پوختە

هەڵکەوتە و پێگەی جیۆسیاسی ئێران، وەک وڵاتێکی دراوسێ و گرنگ، هەمیشە جێگەی بایەخ و گرنگیپێدانی ڕوسەکان بووە، ئەوان ئەم ناوچەیان وەک ڕێڕەوێکی ستراتیژیی گرنگ بۆ گەیشتن بە ئاواتە لەمێژینەکەیان دەبینی، کە گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان بوو. بۆیە ڕۆژ بەرۆژ پتر هەوڵەکانیان بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆیان لە ئێران چڕتر دەکردەوە، بەردەوام چاویان لەسەر هەڵکەوتنی هەلێک بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە گرنگەیان بوو. کۆژرانی ناسرەدین شا(١٨٤٨-١٨٩٦) لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، هەلێکی باشی بۆ ڕوسەکان ڕەخساند بۆ فراوانتر کردنی هەژموون و دەسەڵاتیان لە ئێران، بە تایبەتی لە سەرەتاکانی سەدەی بیست، بە تەواوی هەژموونی ڕوسەکان لە ئێران زیادی کرد و بەهۆی نزیکیی و کۆنترۆڵکردنی موزەفەرەدین شا(١٨٩٦-١٩٠٧) و دەستوپەیوەندەکەی، چەندین جیاوگی سیاسی و ئابووری گرنگیان لە ئێران بەدەستهێنا و بەتەواوی دەسەلات و هەژموونی خۆیان بەسەر هەموو جومگە هەستیارەکانی دەسەڵات و ئابووری ئێران سەپاند، لەو ڕوانگەیەوە ڕێگەیان بە هیچ جۆرە گۆڕانکاری و جوڵەیەکی سیاسی و ئابووری کە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندیەکانیان لە ئێران دروست بکات نەدەدا، کاتێکیش بەهۆی نارەزایەتی هاووڵاتیانی ئێران لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری وڵاتەکەیان، شۆڕشی مەشروتە دروست بوو، پایەکانی ئەو جۆرە حوکم ڕانیەی ئێرانی خستە مەترسیەوە، کە وابەستەی تەواوی دەسەڵاتدارانی ڕوسیا بوو. ڕوسەکان بە هەموو توانای خۆیانەوە ڕاستەوخۆ لە دژی ئەو جووڵانەوە سیاسی و کۆمەڵاتیەی ئێران وەستانەوە و زۆر بەتوندی سەرکوتیان کرد، ئەو هەلە مێژووییەی بۆ گۆڕانکاری لە ئێران لەناوبرد، کە بە هۆی شۆڕشی مەشروتەوە هاتبووە ئاراوە.

**کلیلی وشەکان:** ڕوسیا، ئێران، پەیوەندییەکان، شۆڕشی مەشروتە، هەڵوێستی ڕوسیا.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10504 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٢/١٢ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/١٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | dlsozgolpy@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ م.ی.دلسۆز عمر ابوبکر،پ.د. ئارام عەلی مستەفا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص

موقع إيران الجيوسياسي كدولة مجاورة مهمة، كان دائما محل اهتمام الروسيين. لقد رأوا هذه المنطقة كممر استراتيجي مهم لتحقيق حلمهم الطويل الامد، وهو الوصول إلى المياه الدافئة. لذالك كثفوا جهودهم لفرض هيمنتهم في إيران. كانوا يبحثون باستمرار عن فرصة لتحقيق هذا الهدف المهم. عندما أغتيل ناصر الدين شاه في اواخر القرن التاسع عشر، وفرت فرصة جيدة لروس لتوسيع هيمنتهم في إيران، خاصة في أوائل القرن العشرين. زادت هيمنة الروس في إيران بشكل كامل و بسبب السيطرة على مظفر الدين شاه وحاشيته. و حصلوا على العديد من الامتيازات السياسية و الاقتصادية في إيران.و فرضوا سلطتهم و هيمنتهم بالكامل على جميع النقاط الحساسة في السلطة و اقتصاد إيران. ولذا لم يسمحوا بأي تغيرات سياسية و اقتصادية من شأنها أن تؤثر على مصالحهم في إيران، و بسبب احتجاجات المواطنين الأيرانيين على الاوضاع السياسية و الاقتصادية في بلادهم، مما أدى إلى قيام ثورة مشروطة. لذا تعرضت الحكم الايراني آنذاك للخطر بسبب اعتمادهم كليا على السلطات الروسية. بذل الروس قصارى جهدهم لمعارضة الحركة السياسية و الاجتماعية الايرانية و قمعها بشدة و دمروا هذه الفرصة التاريخية لتغيرالاوضاع في ايران التي حدث بسبب ثورة مشروطة.


**كلمات المفتاحية:** روسيا، ايران, العلاقات، ثورة مشروطة، موقف روسيا.


**Research Summary**

Iran, as a neighboring and a vital state; its geographical and geopolitical positions have always been taken into consideration by Russians. Since observing the territory as a strategic pathway to gratify their long-standing covet that was accessing warm water ports, thus Russians constantly sought for an opportunity to achieve their crucial target and made efforts to consolidate their hegemony in Iran. Naser al-Din Shah's(1848-1896) assassination at the end of nineteenth century assisted the Russians to expand authority and impose their predominance.

Russians' hegemony and authority amplified due to close relations and dominating Muzaffar Al-din Shah(1896-1907) and his associates, specifically in the beginning of twentieth century; they were able to attain many essential political and economic privileges in the area, in addition, enforcing their authority over all influential aspects of Iran. In light of what indicated, Russians censored and inhibited any economic and political movements against their interests. Occurring Mashruteh (Constitutional) Revolution by people protesting against political and economic situations of their country imperiled Iran's authorization pillars that were fully-Russians dependent. Russians severely repressed the social and political movements of Iranian people and ruined a historic opportunity to change that took place as a result of Mashruteh Revolution in Iran.


**Keywords:** Russia, Iran, Relations, Mashruteh (Constitutional) Revolution, Russian's attitude.

## دەستپێک

سەرەتای سەدەی بیست دەسپێکی سەردەمێکی نوێیە لە مێژووی سیاسی ئێران، لە ئاستی ڕووداو و پێشهاتە ناوخۆییەکان، بەسەردەمی شۆڕشی مەشروتە(١٩٠٥-١٩١١)، لەسەر ئاستی پەیوەندییە دەرەکیەکانیش، بە زاڵبوون و هەژموونی فراوانتری ڕوسەکان لە ئێران ناسراوە. لەم ماوەیەدا گەلانی ئێران، دوای چەندین ساڵ لە فەرمانڕەوایەتی زەبروزەنگ و ستەمی فەرمانڕەوایانی قاجارەکان، جۆرێک لە جووڵانەوەی جەماوەریی و کۆمەڵایەتییان لە دژی بارودۆخی خراپی سیاسی و ئابووری وڵاتەکەیان دەستپێکرد، کە دواتر لەگەڵ بەرفراوانبوونی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە، ئاستی داواکارییەکانیان بەرزکردەوە و موزەفەرەدین شایان ناچار بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورای میللی و نووسینەوەی دەستور کرد. بەمەش وڵات چووە قۆناغێکی نوێ لە دەستەبەربوونی لایەنی کەمی مافەکانی هاووڵاتیان و بەشداریی سیاسی و هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی لە ڕێگەی ئەنجومەنی شورای میللی وڵاتەکەیانەوە، هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریی و جووڵانەوە جەماوەرییەی گەلانی ئێران، تا دەهات هەژموون و دەسەڵاتی ڕوسەکان لە ئێران فراوانتر دەبوو، فەرمانڕەوا و سەرانی دەسەڵاتی ئێرانیش، لە سەرووی هەموویانەوە موزەفەردین شا و دواتریش کوڕەکەی محەمەد عەلی شا(١٩٠٧-١٩٠٩)، جگە لەوەی، کە دۆست و نزیکی ڕوسەکان و پارێزەری بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بوو، لە هەمان کاتدا، لە وەرگرتنی دەسەڵات و تەختی پادشایەتی، خۆیان بە قەرزارباری ڕوسەکان دەزانی، بە تایبەتی محەمەد عەلی شا، کە بە پارێزەری سەرەکیی بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا لە ئێران ناسرابوو. ئامانجی سەرەکی جووڵانەوە جەماوەرییەکەی گەلانی ئێران، کە دواجار بە شۆڕشی مەشروتە ناسرا، کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی ڕەهای شا و نەهێشتنی دەسەڵات و دەستوەردانی وڵاتانی بیانی لە ئێران بوو، کە هەردووکیان؛ واتە دژایەتی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ڕوسیا لە ئێران، بۆیە ڕوسیا بە ئاسانی ڕێگەیان بە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە سیستەمی سیاسی ئێران نەدەدا، کە بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسیەکانی بخستایەتە مەترسییەوە. لەم ڕوانگەیەوە زۆر بەتوندی دژی مەشروتەخوازانی ئێران وەستانەوە و هەموو ئامرازێکی بەردەستیان، بە دەستوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازییشەوە بەکارهێنا و کۆتاییان بەو جووڵانەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییە هێنا.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە و گرنگیەکەی: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ گرنگیی ئەو ماوەیە لە مێژووی پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەک، کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و ئێران چوونە قۆناغێکی نوێ، بە ئاراستەی باڵادەستی ڕوسەکان لە تەواوی بڕیارە سیاسی و چارەنوسسازەکانی ئێران و هەڵوێستەکانیان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر داهاتوو و چارەنووسی گەلانی ئێران بە شێوەیەکی گشتی دروستکرد. ئەمە جگە لەوەی، کە هەڵوێستی ڕوسیا لە بەرامبەر شۆڕشی مەشروتە گرنگییەکی پتر بە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەدات، چونکە لە ڕاستیدا ڕوودانی شۆڕشێکی لەو شێوەیە بۆ گەلانی ئێران گرنگی خۆی هەبوو و وڵاتی بردە قۆناغێکی نوێ و کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕەهای دەیان ساڵەی دەسەڵاتدرانی قاجار هێنا، بەڵام هەڵوێستی نەرێنیی ڕوسەکان بەرامبەر شۆڕش، جگە لەوەی هەموو ئەو هەنگاوە گرنگ و هیوایانەی لەناوبرد، کە بە ئاراستەی ڕزگاربوون و پەیڕەوکردنی جۆرێک لە ژیانی دیموکراسی و ئازادی هاتبوونە ئاراوە، هێرشی ڕاستەوخۆی سەربازیی ڕوسیا و داگیرکردنی بەشێک لە ناوچەکانی ئێرانیشی لێکەوتەوە.

ئامانجەی توێژینەوەکە: ئامانجی توێژنەوەکە بریتییە لە لێکدانەوەیەکی بابەتیانە و ئەکادیمیانە بۆ پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان ڕوسیای تزاری و ئێران لە سەرەتای سەدەی بیست و هەڵوێستی ڕوسیا، وەک وڵاتێکی کاریگەر و گرنگ و خاوەن هەژموونی سیاسی و ئابووری لە ئێران بەرامبەر شۆڕشی مەشروتە، وەک گرنگترین ڕووداوی مێژوویی و سیاسیی لە سەرەتای سەدەی بیست لە ئێران.

ڕێبازی توێژنەوە: بە ڕەچاوکردنی بواری زانستیی بابەتەکە، بۆ گەیشتن بە ئامانجە زانستییەکانی توێژینەوەکە، بەپێی ڕێبازی توێژنەوەی مێژوویی، ڕێبازی شیکاریی و سیاسی و مێژوویی پەیڕەوکراوە و سوود لە ئەدەبیاتی کتێبخانەیی و سەرچاوە مێژووییەکان و گێڕانەوەکان کە هاوسەردەمی ڕووداوەکانی سنووری ئەم توێژینەوەیە بوون وەرگیراوە و بە شێوەی کرۆنۆلۆژی ڕاڤە بۆ بابەتەکان کراوە.

پەیکەربەندی توێژنەوەکە: توێژینەوەکە لە دەروازەیەک و چوار باس و دەرئەنجام پێکهاتووە، باسی یەکەم: تایبەتە بە شۆڕشی مەشروتە و پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێران لەو ماوەیەدا. لەم باسەدا هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی مەشروتە و هەڵوێستی سەرەتای ڕوسیا بەرامبەر

شۆڕش خراونەتە ڕوو. لە باسی دووەمدا پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێران لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی محەمەد عەلی شا و هەماهەنگی و یارمەتیەکانی ڕوسیا بۆ ئێران لەو ماوەیەدا خراونەتە ڕوو. لە باسی سێیەمدا، ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٠٧ نێوان ڕوسیا و بەریتانیا و دابەشکردنی ئێران و زۆربوونی هەژموون و دەسەڵاتی ڕوسیا لە ئێران خراوە تەڕوو. لە باسی چوارەمدا هەڵوێستی ڕوسیا لە بەرامبەر هەنگاو و چالاکیەکانی ئەنجومەنی شورای میلی و نیگەرانییەکانی ڕوسیا بەرامبەر شۆڕش و هێرشکردنە سەر بینای ئەنجومەن و کۆتایهێنان بە خولی یەکەمی ئەنجومەنی شورای میلی خراوەتە ڕوو.

## دەروازە

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە تا دەهات هەژموون و دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووری و سەربازیی ڕوسەکان لە ئێران فراوانتر دەبوو، بۆیە هەر لە دوای کوژرانی ناسرەدین شا بە دەستی میرزا ڕەزا کرمانی لە ١ ئایاری ساڵی ١٨٩٦(امانت، ١٤٠٠: ص٣٥٣؛ قرم، ٢٠١٠: ص١٢٨) بەهۆی کاریگەریی و باڵادەستیی ڕوسەکان، سەرۆکوەزیرانی ئێران بە ئامانجی ڕێگریکردن لە هەر جۆرە پشێویی و ئاژاوەیەک، بەرپرسیاریەتی پاراستنی ئاسایشی شاری تارانی پایتەختی ڕادەستی کۆلۆنێل ڤلادیمێر کاسۆفسکی ، سەرۆکی سوارەی قۆزاقی ڕوسی کرد(بیات و دیگران، ١٣٩٣: ص٣٠٢؛ شەمیم، ٢٠١٢: ل٣٣١). ئەم هەنگاوەی سەرۆک وەزیران و دەستوەردانی ڕاستەوخۆی لیوای قۆزاق لە چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی تارانی پایتەخت، جگە لەوەی زەمینەی هاتنی جێنشینی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات فەراهەمکرد، لە هەمان کاتدا هەژموون و دەسەڵاتی خودی لیوای قۆزاقیشی لە پایتەخت و دامەزراوە سەربازیی و کارگێرییەکانی ئێران زۆرتر کرد(موسوی، ١٣٩٧: ص٦). موزەفەرەدین میرزای جێنشین، پاش بیستنی هەواڵی کوژرانی باوکی، بە ئامانجی وەرگرتنی تەختی پادشایەتی قاجار، لە شاری تەورێزەوە گەیشتە تارانی پایتەخت، هەرچەندە لەو هەنگاوەیدا ترسی لە نەیاریی و دژایەتی براکانی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەی، کە ڕوس و بەریتانیەکان پشتیوانی خۆیان بۆ نیشان دا، ئەوانیش بەپەلە گوێڕایەڵیی خۆیان بۆ دەربڕی و بەو شێوەیەش بەبێ هیچ جۆرە لەمپەر و ڕێگرییەک لە ٨ حوزیرانی ١٨٩٦ تاجی پادشایەتی ئێرانی لەسەر نا(مهدوی، ١٣٩٢: ص٣٠٩). ئیتر لێرە بە دواوە ڕوسەکان ئەو خۆپارێزییەیان بە پێویست نەزانی، کە لە سەردەمی باوکیدا، لە بابەتی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئێران پەیڕەویان دەکرد، ڕاستەوخۆ و بەئاشکرا دەستیان لە کاروباری ناوخۆی ئێران وەردەدا. جووڵە و هەنگاوەکانی دواتریشیان بوونە هۆی ئەوەی کە خودی شا و دەستوپێوەندەکەی بە تەواویی لە ڕوسەکان نزیکببنەوە، شا دەسەڵاتی خۆی بە قەرزبار و منەتباری هەوڵەکانی جەنەراڵ کاساکوڤسکی، فەرماندەی لیوای قۆزاق دەزانی، کاتێک، توانی بەبێ هیچ ڕکابەرییەک دەسەڵاتی ئێران وەربگرێت. بە بۆچوونی ئەو، هەمان ئەو هێزەی، کە توانی بە ئاسانی ئەو بباتە سەر دەسەڵات، دەشتوانێت بە ئاسانی لە دەسەڵاتی دوربخاتەوە(سمنانی، ١٣٧٩: ص١٢٨). بۆیە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیی خۆیدا بە تەواوی ملکەچ و گوێڕایەڵی ڕوسەکان بوو(راد و شیخی، ١٣٩٣: ص٨٥) هەمیشە هەوڵی بۆ ڕازییکردنی دەدان، نەک تەنیا لەبەرئەوەی کە کەوتبووە ژێر کاریگەریان، بەڵکو لەو باوەڕەدا بوو، کە چارەنووسی تاج و دەسەڵاتەکەشی بەوانەوە بەستراوەتەوە(امینی، ١٣٨٢: ص١٤٦).

بە هاتنی موزەفەرەدین شا، سەردەمێکی نوێ لە مێژووی سیاسی ئێران دەستی پێکرد(انصاری، ١٣٩٤: ص١٧)، سەردەمی فراوانبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و سەربازیی ڕوسەکان لە ئێران، گۆڕانکاریی لە لوتکەی دەسەڵاتی سیاسی ئێران، لە باوکەوە بۆ کوڕ، هاوسەنگیی هەژموونی دەسەڵاتی بەریتانیا و ڕوسیای لە ئێراندا تێکدا، لێرە بەدواوە بارەکە پتر بەلای ڕوسەکاندا لاسەنگ بوو(مهدوی، ١٣٩٢: ص٣٠٩). ئەگەر تەماشای شێوازی کاری ڕوسەکان لە ئێران بکەین، دەبینین ئەم گۆڕانکارییە لەخۆوە نەبوو. لەڕاستیدا کاربەدەست و نوێنەرانی دیپلۆماسی ڕوسیا بەپێی نەریتی لەمێژینەی خۆیان، لەو ڕۆژگارەوە موزەفەرەددین میرزا، وەک جێنشینی شا دیاریی کرابوو، زۆر بە چڕیی کاریان لەسەر کردبوو کاریگەریان بەسەریەوە هەبوو(شەمیم، ٢٠٢١: ل٣٣٥). دوای ئەوەش دەسەڵاتی وەرگرت، گرنگیی زۆرتریان پێدا و بووە جێگەی بایەخیان، کاتێکیش ساڵی ١٩٠٥، بە مەبەستی چارەسەر بۆ جاری سێیەم گەشتی بەرەو وڵاتانی ئەوروپا دەست پێکرد و پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا، بەڵام بەپێچەوانەوە لە ڕوسیا باوەشی بۆ کرایەوە و نیکۆلای دووەم(١٨٩٤-١٩١٧) ئیمپراتۆری ڕوسیا لە هاوینەهەوار و

شوێنی پشوودانی تایبەتی خۆی لەسەر دەریای بەڵتیک پێشوازییەکی گەرمی لە خۆی و هاوڕێکانی کرد(مهدوی، ١٣٩٢، ص٣١٧).

## باسی یەکەم: شۆڕشی مەشروتە و پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێران

شۆڕشی مەشروتە لە سەرەتای سەدەی بیست، گرنگترین ڕووداوی سیاسیی ماوەی فەرمانڕەوایەتی موزەفەرەدین شا بوو(فاتح، ٢٠١٨: ل١٧) کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و شێوازی سیستمی حوکمڕانی کۆمەڵگەی ئێرانی دروستکرد. لە ئاستی دەرەکییش پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێرانی بردە قۆناغێکی تر، کە قۆناغی هەژموون و داگیرکاریی و هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر خاکی ئێران بوو. ئەم ڕووداوە مێژووییە گرنگە لەو کاتەدا، بەبێ هۆکارگەلی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی دروست نەبوو، گۆڕانکارییەکی گرنگی لەو شێوەیە، پێویستی بە کۆمەڵێک فاکتەر هەبوو، تا کۆمەڵگەی ئێرانی بگاتە ئەو ئاستە، کە داوای گۆڕینی سەرتاپای ژیانی سیاسی و ئابووری خۆی بکات. ڕەگ و ڕیشەی ئەو هۆکارانەی، کە بوونە هۆی دروستبوونی شۆڕشی مەشروتە، زۆرتر پەیوەندییان بە خراپی سیستمی حوکمڕانی و هەموو ئەو دەرهاویشتانە هەبوو، کە لە سیستمێکی خراپی سیاسی دەکەوتنەوە، وەک خراپیی بارودۆخی ئابووری و سەرکوتکاریی و زەبروزەنگی کۆمەڵایەتیی و لاوازیی دامودەزگای دەوڵەتی و لە هەمووشی خراپتر بریتی بوو لە نەبوونی سەروەریی سیاسی و کەوتنە ژێر هەژموونی دەوڵەتانی بیانی، بەتایبەتی ڕوسیا و بەریتانیا. پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی بیانی، بەتایبەتی ڕوسیا، پشکی شێری ئەو هۆکارانەیان بەردەکەوێت، کە بوونە هۆی ڕوودانی شۆڕشی مەشروتەی ئێران. ڕوسەکان بە جۆرێک ڕۆچووبوونە نێو دەسەڵاتی سیاسی ئێران، کە خۆیان قسەی سەرەتا و کۆتاییان لە پرسە سیاسی و ئابوورییەکانی ئێراندا دەکرد و هەر بابەتێک بەخواستی ئەوان و بە گوێرەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانیان نەبووایە، لە ڕێگەی دەسەڵاتدارانی دەستکەلای خۆیان ڕەتیان دەکردەوە، ئەگەر ئەوەش نەبووایە بە هەڕەشە و گوشاری سەربازیی و دەستوەردانی ڕاستەوخۆ جێبەجێیان دەکرد، بە جۆرێک، کە ژیانی سیاسی ئێران بە پلەی یەکەم لە لایەن ڕوسەکانەوە ڕەنگڕێژ دەکرا.

دەسەڵاتی ڕوسیا هێندە فراوان ببوو، کارگەیشتبووە ئەوەی لە باکوری ئێران زۆرینەی دەسەڵاتدارانی حکومەت، بەتایبەتی لە ئازەربایجان لە لایەن ڕوسەکانەوە دادەنران، حکومەتی ئێران لە ناوچەکانی باکوری وڵات دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەمابوو، تەنانەت لە توانایدا نەبوو، ئەو کەسانەی خۆی دەستنیشانیان دەکات، لە پلەوپۆستە جیاوازەکانی ئازەربایجان دایان بنێت(اولسون، ١٣٩٨: ص٣٥) بۆ نموونە (فرمانتل)، یاریدەدەری وەزیر لە حکومەتی هندی، وەک ئاماژەیەک بۆ دەسەڵات و هەژموونی ڕوسیا لە باکوری ئێران، لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە باڵوێزی نوێی ڕوسیا نیکۆلاییڤیچ لە ٢٠ کانونی یەکەم ١٩٠٥ گەیشتووەتە ئەنزەلی و بە فەرمانی تزاری ڕوسیا مەدالیای(هەڵۆی سپی) و نمرەیەکی پێشکەش بە پارێزگاری گەیلان و یاریدەدەرەکەی کردووە(بازل، ١٣٩٦: ص١٠٠٢). لە ڕووی ئابووریشەوە بە تەواوی دەسەڵاتیان فراوان ببوو، لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا، ڕوسەکان ئەوەندە بەرژەوەندی گەورەیان بۆ خۆیان لە ئێران لە پێش چاو دەگرت، کە لە هەندێک زەمینە و بواردا پتر لە شێوەی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی وڵات، خۆی نیشان دەدا و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئێران وەک داگیرگایەک بوو(اصغری، ١٣٩٣: ص٥٩). بۆیە دەتوانین بڵێن، کە بەشێکی زۆری ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی دروستبوونی شۆڕشی مەشروتە، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە سیاسەتی وڵاتانی بیانی بە تایبەت ڕوسیاوە لە ئێران هەبوو، لە سەرووی هەمووشیانەوە دەستوەردانی لەڕادەبەدەریان لە کاروباری ناوخۆی ئێران و ئەو جیاوگە جۆربەجۆرانەی، کە لە کەرتە جۆربەجۆرەکانی ئێراندا بە دەستیان هێنا بوو(امینی،١٣٨٢٥: صص١٥٣-١٥٤). جگە لەمەش جەنگی ژاپۆن و ڕوسیا لە ساڵی ١٩٠٥ کاریگەریی خۆی هەبوو، بێجگە لەوەی کە یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی بێداربوونەوەی ئێرانیەکان بوو(شەمیم، ٢٠٢١: ل٥٢٥). لە هەمان کاتدا ڕێگربوو لەوەی کە ڕوسیا لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی مەشروتە دەستوەردانی سەربازیی، بەمەبەستی سەرکوتکردنی ئەو جووڵانەوە جەماوەریە بکات(گرانتوسکی و دیگران، بدون سال: ص٣٨٧). سەرەڕای ئەمە، جەنگی ڕوسیا- ژاپۆن کاریگەریی گەورەی لەسەر چارەنووسی ئێران لەو قۆناغە مێژووییەدا دروستکرد، چونکە لەو کاتەدا، واتە پێش هەڵگیرسانی جەنگی ڕوسیا و ژاپۆن، دەسەڵاتی ڕوسیا گەیشتبووە لوتکە و تا دەهات برشتی سیاسی و دەستوەردانی

لە نێو تەواوی وڵاتانی دراوسێ زۆرتر دەبوو، بە جۆرێک هێرشی ڕوسەکان بۆ سەر ئێران، تەنیا لەسەر بیانوویەکی بچووک وەستابوو. ئەم بارودۆخە هەستێکی وای دروست کردبوو، کە ترسی لەناوچوونی سەربەخۆیی و دابەشبوونی ئێرانی لێدەکرا، خەڵکی هیچ گومانیان لەوە نەمابوو، کە ئەگەر شەڕی روسیا و ژاپۆن(١٩٠٤-١٩٠٥) بە تێکشکانی ڕوسەکان تەواو نەبووایە، پووکانەوە و لێکهەڵوەشانەوەی ئێران مسۆگەر و حاشاهەڵنەگر دەبوو(شەمیم، ٢٠٢١: ل٥٢٥).

جگە لەمانەش، ئەگەر کەمێک بۆ پێشتر و ڕووداوەکانی سەدەی نۆزدە بگەڕێینەوە، دەتوانین ئاماژە بە کاریگەرییە نەرێنیەکانی شکستی ئێران لە بەرامبەر ڕوسیا و بەستنی هەر دوو پەیماننامەی گوڵستان(١٨١٣) و تورکمانچای(١٨٢٨) بە زیانی هاووڵاتیانی ئێرانی بکەین. هەروەها قەرزەکانی دەسەڵاتدارانی ئێرانی و ئەو کۆتوبەند و مەرجانەی، کە لە ئەنجامی ئەو قەرزانە بەسەر ئێراندا سەپێنرا بوون و و چارەنووس و سەروەریی وڵات و لە دەستدانی بەشێک لە خاکی ئێران لە باکور و ڕۆژهەڵات، هۆکارگەلی تر بوون بۆ بێزاریی هاووڵاتیانی ئێرانی. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، پشتگوێخستنی مافە گشتیەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێران و ستەم و دەستدرێژیی شازادە و دەستوپێوەندەکانی شا و ئەو خەرجیە زۆرەی، کە شا و دەستوپێوەندەکانی لە گەشتەکانی دەرەوەی وڵات خەرجیان دەکرد، هۆکارگەلی تر بوون بۆ دەستپێکردنی جووڵەی جەماوەریی و بەرپابوونی شۆڕشی مەشروتەی ئێران(مدنی، ١٣٨٦: صص١٠٨-١٠٩).

هەموو ئەمانە و چەندین هۆکاری تری بابەتی، بوونە هۆی دروستبوونی شۆڕشی مەشروتە و دواجار لە ٧ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٦ ئەنجومەنی شورای میللی بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سیاسی وڵاتانی بیانی لە کۆشکی گوڵستان بە شێوەی فەرمی کرایەوە(شەمیم، ٢٠٢١: ل٥٦٧). لە٣٠ کانونی یەکەمی ١٩٠٦ موزەفەرەدین شا واژۆی لەسەر یاسای بنەڕەتیی وڵات کرد، بە هەفتەیەک دوای ئەمەش(انصاری، ١٣٩٤:ص٢٦)، واتە بە دیارییکراوی لە ٨ کانونی دووەمی ١٩٠٧ کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی، محەمەد عەلی میرزا شوێنی گرتەوە و لە ١٩ کانونی دووەم تاجی پادشایەتی ئێرانی لەسەر نا(براون، ١٣٧٦: ص١٣٩).

## باسی دووەم: پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێران لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی محەمەد عەلی شا

محەمەد عەلی شا بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕژێمی دەستوری ئێراندا نەبوو(رزمجو، ١٣٤١ :ص٣٣٠)، هەر لەبنەڕەتیشەوە باوەڕی پێی نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕان ئارام بکاتەوە و کات بۆ کۆکردنەوەی هێز لە دژیان بەدەست بهێت، بەڵێنی دا پابەندی دەستوور بێت(Базиленко, 2011: c179). لەسەرەتادا کاتێک دەسەڵاتی وەرگرت، جگە لە چەمانەوەی بۆ ویستی پەرلەمان و واژۆکردنی یاسای بنەڕەتی، هیچ بڕاردەیەکی تری لەبەردەمدا نەبوو، بەڵام لە دوای چەند مانگێک وردەوردە ئەمە گۆڕانی بەسەردا هاتوو بە ئاشکرا دژایەتی مەشروتەخوازانی کرد(Abrahamian, 2008: p49)

لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی محەمەد عەلی شا، ئەنجومەن ڕووبەڕووی دژایەتی سەرسەختی ناوخۆیی و دەرەکیی بوویەوە. لە ئاستی ناوخۆیی، دەسەڵاتدرانی کلاسیکی ئێران لە سەرووی هەموویانەوە محەمەد عەلی شا و دەستوپێوەندەکەی، دوژمنی سەرسەختی مەشروتە و مەشروتەخوازان بوون، کە ئەمەش بۆ خۆی بە جۆرێک پەیوەندی بە ڕوسیا و پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێرانەوە لەو سەردەمەدا هەبوو، دەسەڵاتدارانی ئێران بەشێوەی گشتی و لوتکەی دەسەڵات بەتایبەتی، ئامراز و هۆکاری سەرەکیی چەسپاندن و بەرەوپێشبردن و پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و سەربازیی و ئابوورییەکانی ڕوسیا لە ئێران بوون، بە شێوەیەک، کە هۆکاری دژایەتیی مەشروتەخوازان، چەندە بە گیانی ئیستبدادی شا و دەستوپێوەندەکەیەوە پەیوەست بوو، ئەوەندەش بەو وابەستەییەوە پەیوەست بوو، کە شا و پیاوانی دەوروبەری لەگەڵ ڕوسیا هەیان بوو، کە هەمیشە هۆکاری مانەوەی خۆیان بەو پەیوەندییانەوە گرێدابوو، کە لەگەڵ وڵاتانی بیانی، لە سەروو هەمووشیانەوە ڕوسیا هەیان بوو.

شای نوێ زۆرتر لە ڕوسەکان نزیکبووەوە و بە هاوکاریی و نزیکیی لەگەڵ ئەوان و ملکەچیی بۆ فەرمانەکانیان، ناوبانگی دەرکردبوو(سەردەشتی، ٢٠١٠: ل٥١)، و خزمەتکارێکی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا بوو(Kazemzadeh, 2012: p10) و لە دژی شۆڕشگێڕانی نێوخۆی

وڵاتەکەی وەستابوویەوە و کەوتبووە ژێر کاریگەریی فەرمانڕەوایانی ڕوسیا، بەتایبەتی مامۆستاکەی( Мамедоглы, 2004: c61)، بەشێوەیەک تا ئەو ئەندازەیەی "بوکەڵەیەکی دەست گەمەی ڕوسەکان بوو"(کاسب, ١٣٦٨: ص٦٢٧) ئەو هەر بە منداڵیی بە جۆرێک لە جۆرەکان لەلایەن ئەوانەوە پەروەردە کرابوو. کاتێک باڵوێزی ئێران لە سانپترسبۆرگ ڕاسپێردرا، مامۆستایەکی ڕوس بۆ پەروەردە و گەشەپێدانی جێنشین بدۆزێتەوە(زینویف، ١٣٦٢: ص٣٩). ڕاستەوخۆ دەسەڵاتدرانی ڕوسیا کەسێکیان بە ناوی شاپشاڵ بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار کرد(نجمی، ١٣٧٧: ص٢٨)، کە فەرمانبەری وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا بوو(تقی زاده، ١٣٣٨: ص٣٢). سێرگێی مارکۆڤیچ شاپشاڵ لە منداڵییدا بە شێوەی ژیانی موسڵمانان ئاشنا ببوو، کاتێکیش ئەرکی پەروەردە و مامۆستایەتی جێنشینی وەرگرت، سەرکەوتووانە توانی متمانەی بەدەست بهێنێت. ئەو هەمیشە لە گەشتەکانیدا هاوڕێیەتی دەکرد و جێنشینی هاندەدا خۆی فێری زمانی ڕوسی و زانستە جیاوازەکان بکات. ئەم جۆرە نزیکیی و پەروەردەیە کاری کردە سەر شازادەی جێنشین و بە هەمان شێوازی باوکی، هەستی خۆشەویستی ڕوسەکانی لەلا دروستببوو. بە جۆرێک لە دوای وەرگرتنی تاجی پاشایەتیش هەر پارێزگاریی لەو هەستە کرد و ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی و ڕاوێژکاری ڕوسی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، بۆ نموونە شاپشاڵی مامۆستای وەک سکرتێری تایبەتی خۆی، و سمیرنۆڤی، کاپتنی تۆپخانەی سوپای ڕوسیای، وەک مامۆستا و سەرپەرشتیاری منداڵەکانی و سادۆفسکی پزیشکی ڕوسی لیوای قۆزاقی، وەک پزیشکی تایبەتی خۆی دامەزراند(Andreeva, 2009: p3؛ زینویف، ١٣٦٢: ص٣٩). ئەم هەستی خۆشەویستیی و لایەنگرییەی ڕوسیا، لە ژیانی تایبەتی و ئارەزووە کەسیەکانیشی ڕەنگی دایەوە و چەندین جار جەختی لەسەر سواربوون و بەکارهێنانی ئەسپی ڕوسی و پۆشینی جلوبەرگی قۆزاقە ڕوسیەکان دەکردەوە(سمنانی، ١٣٧٩: ص١٣٢) بەشێوەیەک، لە هەموو ڕەفتارە خۆسەپێن و دیکتاتۆرییەکانیدا، لاسایی تزارەکانی ڕوسیایی دەکردەوە و ئەوانی بە نموونەی باڵای خۆی دەبینی(میرزاوند و حسن پور، ١٣٩٦: ص٢٧).

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، محەمەد عەلی شا بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕژێمی دەستوریدا نەبوو، هەر زوو تێگەیشت، کە وڵات توانای پێشوازیی و قبوڵکردنی دوو دەسەڵاتی جیاوازی نییە، واتە دەسەڵاتی خۆی و ئەنجومەن، بۆیە بڕیاری دا ئەنجومەن هەڵبوەشێنێتەوە و شوێنەواری دەستوریی لە وڵاتدا نەهێڵێت. یەکەم هەنگاویش، کە لەو بارەیەوە گرتیە بەر، بانگهێشتنەکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی شورای میللی بۆ ڕێورەسم و ئاهەنگی تاجلەسەردانانی خۆی بوو. دەستپێکی ناکۆکی نێوانیشیان لە هەوڵەکانی شای نوێ بۆ وەرگرتنی قەرزێکی ٤٠٠ هەزار لیرەی لە ڕوسیا و بەریتانیا بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەن دەستی پێکرد، ئەمە لەکاتێکدا بوو، کە بە گوێرەی دەستوری بنەڕەتیی، وەرگرتنی هەر جۆرە قەرزێکی ناوخۆیی و دەرەکیی بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی شورای میللی، ڕێگەپێدراو نەبوو و بە پێچەوانەی یاسا دادەنرا(رزمجو، ١٣٤١: صص٣٣٠-٣٣١).

لە ئاستی دەرەکییش دژایەتی شۆڕشی دەستوریی و مەشروتەخوازان، پەیوەندی بە هەڵوێستی ڕوسیا لەو بارەیەوە هەبوو، کە لە ڕاستیدا لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەو وڵاتەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەوەش لە ئەنجامی ملکەچپێکردنی سیاسیی و ئابووری ئێران بە هاوکاریی بانکی قەرزپێدانی ڕوسی و پێدانی قەرز و ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لەگەڵ ڕوسیا بەدەست هاتبوون(رمضانی، ١٤٠٠: ص١١٣). ڕوسیا بە توندی دژی شۆڕشی مەشروتە بوو، وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی(Andreeva, 2014: p12) و پیلانێکی بەریتانی بۆ تێکدانی دەسەڵاتی قاجارەکان تەماشای دەکرد( Kazemzadeh, 2013: p598). ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە بە شێوەیەکی نەریتیی ئامرازی هەژموونی ڕوسیا لە ئێران خودی شا و دارودەستەکەی بوو(زیباکلام، ١٣٧٧: صص٥٠٤-٥٠٥) بەڵام کاتێک بەهۆی شۆڕشی مەشروتە زۆرینەی دەسەڵات و هێزی سیاسی دارودەستەی قاجار نەما، لە ئەنجامی ئەمەشەوە، بەشێوەیەکی دراماتیکی هەژموونی ڕوسیا لە ئێران دووچاری تێکچوون و لاوازی هات، ئەمە بووە هۆکاری یەکەمی دژایەتی شۆڕشی مەشروتەی ئێران، هۆکاری دووەمیش، ئەو شێوازەی ڕژێم و سیستەمی فەرمانڕەوایەتیە بوو، کە لە ڕوسیا هەبوو، کە بە ڕژێمێکی ستەمکار و دیکتاتۆری ئەژمار دەکرا و حەزی نەدەکرد سیستەمێکی دیموکراسی و پەرلەمانی لە وڵاتێکی دراوسێی گرنگی، وەک ئێران سەرپێ بکەوێت(مهدوی، ١٣٩٢: ص٣٣٣؛ زیباکلام، ١٣٧٧: ص٥٠٤-٥٠٥). تەنانەت شۆڕشی مەشروتەی ئێرانی بە بێڕێزی بە ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا دەزانی(رضاعلم و امیری، ١٣٨٦: ص٩٦) چونکە دەیزانی، کە ئامانجی

سەرەکیی شۆڕش دژی هەر جۆرە هەژموون و دەستوەردانێکی بیانییە، ئەوەتا ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی سۆڤیەت ئیڤانۆڤ خودی شۆڕشی ١٩٠٥-١٩١١ی ئێرانی بە شۆڕشی دژە ئیمپریالیزم ناودەبات(ЕВДОКИМОВА, 2009: c158).

هەڵوێستی بەریتانیاش هەمدیسان پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی ڕوسیاوە لە ئێران هەبوو. هەرچەندە هیچ کامیان ئەو باردۆخە نوێیەیان بەلاوە پەسەند نەبوو، حکومەتێکی جێگیر و بوکەڵەییان پێ باشتر بوو، کە ملکەچی جیاوگی بیانیی و ئامانجە ئیمپریالیستییەکانیان بێت(http://wwi.lib.byu.edu/index.php/The_Anglo-Russian_Entente)، بەڵام سیاسەتی دەرەوەی ئێران، کە سەرنجی لەسەر ڕوسیا بوو، ناڕەزایی گەورەی لە نێوەندە سیاسیەکانی بەریتانیا لێکەوتبووەوە، لە هەوڵێکدا بۆ لاوازکردنی کاریگەریی ڕوسیا لە ئێران، لە سەرەتادا بە جۆرێک پشتیوانییان بۆ شۆڕشگێڕانی ئێرانی نیشاندا(Базиленко, 2011: c178) هەر ئەمەش بوو، کاتێک لە ساڵی ١٩٠٦ نیشتمانپەروەران پەنایان بۆ باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران برد، هانی شای دا، کە دامەزراندنی ئەنجومەنی نوێنەران پەسەند بکات، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم هەنگاوەی بەریتانیا بۆ دوو مەبەستی تر بوو؛ یەکەمیان بۆ ئەوە بوو، کە خۆی وەک پاڵپشتی خواستە چاکسازییەکانی ئێرانییەکان پیشان بدات و دووەمیش بۆ ئەوە بوو، کە سەرنجی شای نوێ؛ واتە محەمەد عەلی شا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و وای لێ بکات لەگەڵ ڕوسیای ڕکابەریدا هاوکاریی نەکات(سەردەشتی، ٢٠١٠: ل٥٦). بۆیە دەتوانین، ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەو پشتیوانییەی بەریتانیا لە سەرەتاوە لە شۆڕشی مەشروتەی کرد، لە بنەڕەتدا بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی دەسەڵات و هەژموونی ڕوسیا لە ئێران بوو، نەک پشتیوانیی شۆڕشگێڕان و باوەڕبوونی بە مافە دیموکراسیەکانی گەلانی ئێران. لەبەر ئەوەی حکومەتی بەریتانیا لە سیاسەتی تاکلایەنە و هەژموون و دەسەڵاتی بێئەندازەی ڕوسیا لە نێو دەسەڵاتدارانی ئێران ڕازی نەبوو بە دەرچوواندن و بڵاوکردنەوەی ڕووژنامە ئازادییخوازەکان، کە لە دەرەوەی وڵات چاپ دەکران، یارمەتی مەعنەوی تۆخکردنی ڕقی دیکتاتۆرانی وڵاتی دەدا، بە بیروبۆچوونی بەریتانیەکان، کاتی ئەوە هاتبوو، گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە بارودۆخی ئێراندا بکرێت و وڵات لە دەستی شا و سەرۆک وەزیرانی دیکتاتۆری بوکەڵەی دەستی ڕوسیا دەربهێنرێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو، کاتێک ئازادییخوازان داوای پانابردنە بەر باڵوێزخانەی بەریتانیایان کرد، بە گەرمی پێشوازییان لێکرا و پەنادران(امینی، ١٣٨٢: ص١٦٢؛ مهدوی، ١٣٩٢: ص٣١٨).

## باسی سێیەم: ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٠٧ی نێوان ڕوسیا و بەریتانیا و دابەشکردنی ئێران

دژایەتی و ڕکابەریی نێوان ڕوسیا و بەریتانیا لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی و هەژموونیان لە ئێران زۆر درێژەی نەکێشا و گۆڕانکاریی بەسەردا هات و ڕێکەوتن و لێکنزیکبوونەوەی بەریتانیا و ڕوسیا هەلومەرجێکی تەواو نوێی هێنایە کایەوە(رمضانی، ١٤٠٠: ص١١٥). لە سەرەتای سەدەی بیستدا ڕکابەریی نێوان ڕوسیا و بەریتانیا، بە ئامانجی دروستکردنی کاریگەریی سیاسی و ئابووری لە ئێراندا چڕتر بووەوە. ڕوسیا بانگەشەی ڕۆڵی سەرەکی لە کۆنترۆڵکردنی ئێراندا دەکرد، بەڵام شکستییەکەی لە جەنگی ژاپۆن و شۆڕشی ناوخۆی ساڵی ١٩٠٥، بوونە هۆکاری سەرەکی ئەوەی ڕوسیا بە ڕێکەوتن لەگەڵ بەریتانیا ڕازی بێت و ناچار چالاکییە دارایی و بازرگانییەکانیان لە باکووری ئێران سنووردار بکات(МОХАММАД ХАСАН, 2013: c14). لە ڕووی ئاستی دەرەکیش گۆڕانکاریی لە هەڵویست و سیاسەتی بەریتانیا و ڕوسیا لە ئێران و لێکنزیکبوونەوەیان بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕایەوە، کە زۆرتر پەیوەندی بە سیاسەتی گشتی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمە و مەترسییەکانی دەرکەوتنی هێزێکی گەورەی وەک ئەڵمانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە ئێران هەبوو(قیداری و قولنجی، ١٣٩٦: صص٢٠٨-٢٠٩). لەم کاتەدا گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و دۆخی نێودەوڵەتیی بە جۆرێک پەرەی سەند، کە ڕوسیا و بەریتانیای زۆرتر لەیەک نزیککردەوە، چونکە لەو کاتەدا، جگە لە بەهێزبوون و فراوانبوونی هەژموونی ئەڵمانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شۆڕش و گۆڕانکارییەکانی ئێران و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە هیندستان لە ئارادا بوون(Кулагина, 2010: c160) ئەڵمانیا هێرشێکی چالاکی بۆ وەرگرتنی پێگەی ڕکابەرەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەنێویاندا ئێران دەستپێکردبوو، سەرمایەدارە ئەڵمانەکان هەوڵیان دەدا قازانج و جیاوگ لە ئێران بەدەستبهێنن، هاوردەکردنی کاڵاکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو زۆر کرد و قەرز و ڕاوێژکاری داراییان بەسەر حکومەتی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئێراندا سەپاند(Корниловский, 2016: с69). هەرچەندە تێڕوانینی هەریەکە لە ڕوسیا و بەریتانیا بۆ هەژموون و بوونی ئەڵمانەکان لە ناوچەکەدا جیاواز بوو، بەڵام دواجار، بوونی ئەڵمانەکان مەترسی بۆ کۆی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا دروستدەکرد. بەریتانیا لە ڕووی سیاسییەوە ترسی لە فراوانخوازیی ئەڵمانیا هەبوو، ڕوسیاش وەک مەترسی بۆ سەر لایەنی بازرگانی وڵاتەکەی، تەماشای بابەتەکەی دەکرد، هەر پێشهات و دەرفەتێک بۆ هاتنە ناوەوەی ئەڵمانیا لە ئێران مەترسی لەسەر ئەو پێگە و جیاوگانە دروست دەکرد، کە بازرگانانی ڕوسیا لە ئێران هەیان بوو( Pye, 2015: p41).

هەرچەندە سیاسەت و هەنگاوەکانی ڕوسیا، وەک سەرنج خستنە سەر کەنداوی عەرەبی و پێشڕەوییەکانیان لە ئاسیای ناوەڕاست و سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، هەوڵەکانیان بە گەیشتن بە بەندەر عباس، دامەزراندنی کونسوڵگەریی لە بەسرە و بوشەهر و ناردنی کەشتی بازرگانیی و جەنگی بۆ کەنداوی عەرەبی و چەندین هەنگاوی تر، لەو ماوەیدا بوونە هۆی نیگەرانیی بەریتانیەکان(قدیمی قیداری، ١٣٩٦: صص٢٠٨-٢٠٩) کە لە بنەڕەتدا ئەو ئاراستە و شێوازی سیاسەتەی ڕوسیا؛ واتە جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان ڕوسیا و بەریتانیا، ئەگەر کار بگەیشتبایە پێکدادان، بەڵام نە ڕوسیا و نە بەریتانیاش حەزیان لە پێکدادانی لەو جۆرە نەدەکرد، چونکە ڕوودانی جەنگ لە نێوان ڕوسیا و بەریتانیادا، پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا و بەریتانیاشی بەرەو خراپتر دەبرد، ئەمەش ئەوە بوو، کە بەریتانیا خۆی لێدەپاراست، چونکە فەرەنسا لە دژی مەترسییەکانی ئەڵمانیا هاوپەیمانی ڕوسیا بوو، کە هەڕەشەی لە هەردوو لایان دەکرد، جگە لەمە لەگەڵ بەریتانیاش ڕێکەوتنی هەبوو، کە بە ڕێکەوتنی دۆستانە ناسرا بوو(نەووار ، ٢٠٢٠: ل٢٥٠) بەریتانیەکان لەلایەک مەترسیی ڕوسەکانیان لە ئێران و بەڵکان دەبینی و لە لایەکی تر ڕووبەرووی مەترسی ئەڵمانیا لە ئاسیای بچووک و کەنداوی عەرەبی  ببوونەوە، کە بە گەیاندنی ڕێگەی هێڵی ئاسنینی(بەرلین-بەغدا)بە ناوخۆی ئێران، دەیتوانی کێشە بۆ سنورەکانی هندستان دروست بکات(مظفرمقام و مظفری، ١٣٨٧: ص٣٥٣).

ئەڵمانەکان هەر لە سەرەتای سەدەی بیستدا بیرۆکەی فراوانبوونیان بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و چەسپاندنی هەژموونی سیاسی و ئابووریان لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران دەستپێکردبوو، پاڵنەری بنەڕەتیش لەم هەنگاوەیان، بەرەنگاربوونەوەی بەریتانیا بوو، بە شێوەیەک، کە ئەوەندەی گەیشتن بە هندستان و لەقکردنی هەژموونی بەریتانی لە ناوچەکەدا، ئامانجی سەرەکی بوو، ئەوەندە ئێران ئامانج نەبوو. بۆیە ڕوسیا و بەریتانیا لە پێناو نەهێشتنی مەترسی ئەو هێزە گەورەیە، ناچاربوون بە شێوەی کاتی واز لە ململانێی نێوانیان بهێنن(الجبار، ١٩٥٥: ص٥٣٦) بەتایبەتی بەریتانییەکان بڕیاریان دابوو، کە هیندستان لە داگیرکاریی و مەترسیی دوور بخەنەوە( Tompkins,1975: p145).

لەم چوارچێوەیەشدا، جگە لە هەڕەشەی ئەڵمانەکان، ترسی ئەوەیان هەبوو، کە بوونی ڕوسیا ببێتە هۆی لەشکرکێشیان و دۆخێک بهێنێتە ئاراوە، کە ئاڵنگاریی دەسەڵاتی بەریتانیا لە هیندستاندا بکات(http://wwi.lib.byu.edu/index.php/The_Anglo-Russian_Entente)، چونکە بەریتانیا بە شێوەیەکی گشتی ئێران و بەتایبەتی کەنداوی عەرەبی، وەک بەشێکی گرنگی سنورە هاوبەشەکانی هندستان دەبینی و دامەزراندنی هەر پێگەیەکی دەریایی یان بەندەرێک لە کەنداوی عەرەبی لە لایەن هەر هێزێکی تری بیانی بە مەترسی و هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبینی. بۆیە بەمەبەستی پێشگیری لە هەژموونی زیاتری ڕوسەکان لە ئێران و کەنداوی عەرەبی و ئەگەری مەترسی بۆ سەر هندستان، بابەتی نەهێشتنی ململانێ و کێبەڕکێی سیاسیان لەگەڵ ڕوسەکان بە دابەشکردنی شوێنی هەژموونی خۆیان لە ئێران پێشنیار کرد، لە ڕاستیدا بەریتانیەکان گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ڕوسەکان، قوربانی بە ئێران بدەن(قدیمی قیدار و قولنجی، ١٣٩٦: صص٢٠٨-٢٠٩).

دواجار بەریتانیا و ڕوسیا بڕیاریان لەسەر دابەشکردنی خاکی ئێران دا، کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان لەو بارەوە چارەسەر بکەن(نەووار، ٢٠٢٠: ل٢٥٠)، ڕێکەوتننامەیەکیان لە ٣١ی ئابی ١٩٠٧، سەبارەت بە ئێران و ئەفغانستان و تیبت لە سانپترسبۆرگ واژۆ کرد، کە بە ڕێکەوتنی ساڵی ١٩٠٧ ناسراوە، بەشێکی گرنگیی تایبەت بە دابەشکردنی خاکی ئێران بەسەر سێ ناوچەی هەژموون و دەسەڵاتی جیاواز بوو؛ بەشی باکوری ئێران بە ڕووبەری٧٩٠ هەزار مەتر چوارگۆشە لە باکووری هێڵی قەسری شیرین، ئەسفەهان، یەزد، زولفەگەر لە یەکگرتنی سنوورەکانی ئێران، ئەفغانستان و ڕوسیا، وەک کایەی کاریگەریی ڕوسیا ڕاگەیەندرا، بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، بە ڕووبەری ٣٥٥ هەزار

مەتر چوارگۆشە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی هێڵی بەندەرعەباس، کرمان، بیرجەند، گازیک لەسەر سنووری ئێران و ئەفغانستان کایەی کاریگەریی بەریتانیای پێکدەهێنا، لەگەڵ ناوچەیەکی بێلایەن لە ناوەڕاستی ئێران، کە بۆ دەسەڵاتدارانی قاجار بەجێهێڵرابوو. بەگوێرەی ئەو ڕێکەوتنە، هەر دوولا بڕیاریان دا، کە هیچ لایەکیان لە ناوچەی هەژموونی یەکتر، هیچ جۆرە جیاوگێک لە بابەتی دروستکردنی ڕێگەی ئاسن، بانک، تەلەگراف و هۆکاری گواستنەوە و بیمە، نە بۆ خودی دەوڵەت و هاووڵاتیانی خۆیان، و نە بۆ هیچ هاووڵاتیەکی تری بیانیی وەرنەگرن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، هەریەکەیان هەموو ئەو جیاوگانەی بە فەرمی ناساند، کە پێشتر بەدەستیان هێنابوو(پیرنیا و دیگران، ١٣٩٣: ص٩٥٠؛ Авдеев,: c2؛ Кулагина,2010 : c164؛ Avery, 2007: p205). ئەم ڕێکەوتنە گرنگییەکی ئێجگار زۆری بۆ هەردوو لایان هەبوو، چونکە جگە لەو خاڵانەی، کە لەسەری ڕێککەوتبوون، بووە هۆی ئەوەی، کە لە بواری تریش لەسەر ئاستی جیهان هاوکاریی یەکتری بکەن، بۆیە دەکرێت بووترێت، کە گرنگییەکەی لە خودی ناوەڕۆکەکەی زۆرتر بوو(Tompkins,1975: p109) بەتایبەتی بۆ بەریتانیەکان؛ بە واتایەکی تر سوود و قازانجی ڕێکەوتنەکە بۆ بەریتانیا ئەوەندە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی و هەژموونی جیهانیی، لە بابەتی بەرەنگاربوونەوەی مەترسیەکانی هەژموونی ئەڵمانیا لە ناوچەکەدا، سوودی هەبوو، بە ئەندازەی ئەوە سوودی لە خودی دابەشکاریی ناوچەی ڕێکەوتنەکە نەبوو.

لە١١ ئەیلولی ١٩٠٧ کۆپییەکی ڕێکەوتنەکە ڕادەستی وەزارەتی دەرەوەی ئێران کرا. ئەمە تووڕەیی ڕای گشتی هاووڵاتیانی ئێرانی لێکەوتەوە(Кулагина, 2010: c165) بووە هۆی هەڵچوون و ناڕەزایەتی خەڵک و ئەندامانی ئەنجومەنی خوولی یەکەمی شورای میللی. حکومەتی ئێران ڕایگەیاند، بەهیچ شێوەیەک ئەم ڕێکەوتنە بە فەرمی ناناسێت(امینی، ١٣٨٢: ص١٧٤) بە دابەشکردنی وڵاتەکەی بۆ شوێن هەژموونی ڕوسیا و بەریتانیای دەزانێت و وای دەبینێت کە ئەم هەنگاوە پشتیوانی بەریتانیایە لە چالاکی و سیاسەتی ڕوسەکان لە ئێران(اولسون، ١٣٩٨: ص١٦) هەرچەندە، وەک کاردانەوەیەک لە دژی سیاسەتی ڕوسیا و بەریتانیا لە تاران و شارەکانی تری ئێران، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی هاووڵاتیانی ئێرانی دەستی پێکرد، بەڵام حکومەتی ئێران زۆر لەوە لاوازتر بوو، کە بتوانێت ڕێگریی لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنێکی لەو شێوەیە بکات، بۆیە هەردوو دەوڵەت بە شێوەی پلەبەندی، دەستیان بە جێبەجێکردنی و داگیرکردنی ناوچەکانی شوێن هەژموونی خۆیان کرد و هیچ گوێیان بە ناڕەزایەتیەکانی ئێران نەدا(امینی، ١٣٨٢: ص١٧٤). لەمەشدا هەریەکەیان مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی هەبوو، ڕوسەکان داگیرکردنی زۆرتری خاکی ئێران و بەریتانیەکانیش دروستکردنی بەربەستێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە دەریای عومان و هندستان(مخبر السلطنه، ١٣٦٣: ص١٩٧).

ئەم ڕێکەوتنە جگە لەوەی هەلێکی بێپێشینەی بۆ ڕوسیا فەراهەم کرد، کە دەستوەردانی زیاتر لە کاروباری ناوخۆی ئێران بکات(رمضانی، ١٤٠٠: ص١١٥). لە هەمان کاتدا سەردەمێکی نوێشی لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و بەریتانیا لە ئێران هێنایە ئاراوە، سەردەمێک، کە بەریتانیەکان وازیان لە ڕوسەکان هێنا، هەر جۆرە ئاژاوە و خراپەکارییەک، کە بیانویستایە لە ئێران ئەنجامی بدەن(قدیمی قیدار و قولنجی، ١٣٩٦: ص٢١٠). ئەگەرچی لە دەقی ڕێکەوتنەکە و دواتریش هەریەکە لە بەریتانیا و ڕوسیا ڕایان گەیاند، کە پارێزگاریی تەواو لە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی ئێران دەکەن، بەڵام حکومەتی ئێران تەنانەت لە کۆنفرانسەکەش ئاگادار نەکرابوویەوە، دواتریش ئەم ڕێکەوتنە بە شێوەیەکی کارا بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی مەشروتە و نکوڵیی لە سەربەخۆیی سیاسیی ئێران بەکارهێنرا(قدیمی قیدار و قولنجی، ١٣٩٦: ص٢١٠؛ Andreeva,2009: p11)، چونکە دوای واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە، هەریەکەیان ڕێگەپێدراو بوو، بە شێوەی ئازادانە لە ناوچەکانی ژێر هەژموونی خۆی، دەستوەردانی سەربازیی بکات(گرانتوسکی و دیگران، بدون سال: ص٣٨٩)، بەتایبەت ڕوسەکانی زۆرتر دەستکراوە کرد، تا دەستوەردان و داگیرکاریی زۆرتر لە ناوچەکانی ئێران ئەنجام بدەن.(جزئی، ١٣٨٨: ص٩٥) ئەم ڕێکەوتنە گورزێکی توندی لە بزوتنەوەی نیشتمانیی ئێران وەشاند، بووە هۆی زۆربوونی چالاکی و جموجوڵەکانی ڕوسیا و بە ناوی پارێزگاریی لە کونسولگەریەکانی، بەتایبەتی لە ناوچەکانی باکوری ئێران، ژمارەیەکی زۆر سەربازی هێنایە شارەکانی ئێران ئەمەش بەهێزبوونی هەژموونی ڕوسیای لە بەرژەوەندی شا و کۆنەپەرستانی ئێرانی لێکەوتەوە(مجذوب، دون سنه: ص٢١١) هەر دوای ئەمەش، ڕاستەوخۆ ڕوسیا لە ڕێگەی کڕین یان بە زۆر داگیرکردنی

زەویيەکانی باکوری ئێران و نیشتەجێکردنی هاووڵاتیانی ڕوسی لەو شوێنانە، جۆرێکی تری داگیرکارییان لە ناوچەکانی باکوری ئێران دەست پێکرد(نصرآبادی و دیگران، ١٣٩٩: ص٦١).

جگە لەمەش، کاریگەرییەکی تری نەرێنی ڕێکەوتنەکە لەسەر بارودۆخی ناوخۆیی ئێران، پچڕانی هەر جۆرە پەیوەندییەکی دۆستانەی نێوان شا و ئەنجومەنی شورای میللی بوو. پاش ئەوەی ڕێکەوتنەکە ڕوسیای لە دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی باکوری ئێران دەستکراوە کرد، شا لە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵگەڕایەوە و بڕیاری دا ئەندامەکانی پەرتەوازە بکات(سەردەشتی، ٢٠١٠ : ل٥٢) زۆرتر حەزە دیکتاتۆرییە سەرکوتکارییەکانی دەربخات. نەک هەر ئەوەش بەڵکو دەستیشی بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک کراوە کرد، بەبێ ئەوەی ترسی لە دەستوەردانی بەریتانیا لە پشتگیرییکردنی لایەنگرانی مەشروتە هەبێت(الجاف، ٢٠٠٨: ص٣٢٠).

باسی چوارەم: هەڵوێستی ڕوسیا لە بەرامبەر هەنگاو و چالاکییەکانی ئەنجومەنی شورای میللی

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، شۆڕشی مەشروتە ڕووبەڕووی دژایەتی سەرسەختی ناوخۆیی و دەرەکیی بووەوە، ئەم دژایەتییەی هەر دوولاش؛ واتە محەمەد عەلی شا لە ئاستی ناوخۆیی و ڕوسیا لە ئاستی دەرەکیی لە بەرامبەر شۆڕشی مەشروتە و مەشروتەخوازان لە خۆوە نەبوو، هەنگاو و جوڵەکانی مەشروتەخوازان، کرۆکی بەرژەوەندی و پلەوپایە و دەسەڵات و هەژموونی ئەوانی کردبووە ئامانج. هەر لەگەڵ سەرڕێکەوتنی شۆڕش و دامەزراندنی ئەنجومەنی شورای میللی، دەسپێکی کار و هەنگاو و سەرنجەکانی ئەنجومەن لەسەر هەندێک بابەت بوو، کە زۆرترینیان پەیوەندییان بە بەرژەوەندییەکانی ڕوسیاوە هەبوو، لەوانە ڕێگرییکردن لە وەرگرتنی هەر جۆرە قەرزێک لە ڕوسیا و بەریتانیا، هەڵوەشاندنەوەی نەریتی دەستوەردان یا سوودی نارێکخراو و نارەوا بەتایبەت لە باجەکان، ڕزگاربوون لە گەندەڵی و خراپەکاری کارمەندانی گومرگی بەلجیکی و تەواوی ئەوکەسە بیانیانەی، کە کاریان لە ڕێکخستنی گومرگەکانی ئێراندا دەکرد(براون، ١٣٧٦: ص١٤١؛ شەمیم، ٢٠٢١: ل٥٧٤).

جگە لەم هەنگاوانەی سەرەوە، هەندێک بابەتی تر، کە لێدانێکی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا بوو لە ئێراندا، بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی شورای میللییەوە پەیوەست کران و لە دەستی شا دەرهێنران، وەک پێشنیار دەربارەی گواستنەوە، یان فرۆشتنی بەشێک لە سامانە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بە کەسانی بیانی، گۆڕانکاریی لە سنورەکانی وڵات، دامەزراندنی کۆمپانیای پشکدار، پەیمان و ڕێکەوتنامە و دانی جیاوگی ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵی بە هاووڵاتی ئێرانی، یان هەر هاووڵاتیەکی بیانی، وەرگرتنی قەرزی حکومی لەژێر هەر ناونیشانێک لە سەرچاوەی ناوخۆ یان دەرەکیی، دروستکردنی جادە و ڕێگەی ئاسنین(رمضانی، ١٤٠٠: ص١١٢) بەشێوەیەک سەرجەمی ئەو یاسایانەی، کە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پێویست بوون، لەلایەن ئەنجومەنەوە دادەنران و ئەنجومەن دەسەڵات و بەدواداچوونی لێکۆڵینەوەی هەمووکاروباری وڵاتی لە ئەستۆ گرتبوو، بەبێ دەنگدان و ڕەزامەندی ئەنجومەنی شورای میللی، هیچ یەکێک لەو بابەتانەی سەرەوە ڕێگە پێدراو نەبوون(بیات و دیگران، ١٣٩٣: ص٣٨٤) ئەمە؛ واتا بڕینی دەستی بێگانە لە وڵات و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شا و دەستوپێوەندەکانی لە بڕیار و پرسە چارەنووسساز و گرنگەکانی وڵات، لەکاتێکدا دەزانین کە شا و دەستوپێوەندەکانی ئامرازی جێبەجێکردنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتانی بیانی، بەتایبەتی ڕوسیا بوون. بۆیە بێلایەنی و خۆدوورگرتن لە ڕووداوەکانی شۆڕشی مەشروتە و ئەو هەنگاوانەی، کە ئەنجومەنی شورای میللی گرتیەبەر، لەبەر چەند هۆکارێک بۆ دەوڵەتێکی وەک ڕوسیای دراوسێ و خاوەن بەرژەوەندی قووڵی سیاسی و ئابووری و سەربازیی لە ئێران چاوەڕوانکراو نەبوو، لەوانە:

١- بە سەرمایەی حکومەتی ڕوسیا دوو ڕێگەی بازرگانیی گرنگ لە ئێران: ڕێگەی ئەنزەلی- تاران و جوڵفا- تەورێز دروستکرابوون.

٢- بابەتی بانکی قەرزپێدان و ئەو قەرزانەی، کە بە حکومەتی ئێرانی دابوون، بانکی قەرزپێدان، جگە لە تارانی پایتەخت، ژمارەیەکی زۆر لقیشی لە شارەکانی تری ئێراندا هەبوو، کە کارئاسانییەکی زۆری بۆ بابەتی بازرگانی نێوان ئێران و ڕوسیا دەکرد.

٣- بابەتی ماسی و ڕاوە ماسی لە دەریای قەزوین.

٤- لە ئازربایجانیش هاووڵاتیانی ڕوسی، بە بەهای چەندین ملیۆن ڕۆبڵی ڕوسی، خاوەنی ژمارەیەکی زۆر موڵک و ماڵ بوون.

بۆیە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا لە ئێران، ببووە شتێکی پێویست و پێشنیارەکەی بەریتانیا بۆ خۆدوورگرتن لە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئێران لە سەرەتاکانی دروستبوونی شۆڕشی دەستوریی، بە لای ڕوسیاوە قبوڵکراو نەبوو(زینویف، ١٣٦٢: ص٥٤).

ڕوسەکان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دژی شۆڕشی دەستوریی بوون و، هەر ڕۆژ کە تێدەپەڕی زۆرتر دژایەتیان دەکرد(زیباکلام، ١٣٧٧: صص٥٠٤-٥٠٥). دواجار گەیشتنە ئەو بڕیارەی، کە لە ڕێگەی شا و تەواوی بەکرێگیراوانی خۆیان، کۆتایی بە شۆڕشی دەستوریی ئێران بهێنن. بۆ ئەو مەبەستە فەرمانیان بە باڵوێزی ڕوسیا لە ئێران و لیاخۆڤ فەرماندەی لیوای قۆزاق کرد، کە ڕێوشوێنی پیویست بۆ ئەو مەبەستە بگرنەبەر(مهدوی، ١٣٩٢: ص٣٣٣) لەم چوارچێوەیەدا، لە ڕێگەی باڵوێزخانەکەیان هوشیاریان دا، کە ناتوانن بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو چاوەڕێ بکەن و مۆڵەت بە تێکچوونی بارودۆخی ناوچە جیاوازەکانی ئێران بدەن. لە تەواوی ئەو ماوەیەشدا هاوکاریی و هانی محەمەد عەلی شایان دەدا، کە لە دژی ئەنجومەن ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر و بۆ دروستکردنی نائارامی و پشێویی لە وڵات، پارەی پێویستیان دابین کرد(یزدانی، ٢٠٠٣: ص٢٦٠؛ براون، ١٣٧٦: ص١٥٢). ئەمە تەنیا هەڵوێستی سەرکردە سەربازیی و نوێنەرە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی ڕوسیا نەبوو، بەڵکو لەسەر بەرزترین ئاست گرنگیان بەو بابەتە دەدا. نیکۆلای دووەمی تزاری ڕوسیا، لە وەڵامی باڵوێزی ڕوسیا لە ئێران لە ڕێکەوتی ٣١ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٧، کە لەسەر بارودۆخی قەیراناوی ئێران زانیاری پێشکەش کردبوو، دەڵێت: "ڕزگارکردنی ئێران و دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی شا، تەنیا لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن و سەرکوتکردنی تەواوی کۆبوونەوە شۆڕشگێڕییەکان دەبێت و ئەمە تەنیا وەڵامی منە"(جزئی، ١٣٨٨: ص٩٦) بۆیە دەبینین ڕوسەکان هیچ کات ئەوەیان نەدەشاردەوە، کە لە ململانێی نێوان ئەنجومەن و شادا لایەنگریی و پشتیوانیی تەواو لە شا دژی مەشروتە و مەشروتەخوازان دەکەن(آدمیت، ١٩٨٥: ص٣٥٣) ئەم هەڵوێستەی ڕوسیاش زۆرتر هانی شای دا تا بەرەنگاریی ئەنجومەن و مەشروتەخوازان ببێتەوە(نوربخش، ١٣٨٠: ص١٧٥٥).

دواجار هەڕەشە و نیگەرانیی ڕوسەکان چووە بواری کرداریی و دەستیان بە جێبەجێکردنی هەموو ئەو هەڕەشانە کرد، کە بۆ دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەی ئەنجومەن و مەشروتەخوازان دەیانکرد. پلانەکەشیان بەشێکی لە ڕێگەی محەمەد عەلی شا و بەشێکی تریشی ڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی سوپا و لەشکرکێشیی بۆ سەر خاکی ئێران جێبەجێکرد. سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە کۆلۆنیل لیاخۆڤ، فەرماندەی لیوای قۆزاق پێش هەر جۆرە جوڵە و هەنگاوێک بۆ هێرشکردنە سەر بینای ئەنجومەنی شورای میللی، لە ڕێگەی باڵوێزخانەی ڕوسیا لە تاران، هاوئاهەنگی پێویستی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە و فەرماندەی سوپای قەفقاز ئەنجامداوە. لە ڕاپۆرتێکی نهێنیدا، کە ڕێکەوتی ٣١ ئاداری ١٩٠٨ لەسەرە و بۆ ناوەندی سەرکردایەتی هێزەکانی قەفقازی نووسیوە، هاتووە: "جەنەراڵی پایەبەرز ئەم گەلاڵەنامەیە، کە من و وەرگێڕی یەکەمی باڵوێخانە نووسیومانە، پاش ئاڵوگۆڕی چەند تەلەگرافێک لەگەڵ پیترسبۆرگ، تەنیا کەمێکی گۆڕدراوە و دەکرێت بڵێم بەبێ دەربڕینی هیچ تێبینیەک، پەسەندکراوە، خودی محەمەد عەلی شا، وەکو کەسێکی ئێرانی لە شەڕ و تێکهەڵچوون دەترسا و زۆر دوودڵ بوو، و ڕێگای سوک و ئاسانتری دەخستەڕوو، هەر بۆیە بەناچاریی ڕوومان کردە چەند هۆکارێکی یەکلاکەرەوە. پێمان ڕاگەیاند، کە لە هەلومەرجی ئێستادا گەلاڵەکەی ئێمە بۆ بەڕێوەچوون، باشترین گەلاڵەیە و دەبێ بزانیت، کە حکومەتی ڕوسیا پەسەندی کردووە، ئەگەر بێت و بەم گەڵاڵەنامەیە ڕازی نەبێت، ئیتر حکومەتی ڕوسیا بۆ یارمەتیدان، هیچ جۆرە شتێک ناخاتە بەرپرسیاریەتی خۆی و لەو ڕووداوانە بەرپرسیاریش نابێت، کە پێشتر ڕوویانداوە. ئەم شێوە قسەکردن و ئاخاوتنە کاری خۆی کرد و شا بەزوویی ڕەزامەندیی دەربڕی و بۆ بەڕێوەچوونی گەلاڵەکە، بەلێبڕاوی بەڵێنی جێبەجێکردنی دا، کە خاڵەکانی بریتیین لە:

١- باڵوێزخانە و شا تێدەکۆشن ئەندامانی دیاری پەرلەمان بە پارە و بەڵێن بکڕن و بەلای خۆیاندا ڕایان بکێشن، هەتا لە دوا کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە گوێرەی فەرمان بجوڵێنەوە.

٢- هەتا ڕەخساندنی هەلی تەواو، نابێت ڕواڵەتی دۆستایەتی لەگەڵ پەرلەمان تێکبدرێ و دەبێت بە جۆرێک بجووڵێنەوە، کە وا بزانن لایەنەکان تێدەکۆشن بارەکە بەرەو چاکسازی بڕوات، بۆ ئەم مەبەستەش درێژە بە گفتوگۆ و باسەکانی نێو پەرلەمان بدرێت.

٣- بە دانی بەرتیل، یان بە شێوەی دیکە، هەوڵبدرێت، کە چەکدارانی مزگەوتەکان، یان ئەنجومەن بۆ لای حکومەت ڕابکشرێن؛

٤- بەرتیل بە سەرۆکی ئەنجومەنی شارە گەورەکان بدرێت، تا لە رۆژێکی دیارییکراودا نەهێڵن ئەندامانی ئەنجومەن لە جێی خۆیان بجووڵێن و دەربکەون.

٥- رۆژێک بەر لە کاتی دیارییکراو، یان زووتر، پێویستە گروپێک لە قۆزاق بە جلوبەرگی گۆڕدراو بۆ سەر پەرلەمان یان مزگەوتی سوپاسالار بنێردرێن. ئەمانە دەبێت تەقە بە ئاسماندا بکەن، وەک بیانوویەک بۆ تۆپبارانکردنی بینای ئەنجومەن و سەر لە پاسەوانەکان تێکبدەن.

٦- رێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر، تا نارازییان نەتوانن بۆ مانگرتن، پەنا بۆ باڵوێزخانەی وڵاتانی بیانیی، بەتایبەت باڵوێزخانەی بەریتانیا ببەن.

٧- دوای ئامادەبوونێکی تەواو، لیوای قۆزاق لە رۆژێکی دیارییکراودا پەرلەمان گەمارۆدەدات و دەست دەکات بۆ تۆپباران و پاسەوانەکان پەرش و بڵاودەکات.

٨- دوای تۆپبارانەکە، ماڵی مەشروتەخوازان و نوێنەرانی پەرلەمان لە لایەن خەڵکەوە تاڵان دەکرێت.

٩- سەردەستەی مەشروتەخوازان و نوێنەران و لایەنگرانی ئەنجومەن دەستگیر دەکرێن و بەگوێرەی پێگەی کۆمەڵایەتی هەریەکەیان، ژمارەیەکیان لە سێدارە دەدرێن و ژمارەیەکیشیان بۆ دەرەوەی وڵات دووردەخرێنەوە.

١٠- بەمەبەستی هێورکردنەوەی بیروڕای گشتی و وڵاتانی بیانیی، فەرمانێک بە مەبەستی هەڵبژاردنی سەرلەنوێی ئەنجومەن بڵاودەکرێتەوە. محەمەد عەلی شا ڕەزامەندی لەسەر ئەم کارە دەربڕی و داوایکرد، سەربازانی ئێرانیش بەشداری تێدا بکەن، بەڵام من بە ڕاشکاوی گوتم نابێ و ڕەتم کردەوە. باڵوێزی بەڕێز لەبەر دەربڕینی نارەزایەتی وڵاتانی دیکە ڕازی نەبوو، کە من بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەشداریی تۆپبارانەکە بکەم، من لەسەر فەرمانی جەنەراڵی پایەبەرز، لەبەر ئەوەی، کە دەزانم ئەفسەرانی ئێرانی هەرچەندە وەفاداری ڕوسیا بن، دیسان هەر ئێرانین و لە کات و ساتی ناسکدا هەستیان دەبزوێت، بۆیە پێم لەسەر بەشداریی ڕاستەوخۆم لەو هەڵمەتەدا داگرت. جەنەڕاڵی پایەبەرز! دڵنیابن ئەو لیوایەی، کە خراوەتە بەردەستی من، هەم لە نێو ئەفسەران و هەم لەنێو سەربازەکاندا، ئەوپەڕی ڕێکوپێکی و وەفاداریی بەسەریاندا زاڵە، ئەگەر بێت و کەندوکۆسپێک یان گرفتێک نەیەتە پێش، دەتوانم دەستەبەری سەرکەوتنی هەڵمەتەکە بکەم. چاوەڕێی فەرمانی ئێوەی پایەبەرزم کۆلۆنێل لیاخۆڤ/٣١ ئادار ١٩٠٨ تاران"(مامونتف، ١٣٦٣: ص١٠٨-١١٠؛ یزدی، ١٣٥٨: ص١١٧؛ براون، ١٣٧٦: ص٢١٠).

ئەم پلانەی ڕوسەکان، لەگەڵ نیاز و مەرامەکانی شا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و کۆتاییهێنان بە ئەنجومەنی شورا و مەشروتەخوازان هاوکات بوو. شا گەیشتبووە ئەو باوەڕەی، کە کاتی ئەوە هاتووە، گورزێکی سەربازیی خێرا لە بزوتنەوەی نیشتمانیی بوەشێنێت، ڕاوێژکارەکان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە چەندە لێدانی سەربازیی بزوتنەوەی نیشتمانی دوابکەوێت، هێندە هەلیان بۆ بەهێزکردنی خۆیان و دروستکردنی هێز لە دژی حکومەت دەدرێێ. بۆیە شا خۆی ئامادەکرد، کە دەستی خۆی بوەشێنێت و بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ دامودەزگاکانی ڕوسیادا زیاتر بەهێز کرد(نەووار، ٢٠٢٠: ل٢٥٣).

خاڵی دەستپێکردنی هەنگاوەکەش ئەوکاتە بوو، کە لە ٢٧ شوباتی ١٩٠٧ هەوڵی تیرۆکردنی شا درا، لێرەوە ئیتر زۆرتر ڕقی لە مەشروتەخوازان بووەوە و بیانووشی کەوتە دەست بۆ لەناوبردنی ئەنجومەن و سەرکوتکردنی شۆڕشی دەستوریی(امینی، ١٣٨٢: ص١٦٩) لە هەمان کاتدا ئەم ڕووداوە بیانوشی دایە دەست ڕوسەکان، تا کۆتایی بە ئەنجومەن بهێنن. لە ٢ حوزەیرانی ساڵی ١٩٠٨ باڵوێزی ڕوسیا هارتویگ و کاربەڕێکەری باڵوێزخانەی بەریتانی مارلینگ ڕاستەوخۆ دەستوەردانیان لەم بابەتەدا کرد، کە ئەگەر نەڵێین ئەم هەنگاوەیان بووە هۆی ئەو ڕووداوانەی کە لە سێ هەفتەی دوای ئەو چاوپێکەوتنەیان ڕوویاندا، ئەوا دەتوانین بڵێین، ڕۆڵی گرنگ و یەکلاکەرەوەی لەو ڕووداوانەدا هەبوو، کە لەو ماوەیەدا ڕوویاندا. دوای ئەوەی چاویان بە وەزیری دەرەوەی ئێران کەوت، هارتویگ باڵوێزی ڕوسیا لە وتارێکی دووردرێژی هەڕەشە ئامێزدا بەو ڕستەیە کۆتایی بە قسەکانی هێنا و ڕایگەیاند:"گیانی شا لە مەترسیدایە، نیشتمانپەروەران و ئەنجومەنەکان خەریکی دوورخستنەوەی شان، ئێمە ناتوانین ئەمە قبوڵ بکەین، ئەگەر بەم شێوەیە بێت، ڕوسیا ناچارە دەستوەردان بکات، ئەم کارەش بە ڕەزامەندی و پشتگیریی بەریتانیا بەڕێوە دەچێت( Мамедоглы, 2004: pc64؛ شوستر، ١٣٩٨: ص٣١؛ مخبر السلطنه، ١٣٦٣: ص٢١٤؛ براون، ١٣٧٦: صص١٩١-١٩٢).

دوای ئەم هەڕەشانەی باڵوێزی ڕوسیا، پلانەکەی محەمەد عەلی شا و ڕوسیا چووە بواری جێبەجێکردنەوە و لە ٢٣ حوزەیرانی ١٩٠٨ لیوای قۆزاق بە فەرمانی لیاخۆڤ هێرشی بۆ سەر ئەنجومەنی شورای میللی کرد و تۆپبارانی کرد، ئەنجامی ئەم ڕووداوە، گیانلەدەستدانی نزیکەی ٢٥٠ بۆ ٣٠٠ کەس لە لایەنگرانی مەشروتە(رزمجو، ١٣٤١: ص٣٣٣؛ گرانتوسکی، بدون سال: ص٣٩١) و کوژراو و بریندار بوونی نزیکەی ١٠٠ کەس لە هێرشبەران بوو( Кулагина, 2010: с172) بۆ ڕۆژی دواتر؛ واتە ڕێکەوتی چوارشەممە ٢٤ حوزەیرانی ١٩٠٨ دەسەڵاتی سەربازیی لە تاران بە گوێرەی فەرمانێکی شاهانە ڕاگەیەنرا، کە مۆری شای لەسەر بوو، لیاخۆڤ بە فەرماندەی گشتی تارانی پایتەخت دیاریکرا،(حسينى، ١٣٥١: ص٢٦٤) و سەرجەم هێزە ئەمنی و سەربازییەکان و پۆلیسی شار خرانە ژێر فەرماندەییەوە(تفريشى، ١٣٦٢: ص١٤٥). پاشان لیاخۆڤ بە دەرکردنی ڕاگەیەنراوێک، داوای لە دانیشتوانی تارانی پایتەخت کرد، خۆیان لە هەڵگرتنی هەر جۆرە چەکێک بپارێزن و لە کۆبوونەوە لە کۆڵان و شەقامەکانی تاران و پێکدادان لەگەڵ هێزە سەربازییەکان دووربکەونەوە. لە هەمان کاتدا مۆڵەت بە هێزە ئەمنیەکان درا، تەقە لە هەرکەسێک بکەن، کە سەرپێچیی لەو بڕیارانە بکات.(نوربخش، ١٣٨٠: ص١٧٩٩) بەم شێوەیەش کۆتایی بە خولی یەکەمی ئەنجومەنی شورای میللی هات و شۆڕش لە تارانی پایتەخت کۆتایی پێهات. ڕوسەکان بەم هەڵوێستەیان بە تەواوی ئەوەیان دەرخست کە لە هیچ هەلومەرجێکدا ڕازی نابن بەرژەوەندیەکانیان بکەوێتە مەترسیەوە و ئامادەن بە هەر جۆرێک بێت، تاکو بەکارهێنانی هێزی سەربازی بە شێوەی ڕاستەوخۆش پارێزگاری لە مانەوە و بەردەوامی دەستەڵاتی شا و دەستوپەیوەندەکەی لە بەرژەوەندی خۆیان بکەن. بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ جۆرە سنور و پیرۆزیەک لە چەشنی گیانی هاوڵاتیانی ئێرانی و ڕێزگرتن لە باڵەخانەی ئەنجومەنی شورای میللی کە هێما و سمبولی خەبات و هەوڵ و تێکۆشانی ئازادیخوازان بوو بگرن.

## دەرئەنجام

١- ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەی بیست، قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی ئێران پێکدەهێنن، لەم ماوەیەدا گۆڕانگارییەکانی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ئێران لەسەر ئاستی دەرەکی و شۆڕشی مەشروتە لەسەر ئاستی ناوخۆی بۆ گەل و فەرمانڕەوایانی ئێران گرنگ و چارەنوسساز بوون. لە ناوخۆی وڵات گۆڕانی سیستمی سیاسی لە پادشایەتی ڕەها بۆ بوونی پەرلەمان و هەڵبژارن و نوێنەرایەتی خەڵکی، لەسەر ئاستی دەرەکیش دەستوەردانی پتری ڕوسیا و لەشکرکێشی ڕاستەوخۆی سەربازیی بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی ئێرانی لێکەوتەوە.

٢- لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی موزەفەردین شا، هەژموون و دەسەڵاتی ڕوسەکان لە ئێران زۆر فراوانتر بوو. بەهۆی پەیوەندی نزیکیشیان لەگەڵ شا و دەسەڵاتدرانی ئێران، بەرژەوەندییەکی زۆری سیاسی و ئابووریان بۆ دروست بوو، لەو ڕوانگەیەوە کاتێک بەهۆی شۆڕشی مەشروتە دەسەڵاتی شاکەوتە مەترسیەوە، پشتیوانیەکی تەواویان لە شا و دەسەڵاتدرانی ئێران کرد و ئامادە نەبوون لە ژێر هیچ جۆرە گوشار و بارودۆخێکدا ڕێگە بە گۆڕانکارییەک لە سیستەم و فەرمانڕەوایەتی ئێران بدەن، کە ببێتە هۆی دروستبوونی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسیەکانیان. هەر لەسەر بنەمای پەیرەوکردنی ئەم سیاسەتەش بوو پیشتگیرییان لە محەمەد عەلی شا لە دژی مەشروتەخوازان کرد و ڕاستەوخۆ هێزی سەربازییان لە دژیان بەکارهێنا.

٣- هیچ ڕووداوێک بە ئەندازەی شۆڕش مەشروتە و لێکەوتەکانی کاریگەری لەسەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئێران بەگشتی، بەتایبەتی لەگەڵ ڕوسیا دروست نەکرد. هەرچەندە شۆڕشی مەشروتە ڕووداوێکی ناوخۆی ئێران بوو، بەڵام لە ڕاستیدا بە ئەندازەی دروستکردنی گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی وڵات، کارییگەری لەسەر تێڕوانین و پەیوەندییەکانی ئێران و ڕوسیاش دروستکرد و پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتەی بردە قۆناغێکی ترەوە.

٤- سەرکەوتنی مەشروتەخوازان و سنوردارکردنی دەسەڵاتی شا و دەستوپێوەندەکانی، بەتەواوی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسیەکانی ڕوسیا لە ئێران دروستکرد، ئەمە ڕوسیای ناچارکرد بەو پەری هێز و توانایی خۆی بەرەنگاری ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە ببێتەوە و بە هاوکاری دەسەڵاتدرانی ئێران کۆتایی بە خولی یەکەمی ئەنجومەنی شورای میللی بهێنێت.

٥- نیگەرانی و مەترسییەکانی ڕوسیا لە بەرامبەر دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی شۆڕشی مەشروتە ئەوەندە قوڵ بوون، تەنیا لەسەر ئاستی باڵوێز و نوێنەرانی دیپلۆماسی و سەربازیی لە ئێران نەوەستان، بەڵکو خودی تزاری ڕوسیا مەبەستی بوو، کە کۆتایی بەو گۆڕانکارییە سیاسییەی ئێران بێت.

٦-کۆتایهێنان بە شۆڕشی مەشروتە جگە لەوەی هەژموونی ڕوسیا لە ئێران هێندەی تر فراوان کرد، لە هەمان کاتدا ململانێ و کێبڕکێ وڵاتانی وەک بەریتانیا و ئەڵمانیاشی لەسەر خاکی ئێران زۆر و فراوانتر کرد.

## لیستی سەرچاوەکان:

### ١- سەرچاوە فارسیەکان


١- آدمیت، فریدون. (١٩٨٥). ایدئولوژی نهضت مشروطیت ایران. جلد نخستین. چاپ دوم. کانون کتاب ایران. سوئد.

٢- اولسون، ویلیام جی. (١٣٩٨). روابط ایران و انگلیس در جنگ جهانی اول. ترجمه: حسن زنگنه. انتشارات شیرازه. تهران.

٣- انصاری، بهمن. (١٣٩٤). انقلاب مشروطه از آغاز تا انجام. انتشارات منشور سمیر. تهران.

٤- اصغری، سید محمد. (١٣٩٣). آخوند خراسانی در جنبش مشروطیت. چاپ دوم. انتشارات اطلاعات. تهران.

٥- امانت، عباس. (١٤٠٠). تاریخ ایران مدرن. ترجمه: حافظ. نشر فراگرد. بی. جا.

٦- امینی، علیرضا. (١٣٨٢). تاریخ روابط خارجی ایران از قاجاریه تا سقوط رضا شاه. بی.جا. تهران.

٧- بیات، کاوه و دیگران. (١٣٩٣). تاریخ جامع ایران. جلد ١٢. مرکز دائرة المعارف بزرگ اسلامی. تهران.

٨- بازل، آر. ام. (١٣٩٦). یادداشتهای سیاسی ایران ١٣٤٤-١٢٦٠. ترجمه: محمد صفر و حسن رضایی. جلد دوم. بخش دوم. انتشارات مرکز اسناد انقلاب اسلامی. تهران.

٩- براون، ادوارد. (١٣٧٦). انقلاب مشروطیت در ایران. ترجمه: مهری قزوینی. انتشارات کویر. تهران.

١٠- پیرنیا، حسن و دیگران. (١٣٩٣). تاریخ ایران. چاپ سوم. انتشارات داریوش. مشهد.

١١- تقی زاده، سید حسن. (١٣٣٨). تاریخ اوائل انقلاب مشروطیت ایران. انتشارات باشگاه مهرگان. تهران.

١٢- تفریشی، مرتضی سیفی فمی. (١٣٦٢). نظم و نضمیه در دوره قاجاریه. انتشارات یساولی. تهران.

١٣- جزئی، بیژن. (١٣٨٨). انقلاب مشروطیت ایران، نیروها و هدفها. انتشارات سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران. پاریس.

١٤- حسینی، سید احمد تفریشی. (١٣٥١). روزنامه اخبار مشروطیت و انقلاب ایران یاداشتهای سید احمد تفریشی حسینی. به کوشش ایراج افشار. انتشارات امیر کبیر. تهران.

١٥- رمضانی، روح الله. (١٤٠٠). تاریخ سیاست خارجی ایران از صفویه تا پایان پهلوی اول/٨٧٩ تا ١٣٢٠ شمسی. ترجمه: روح الله اسلامی و زینب پزیشکیان. چاپ دوم. نشرنی. تهران.

١٦- رزمجو، جهانبخش. (١٣٤١). تاریخ عمومی و سیاسی ایران. جلد اول و دوم. انتشارات دانشکده افسری. تهران.

١٧- زیباکلام، صادق. (١٣٧٧). سنت و مدرنیته ریشه‌یابی علل ناکامی اصلاحات و نوسازی سیاسی در ایران عصر قاجار. انتشارات روزنه. تهران.

١٨- زینویف، ایوان الکسیویچ. (١٣٦٢). انقلاب مشروطیت ایران نظرات یک دیپلمات روس حوادث ایران در سالهای ١٩٠٥ تا ١٩١١. ترجمه: ابوالقاسم اعتصامی. اقبال. بی جا.

١٩- سمنانی، پناهی. (١٣٧٩). مظفرالدین شاه قاجار خودکامه کوچک. نشر ندا. تهران.

٢٠- شوستر، مورگان. (١٣٩٨). اختناق ایران، ترجمه: حسن افشار. چاپ پنجم. نشر ماهی. تهران.

٢١- قائم مقامی، جهانگیر. (١٢٢٦). تاریخ تحولات سیاسی نظامی ایران از آغاز قرن یازدهم هجری تا سال ١٣٠١ هجری شمسی. کتابخانه

علی اکبر علمی و شرکاء. تهران.

٢٢- کاسب، عزیزالله. (١٣٦٨). منحنی قدرت در تاریخ ایران. تابش. بی. جا.

٢٣-کاساکوفسکی، کلنل. (٢٥٣٥). خاطرات کلنل کاساکوفسکی. ترجمه: عباسقلی جلی. چاپ دوم. سیمرغ. تهران.

٢٤- گرانتوسکی، ا.آ. و م.آ. داندامایو و دیگران. (بی. تا). تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ترجمه: کیخسرو کشاورزی. بی جا.

٢٥- مامونتف، ن. پ. (١٢٦٣). بمباران مجلس شورای ملی در سال ١٣٢٦ هجری قمری(حکومت تزار و محمد علی شا). ترجمه: شرف الدین قهرمانی. انتشارات اشکان. ب. جا.

٢٦- مدنی، سید جلال الدین. (١٣٨٦). تاریخ سیاسی معاصر ایران. جلد١، چاپ١٤. انتشارات اسلامی. قم.

٢٧- مهدوی، عبدالرضا هوشنگ. (١٣٩٢). تاریخ روابط خارجی ایران از ابتدای دوران صفویه تا پایان جنگ دوم جهانی. چاپ نوزدهم. انتشارات امیر کبیر. تهران.

٢٨- مخبر السلطنه، مهدی قلی هیدایت. (١٣٦٣). گزارش ایران بخش گزارش دوره قاجار و مشروطیت. چاپ دوم. نشر نقره. تهران.

٢٩- نوربخش، مسعود. (١٣٨٠). تهران به روایت تاریخ. جلد سوم. علیم. تهران.

٣٠- نجمی، ناصر. (١٣٧٧). محمد علی شاه و مشروطیت. انتشارت زریاب. تهران.

٣١- یزدانی، م. (٢٠٠٣). اوضاع اجتماعی ایران در عهد قاجار ازخلال آثار مبارکه بهائی. موسسه معارفه بهائی. کانادا.

٣٢- یزدی، محمود افشار. (١٣٥٨). سیاست اروپا در ایران چند اوراق از تاریخ سیاسی و دیپلماسی. ترجمه: سید ضیاءالدین دهشیری. شرکت افت. بی. جا.

**سەرچاوە کوردیەکان:**

٣- شەمیم، عەلی ئەسغەر. (٢٠٢١). ئێرانی سەردەمی پادشایەتی قاجاران. وەرگێڕانی: سەلاحەددین ئاشتی. بنکەی ژین. سلێمانی.

١- سەردەشتی، یاسین و بەرزانی مەلا تەها. (٢٠١٠). مێژووی هاوچەرخی ئێران. چاپی دووەم. چاپخانەی سایە. سلێمانی.

٢- فاتح، محمد. (٢٠١٨). ژیانی سیاسی لە ئێران سەدەی بیستەم. دەزگای چاپ و پەخشی ئارین. هەولێر.

٤- نەووار، عەبدولعەزیز سولەیمان. (٢٠٢٠). مێژووی گەلانی ئیسلامی لە چەرخی نوێدا. وەرگێڕانی: مستەفا سەعید علی. خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا. سلێمانی.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

١- الجبار، احمد عبدالقادر. (١٩٥٥). من مشكلات الشرق الاوسط. ملتزم الطبع والنشر. القاهره.

٢- الجاف، حسن كريم. (٢٠٠٨). موسوعة تاريخ ايران السياسي من بداية الدولة الصفوية الى نهاية الدولة القاجارية. المجلد الثالث. الدار العربية للموسوعات. بيروت.

٣- مجذوب، طلال. (د. ت). ايران من الثورة الدستورية حتى الثوره الاسلامية ١٩٠٦ _١٩٧٩. دار ابن الرشد للطباعة والنشر. د.م.

٤- قرم، جورج. (٢٠١٠). تاريخ الشرق الاوسط من الازمنة القديمة الى اليوم. شركة المطبوعات للتوزيع والنشر. بيروت.

گۆڤار و مانگنامەکان

**بە زمانی فارسی:**

١- مقام، احمد مظفر و جمشید مظفری. (١٣٨٧). "قرارداد ١٩٠٧ به روایت مرکز اسناد کتابخانه مجلس شورای اسلامی". مجله پیام بهارستان: دوره دوم. شماره( ١و٢): ٣٥١- ٣٧٥.

٢- قیداری، عباس قدیمی و شهناز جنگجو قولنجی. (١٣٩٦). "قرارداد ١٩٠٧ ؛ همکاری روس و انگلیس و حوادث خونین تبریز در سال ١٣٣٠ق/ ١٩١١م". مجله پژوهشهای تاریخ ایران و اسلام: شماره( ٢١): ٢٠٧-٢٣٢.

٣- شیخی، فیروز راد و جواد. (١٣٩٣). "تحلیل جامعه‌شناختی ماهیت، علل وقوع و پیامدهای جنبش مشروطه در ایران". مجله مطالعات علوم اجتماعی ایران: شماره(٤٠): ٧٨-٩١.

٤- نصرآبادی، مجید و علی اکبر جعفری و مرتضی نورائی. (١٣٩٩). "سویه‌های توسعه‌طلبی روسیه از خلیج حسین قلی در شمال تا سرخس در شمال شرق ایران بعد از قرارداد آخال(١٢٩٩ق)". گنجینه اسناد فصلنامه تحقیقات تاریخی و مطالعات آرشیوی: شمار (١١٧): ٤٩-٧٠.

٥- رضاعلم، محمد و محمد امیری. (١٣٨٦). "بازشناسی روابط خارجی ایران در دوره استبداد صغیر با تکیه بر دیدگاههای حبل المتین کلکته". فصلنامه تاریخ روابط خارجی: شماره (٣١): ٩٤-١١٣.

٦- میرزاوند، مسلم و سجاد حسن پور. (١٣٩٦). "رویارویی دو تفکر، تاثیر تربیت روسی محمد علی شا در برخورد با مشروطه خواهان". ماهنامه پژوهشهای تاریخی، اجتماعی و سیاسی: شماره(٢): ١٩-٢٨.

٧- موسوی، سید رسول. (١٣٩٧). "روابط نظامی ایران وروسیه از قاجار تا پهلوی". فصلنامه تاریخ روابط خارجی: سال نوزدهم، شماره(٧٤): ٥١-٥٩.

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

1-Tompkins, Rosemary C. (1975). Anglo- Russian Diplomatic Relations 1907-1914. North Texas State University. Denton. Texas.

2-Andreeva, Elena. (2009) “Russia v. Russians at the court of Mohammad-ʿAli Shah,” http://www.iranicaonline.org.

3-Andreeva, Elena. (2014). “Russia i. Russo-Iranian Relations up to the Bolshevik Revolution,” http://www.iranicaonline.org.

4-Avery, Peter & etel. (2007). the Cambridge History of Iran from Nadir Shah to the Islamic Republlic. Volume7. Third printing. Cambridge University Press. Cambridge.

5-The Anglo-Russian Entent (http://wwi.lib.byu.edu/index.php/The_Anglo-Russian_Entente)

6-Pye, Michael. (2015). “in the belly of the bear? Soviet-Iranian relations during the reign of Mohammad Reza Pahlavi”. University of St Andrews. Russian.

7-Kazemzadeh, Firuz. (2013). Russia and Britain in Persia Imperial Ambitions in Qajar Iran. I.B.Tauris & Co Ltd. London.

8-Kazemzadah, f. (2012). “angle-russian-convention-of-1907”. http://www.iranicaonline.org.

9-Abrahamian, Ervand. (2008). A History of Modern Iran. Cambridge University Press. New York.

**سەرچاوە بە زمانی ڕوسی:**

1-Кулагина, Л. М. (2010). РОССИЯ И ИРАН(XIX - начало XX века). Москва ИД «Ключ-С.

2- Базиленко, И.В. (2011). ПРАВОСЛАВНАЯ РОССИЯ И ШИИТСКИЙ ИРАН: ПО СТРАНИЦАМ ИСТОРИИ ОТНОШЕНИЙ(XVI – НАЧ. XX ВВ.), История России, Христианское чтение.

3- ЕВДОКИМОВА, А.А. (2009). История стран Востока в новое время. Изд-во БГПУ. Уфа.

4- Мамедоглы, Алиев Салех. (2004). ИСТОРИЯ ИРАНА XX ВЕК. Издательство «Крафт+». Москва.

5-ХАСАН,МАХДИЯНМОХАММАД.(2013). ИСТОРИЯ МЕЖГОСУДАРСТВЕННЫХ ОТНОШЕНИЙ ИРАНА И РОССИИ (XIX - НАЧАЛО XXI ВЕКА). ФГБУН Институт востоковедения . Москва.

6-Корниловский, А.С. (2016). “ИРАНСКИЙ КУРДИСТАН В РУССКО-ГЕРМАНСКИХ ОТНОШЕНИЯХ НАКАНУНЕ ПЕРВОЙ МИРОВОЙ ВОЙНЫ”, Вестник Томского государственного университета. № (411): 69-82.

7-Авдеев, В. Е. ПЕТЕРБУРГСКАЯ КОНВЕНЦИЯ 1907. Большая российская энциклопедия.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

# باشترکردنی ئەدای بنکەدراوەی فەزایی لەسەر بنەمای تێکەڵی فێربوونی ئامێری و پێکهاتەی داتای هیلی هیلبێرت

# Improving Performance of Spatial Database Based on Hybrid Machine Learning and Hilbert Curve Data Structure

# تحسين أداء قاعدة البيانات المكانية بناءً على التعلم الآلي الهجين وهيكل بيانات منحنى هيلبرت

**گەلاوێژ محمد نجیب[1]، نزارعەبدولقادر عەلی[2]**

[1] بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری، کۆلیجی تەکنیکی ئینفورماتیك، زانکوی پولیتەکنیکی سلیمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردوستان، عێراق

[2] بەشی ئامار و ئینفورماتیک، سکولی کارگێری و ئابووری، زانکوی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: galawizh.najeeb@spu.edu.iq

## پوختە

ئەم کارە ڕێبازێکی نوێ بۆ ئیندێکسی فرەڕەهەند دەناسێنێت و شیکاری دەکات. لەسەر بنەمای چەمکەکانی ئیندێکسکردنی فەزایی فێربووی تێکەڵە بە بەکارهێنانی ئەلگۆریتمەکانی پڕکردنەوەی بۆشایی هیلبێرت لەگەڵ فێربوونی ئامێر. بەکارهێنانی ئەلگۆریتمەکەی هیلبێرت بۆ بەدەستهێنانی ئیندێکسکردن بۆ هەر شتێکی فەزایی (خاڵ، هێڵ، فرەگۆشە)، پاشان جێبەجێکردنی پرسیارەکانی نزیکترین دراوسێ بە تەکنیکێکی تەقلیدی. بە وەرگرتنی سوود لە شێوازی فێربوونی ئامێر بۆ فێربوونی پێوەرەکانی شتە فەزاییەکان، لە شێوازی فێربوودا ئێمە ئەلگۆریتمی هیلبێرتمان بەکارهێنا بۆ ئیندێکسکردنی شتە فەزاییەکان وەک لە شێوازی تەقلیدیدا، و فێربوونی ئەو پێوەرانە، پاشان پرسیاری نزیکترین دراوسێ وەک لە تەقلیدیدا جێبەجێ بکەین، لە کۆتاییدا کاتی جێبەجێکردن حیساب دەکەین. ئەنجامێکی گرنگ کە لە ئەلگۆریتمێکی پێشنیارکراوی ئیندێکسی فێربوونی تێکەڵاو (HLI) تێدەپەڕێت کە باشتربوونی ئەدای کارکردنە بەسەر کێوی هیلبێرتدا لە شێوازی فێربوودا گەورەیە بە بەراوردکردنی نێوان شێوازە تەقلیدی و فێربووەکان کە لەڕێگەی حیسابکردنی کاتی جێبەجێکردنی هەر تەکنیکێکی پرۆسێسی پرسیار بۆ ئەنجام دەدرێت هەر سێ جۆری شتە فەزاییەکان. ئێمە هەردوو شێوازی ئیندێکسکردنمان تاقیکردەوە بۆ بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی هەردوو تەکنیکەکە، HLI پێشنیارکراوی ئێمە، ئەنجامە بەرچاوەکانی هەیە لەڕووی کەمتر لە کاتی جێبەجێکردنی پرسیار کە بەهۆی بەرزکردنەوەی ئەدای بنکەدراوەی فەزایی. ئیندێکسی پێشنیارکراوی کە لە ڕێگەی کێوی تایبەتمەندی کارکردنی وەرگرەوە هەڵسەنگێندراوە (هێلی ROC-curve) بۆ مۆدێلی باشی سیستەم، هەروەها پێوەرە ئامارییەکانی MSE و R2.

**وشەی سەرەکی:** ئیندێکسی فەزایی، هێلی هیلبێرت، فێربوونی ئامێر، نەریتی، ئەدای کارکردن.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10505 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/١/١٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٢/١٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | galawizh.najeeb@spu.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٣ م.ی گەلاوێژ محمد نجیب ،پ.ی.د.نزارعەبدولقادر عەلی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**الملخص**

يقدم هذا العمل ويحلل نهجًا جديدًا للفهرسة متعددة الأبعاد. يعتمد على مفاهيم الفهرسة المكانية المختلطة المكتسبة باستخدام خوارزمية منحنى هيلبرت لملء الفراغ مع التعلم الآلي. استخدام خوارزمية Hilbert للحصول على فهرسة لكل كائن مكاني (نقطة ، خط ، مضلع) ، ثم تنفيذ أقرب استعلامات جار في التقنية التقليدية. الاستفادة من طريقة التعلم الآلي لتعلم مؤشرات الكائنات المكانية ، في الطريقة التي تم تعلمها ، استخدمنا أيضًا منحنى هيلبرت لفهرسة الكائنات المكانية كما في الطريقة التقليدية ، وتعلم المؤشرات ، ثم تنفيذ استعلام الجار الأقرب كما هو الحال في الطريقة التقليدية ، وحساب وقت التنفيذ أخيرًا. النتيجة المهمة التي تتجاوز خوارزمية فهرسة التعلم المختلط المقترحة (HLI) وهي تحسين الأداء على منحنى هيلبرت رائعة في الطريقة المكتسبة من خلال المقارنة بين الطرق التقليدية والمتعلمة والتي تتم عن طريق حساب وقت تنفيذ كل تقنيات معالجة الاستعلام لـ جميع أنواع الكائنات المكانية الثلاثة. لقد اختبرنا كلتا طريقتين الفهرسة لمقارنة وتقييم كلتا الطريقتين ، HLI المقترحة لدينا ، لها نتائج مهمة من حيث وقت تنفيذ الاستعلام أقل والذي يرجع إلى تحسين أداء قاعدة البيانات المكانية. تم تقييم الفهرسة المقترحة من خلال منحنى خصائص تشغيل المستقبِل (منحنى ROC) لنموذج أمثلية النظام ، وكذلك المقاييس الإحصائية MSE و R2.

**الكلمات المفتاحية :** الفهرس المكاني ، منحنى هيلبرت ، التعلم الآلي، أداء، تقليدي .

## Abstract

This work introduces and analyzes a novel approach to multi-dimensional indexing. It is based on the concepts of the hybrid learnt spatial indexing by using Hilbert space filling curve algorithm with machine learning. Using Hilbert algorithm to obtain indexing for each spatial objects (point, line, polygon), then executing nearest neighbor queries in traditional technique. Taking benefits of machine learning method to learn indices of spatial objects, in learnt method we also used Hilbert curve to indexing spatial objects as in traditional method, and learning those indices, then implement nearest neighbor query as in traditional, finally calculate execution time. An important result that goes beyond proposed hybrid learning indexing algorithm (HLI) that is the performance improvement over the Hilbert curve is great in learnt method by making comparison between traditional and learned methods which is done through calculating execution time of each techniques of query processing for all three spatial objects types. We tested both indexing methods to compare and evaluate both techniques, our proposed HLI, has significant results in term of less query execution time which is due to enhance performance of spatial database. Proposed indexing evaluated through receiver operating characteristic curve (ROC- curve) for system optimality model, also MSE and R2 statistical measures.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

# 1.Introduction

Spatial database systems support spatial data types and, at the absolute least, use spatial indexing techniques in their data format and query language. Geospatial database systems, which also include spatial indexing and efficient algorithms, are the foundation upon which geographic information systems and other applications are created (Güting, 1994). The term "spatial data" refers to items with a spatial component, such as points, lines, regions, rectangles, surfaces, volumes, and even data with a higher dimension, such as time. Cities, rivers, highways, counties, and states are examples of spatial data. A spatial access strategy must take into account both spatial indexing and clustering techniques. Without a geographic index, each database item must be checked to see if it complies with the geographical selection criteria; in relational databases, this is known as a "full table scan" (Jia et al., 2022). Space-filling curves (SFC) offer a natural mapping from a high-dimensional space to a one-dimensional curve, and the arrangement of the points on SFC has been frequently used as a meaningful point arrangement (Liao et al., 2001). Dynamically formed spatial connections are produced throughout the query processing process. In order to locate spatial items efficiently using proximity, a spatial index must be created. Effective spatial operations like locating an object's neighbors and locating objects inside a certain query location must be made possible by the underlying data structure. The bulk of indexes are built on the divide and conquer principle. With this approach, hierarchical indexing structures are produced. The technique necessitates reducing searches so that fewer items are searched the more information has to be evaluated, making it a perfect fit for database systems with memory space restrictions. The advantage of hierarchical structures is that they are good range searchers. Indexing in an SDB is different from indexing in a typical database since the data in an SDB are multi-dimensional objects connected to geographical coordinates. Additionally, it offers a one by one (1:1) mapping between one-dimensional space and multidimensional space. The primary goal of spatial indexing is to improve spatial selection, or to find things from a huge collection of spatial objects that are specifically related to a given query SDT value(Ooi et al., 1993).

## Related work

The neighboring blocks in the two-dimensional space must always match the adjacent line intervals in the curve in order for the Hilbert curve to have a total ordering (Davitkova et al., 2020; Kraska et al., 2018). Chen and Chang proposed the neighbor finding strategy based on the Hilbert curve (denoted as the CCSF strategy (Kraska et al., 2021). Chen and Chang proposed the neighbor finding strategy based on the Hilbert curve (denoted as the CCSF strategy(Chen & Patel, 2006). Research(Liu & Schrack, 1996) Theoretically analyze the conditions under which learned indexes outperform traditional index structures, describe the main challenges in designing learned index structures, and investigate the extent to which learned models, such as neural net-

works, can be used to augment or even replace traditional index structures such as B-Trees and Bloom filters. For processing point, KNN, and range queries, the ML-Index is a memory-efficient Multidimensional Learned (ML) structure. The ML-Index splits and converts data into one-dimensional values related to the distance to their nearest reference point shown in (Chen & Chang, 2011) using data-dependent reference points. By sequentially dividing points along a succession of dimensions into equal-sized cells and sorting them by the cell that they inhabit, a learning database system called SageDB (Chen & Chang, 2011) extends the ideas to multidimensional data. Presorting the data by their Z-order (Markl, 2000), Hilbert order(Lawder & King, 2001), or the relative distance to reference points (Jagadish et al., 2005) has been intensively investigated as a means of providing an affordable representation of multidimensional points that may be usefully sorted. For quickly addressing spatially questions, a learnt Z-order Model (Wang et al., 2019) focuses on integrating Z-order scaling with a staged learning model.

## 1.1.Techniques for Indexing in Spatial Database

